

# ئاینده ئێستایه


خاوەن ئیمتیاز : حسێن عارف

سەرنووسەر : دڵشاد عەبدوڵڵا

دەستەی نووسەران :

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل – کامەران سوبحان - سەباح ڕەنجدەر – دانا فایەق – ئیدریس عەلی

سەرپەرشتی هونەریی: حەمید ئەزمودە

کۆوارێکی ئەدەبییە دوومانگ جارێک دەزگای ئاراس و سەردەم وەکو پرۆژەی هاوبەش بڵاویدەکەنەوە

ناونیشان : هەولێر ، شەقامی گوڵان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سلێمانی ، شەقامی سالم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

تەلەفۆن : سەرنووسەر ٠٧٥٠٤٥١٢٧٨٦ ، ٠٧٧٠١٥٣٢١٤٥

ئیمێڵ: dlshad 7@yahoo.com - aeynda@yahoo.com

ژمارە (٩١) تەمووزی ٢٠١٠

نرخ ١٥٠٠

# ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ٤ | ئێمە و ڕۆمان | هادی محەمەدی |
| ١٨ | خۆشییە نهێنییەکان | ئاموس ئۆز و : خەبات عارف |
| ٣٠ | لە کۆتاییدا باڵندەکان | لەتیف هەڵمەت |
| ٣٦ | لە چیاکانی منەوە | هەندرێن |
| ٤٠ | خانەبەندییەک بۆ لیریکای هەورامی | عادل محەمەد پوور |
| ٤٥ | ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا | سەڵاح حەسەن پاڵەوان |
| ٥٦ | ئێسک و پرووسک | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| ٥٨ | گەڕەکی کونەبووەکان | بەکر دەروێش |
| ٦٢ | بنەمێو و شولکە هەنار | و : غەریب پشدەری |
| ٦٤ | کردەی ڕەخنەی شێوەکاری | و : ستار قادر |
| ٧٢ | دیدار لەگەڵ وەهبی ڕەسووڵ | کامەران سوبحان |
| ٧٨ | شەبەنگی شینی ژمارەکان | هاشم سەڕاج |
| ٨٢ | تۆ . . ئەو ددڵی . . | عارف حیتۆ |
| ٨٤ | ئەگەر جێگۆڕکێیەک بکەین | زانا خەلیل |
| ٨٥ | دیدار لەگەڵ فەرەیدوون ئەرشەدی | ئیدریس عەلی |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٦ | شار دڵی کەس ناشکێنێ دڵ شکاوە | دڵشاد عەبدوڵڵا |
| ١٠٠ | سیحربازە بچکۆڵەکە | ڕێبین ئەحمەد خدر |
| ١٠٢ | لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا | سەباح ڕەنجدەر |
| ١٠٦ | ئەوە تۆیت ئەی کات | و : عیسا چیایی |
| ١١٠ | جیهان وەک شوێنپێی فرایدەی | عەزیز ڕەئووف |
| ١١٢ | دەقی دوێنێ : د . کاوس قەفتان | ئاینده |
| ١١٦ | وەرە با پیاو بکوژین | ئاریان ئەبوبەکر |
| ١٢٣ | دەستی من بووە بە شاعیر | حسێن ئەحمەد |
| ١٢٤ | کار لە کارترازا | ئیدریس عەلی |
| ١٢٨ | پێوەری وەرگێڕان | ئاینده |
| ١٣٠ | شەڕی سێ وڵات لە سێ ڕۆماندا | ئاینده |
| ١٣٢ | گوتاری خوێن لە نێوان . . | دلێر محەمەد تاهر |
| ١٣٤ | بۆ نەرمین مستەفا | سەرنووسەر |
| ١٣٥ | فەلسەفەی بوون و مردن | حەمە مەنتک / کتێبی ئاینده |
| ١٤٠ | منارەی ئاوەدانی | کاروان عومەر کاکە سوور |

# ئێمە و رۆمان

## شاری مۆسیقارە سپییەکان "

## و

## " شاری دەستە و تاقمەکان "

## سەرنجێک و بەراوردێک

هادی محەمەدی

سەرەتا: رۆمان وەک گرنگترین ژانری ئەدەبی سەردەمی مۆدێرن ناسراوە. رۆمان بریتییە لە حەماسەی دنیایی بورژوایی؛ دنیایەکی لێکترازاو و پرژوبڵاو کە ئیتر لەودا ژانری وەک تراژێدی، حەماسە و لیریزم دەوریان نەماوە و دەقی پەخشان (دەقی رۆمان) لەگەڵ دنیای لێکترازاوی بویرژوازی سازگاری تەواوی هەیە. یانی لە دنیای کۆندا کە مرۆڤ لەنێو هۆز و کۆمۆنێک دا دەژی و پێوەندی قووڵ و پتەوی لەگەڵ جڤاتەکەی خۆیدا هەیە، لە بواری هونەر و جوانیناسی دا شیعر و حەماسە دەخولقێنی، شیعری بەرز و تۆکمە، خاوەن کێش و هارمۆنی؛ بەرهەمەکانی هۆمێر، حافز، نالی و ...؛ بەڵام لە دنیای مۆدێرنی بویرژوازی دا کە هەموو هۆز و جڤاتەکان لێکدەترازێن و کۆمەڵگە ئەتۆمیزە دەبێ و تاکگەرایی و لەخۆنامۆیی پەرەدەستێنێ و تاکەکان کەمترین پێوەندییان پێکەوە هەیە، ژانری رۆمان دەخولقێ، دەقێکی پەخش و پەرێشان کە لەرووی فۆرم و هارمۆنییەوە قەت بە ئاستی شیعر ناگات .

سەرەرای ئەم خاڵە، بۆچوونی بنێدیکت ئەندرسۆن لەمەڕ رۆمان گەلێک سەرنجراکێشە. ئەندرسۆن تێکنۆلۆژی چاپ و سەرهەڵدانی ژانری رۆمان، بە یەکێ لە هۆکارەکانی نەتەوەسازی دەزانێ. بەرای ئەندرسۆن گەشەی پێوەندییەکان، سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری، رۆماننووسی و سەنعەتی چاپ، وەک چەندین دەرفەتی فەرهەنگی، بوارێک دەرەخسێنن کە لەودا نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی یەکسان و یەکپارچە دەخولقێنن. ئەندرسۆن پێی وایە کە میدیا تازەکان و بەتایبەت رۆژنامە و رۆمان وەها رۆڵێک دەگێرن کە لە مێشکی زۆربەی خەڵک دا ئامانجێکی هاوبەش دەروێنن. چونکە کۆمەڵانی خەڵک، یەک هەواڵ، یەک روایەت و یەک بابەت بە زمانێکی هاوبەش وەردەگرن، هەموو ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی ئەوە کە بنەماکانی هەست و ئینتمای نەتەوایەتی لە مێشکی ئەوان دا برسکێت. بە سەرنجدان بە روانگەی ئەندرسۆن و بەراوردکردنی لەگەڵ دۆخی ئێستای گەلی کورد، تێدەگەین کە ژانری رۆمان دەتوانێ لەپێناو گشتگیرکردنی هەست و وشیاری نەتەوایەتی و خولقاندنی ناسنامەی نەتەڤی دا رۆڵی گرنگ بگێڕێ؛ بەڵام ئاخۆ رۆمانی کوردی لە چ ئاستێک دایە؟

بەرای هێگل، نووسەری راستەقینە، نەتەوەیدا خۆی، سەردەمی خۆی و خەون و ئینتما و رۆحی سەردەمی خۆی دەناسێ ئەوجار دەست بۆ قەڵەم دەبات. هەروەها نووسەری بەناوبانگی فەرانسا، بالزاک، کە لەگەڵ هێگل هاوچەرخ بووە، بەشێوەیەکی رۆشن لەسەر ئەم چەمکە پێدادەگرێ و لە پێشەکی بەناوبانگی کۆمێدی

"نووسەرێک کە سەردەمی خۆی نەناسیبێت، پێش ئەوەی بە مەرگی سروشتی بمرێ، دەمرێت".

مرۆڤی دا دەنوسێ: "جڤاتی فەرانسا، مێژوونووسە و من تەنیا سکرتێری ئەوم..." بالزاک لە شوێنیکی دیکەدا لەمەڕ سکرتێر دەڵێ "لە هەموو سەردەمەکان دا بلیمەتێک هەیە کە دەبێتە سکرتێری سەردەمی خۆی: هۆمێر، ئەرەستو، شیکسپێر، ماکیاڤێل، رابلێ، راسین، مولێر، ڤۆلتێر ئەمانە هەموویان بە فەرمانی سەردەمی خۆیان دەستیان بۆ قەڵەم بردووە. . . "
یانی دەتوانین بێژین ئەندێشەی دانتێ ئیتالیای مۆدێرنی خولقاند، بیری داستایڤسکی رووسیای مۆدێرنی خولقاند، وەک چۆن پێشتر رابلێ و گۆتێ رۆحی فەرانسی و ئاڵمانیان خولقاندبوو. بە تێڕامان لە دۆخی مێژوویی ئەم بلیمەتانە و سەرنجێک لە دۆخی رۆماننوسی کوردستان، تێدەگەین کە ئاستی داهێنان و ئەدەبیاتی کورد لە چ ئاستێکی نزم و نەوی دایە.
جڤاتی رۆشنبیری کوردستان زەلکاوێکی مردووە، تەنیا ئەزانێ چەپڵە لێبدات و نان بە قەرز بدات، وەک چۆن گۆرانی عەزیزی وەیسی ئاستی موزیک و چێژی هونەری زۆرینەی خەڵکی دیاری دەکات، لە بواری ئەدەبیاتیش دا هەندێ بەرهەم بە دەیان کۆڕ و سمیناری بۆ دەگیردرێ، کە تەنیا پێیدا هەڵدەڵێن و هیچی تر؛ خۆ کەسێک پەیدا نابێ دوو دێڕ شیکردنەوە بنوسێ و ئاستی جوانیناسی خوێنەران پەروەردە بکا و نووسەر وشیار بکاتەوە کە نەتوانێ هەر جۆرە تورەهاتێ بە هونەر و بە رۆمان بزانێت و دەرخواردی خەڵکی هەژاری نەخوێندەواری بدات. بێگومان ئەگەر خوێنەری کورد، بێجگە لە زمانی کوردی، زمانی تر بزانێ و بتوانێ شاکارە بەرزەکانی ئەدەبی جیهانی بخوێنێتەوە، زۆر بەرهەمی کوردی و بەتایبەت بەرهەمەکانی بەختیار عەلی چێژی هونەری پێنابەخشێ. بەختیار عەلی وزە و توانایەکی بەرینی هەیە بۆ نووسین و گێڕانەوە، بەڵام هێشتا زمانی نووسینی خۆی پوختە و پەرداخ نەکردووە. سەرەتای بەرهەمی شاری مۆسیقارە سپییەکان بە زمانێکی تۆکمە و بەهێز دەست پێ ناکات، بەڵکو بە ریتمی بەپەلە و خێرا دەست پێدەکات، وەک بڵێیی نووسەر پەلەیەتی:
"سەرەتای ئەم چیرۆکەمان لە فرۆکەخانەی سخیپهۆڵەوە لە نزیک ئەمستەردامەوە دەست پێدەکات، ساڵی ١٩٩٨ کە بۆ دووەمجار دەمویست بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. ئەوکات لەنێو گەلێک کێشە و گرفتی گەورەی ژیاندا نوقمبووبووم، رۆژگارێک دەژیام بەسەختی لە دڵەوە پێکرابووم و باوڕم بە شتێک نەمابوو، هەر لەو هەفتەیەدا ژنەکەم بێهۆ تەڵاقنامەیەکی لە دادگاوە بۆ ناردم و نێوان من و ئەو بۆ هەتاهەتایە کۆتاییهات. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و سەرپەرشتیکردنی منداڵەکانم، دەبایە لە رێگەی شامەوە بگەڕێمەوە بۆ وڵات... ل.٧
زمانی دەستپێکردنی رۆمان ئێجگار گرنگە و پێویستە نووسەر چ لە رووی فۆرم و چ لەڕووی ناوەرۆکەوە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت.
بۆ وێنە "سادق هدایەت"، نووسەری گەورەی ئێرانی، بەم دێڕانە رۆمانی "کوندی کوێر" دەست پێدەکا کە هەتا ئێستاش هەموو خوێنەران سەرسام دەکات:
"( در زندگی زخمهایی هست کە مپل خورە یهستە روح را در انزوا می خورد و می تراشد." (بوف کور، ل ٤
خوێنەر سەرەڕای ئەوەی فۆرمی رەوان و هەراوی زمان هەست پێدەکات، دەزانێ کە نووسەر خاوەن دەرد و ژان و مەراقە، خاوەن ئەندێشەی بەرز و تراژیکە و خەم و مەراقەکانی، ژان و ئازاری مرۆڤێکی تیپیکن و رەنگ و بۆنی قووڵی مێژوویی فەلسەفی پێبەخشیون. بەڵام دەسپێکی شاری مۆسیقارە سپییەکان نە لە رووی فۆرم و نە لەڕووی ناوەرۆکەوە سەرنجی خوێنەری وشیار ڕاناکێشێ. کێشەی گەورەی شەرەفیار (راوی) ئەوەیە کە ژنەکەی تەڵاقی سەندووە، نەک ژان و ناسۆرێکی قووڵی ئینسانی.
بەڵام بڕوانن عەتا نەهایی بە چ شێوەیەک رۆمانی "گەوی بەختی هەڵاڵە" دەست پێدەکات:
"ئەوە چارەنوسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەو شاخ،

شارەو شار و وڵاتەو وڵات شوێنت بکەوێ، تا لێرە، لە ستۆکهۆڵم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ. خەنجەرێکی مشتوو کارەبا کە سەری مشتووەکەی سەرە داڵێکی ئاسنی بێت، بە دەنووک و زاری کراوە و، چاوەکانیشی دوو چاڵی ڕەش بن. کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی وڵاتی بارانی هەڵدریوە؟ ئەو خەنجەرە ئێستاش دەمەکەی خوێنی لێ دەتکێ هەڵاڵە. "گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل. ٧

نووسەر بەمجۆرە هەر لە یەکەم دێڕەکان دا خوێنەر سەرسام دەکات، ریالیزمێکی زیندوو و هەراو، هەوێنی ئەم بەرهەمە



پێکدێنێ. ریالیزمێک کە قووڵترین ژان و ئازار و کێشەکانی جڤاتی کوردەواری لە دۆخێکی هەستیاری تیپیکی مێژوویی دا دەنەخشێنێ. نووسەر لە فۆرم و شێوازی زمان دا ساڵگارێک کاری کردووە تا توانیویە بە سەرچاوەی زمانی ڕەسەنی کوردی بگات و ببێت بە خاوەن ستایل. هەر ئەمەش دەتوانێ سەرکەوتنی گەورە بۆ نووسەر بەدی بێنێ.

ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە" بەسەرهاتی دۆخێکی مێژوویی تیپیکە کە کۆمەڵێک کەسێتی تیپیک لەودا ڕۆڵ دەگێڕن. حەمە ڕەشید ئاغا نموونەی ئەقڵی دۆگمی نەوەی کۆنە کە خەریکە دەوری دادەچێ و بەرەو هەڵدێری نەمان دەئاژوێ، سەرەڕای ئەمەش لە ڕێگەی شێرزادەوە میراتی دەسەڵاتی سەرەرۆیی بەجێدێڵێ و ئەو خەنجەرە کە هەڵاڵە دەکوژێ، خەنجەری حەمەڕەشید ئاغایە، وەک هێمای باوکێکی پاوانخواز و . . .

ڕەنگە تیپیکترین پرسۆناژ، کەسێتی هەڵاڵەیە کە وەک هێمای ژنێکی جڤاتی ڕۆژهەڵاتی ڕۆڵ دەگێڕێ کە خەریکە وشیار دەبێتەوە و بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ کە بخوێنێ و ئەڤیندار بێ و بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام ئەقڵی پاوانخوازی پیاو/ باوک/ حەمە ڕەشید تەنانەت لە سوئێدیش وازی لێناهێنێ و بەشێوەی تراژیک دەیکوژێت .

لەژێر زەختی کۆمەڵی دواکەوتوودا و بە ویستی حەمەڕەشید خان هەڵاڵە بۆ چەندین ساڵ کچبوونی خۆی لەبیر دەکا و خۆی بە کوڕ دەزانێ :

تۆ هەڵەی . __

من هەڵمەتم . __

حەمەڕەشید خان بەردەوام دەڵێ: "هەڵە کوڕی خۆمە". بەڵام سەرئەنجام هەڵاڵە پاش ناسینی برایمۆک وشیار دەبێتەوە و دەچێتە بەر باڵا ئاوێنە و سەیری خۆی دەکات، کە لەپڕ گوڵاڵەی خۆشکی پێیدەڵێ: "ئەویش هەڵاڵە کوڕە ئازاکەی حەمەڕەشید ئاغا". نووسەر لە نووسینی ئەم بەشەدا زۆر سەرکەوتووە .

هەروەها سەعادەت خانم وەک نموونەی ژنێکی کڵۆڵ و بێ بەشی کۆمەڵی کوردەواری ڕۆڵ دەگێڕێ کە سەرەڕای ئەمەگ و وەفاداری، حەمە ڕەشید ژنی بەسەردا دێنێ و تەنیا کاری دەبێتە گریان و خەم خەفەت .

هەروەها برایمۆک و سەعید ڕەحمانی دوو کەسێتی تیپیکی ترن کە وەک هێمای دەربەستی و بووژانەوە و بیری ڕەسەن ڕۆڵ دەگێڕن، بیرێک کە بە ئەقڵ و لۆژیک، دنیای کۆن و نەریتی ئەندێشەی حەمەڕەشید و شێرزاد پەراوێز دەخا و بە قووڵی سەرنجی هەڵاڵە ڕادەکێشێ و ڕۆحی دەستەمۆ دەکات. بەڵام هەڵاڵە لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا ئەگەرچی بڕیاری خۆی داوە و لەگەڵ بەرەی ڕووناکی دایە، بەڵام هێشتا دەترسێ و لە دڵەڕاوکێ دایە. زۆر جار دەڵێ: "برایمۆک من زۆر لە ژێر کاریگەری تۆ دام؟". "برایم/ سەعید پێت خۆشە ماچم بکەی". یانی هێشتا زۆری ماوە کە هەڵاڵە بە ئاستێک بگات کە بڵێ: "برایمۆک حەز دەکەم ماچت بکەم . "

مەجیدیش وەک کەسێکی تیپیک ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام ڕۆڵی لاوەکی . . . .

نووسەر لە درێژەی بەرهەمەکەی دا بەشێوەی زانستی و هونەرمەندانە هێما و سەمبۆڵ و ئەفسانە و بەسەرهاتی مێژوویی بەکار دێنێ. وەک ئەفسانەی دێوەکان و قارەمانێتی میرخوناوک و گەیشتن بە خاتوو کلاوزێر، بو وەسفکردنی دۆخی خەبات و بەندکرانی حەمە ڕەشید ئاغا. یان لێکچوونی بەسەرهاتی مێژوویی

ژاندارک و دۆخی هەلالە. نووسەر بە تێکهەڵکێشکردنی چەندین توخمی تیپیک و سەمبۆلیک، لە بارودۆخێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی تیپیک دا، توانیویە بە باشترین شێوە بەرهەمەکەی پەرداخ بکا و فۆرم و هارمۆنی پێ بدات .

یەکێ لە گرنگترین تەکنیکەکانی ڕۆمان، زمان و شێوازی دیالۆگە. نووسەر بە هەر ڕادەیەک بتوانێ زمانی دیالۆگی پرسۆناژەکان بەشێوەی بەهێز و زیندوو دابڕێژێت، فۆرم و پێکهاتەی ڕۆمان سەرکەوتوتر دەبێت. با بەشێک لە دیالۆگی بەرهەمی شاری مۆسیقارە سپییەکان [بۆیە دەڵێم بەرهەم، چونکە من پێم وایە نابێ ئەم دەقە وەک ڕۆمانی مۆدێرن و مێژوویی بزانین] بێنینەوە .

..." جەلادەت دەیگووت: پرتەقاڵی بابلی ... سامیری هاوڕێم... بمبورە، بمبورە، من دوژمنی تۆ نیم، من دوژمنی کەس نیم.. هاوار، سەیرکە من دوژمنم نییە. بەڵام تۆ دەبێ سزای خۆت وەرگریت... لەبەر خاتری هەمووماں، لە پێناوی خۆتدا... لەپێناوی هەمومناندا... لەپێناوی هەموو شتێکدا، تێدەگەیت... تۆ دیلی منیت و دەبێ من بیربکەمەوە چۆن سزای خۆت وەرگریت... من نامەوێ ببم بە جەلاد... نامەوێت، بەڵام دەبێ ڕێگایەک هەبێت تۆ ببیتەوە بە مرۆڤ، ئەو ڕێگایەش یان ڕێگای سزایە یان ڕێگای لێبوردن... لەو دوو ڕێگایە زیاتر هیچی تر نییە، بەڵام پرتەقاڵی بابلی... من هەموو شتێک نیم... من ئەو کەسە نیم ئەو کەسە نیم ئەو هەقەم هەبێت سزات بدەم یان لێت ببورم... دەبێ دادگایەک لێتببورێت... دادگایەک... وا نییە، دەبێ دادگایەک لێتببورێت...

سامری بابلی دەڵێت: چ دادگایەک؟ ... ئەی منداڵی نەجیب.. چ دادگایەک؟ هەموو ئەوانە لەم وڵاتە دادگایان بەدەستە، خۆیان لە من خراپترن . "

جەلادەت وەک خەیاڵێکی باڵدارو قووڵ لەسەری دابێت، دەڵێت: نا سامری بابلی من تۆ تەسلیمی دادگای حیزبەکان ناکەم . . .

جەلادەتی کۆتر بە سەرسامییەوە دەپرسێ: بەڵام چ دادگایەک... جەلادەتی کۆتر، چ دادگایەک؟ "

جەلادەتی کۆتر، دەست دەخاتە گیرفانی و بە نیگایەکی پڕ ماناوە تەماشایدەکات و دەڵێت: دادگایەک من و تۆ پێکەوە دایدەنێین... ل . ٣٣٧

وەک دەبینین ئەم دیالۆگە لە فەزایەکی مردوودا ڕوودەدات، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە نووسەر نەیتوانیوە دوو لایەنی دیالۆگ بخولقێنێت، بەڵکو هەر تەنیا خۆی قسە دەکات. بەڵام بڕوانن عەتا نەهایی لە چیرۆکی "ڕابردوویەک لە ئاگردا" چۆن لە شێوازی دیالۆگ کەڵک وەردەگرێ و فەزاسازی دەکات :

" - بەرۆکیان پێگرتم بەهێ. لێیان دام. بە چاوت لەبەر دڵی تۆ هیچم نەوت، بە سواڵکەر و شێت و بێکەس و کاریان کردم. دانم بە جەرگی خۆما گرت . "

" - لاڵ بم مەحە. تاوانی من چییە؟ بۆ بە منیان نەکرد؟ من کەم تێلام خوارد؟ دەستم نەشکا؟ قاچم نەشکا؟ مەحە گیان منیش وەک تۆ چەرمەسەریم زۆر دیوە، بەسەرت هەر ئێستا بیبستنەوە چاوم بە تۆ کەوتووە و قسەم لەگەڵدا کردووی دەمکوژن. ئەمجارە بە ڕاستی دەمکوژن . "

"ڕاست دەکەی؟ دەی کەواتە بە قسەم بکە "

"چیت بە قسە بکەم مەحە؟ چۆن شتی وا لە من دەوەشێتەوە؟ "

"بەهێ گیان، چاوەکەم، چۆن پێمڵ بە کارێکت دەکەم شیاوی تۆ نەبێ؟ بەڵام پێویستە وا بکەین. وا نەبێ من و تۆ هەرگیز بۆ یەک نابین .

"خودا گەورەیە مەحە، وا مەڵێ "

"هەزار ساڵە خودا گەورەیە و دڵدار لە یەک جودا دەکرێنەوە. بە قسەم بکە هەر ئەمشەو دەستی یەک دەگرین و دەڕۆین. بە شەرعی خودا و پێغەمبەر مارەت دەکەم . . . "

"شتی وا نابێ مەحە، کەسوکارم سەرشۆڕ دەبن "

"کەوابوو منت خۆش ناوێ. هەرگیز منت خۆش نەویستووە "

"وا مەڵێ، تووڕە مەبە. ئامادەم گیانم بە قوربانت بکەم "

"کوا؟ ئەی بۆ لەگەڵم نایەیت "

"دڵم نایهێنێ مەحە. نامەوێ دڵت بشکێنم، بەڵام دڵم نایهێنێ... دەترسم . . . "

"لە هیچ مەترسە بەهێ. تا من لە لات بم لە هیچ مەترسە "

سەگوەڕ نەما. تەنیا گورگە لوورێکی دوور کپی و بێدەنگی شەو دەگەچڵێنێ... عەتا نەهایی، سەرجەم چیرۆکەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، ل ١٦٥-١٦٦

وەک بینیمان تەکنیکی دیالۆگ لای عەتا نەهایی تەواو زیندووە، ئەم دیالۆگە خودی ژیانە و هەستی ڕەسەنی هەر دوو لایەنی دیالۆگ لەڕووی دەروونی و سایکۆلۆژیکەوە دەردەخات. هەروەها ڕستەکانی کورت و پوختە و زمانیشی ئێجگار تۆکمە و بەهێزە. دیارە پاش تەمەنێک زەحمەت و شەونخوونی، بە وەها زمانێکی پوختە و پەرداخ گەیشتووە .

شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی حەسار دا بۆ دەرخستنی دنیای تاکدەنگی حەسار (کە وەک هێمای جڤاتی دواکەوتوو ڕۆڵ دەگێڕێ) بەشێوەی زانستی، تێکنیکی دیالۆگ بەکار دێنێ و فەزایەک دەخولقێنێ کە دنیای خەفەقان و تاکدەنگی حەسار دەنەخشێنێ :

"دایە گەورە بە لێوە لەرزەوە وتبووی .

پیاوەکە... ئەوە؛ هاتووم ... بڵێم . . . "

پیاو هیچ وڵامێکی نەدابۆوە

دوبارە وتبووی : "پیاوەکە... دەمێکە دەمەوێ . . . "

پیاو دەنێو کلکی کەروێشکەکان و گونی پشیلەکان و دەنووکی



بولبولەکانەوە سەری هێنابووە دەرێ... و لێی پرسیبوو :

"ها حەبێ خێرە، ناشێ بۆ بەزمی شەو هاتبیت؟ ئەشهەدوو هەقی گلەییت هەیە... بەڵام چی بکەم؟ خۆ تۆ دنیا دیتەی، گەرەکمە ئەو بووکە تازەیە تێر بکەم... پێیان بڵێ ئەمشەو نۆرەی هیچ کامیان نییە... ئەمشەو بە نیازم لەگەڵ پشیلە و کەروێشک و سمۆرەکانم بنووم... "

نا پیاوەکە من بۆ ئەوە نەهاتووم

حەبێ کەمێ لەولاتر لەسەر چیچکان وەستابوو، [پیاو] سەری زمانی لە دەنوکی بولبول و گونی پشیلەکان دەخشاند، بولبولەکان لیکی ژەهراوی باوکەیان هەڵدەمژی، پشیلەکان بە لێو لە گون خشاندن ختوکەیان دەهاتێ و هەڵدەبەزین، نەرمە چەپۆکیان لە کەپۆی گیر دەکرد، لێوی شەقاری کەروێشکەکانی ماچ دەکرد، دەتریقایەوە و بولبولەکان هەڵدەفڕین، سمۆرەکان رادەچەنین، پشیلەکان دەسڵەمینەوە و پاش تاوێک دیسان لێی نزیک دەبوونەوە، کەروێشکەکان ... بە فیکەیەک هەموویان دەهاتنە باوەشی. حەبێ بە ترسەوە وتبووی: "هاتووم... بڵێم . . . "

ئەم وتبووی :

حەبێ هیچ مەڵێ... گوێ بگرە... چۆنە پشیلەکانم بخەسێنم؟

بۆچی پیاوەکە؟

چۆن بۆچی؟ پیرە قۆتر... نەفام... نابینی ئەو حیزبابانە گونیان لە گونی من خرترە .

لەسەر لا پاڵ کەوتبوو، دوو قاچی کورتی یەکێ لە پشیلەکانی بڵاو کردەوە و توند کەڵبە و ددانی لە گونی گیرکرد... زاڵمانە و وەحشیانە رایتەکاند و شادەمارەکانی قرتاند، قرتەیەک و پشیلە پڕ بە دیوەخان زریکاندی، ناڵاندی... مڕاندی...[پیاو] هەر دوو هێلکەی خوێناوی لەنێو کەڵبەکانی بوون... تریقایەوە، لەم گوپەوە بۆ ئەو گوپ گەمەی پێدەکرد... حەبێ لە حەژمەتا بە هەر دوو دەست چاوەکانی داپۆشی . . .

چاکە حەبێ هەر شەوێ یەکێکیان دەخەسێنم .

کابرا... گوناهت دەگا .

ژنێ گوناە ئەوەیە دوو رۆژی دیکە رەشەمێیە و نامەوێ لە بەرچاوی کچەکانم بکەونە مرە مڕ و سواری یەکدی بن .

کەیفی خۆتە پیاوەکە .

ئەڵبەت کەیفی منە... هەوەس کوشندەیە... تۆ سەرت سپی کردووە و دەیزانی .

بەڵام پیاوەکە . . .

قسە مەکە و سەیری سمێلی ئەو حیزبابانە بکە... سەیری گونی تورتیان بکە... بە وەڵاهی من بەخیلیان پێدەبەم . . .

پیاوەکە ... من هاتبووم کە پێت بڵێم . . .

جگە لە خۆم و ئەسپەکەم چ نێر هەبێ وزەی تێا ناهێڵم، بۆم بکرێ مێشولەکانیش دەخەسێنم . . .

تۆ خۆت گەورە و سەرداری حەساری، چیت پێ باشە وا بکە...

بەڵام من بۆ ئەوە نەهاتبووم... من هاتبووم بڵێم

بڵێ با رزگارم بێ . . .

پشیلەی بن سک خوێناوی وەک پیاوێکی خەسیو لەسەر تەنیشت کەوتبوو و دەیناڵاند... یان دەمرد . . .

-پیاوەکە هاتبووم بڵێم کوڕ و کچەکانت زۆریان وا پیر بوون... خوا هەڵناگرێ، بە تەمای چیت ... ها؟ کوڕی نۆبەرەت سەر و ریشی سپی بوو، ئەرکی هەموو حەسارەکەی بەسەر شانەوەیە... دەبا دڵت نەرم بێ و خەمی ژنێکی بۆ بخۆین... دایکیان لاڵ بێ... زۆربەی کچەکانت چقەیان دەرکرد . . .

گوێ بگرن... بۆ دوا جار... لێرە لەم حەسارەی من، نە کوڕ ژن دێنێ و نە کچ دەتوانێ شوو بکا، ئەوەی خۆی بە کچی من دادەنێ دەبێ دەنێو تاریکی ژوورەکەشی دا حورمەتی خۆی و من و ئەم حەسارە رابگرێت... ئاگاتان لە خۆتان بێ... هەر هەوا و هەوەسە کە ئەم حەسارە دەرمێنێ... شێرزاد حەسەن، سەرجەمی بەرهەم رۆمانەکان (٢) ل. ٣٨-٤٠٣٩

وەک دەبینین شێرزاد حەسەن بەم جۆرە دیالۆگە فەزای سایکۆلۆژیکی حەساری بەشێوەی وردبینانە نەخشاندووە. حەبێ چەندین جار بە لێوە لەرزە دەیەوێت بدوێت بەڵام یان لە ترسدا ناوێری قسەی خۆی بکات، یان پیاو (باوک) ناهێڵی قسە بکا و دەم کوتی دەکات. حاڵەتی رۆحی هەر دوو لایەنی دیالۆگ

بەشێوەی سروشتی و زیندوو داڕێژراوە. هەروەها زمانی شێرزاد زۆر لە زمانی بەختیار عەلی پوخت و پاراوترە، رستەکان کورتن و بە رۆشنی پەیامی نووسەر دەگەیەنن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش زمانی شێرزاد بە زمانی عەتا نەهایی ناگات .

لە ڕووی جیهانبینی و ئەندێشەوە، نووسەر (شێرزاد حەسەن) کوڕی سەردەمی خۆیە، رۆحی سەردەمی خۆی بەدروستی ناسیوە، خاوەن ژان و ئازار و باری گرانە، دیارە تا مرۆڤ باری سەرشانی قورس و گرانتر بێت، ژیانی پڕماناترە. شێرزاد هۆکاری دواکەوتویی کۆمەڵگەی کوردی بە وردی ناسیوە: دەسەڵاتی بێ سنووری پیاو (باوک) لە هەموو رەهەندەکان دا، زاڵبوونی تاک دەنگی و قەدەغە بوونی فرەدەنگی، زاڵبوونی فەرهەنگی دۆگم و رووگرژی تاناتوسی کە هەر جۆرە توخمێکی عشق و ئێرۆتیک دەکوژێ و سێبەری رەشی مەرگ و تازیەباری دەسەپێنێ. لە وەها فەزایەک دا قارەمانی بەرهەمەکانی شێرزاد سەربزێوی دەکا، نۆرم و نەریتی دارزیوی کۆمەڵگە پێشێل دەکا و حەسارەکان دەڕوخێنێ تا بە ئازادی بگات و دۆخێکی سازگارتر بخولقێنێ .

بۆوەی بەهای جوانیناسی دنیای رۆژاوا بناسین لێرەدا کوپلەیەک لە لوسیەن گوڵدمەن دێنینەوە، پێویستە ئەوەش بزانین کە گوڵدمەن وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، میراتداری رەوتێکی فەلسەفی جوانیناسانەیە کە بە کانت، شیلێر، هێگل دەست پێدەکات تا بە مارکس و لوکاچ دەگات: گوڵدمەن بەهای ئستاتیکی فۆرمی ئەدەبی بەمجۆرە پێناسە دەکات :

"ئاشکرایە کە چەمکێکی تایبەت بنەمای هەموو تۆژینەوەکانی ئێمە لەمەڕ جوانیناسی بەگشتی و جوانیناسی ئەدەبی بەتایبەتی پێکدێنێ. ئەم چەمکە هەر ئەو بیرەیە کە جوانیناسی کلاسیکی ئاڵمان لە کانت و لە ڕێگەی هێگل و مارکسەوە تا لوکاچی لاو پەرەی پێداوە، کە لەلایەک بەهای جوانیناسانە بە جۆرێک ناکوکی چارەسەرکراوی نێوان فرەچەشنی و هەراوی بەرهەست دەزانێ ، لەلایەکی ترەوە ئەم بەهایە بە یەکێتییەک دەزانێ کە ئەم فرەچەشنییە وەک پێکهاتەیەکی تۆکمە رێک دەخات. لەم روانگەیەدا بەرهەمی ئەدەبی کاتێ گرنگتر و پڕبایەخترە کە ئەم ناکۆکییە لەودا بەهێزتر بێ و بە باشترین شێوە چارەسەر کرابێت، یانی ئەوە کە هەراوی و فرەچەشنی دنیای بەرهەم قووڵ و بەرین بێ و ئەم دنیایە نەزم و سامانێکی رێکوپێکی هەبێ و جۆرێک یەکێتی تۆکمە پێکبێنێ. "

ئەگەر بەم پێوەرە فۆرم و پێکهاتەی رۆمانی کوردی راڤە بکەین، بە دەگمەن بەرهەمێکی بەرز و شاکار دەبینین. زۆربەی رۆمانەکان بەرهەمی نزم و نێوەنجین، یانی نەیانتوانیوە دنیایەکی فرەچەشن و هەراو، پڕاوپڕ لە چەندین تۆخمی جیاواز، ناکۆک و دژواز بخولقێنن ؛ لەم ناکۆکی و دژوازی و فرەچەشننییە، تۆکمەترین فۆرم بخولقێنن. ئایا رەوشی راستەقینەی جڤاتی کوردەواری، وەها دۆخێکی هەراوی بەخۆوە نەدیوە، یان نووسەران نەیانتونیوە وەها دۆخێک بە قووڵی ببینن و بینەخشێنن؟ بەڵام دەتوانین بێژین دوو بەرهەمی مەزنی "کلیدر" بەرهەمی دەوڵەت ئابادی و "حەمەدۆک" بەرهەمی یاشار کەمال ، بەپێی ئەم پێوەرە، دوو شاکاری ئەدەبین .

جۆرج لوکاچ لە کتێبی بەناوبانگی "رۆمانی مێژوویی" دا بەشیکاری و تۆژینەوی قووڵ و سۆسیۆلۆژیک، بارودۆخی مێژوویی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رۆمان، وەک ژانرێکی ئەدەبی راڤە دەکات، ئەو دەنووسێ .

"رۆمانی مێژوویی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، لە کاتی رووخانی ناپلیۆن دا سەریهەڵدا (ڤیورلی بەرهەمی ڤاڵتر سکاتساڵی ١٨١٤ بڵاوبۆوە)... بەکورتی پێش ڤالتر سکات رۆمانی مێژوویی بەدی ناکەین. رەخنەگری گەورەی فەرانسی بوالۆ، کاتێ باسی رۆمانی مێژوویی چاخی خۆی دەکات، تەنیا گرنگی بە دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی خەڵک دەدات. بۆ وێنە دەڵێ جۆری خۆشەویستی شا لەگەڵ شوان جیاوازە... بەڵام تەنانەت رۆمانی گەورەی کۆمەڵایەتی و ریالیستی سەدەی هەژدەهەم کە لە باسکردنی داب و نەریت و دەروونناسی سەردەمی خۆی دا رێگایەکی بۆ گەیشتن بە راستییەکان کردەوە کە بۆ ئەدەبیاتی جیهانی لایەنی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو، پرسی نەخشاندنی پرسۆناژەکان وەک مرۆڤی چاخێکی تایبەت و دیاریکراو ئاراستە ناکات... نووسەر هێشتا ئەم پرسە گەڵاڵە ناکات کە دنیای هاوچەرخ لە کەنگێوە و بە چ شێوەیەک گەشەی کردووە . . . "

ئەم قۆناغە لە مێژوو کە لوکاچ بە سەرەتای پەیدابوونی رۆمانی مێژوویی ناودێری دەکات، زۆر دروست و وردبینانەیە، یانی رێک لە کاتێک دا کە هێگل بە داهێنانی مێتۆدی دیالکتیکی هەموو چەمک و گوتارێکی مێژواندووە . یانی تەنانەت بەهێزترین و پیرۆزترین دەق و گوتار و دیسکورسیش، لە دۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا، پێکدێن، گەشە دەکەن، پەرەدەستێنن، بەڵام سەرئەنجام دەپووکێنەوە و پەراوێز دەخرێن و دەفەوتێن .

بەڵام بەختیار عەلی بەرهەمەکانی [کە بەپێی ئەم پێناسەیە ناتوانین بە رۆمانی مێژوویی پێناسەی بکەین]، لە هیچ شوێن و لە هیچ سەردەمێک دا دەنووسێت. لە بەرهەمەکانی وی دا، دۆخی تیپیکی مێژوویی و کەسێتی تیپیک، کە هێمای ژان و ئازارەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بێت و بتوانێ لە داهاتوودا گشتگیر بێت، بەدی ناکەین. بەختیار عەلی هەم لە دواین هەناری دنیا و هەم لە شاری مۆسیقارەکان دا ئاوڕێک لە دۆخی کۆمەڵی کوردستان دەداتەوە، بەڵام ناتوانێ دنیای هەراوی ئەم جڤاتە بەقووڵی ببینێ و بینەخشێنێ. رەنگە بێژن بەختیار ستایلی ریالیزمی جادوویی پێڕەو دەکات. پێویستە ئەم راستیەش بزانین کە ساڵ پێش ئێستا لە ئێران زۆر کەس ئەم ستایلەیان پێرەو کرد، بەڵام تەنیا کەسانێک



وەک گوڵشیری و غوڵام حوسین ساعدی تێیدا سەرکەوتن، هۆی سەرکەوتنی ئەوانیش لەوەدا بوو کە لە بەرهەمەکان دا لایەنی ریالیستی، هەراوتر و بەهێزتر لە لایەنی جادوویی و سوورریال بوو؛ یانی لایەنی ئەفسوون و سورریال لە خزمەت دۆخی ریاڵ دا بوو .

سێ کەسێتی سەرەکی رۆمانی شاری مۆسیقارەکان (ئسحاق، جەلادەت و سەرهەنگ) رەنگە لە هەزار ساڵ پێش ئێستادا، لە سەردەمی سەرهەڵدانی عرفانی ئێرانی دا، رۆڵی تیپیک و مێژوویی بگێڕن، بەڵام لە دنیای کۆنکرێتی ئێستادا کە دەسەڵاتی جیهانداگری سەرمایە سەرتاسەری گۆی زەوی بە رایەڵ و تۆڕی ئلێکترۆنیک لێکتەنیوە و جیهان بۆتە قومارخانەیەکی ئلێکترۆنیکی، قەت ناتوانن رۆڵی مێژوویی بگێڕن و سۆزی فلوتی ئیسحاق ناتوانێ هیچ برینێکی ئەم دنیا بەستۆکە و سپڵەیە هەتوان بکات. با نووسەر ئەم پرسیارە لە خۆی بپرسێ: من لە کام شوێنی ئەم جیهانەدا راوەستاوم و لە چ بارودۆخێکی مێژوویی دام؟

ئەڵبەت پێویستە ئەم راستیە بزانین کە ئەرکی نووسەر ئەوە نییە کە وڵامی پرسیارەکان بداتەوە و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەرکی نووسەر ئەوەیە کە سەردەمی خۆی بەوردی بناسێ و پرسەکانی بەدروستی گەڵاڵە بکات. بۆ وێنە باڵزاک لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا قارەمانێکی وەک راستیناک دەخولقێنێ و لە زمانی ئەوەوە پرسەکانی سەردەم باس دەکات، وەک چۆن پێشتر گوتێ وێرتر دەخولقێنێ و نە هەر پرسەکانی ئاڵمانی دواکەوتوو، بەڵکو گرنگترین پرسەکانی دوو وڵاتی پێشکەوتوی بریتانیا و فەرانساش دەوروژێنێ. هەروەها لەنێوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم دا داستایڤسکی لە کتێبی تاوان و سزا (crime and punishment)دا کارەکتەرێکی تیپیکی وەک راسکۆلنیکۆڤ دەخولقێنێ، قارەمانێک کە بۆ گەلانی هەموو جیهان قسەی پێیە.

* * *

لە درێژەی ئەم بابەتەدا بۆوەی بزانین شێوازی دیالۆگ و ئەندێشەی بەرزی فەلسەفی لە نووسینی رۆمان دا چ رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، دوو بەشی رۆمانی بەناوبانگی "ئەهریمەنان" بەرهەمی. داستایڤسکی وەردەگێڕین و وەک نموونە دەیهێنینەوە، با بزانین کە داستایڤسکی لەخۆڕا ناوبانگی باوکی روسیا و شۆڕشی ئۆکتوبری پێنەدراوە؛ سەرەتا دیالۆگی نێوان کیریلۆف و ستاڤرۆگین .

ستاڤرۆگین: تۆ منداڵانت خۆش دەوێ؟

کیریلۆف بە ئارامی گوتی :

ئەرێ خۆشم دەوێن .

کەوابوو، ژیانت خۆش دەوێ .

ئەرێ ژیانم خۆش دەوێ، بەڵام مەبەستت چییە؟

بەڵام گەر بتەوێ خۆت بکوژیت؟

ئێ؟ بۆچی ئەم دوو پرسە تێکەڵ دەکەیت؟ ژیان شتێکە و خۆکوشتن شتێکی دیکەیە. ژیان بوونی هەیە؛ مەرگ بوونی نییە

تۆ ئێستا بڕوات بە ژیانی داهاتوو و دایمی هەیە؟

نا، بڕوام بە ژیانی داهاتوو نییە، بەڵکو بڕوام بە ژیانێکی زەمینی و تاهەتایی هەیە. ژیان لە ساتەکان پێکهاتووە... تۆ لەگەڵ یەکێ لەم ساتانە پەیوەست دەبی و لەپڕ زەمەن دەوەستێ، هەر ئەمە تاهەتاییە ...

هیوات هەیە لەگەڵ یەکێ لەم ساتانە پەیوەست بیت؟

ئەرێ .

:ستاڤرۆگین" بە زمانێکی هێمن و بەئەندێش گوتی

لە سەردەمی ئێمەدا ئەم کارە ئێجگار دژوارە. لە ئەنجیل دا فریشتە سوێندی خواردووە کە ئیتر زەمەن کۆتایی دێت .

دەزانم. ئەم پرسە لە جێگەی خۆیدا زۆر دروستە. دروست و رۆشن. کاتێ مرۆڤ بە خۆشبەختی رەها بگات، ئیتر زەمەن دەفەوتێ. ئیتر مرۆڤ پێویستی بە زەمەن نییە! ئەمە بیرێکی ئێجگار باشە .

ئەوکات لە کوێ زەمەن دەشارنەوە؟
لە هیچ کوێ! خۆ زەمەن شت نییە؛ ئەندێشەیە. ئەم ئەندێشە بە تەنیا لە رۆح دا کپ دادێت .
ستاڤرۆگین" بە تەوسەوە وتی :
دیسان فەلسەفە! هەر هەمان بابەتەکانی پێشوو! هەر لە سەرەتای مێژووەوە هەر یەک جۆر پرس و بابەت گەڵاڵە دەکرێت .
کیریلیۆف" بە تیشکی چاوەکانی وەک بڵێی بە سەرکەوتن گەیشتووە، وت .
هەمیشە هەر ئەم پرسانەیە؛ ئەرێ هەر لە سەرەتای مێژوو تا ئێستا هەر ئەم پرسانە لە ئارا دان و بەس .
"کیریلیۆف" پێم وایە تۆ خۆشبەختی؟
ئەرێ. ئێجگار خۆشبەختم .
زمانی وتەکانی زۆر ئارام بوو. وەک بڵێی شتێکی سادەی وتووە . بەڵام ماوەیەک لەمەو پێش ناڕازی بووی! لە دەست "لیپوتین" تووڕە بووی .
ئەرێ... بەڵام ئێستە ئیتر تووڕە نیم. ئەو کات نەمدەزانی کە خۆشبەختم. گەڵایەکت دیوە. گەڵایەک کە لە درەختێک هەڵوەریبێت؟
ئەرێ، دیومە . . .
من گەڵایەکی زەردم بینی کە تۆزێکی سەوز بوو و لێوارەکانی داڕزیبوون. ئەو گەڵایە هەموو زریانێک راپێچی دەدا. کاتێ کە دە ساڵان بووم، پێم خۆش بوو زستانان چاوەکانم بنوقێنم، بەم هیوایە کە گەڵایەکی سەوز و گەش و تەڕ و تازە و تیشک و گزنگی هەتاو ببینم... دووبارە چاوەکانم دەکردەوە و ئەم دیمەنە هێندە جوان بوو کە نەمدەویست بڕوا بکەم کە گەڵای زەردیش هەیە! دیسان چاوانم دەنوقاند . . .
وەک دەبینین لەم دیالۆگەدا فەلسەفەی ژیان شەپۆل دەدات. نووسەر بە زمانێکی هونەری ساکار خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و تێڕامان دەبات. دنیای ئەندێشەی داستایڤسکی هێندە قووڵ و هەراوە، کە خوێنەر لە هەر رستە و پاراگرافێک دا رەهەندێکی تازە دەبینێتەوە. با درێژەی ئەم دیالۆگە ببینین و بزانین کە نووسەر چۆن لەم دیالۆگەدا بوار بۆ کیریلیۆف دەرەخسێنێ کە قسەی خۆی بکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە داستایڤسکی بەتەواوی دژبەری ئەندێشەی کیریلیۆڤە، بەڵام ئەو وەک داهێنەری رۆمانی فرەدەنگی، بەجۆرێک فەزای دیالۆگ دادەڕێژێ کە خوێنەر قەت هەست ناکات کە دەنگی کریلیۆڤ کپ دەکات یان لە دنیای رۆمان دا پەراوێزی دەخات :
چی دەڵێی؟ بە رەمزەوە قسە دەکەی؟
نا... بۆچی؟ ئەوە رەمز و هێما نەبوو... تەنیا داستانی گەڵایەک بوو، گەڵایەکی تەنیا... ئەو گەڵایە ئێجگار باش بوو! هەموو شتێک باشە!، (هەموو شتێک رەوایە )
هەموو شتێک؟
هەموو شتێک! مرۆڤ چارەڕەشە، ئاخر نازانێ کە خۆشبەختە: تەنیا بەمهۆیە و هیچی تر. پرسی بنەڕەتی هەر ئەمەیە! هەر کەسێک لەم خاڵە تێبگات بەخێرایی بەختەوەر دەبێت! بووکی ئەم پیرەژنە دەمرێ و منداڵ دەژی! هەموو شتێک باش و رەوایە. ئەم خاڵەم بەرێکەوت زانیوە .
-ئەی ئەو کەسە کە لە برسێتی دا دەمرێ؟ ئەی ئەو کەسە کە کچێنی کیژۆڵەیەک دەفەوتێنێ؟ ئەمانە هەموو باش و تەبان؟
-زۆر باشە! ئەو کەسەی کە سەری داگیرکەر لە بەرد دەکوتێ، باشە؛ ئەو کەسەش کە سەری داگیرکەر لەبەرد نادات، ئەویش باشە! هەموو شتێ خێر و چاکەیە، هەموو شتێ. ئەو کەسانە کە ئەم شتە دەزانن، بەختەوەرن. ئەگەر مرۆڤ بیزانیبا کە خۆشبەختە، خۆشبەخت دەبوو. مرۆڤ تا کاتێ کە هەستی بە بەختەوەری خۆی نەکردووە، خۆشبەخت نییە! هەموو شتێک لەم بیرە دایە، هیچ شتێک لەم خاڵە بەدەر نییە .
کەی زانیت کە هێندە بەختەوەریت؟
کیریلیۆف" وڵامی نەدایەوە. لەناکاو گوتی :
مرۆڤەکان فریوکار و شەڕئەنگێزن، ئاخر نازانن کە باشن، کاتێ هەست بەم خاڵە بکەن، ئیتر کچێنی کیژۆڵەیەک لەنێو نابەن. دەبێ لەم خاڵە تێبگەن، ئەوکات هەمووان باش دەبن، هەمووان، تا دواین کەس !
تۆ هەستت بەم خاڵە کردووە. کەوابوو تۆ باشی؟
بەڵێ، من باشم !
ستاڤرۆگین" هەناسەیەکی خەمینی هەڵکێشا و وتی :
وایە، لێگەڕێ، قەبوڵمە .
ئەو کەسە کە مرۆڤ فێر بکات کە هەمووان باشن، ئافراندن کامڵ دەکات .
ئەو کەسە کە دەیویست ئەم خاڵە بە مرۆڤ فێر بکات، لە خاچیان دا !
ئەو دێتەوە! و خەڵک بە "خودایەک ناودێری دەکەن کە بووە بە مرۆڤ . "
یان "مرۆڤێک کە بووە بە خودا"؟
"! خودایەک کە بووە بە مرۆڤ"، جیاوازی هەر لێرە دایە
نووسەری خاوەن ژان و ناسۆر، ناسۆری فەلسەفی، هێندە بیر دەکاتەوە، هەوڵ دەدات و شەونخوونی دەکێشی تا دەبێت بە خاوەن ئەندێشە و سەرچاوە و هەتوانی ئازارەکان دەبینێتەوە. هیچ سنوورێک ناتوانێ ئەندێشەی بەرز و ئینسانی بەربەست بکات. بیری هەراو، ستایل و زمانی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ و سنوورەکان دەبەزێنێ و جیهانی دەبێتەوە. لێرەدا دەبینین کە هونەری داستایڤسکی، بەم دیالۆگە زیندووە، گەورەترین ژان و ئازار و پرسەکانی مرۆڤی سەدەی نۆزدەهەمی دەرخستووە کە تا

ئێستاش پڕە لە پەیام و مانای بەرزی ئەخلاقی و چێژی ئستاتیکی .

ئێستا بەشێک لە دیالۆگی نێوان شاتۆف و ستاڤرۆگین دەخوێنینەوە و ئەوجار دەزانین کە داستایڤسکی لەخۆڕا بە پەیامبەری نەتەوەی روس نەناسراوە :

شاتۆف: هێشتا هیچ نەتەوەیەک بەپێی پرنسیپەکانی ئەقڵ و زانست ناژێت... هێشتا هیچ نەتەوەیەک ئەم پرنسیپانە پێڕەو ناکات. سۆسیالیزم بێجگە لە بێ دینی شتێکی تر نییە: سۆسیالیزم هەر لە سەرەتاوە خودا رەت دەکاتەوە و دەیەوێ بناغەی ژین بەپێی ئەقڵ و زانست دابڕێژێت. هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا لە مێژووی گەلان دا گرنگی بە ئەقڵ و زانست نەدراوە. تا قەرەی قیامەتیش هەر رۆڵی لاوەکی دەگێرن. نەتەوەکان بەپێی پرنسیپێکی تر بەدی دێن و دەژین، ئەم پرنسیپە حکومەت دەکا و فەرمان دەدات، بەڵام بناغەی ئەم پرنسیپە هێشتا نەناسراوە و پێناسە نەکراوە. ئەم پرنسیپە بریتییە لە مەیلی ئاگرین بۆ گەیشتن بە جڤاتێکی تەبا و سازگار [ئایدیال]، بەڵام هاوکات گەلان حاشا لە بوونی وەها ئایدیالێک دەکەن. ئەم ئایدیالە بریتییە لە سەلماندنی بەردەوامی هەستی و رەتکردنەوەی مەرگ. ئەو جۆرە لە ئەنجیل دا هاتووە: ئەمە هەر هەمان رۆحی ژیان و سەرچاوەی ئاوی حەیاتە کە ئەنجیل وریامان دەکاتەوە کە نەبا وشکی بکەین. بە وتەی بیرمەندانێک کە ئەم ئایدیالە بە پرنسیپێکی ئەخلاقی دەزانن، ئەمە هەمان پرنسیپی جوانی و خێری رەهایە. من ئەم ئایدیالە بە زمانێکی سادە بە "گەڕان بۆ خودا" ناودێر دەکەم. ئامانجی هەر بزاڤێک لە نێو هەر گەلێک دا و لە هەر سەردەمێکی ژیان دا، تەنیا گەڕان بۆ خودایە، خودایەک کە تایبەت بە هەمان گەل بێت و بەڕاستی بڕوای پێ هەبێت. خودا هێمای بەرجەستەی هەموو تاکەکانی نەتەوەیەکە. هەرگیز هەموو گەلان یان زۆربەی گەلان، یەک خودای هاوبەشیان نەبووە! هەر کام خودای تایبەت بە خۆیان هەیە. کاتێ چەندین نەتەوە یەک خودای هاوبەشیان هەبێت، بەرەو فەوتان دەچن. ئەگەر گەلان یەک خودایان هەبێت دەمرن، بەمجۆرە بڕوا بە خودا و بڕوا بە نەتەوەکەشیان دەمرێت. بە هەر رادە نەتەوەیەک خاوەن خودایەکی شاز و تایبەت بە خۆی بێت، ئەو نەتەوە بەهێزترە. قەت نەبینراوە نەتەوەیەک بێ دین بووبێت. یانی نەتەوە دەبێ خاوەن دەرک و داوەری زەینی لەمەڕ خێر و شەڕ بێت. هەر نەتەوەیەک خاوەن تێگەیشتن و داوەری زەینی تایبەت بە خۆیە. ئەگەر تێگەیشتن و داوەری زەینی بەشیکی زۆر لە گەلان وەک یەک بێت، دەمرن و ئەوجار جیاوازی نێوان خێر و شەڕ دەفەوتێ و لەنێو دەچێ. هەرگیز ئەقڵ نەیتوانیوە خێر و شەڕ راڤە بکات، تەنانەت ئەگەرچی زۆر هەوڵی داوە، بەڵام نەیتوانیوە جیاوازی نێوان خێر و شەڕ دیاری بکا و زیاتر مەزندەی کردووە. بەپێچەوانەوە، ئەقڵ بەشێوازێکی رسوا و نائەقلانی، لە دیاریکردنی خێر و شەڕ دا بەهەڵەدا چووە و تێکەڵی کردووە... زانستی ناتەواو، دیکتاتۆرێکی بێ کونترۆڵە کە تائێستا نموونەی نەبینراوە. دیکتاتۆرێکی خاوەن دەسەڵاتی رەها، کە دنیایەک کۆیلە و کاهن و ستایشکار بە عشق و نەزانییەوە کڕنۆشی بۆ دەبەن، زانستی راستین لەئاست "زانستی ناتەواو" هەڵدەلەرزێ و وەک پاڵپشتێکی رسوا رۆڵ دەگێڕێ. "ستاڤرۆگین" ئەمانە هەموو قسەی تۆن. تەنیا خۆم "زانستی ناتەواو"م پێ زیاد کردووە، ئەگینا تەنانەت یەک وشەم نەگۆڕیوە !

"ستاڤرۆگین" لەناکاو وتی .

-پێم وانییە هیچ شتێکت نەگۆڕیبێت. بە شەوقەوە قەبوڵت کردوون و بێ ئەوەی خۆت بزانیت، گۆڕیوتن. بۆ نموونە لەوێ کە دەڵێی دەبێ تەنیا وەک رەمز و هێما خودا وێنا بکەین .

بەوردی چاوی لە روخساری "شاتۆف" بڕی. "شاتۆف وتی :

من خودا بە ڕەمز و هێما دەبینم؟ بەپێچەوانەوە، من نەتەوە تا ئاستی خودا بەرز دەکەمەوە. نەتەوە، فۆرم و جەستەی خودایە! ناتوانین هیچ نەتەوەیەک بە نەتەوە بزانین، مەگەر خاوەن خودای تایبەت بە خۆی بێت و لێبڕاوانە هەموو خودایانی تری جیهان ڕەت بکاتەوە و دڵنیا بێت کە خودای ئەو سەردەکەوێ و هەموو خودایانی تری جیهان ڕەت بکاتەوە. هەر لە سەرەتای مێژووەوە، هەموو گەلانی مەزن، ئەوانەی کە ڕێبەر و پێشەنگی مرۆڤایەتی بووون، هەرچەند کە بە ژمارە کەم بووون، وەها بڕوایەکیان هەبووە. ناتوانین حاشا لە ڕاستییەکان بکەین! خەڵکی عبری لەپێناو خودای ڕاستین دا ژیان و بۆ هەموو خەڵکی جیهان خودای ڕاستینیان بە میرات بەجێهێشت. خەڵکی یۆنان سروشتیان بە پیرۆز دەزانی و ستایشیان دەکرد: ئەوان ڕێبازی فەلسەفە و هونەریان بۆ خەڵکی جیهان بەدیاری هێنا. خەڵکی ڕۆم، نەتەوەی بەشێوەی دەوڵەت بە پیرۆز زانی و ستایشی کرد؛ ڕۆم دەوڵەتی وەک میرات بۆ خەڵکی جیهان بەجێهێشت. خەڵکی فەرانسا، بە درێژایی هەموو مێژووی، بێجگە لە پەرەپێدان بە چەمکی خودای ڕۆمی کارێکی تری نەکردووە؛ ئەگەر گەلی فەرانسا، خودای ڕۆمی تووڕدا و بێ دینی گرتەبەر، یانی بزاڤی "سۆسیالیزم"ی دامەزراند، هۆی ئەوەیە کە هێشتا بێ دینی ڕەسەنتر و ئەقڵانی ترە لە [مەزهەبی] کاتولیکی ڕۆمی. ئەگەر نەتەوەیەکی مەزن بڕوای بەوە نەبێت کە هەق تەنیا لەگەڵ ئەو دایە و تەنیا ئەو دەتوانێ گەلانی تر بە بەختەوەری بگەیەنێ، ئەوجار بەخێرایی دەفەوتێ و دەبێ لە مۆزەکان دا بۆی بگەڕین . نەتەوەیەکی مەزن هەرگیز بەوە ڕازی نابێت کە ڕۆڵی لاوەکی یان تەنانەت ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت، بەڵکوو تەنیا دەبێ ڕۆڵی یەکەم بگێڕێت. ئەگەر نەتەوەیەک ئەم بڕوایە بدۆڕێنێت، ئیتر نابێ خۆی بە نەتەوە بزانێت. بەڵام چونکە تەنیا یەک هەقیقەت لەئارا دایە، کەوابوو نەتەوەیەکیش هەیە کە دەتوانێ خاوەن خودای ڕاستین بێت، هەرچەند کە گەلانی تریش خاوەن خودای تایبەتی خۆیان بن

تەنیا نەتەوەیەک کە خاوەن 'وشەی باڵا' یە، نەتەوەی ڕووسە... کە 'گوتاری نوێ' و 'دواین گوتار' و پەیامی ئاخێز و ژیانەوەی بەئەستۆ گرتووە... گرنگ نییە کە تۆ بە من پێدەکەنی، پوختەی وتەکان هەر ئەمە بوو . . .

"شاتۆف" لە جێگەی خۆی هەستا، لێوەکانی کەفی کردبوو. "ستاڤرۆگین" بە پارێزەوە بێ ئەوەی هەستێ، بە زمانێکی لێبڕوانە وتی

بەپێچەوانەوە "شاتۆف" بەپێچەوانەوە، وتە پڕ لە هەستەکانت زۆر بیرەوەری بۆ من زیندوو کردەوە. ئێستا دەزانم دوو ساڵ لەمەو پێش چۆن بووم. ئێستا پێم وایە وتەکانم دەقاودەق دەگێڕیتەوە. پێم وایە ئەندێشەم هێشتا بەهێز و تۆکمە و بەبڕشتە. بۆ سێهەمین جار دڵنیات دەکەمەوە حەزم دەکرد وتەکانت تا دواین پەیڤ قەبوڵ بکەم و گرنگی پێبدەم، بەڵام . . .

"شاتۆڤ" بە وەجد و شەوقەوە وتی "

من بڕوام بە خودای ڕووسی هەیە، بە خودای ئۆرتۆدوکسی ڕووسی، من بڕوام بە پەیکەری مەسیح هەیە، من پێم وایە دووهەمین ژیانەوە لە ڕووسیا ڕوودەدات. من دڵنیام . . .

داستایڤسکی لە بەرهەمەکانی دا سەرەڕای پێرەوکردنی مێتۆدی دیالۆگی زیندوو و فرەدەنگی، خاوەن بیر و ئەندێشەی هەراوە و دنیایەک چەمک و بەهای ئەخلاقی، فەلسەفی و ئستاتیکی داهێناوە بەجۆرێک کە توانیویە پێکهاتەی زەینی جڤاتی روسیا بژێنێتەوە و ئاخێزێکی مەزنی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی بخولقێنێ؛ وەک ئاندرێ ژید دبێژێ، پێشتر تێزارەکان خاکی روسیایان یەکخستبوو، بەڵام دواتر ئەندێشەی داستایڤسکی لە نێوان خەڵک دا یەکێتی و هاودڵی پێکهێنا. ئەرێ... داستایڤسکی هێند مەزنە، کە میخایل باختین خۆی بە شاگردی وی دەزانێ؛ ئەمەش لە کاتێک دایە کە تێزڤێتان تودۆرۆڤ پێی وایە باختین گەورەترین بیرمەندی روسیا و گەورەترین تیوریسازی ئەدەبیاتە لە سەدەی بیستەم دا .

ڕۆمان وەک تیپیکترین ژانری کۆمەڵی بورژوایی، دەتوانێ قووڵترین کێشە و ناکۆکییەکان ببینێ و نوتفە و گەراکان و پۆتانسیەلی هێز و بزاڤەکانی داهاتوو هەست بکا و بینەخشێنێ. نووسەر کاتێک دەتوانێ بەرهەمێکی بەرز و تۆکمە بخولقێنێ، کە ١ – مێژووی کوولتور و ئەدەبیات و ژانرە ئەدەبییەکانی پێشوو بە باشی بناسێت؛ ٢– جڤات و سەردەمی خۆی و ڕۆحی سەردەمی خۆی بناسێ و ئاسۆی ڕەوت و بزاڤەکانی داهاتوو هەست پێبکات. لە وەها دۆخێک دا، نوسەر وەک زمان حاڵی چین و گرووپێکی کۆمەڵایەتی قسە ناکات؛ بەڵکو کولتوور و ئەدەبیاتی

**داستایڤسکی لە بەرهەمەکانی دا سەرەڕای پێرەوکردنی مێتۆدی دیالۆگی زیندوو و فرەدەنگی، خاوەن بیر و ئەندێشەی هەراوە و دنیایەک چەمک و بەهای ئەخلاقی، فەلسەفی و ئستاتیکی داهێناوە بەجۆرێک کە توانیویە پێکهاتەی زەینی جڤاتی روسیا بژێنێتەوە و ئاخێزێکی مەزنی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی بخولقێنێ**

سەردەمانی پێشوو لە بەرهەمەکانی نووسەردا سەرلەنوێ دەپشکوێن و نوێ دەبنەوە و چین / گرووپی کۆمەڵایەتی / نەتەوە لە زمانی نووسەرەوە بیر و ئەندێشە و خەون و خولیاکانی خۆی دەخولقێنێ. یانی پێوەندی نوسەر لەگەڵ دنیای کوولتوری مرۆڤایەتی و جڤات و نەتەوەکەی، هێندە چڕوپڕ و دیالکتیکییە کە سەرەڕای ویستی نەتەوایەتی خۆی، خەون و خولیای جڤاتی ئینسانی لە خۆی دا هەرس دەکات. کاتێ نوسەرێک بە زۆر دەیەوێت خۆی بە نوێنەری چین یان نەتەوەیەک بزانێت و خەون و خولیاکانی ئەو چین و نەتەوە دەربڕێت، بەرهەمێکی نزم و لاواز دەخولقێنێ. بەڵام کاتێک بیر و ئەندێشە و خەون و خولیاکانی چین، گرووپ، یان نەتەوەیەک لە نووسەرێک دا سەرڕێژ دەبێ و رۆحی نەتەوە یان سەردەمێک لە زمانی نووسەرێکەوە قسەی خۆی دەکات، شاکارێکی هونەری ئەدەبی دەخولقێت. هەر لەم کاتەش دایە کە بەرهەم لەڕووی فۆرمەوە بەهێز و تۆکمەیە. یانی دنیای هەراو و ئاڵ و واڵای بیر و ئەندێشە و خەون و خولیای سەردەمێک/ نەتەوەیەک قەت لە فۆرم و قاڵبی نزم و لاواز دا ناگونجێ و فۆرمی بەرز و تۆکمە دەنەخشێنێ. هەر ئەمەیە کە لوکاچ دبێژێ هۆکاری بەڕاستی کۆمەڵایەتی لە هونەر دا لە فۆرم دایە.

بە سەرنجدان بەم وتانەی داستایڤسکی تێدەگەین کە ١- بۆچی گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین هەتا ئێستا لە زەلکاوی گەنیوی گەمژەیی دا مردوون؛ ٢- بۆچی گەلی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی کوردی پێکبێنێ؟ ئەلف: وەک دەزانین زۆربەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین خاوەن یەک دین و یەک خودان، خودایەکی ئاسمانی خاوەن دەسەڵاتی رەها و ئەستوونی، خودایەکی تۆتالیتێر کە لە خشەی مێلورە ئاگادارە و هیچ گەڵایەک بە بێ ویستی ئەو هەڵناوەرێ و ژیان و مانی مرۆڤ دیاری دەکات، فرەدەنگی دەخنکێنێ و تاکدەنگی دەسەپێنێ. ب: گەلی کورد هێشتا نەیتوانیوە خودایەکی تایبەت بە خۆی بخولقێنێ، هێشتا نەیتوانیوە رەمز و هێما و ناسنامەی تایبەت بە خۆی بخولقێنێ. پێویستە ئەوەش بزانین کە مێژوو سەلماندوویە ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەفتەر و دیوان نەبێت، قەت نابێت بە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات. وەک بینیمان داستایۆفسکی بە قووڵی سروشت و خەسڵەتەکانی گەلی روسیای ناسی و لە بەرهەمەکانی دا خودا و ناسنامە و رۆحی نەتەوەی رووسی خولقاند. بەڵام ئایا لە دۆخی ناسک و مێژوویی ئێستای گەلی کورد دا نووسەری شاری مۆسیقارە سپییەکان سروشتی هەراو و وزە و تواناکانی زمان و کوولتوری کۆن و ئێستای کوردی ناسیوە، تا بتوانێ ناسنامە و رۆحی کوردی بخولقێنێ؟ یان ئەمە کێشەی ئەو نییە و دەیەوێ رۆمانی وەک پائولوکوئیلۆ بنووسێ و بە شێوازی خەڵوەت نشینی و وەجدی عرفان و سۆفیگەری، خەڵکی دڵ بە ناسۆر بخافڵێنێ؟

سەرەڕای دوو رەهەندی گرنگی فۆرم و ناوەرۆک، زمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان زۆر دێڕ و وشەی کز و لاواز و بگرە هەڵەشی تێدایە، کە لێرەدا چەند نموونەیەک دێنمەوە، دەنوسێ: "لە نووسەرە موسیقییە مۆدێرنەکانیش شتم بۆ ناردووە..." (ل. ٨ دوا پەراگراف)، لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە: "لە نوسەرانی موسیقیزانی مۆدێرنیش شتم بۆی ناردووە"، یان دەنووسێ: "لە تۆ باشترم دەست ناکەوێت، ئەم شتانەی پێابنێرمەوە"، "پیابنێرمەوە"ناخۆش و ناشیاوە، دەکرێ بڵێ "ئەم شتانەم بۆ بباتەوە". نووسەر لە چەندین شوێن دەنووسێ: "بە گاڵتەچارییەوە گووتم" (ل. ١١، دوا پەراگراف)، گاڵتەجاڕی هەڵەیە، دەبێ بنووسێ "بە گاڵتەوە وتم". لە چەندین شوێن دا وشەی فارسی "ناچیز" دەبینین، کە قەت پێویست نییە، بەڵام بەختیار و هەندێ لە هاوڕێیانی شەیدای ئەم جۆرە وشانەی زمانی فارسین. "پێکیانەوە گرێدەدات" (ل. ١٧، پەراگرافی ٣)، هەڵەیە، "پێکەوە گرێیان دەدات" دروستە. "ئامێرە موسیقییەکان"، (ل. ٣٠ دێری ١١). "ئامێرەکانی مۆسیقی" دروستە. "پتر بە دوو فریشتە دەچوون"، (ل ٣٢، دێری ١٢) "پتر لە دوو فریشتە دەچوون"؛ ئەوە هەڵەی تایپی نییە، لە زۆر شوێنی تریش هەر وایە، (ل٣٣ دوا پەراگراف، دێری ٦). "لە موسیقا نزیک ببوینایەتەوە"، (ل٣٣، دێری ٤)، "نزیک باینەوە"، شیاوترە. "دەگەیشتنە سەر لووتکەیەکی خورافیانە"، (ل. ٣٧) هەر خوێنەرێک لە مانای وشەی خورافی بگات، لەئاست بێ زەوقی نووسەر پێدەکەنێ. هەروەها لکاندنی پاشگرێکی کوردی لە وشەیەکی فارسی، کارێکی ناشیاوە. دەنوسێ: "تا ناکۆتا خامۆش نابێت" (ل. ٤٩)، مەبەستی ئەوەیە "تاهەتایە خامۆش نابێت". وشەی "ناکۆتا" ی لەجیاتی وشەی "بی نهایت"ی فارسی هێناوە و زۆر ناشیاوە . . .

لە شوێنێکی تریش نوسیومە، ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆیلە و بندەست، کە زمانەکەمان وەک کۆڵەکەی ژیان و مانەوەمان رۆڵ دەگێڕێ، زۆر پێویستمان بە دەقی تۆکمە و پتەو هەیە، ئێمە ئەگەر لە زمانی نووسین دا خاوەن دەقی تۆکمە و بەهێز بین دەتوانین، سینەمایەکی بەهێز و سەرکەوتوومان هەبێت، ئەتوانین راگەیاندنێکی بەهێز و سەرکەوتوومان هەبێت و... ئەتوانین کوولتورێکی هەراو پێشکەوتوومان هەبێت، هەر ئەمەش گەورەترین چەکی خەبات و سەرکەوتنە؛ بەپێچەوانەوەوە، ئەوەش دەزانین کە هەر شتێکی نزم و لاواز و موبتەزەڵ، تەنانەت زمانیش، تووشی رزین و گەندەڵی دەبێت و دەفەوتێت.

***

شارام قەوامی نووسەری کوردی رۆژهەڵات، زەحمەتی کێشاوە و بەرهەمی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی نرخاندووە، بەڵام بریا بە مەبەستێکی نەیارانە وەها کارێکی نەکردبا و بە شیکردنەوە و تۆژینەوەی زانستی ئەم بەرهەمەی راڤە کردبا؛ بۆ وێنە هەر لە




ناونیشانی کتێبەکە "شاری دەستە و تاقمەکان"دا خوێنەر هەست بە رق و دوژمنایەتی دەکات. نرخاندن و توێژینەوە کاتێ بە سەرکەوتن دەگات کە هەم لایەنی بەهێز و سەرکەوتوو و هەم لایەنی نزم و لاواز ببینێ و راڤەی بکات. هەروەها بریا قەوامی زمانی نووسینی خۆی پوختە و پەرداخ کردبا و پاشان شیکردنەوەکەی نووسیبا. نووسەر ئەم بەرهەمەی هەم لەڕووی ناوەڕۆک و هەم لەڕووی فۆرمەوە شیکردۆتەوە، بەڵام بێوەی مێتۆدی توێژینەوەی زانستی رەچاو نەکردووە و زمانی نووسینی لاوازە، ناتوانێ بەقووڵی سەرنجی خوێنەران رابکێشێت .

من لێرەدا رێز و سپاسی خۆم ئاراستەی کار و زەحمەتەکەی شارام قەوامی دەکەم و تێبینی خۆم بەمجۆرە باس دەکەم.

شارام قەوامی بابەتەکەی خۆی بە دێڕێکی بەناوبانگی جۆرج لوکاچ دەست پێدەکات: "رۆمان حەماسەی جیهانی بێ خودایە"، پاشان دەڵێ: "یەکەم هەنگاوی دروست بوونی رۆمان، مراندنی خوداکانی دەرەوەیە و... راپەرینی مرۆڤ لەهەمبەر خودا و یاخی بوونی مرۆڤ لە وڵامە نەگۆڕەکان... مرۆڤ کە خودای لە خۆیدا کوشت، کە پتەوترین کۆڵەکەی مێژووی رووخاند، هەموو مێژوو بەسەریدا هەرەس دێنێ... رۆمان لای من هیچ نییە بێجگە لە هەوڵدان بۆ ژیانێکی بێ خودا. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەسەلاتێک کە هەموو شتێکی [رەوایی] خۆی لە مرۆڤ وەردەگرێ . . . "

وەک دەبینین شارام قەوامی بە پشت بەستن بە وەها وتەیەکی گرنگی ج. لوکاچ دەربارەی رۆمان، بەشێوەیەکی شیاو بابەتەکەی خۆی دەست پێدەکات. بەڵام دەبێ بزانین لوکاچ وەک گەورەترین رەخنەگر و جوانیناسی سەدەی بیستەم، بە چەندین چەمک و زاراوەی زانستی، ژانری رۆمانی بەشێوەی کۆنکرێت راڤە کردووە؛ کاک شارام دەیتوانی بە بەکارهێنانی چەندین چەمکی وەک کەسێتی پرۆبلماتیک - کە تا رادەیەک باس کراوە- دۆخی تیپێک و کەسێتی تیپیک، پێکهاتەی زەینی چین و گرووپی کۆمەلایەتی، کە وەک بکەری کۆیی رۆڵ دەگێڕن، بەشێوەی ئێجگار زانستی تر ئەم بەرهەمەی راڤە کردبا. هەر وەها دەیتوانی لە تیۆری باختین لەمەڕ رۆمان، بەتایبەت رۆمانی فرەدەنگی [کە لەم نووسینەدا بەکورتی باسی کراوە] توێژینەوەکەی کامڵتر بکات .

هەروەها نووسەر بەشێوەی زانستی کتێبەکەی پۆلینبەندی و پاراگرافبەندی نەکردووە و پێرستی بۆ دانەناوە. لەم نووسینەدا زۆر کتێب و سەرچاوەی بەکار هێناوە، بەڵام بە ئاشکرا باسی نەکردوون، هەر ئەمەش بایەخی بەرهەمەکەی کەم دەکاتەوە .

بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەگشتی بەرهەمی شاری مۆسیقارەکانی راڤە کردووە؛ قەوامی لەمەڕ فۆرمی رۆمان دەنوسێ :

"یەکانگیری نەک هەر پێویستی هەموو بەرهەمە هونەرییەکانە، بەڵکوو مەرجی سەرەکیشە. سەمفۆنیا هەرچەندە جوانترین ملۆدییەکان بنوێنێ، هەڵگری فرەدەنگترین تەنراوەکان بێت، بە باشترین شێوە رەنگێندرابێ، باشترین هارمۆنی بۆ هەر کام لە بەشەکان دانرابێت، زۆرترین نزیکایەتی لە نێوان ریتم و بەشەکاندا هەبێت، فرەدەنگ و فرەشێوە بێت و تەنانەت هەر کام لە موهمانەکانی لەنێو خۆی دا زۆرترین رادەی پێوەندییان هەبێت و جوانترین و نوێترین ستایلیش بنوێنن، بەڵام تاکاتێ کە تاڵی نادیاری یەکانگیریی، ئەم موهمانانە پێکەوە گرێ نەدات، نابێتە بەرهەمێکی هونەری... دەکرێ لە رۆمانیش دا وەها سازوکارێک پێڕەو بکرێت... یانی پێویستە لەنێوان کەسایەتییەکان دا پێوەندی پتەو [دیالکتیکی] هەبێت، یانی ئەگەر یەکێک لە توخمەکان



لاببەین پێکهاتەی ڕۆمان بڕوخێت... بەڵام بە خوێندنەوەی شاری مۆسیقارەکان تێدەگەین کە زۆربەی کەسایەتییەکانی ئەم دەقە بەڕێکەوت بە یەکتر دەگەن [یانی پێوەندییەکی تۆکمە و ئۆرگانیک ساز ناکەن]، بەجۆرێک کە ئەگەر ٢٢٠ لاپەڕە لەم دەقە لاببەین لە فۆرمی ئەم ڕۆمانەدا هیچ ڕوونادات". ( پێویستە بڵێم لە کورتکردنەوەی ئەم دوو بەشەدا تا ڕادەیەک دەستکاری زمانم کردووە )

قەوامی لەمەڕ جیهانبینی ئەم بەرهەمە دەنوسێ :

"بە خوێندنەوەی لایەنی جیهانبینی ئەم بەرهەمە، تێدەگەین کە ئەم دەقە دەقێکی ئایدیالیستییە. دواهەوبای دەق گەیشتن بە بەهەشتێکە بە ناوی شاری مۆسیقارە سپییەکان؛ شارئامانج [یوتۆپیا] یەک کە بەرەی سپی ئەم حکایەتە بەدوایەوەن. ئەوەی دەق بە ئێمەی ئەدات هەمان تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو جۆرەکانی ئایدیالیزم واتە جوانی پەتی، هەقیقەتی ڕەها، مانەوەی هەتاهەتایی و بەختەوەری لەنێو سیستمێکی دیاریکراو دایە... ڕێبازی ئەندێشەی ئەم بەرەیە سەرەڕای ئەوەی فرەرەنگ و جیاواز ئەنوێنێ، کەچی لە چەند خاڵی سەرەکی دا یەک دەگرن؛

یەکەم: وێناکردنی جیهان بەپێی بنەمایەکی زەینی؛

دووهەم: بایەخ نەدان بە ڕاستییەکانی دەرەوەی زەین؛

سێهەم: دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو لایەنی ئایدیا و دژەئایدیا؛

چوارەم: بانگەشەی تاهەتایی بوون؛

پێنجەم: ڕازی نەبوون بە هیچ چەشنە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە یاسا زەینییەکان دا؛

شەشەم: خزمەت کردن بە شێوازێکی تایبەت لە دەسەڵاتی نەگۆڕ؛

حەوتەم: هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بارودۆخی هەنووکەیی پاش گەیشتن بە دەسەڵات . . .

شاری مۆسیقارە سپییەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەتەواوی دەقێکی سۆفییانەیە... مەلامەتییەکان یەکێ لە گرنگترین لقەکانی سۆفیگەری پێکدێنن کە ئەم دەقەی بەختیار زۆر نزیکایەتی لەگەڵیان هەیە. ئەم دەستەیە توندوتیژترین و دەمارگرژترین ڕەوتی ئەندێشەی سۆفیگەرین کە گەورەکانی تەریقەتی قادری (بایزیدی بەستامی و غەوسی گەیلانی) خۆیان دەخستە نێو ریزی ئەوان و پێیان وابوو بە ئاستێک گەیشتوون کە تەنیا پێغەمبەر لەوان سەرترە. ئەم دەقەی بەختیار ئەگەر لە ئەندێشەی "گوڵشەنی ڕاز"ی شەبستەری، کیمای سەعادەت و (علی منطق الطیری عطار) دوور بێت، لە ئەندێشەی دەستەی مەلامەتی نزیکە. کتێبی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە زۆر شوێن دا ڕاستەوخۆ مانیفێستی فکری ئەم گرووپەی گواستۆتەوە؛ بۆ وێنە ژیانی ئیسحاق و جەلادەت و سەرهەنگ قاسم و سەرهەڵگرتنیان بۆ سەفەری نادیاری زاخاودانی دەروون، زۆر لە سەرهەڵگرتنی ئیبراهیمی ئەدهەم دەچێت؛ هەروەها بەسەرهاتی بەناوبانگی "شکانی ئاوێنەی هەقیقەت" بیری ڕەوتی مەلامەتییەکانە کە نووسەر کردوویە بە مانیفێستی ئەم دەقە... نووسەرێک کە لە کتێبی "ئیمان و جەنگاوەرانی" دا هەموو وزەی خۆی بۆ لەقاودانی فەندەمانتاڵیزم و کۆنەپەرستی تەرخان کردبوو، ئێستا ئەندێشەی کۆنەپەرستانەی سۆفیگەری کردۆتە هەوێنی تازەترین بەرهەمی خۆی . "

وەک دەبینین کاک شارام قەوامی هەم لەڕووی فۆرم و بەتایبەت لەڕووی جیهانبینی و ناوەڕۆکەوە شاری مۆسیقارەکانی ڕاڤە کردووە. بەڵام لە چەندین شوێن دا بۆ شیکردنەوەی ئەم بەرهەمە، فورمولی زانستی سروشتی (فیزیک، شیمی و هتد) وەک : w= mgh ,w= fcosè×d بەکار دێنێ کە بەڕای من ئەم فورمولانە لە

زانستی ئینسانی دا بەکار نایەن و پێشتر نووسەرانی پۆستمۆدێرنیست ئەم کارەیان کردووە و تووشی شکست هاتوون.
ل ، ٣٤-٢٠ دەقی نوسەر لە ڕووی فۆرمی زمانەوە لە چەندین شوێن دا لەژێر کاریگەری دارشتنی زمانی فارسی دایە: بۆ وێنە دەنوسێ "ئەم چارە هەڵنەگرییە بەپێ مەنتقێکی زۆر بەهێزی داستانیەوەیە" (ل ١٠)، کە لێرەدا وشەی "چارە هەڵنەگری" تەرجمەی دەقاودەقی "اجتناب ناپژیر"ی فارسییە؛ دەیتوانی بنوسێ: ئەم کێشەیە، ئەم دژوارییە، ئەم دوالیزمە و... یان دەنوسێ: "ژاکان، ناهۆمێدی، خەمۆکی و دیکەی ئەو ئازارانەی مرۆڤی ئەمرۆ گیرۆدەیەتی.." (ل ١٢٦)، ئەمەش لەژێر کاریگەری دارشتنی فارسی دایە و دەبێ بنوسین: "ژاکان، ناهۆمێدی، خەمۆکی و ئەو ئازارانەی تر کە مرۆڤی ئەمرۆی گیرۆدە کردووە." یان دەڵێ: "هەڵدەستێت بە تۆڵەکردنەوە" (ل . ٤٥)، ئەمەش دارشتنی زمانی عەرەبییە و کوردی باشوور زیاتر پەرەیان پێداوە. کورد دەڵێ: تۆڵە دەکاتەوە، دەست بۆ تۆڵەکردنەوە دەبات، و...
هەروەها ئەم وشە و زاراوانە کە بە خەتی ئیتالیک دیاری کراون، یان بەشێوەی ناشیاو بەکار هێنراون، یان لە دەمارگرژی بۆ پەتیکردنی زمانی کوردی سەرچاوە دەگرن، یان هەڵەن، یان هێشتا نەناسراون :
بەرواتاگەری: ئایدیالیزم، وەکهەسگەری: ریالیزم؛ وەک دەزانین دوو زاراوەی ئایدیالیزم و ریالیزم ئەوە ساڵگارێکە لە کوولتوری کوردی دا ناسراون و جێگەی خۆیان کردۆتەوە و پێویست نییە نووسەر لەجیاتی وان ئەو دوو وشە ناشیاوە بەکار بێنێ .

ناخواتا: جەوهەر/گەوهەر
بەرواتا: ئایدیا
یەکانگیری بوون: پانتێئیزم (تەرجمەی راستەوخۆی وەحدەت وجود) مۆنیزم
دڵنواڕی: شهود، ئیلهامی دەروونی
بەڵگەخوازانە: پۆزەیتیویستی
هێلبزاڤ: ڤێکتۆر، ئاراستە
وێنەبژار: مۆناد
دەربڕ: رفرێنس
زناگ: نیشانە
زناگناسی: نیشانەناسی
دانراوە، دژە دانراوە: تەرجمەی دەقاودەقی نهاد و برابر نهادی فارسییە، پێویستە تا کاتێ کە هاوتای شیاومان لا نییە، هەر وشە ئێنگلیسییەکان بەکار بێنین: تێز و ئانتیتێز.
داهاتە: سەنتێز
هەبوونناسانە: ئەنتۆلۆژیک/بووnناسانە
گێرەوەر: راوی، چیرۆکبێژ
چمایی چاو: پرسپکتیڤ/دیدگا/چاوئەناز
شارئامانج؛ تەرجمەی دەقاودەقی "ئارمان شهر"ی فارسییە و کەوابوو هەر یوتۆپیا باشترە.
گشتی نوارانە، پاژنوارانە؛ تەرجۆمەی دوو زاراوەی کل نگرانە و جزو نگرانە ی فارسییە و پێم وایە "گشتبینانە" و "پاژبینانە" باشترە .

## سەرچاوەکان :


-شاری مۆسیقارە سپییەکان، بەختیار عەلی چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٥
٢-کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێک نووسەر، و: هادی محەمەدی، چاپی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٢٢١.
٣-گرەوی بەختی هەڵاڵە، عەتا نەهایی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٧
٤-دیالۆگ، خەندە، ئازادی، میخایل باختین، و: هادی محەمەدی، چاپی یانەی قەڵەم، سلێمانی ٢٠٠٨
٥- عەتا نەهایی، سەرجەم چیرۆکەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦
٦- شێرزاد حەسەن، سەرجەمی بەرهەم رۆمانەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥
٧- تسخیرشدگان، ف. داستایفسکی، ت: دکتر علی اصغر خبرەزادە، انتشارات نگاە، تهران ١٣٨٥
٨- شاری دەستە و تاقمەکان، شارام قەوامی، چاپی گلبرگ، سنە ١٣٨٥
٩- بوف کور، صادق هدایت، انترنت، نشر کارگر سۆسیالیستی



# خۆشییە نهێنییەکان لە بارەی نووسینەوە

ئاموز ئۆز
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف

تاوانێکە گەورەتر لە ئەتککردنی نزیکترین کەسێک لێتەوە ئەگەر نووسەرێک بێت و قسە لەسەر نووسینی خۆی بکات. چەند ساڵێک لەمەوپێش کتێبێکم بۆ منداڵان بە ناوی (سۆومچی)ییەوە نووسی، زۆر تایبەت بە کەسێتیی خۆم و بە زمانی کەسی یەکەم، لەوێدا بەشێک لە منداڵیی خۆمم ئاشکرا کردبوو. هەر لەبەر ئەوەش چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا کرا و یەکێک لە پرسیارەکان ئەمە بوو: "بەڕێز ئۆز، دەتوانیت خۆت، بە وشەکانی خۆت، پێمان بڵێیت کتێبەکەت باسی چی دەکات؟" کەواتە ئەمە کێشە سەرەکییەکەی منە کە دەبێت بۆ خۆم و بە وشەی خۆم ئەوە بگێڕمەوە نووسینی من باسی چی دەکات. من لەسەر ئەو بیرە نیم جۆرە شیکارییەک بکەم، هەوڵی ئەوەش نادەم هیچ سەرکەوتنێک لە بواری تایبەتی شارەزا و لێهاتووواندا بە دەست بهێنم، تەنانەت بیر لەوەش ناکەمەوە هەوڵ بدەم قسەیەک لە بارەی ئەوەوە بکەم وەک نووسەرێک چۆنم. لەبریی ئەوە دەمەوێت چەند چیرۆکێک بگێڕمەوە سەبارەت بەوەی کە چۆن بووم بە نووسەر، چۆن دەنووسم، چۆن مامەڵە لەگەڵ نووسیندا دەکەم و چۆن جارنا هەست بە بێدەسەڵاتی و جارجار بە خۆشی دەکەم.
من بە ئاسانی لە بابەتی سەرەکی لا دەدەم و هەر لەبەر ئەوەش ئەم پلوپایەی من تووشی چەند سەرئێشە و دەردەسەریی لەڕێلادان دەبێت، سەبارەت بە خۆشیش یەکەمین شتیان ئەمەیە. من کە هێشتا تەمەنم لە دوانزەساڵان تێپەڕ نەبووبوو چوومە نێو قوتابخانەیەکی تایبەت بە کوڕانی دینی جوولەکەوە – ئەگەرچی نەشتدەزانی شاژن ڤیکتوریا کێ بوو– کەچی قوتابخانەکە زۆر پیوریوتانی(١) و تا بڵێت ڤیکۆریانی(٢) بوو. ڕۆژێکیان پەرستاری قوتابخانەکەمان؛ بوێرترین ژن لە ژیانمدا دیبێتم، هات و هەموومانی لە پۆلەکەماندا کۆ کردەوە کە ژمارەمان سیوپێنج، یا چل، کوڕ دەبوو. پەردەی پەنجەرەکانی دادایەوە، دەرگای داخست و بۆ ماوەی دوو سەعات نهێنییەکانی ژیانی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد، هەموو میکانیزمەکان، هەموو شتێک کە چی لەگەڵ چیدا دەگونجێت و ناگونجێت، هەموو شتێک؛ بە دەهۆڵ و زوڕناوە. تا ئێستاش بیرمە کە چۆن هەموومان ڕەنگزەرد و واقوڕماو و زارەترەک دانیشتبووین، چونکە دوای ئەوەی لە باسی ئەو هەموو میکانیزمە ترسناکانە بووبووەوە، هاتە سەر باسی دوو دێوەکەی ئەو میکانیزمە؛ القاعده و حزب اللەی ژیانی سێکسی، واتە سکپڕیی نابەدڵ و ئەو نەخۆشییانەی تووشی ئەندامی زاوزێکردن دەبن. هێندەی نەمابوو ببووریێنەوە و لە بیرمە کە لە پۆلەکە چوومە دەرەوە، لە خۆمم پرسی: "ئێ باشە، من لە تەکنیکەکە تێدەگەم، بەڵام بۆ دەبێت کەسێک کە هێشتا سەری لێ نەشێواوە و گشت هەستەکانیشی کاران، بیەوێت خۆی لە باسێکی وا بدات؟" ئەو پەرستارە بوێرەی کە هەموو شتێکی بۆ باس کردین، ئێشکرایە

باسی ئەوەی بۆ نەکردین کە ئەو تەکنیکە، بە قسەی خەڵک و دەنگوباسان، جۆرە خۆشییەکیشی تێدا هەبوو. لەوەیە ئەوەی نەزانیبێت! بەڵام کاتێک باس لە نووسینە و گوێم لە نووسەران دەبێت سکاڵا لە دەست ئەو ئازار و بارگرانی و زەجرچەشتنە دەکەن کە بە دەست نووسینەکانیانەوە دووچاری دەبن، ئەو پەرستارە بوێرەم بە بیردا دێتەوە. من بۆ خۆم، وەک دەرئەنجامی هەژاری و تەنیایی و بەستەنی، بووم بە نووسەر. من تاقانەی نێو خێزانێکی سەر بە چینێکی ناوەندی ناچیز بووم، خێزانێکی نیوانیو هەژاری ئۆرشەلیم. باوکم کارمەندی کتێبخانە و دایکم جارنا وانەی تایبەتی لە بارەی مێژوو و ئەدەبیاتەوە بە خەڵک دەوتەوە. ئێمە لە شوقەیەکی بچووکدا دەژیان کە لە ژێردەریایی دەچوو، پڕ بوو لە کتێب بە زۆر زمانی جیاجیا، بەڵام شوقەکە لە کتێب زیاتر شتێکی ئەوتۆ و شایانی باسی تێدا نەبوو. دایکوباوکم کردبوویان بە خوو لە قاوەخانەیەک چاویان بە هاوڕێکانی خۆیان دەکەوت. منیش دەبوو لەگەڵیاندا بچم، چونکە تاقانەیان بووم و نەدەکرا لە ماڵەوە بە تەنیا بە جێ بهێڵرێم. ئەوان پێیان دەوتم کە دەیانەوێت لەگەڵ هاوڕێکانیاندا قسە بکەن و هەر لەبەر ئەوەش دەبوو من بە شێوەیەکی دروست و ڕێکوپێک ڕەفتار بکەم و ئەگەر ئەوەشم بکردایە پاداشتەکەی بەستەنییەک بوو. بەستەنی، لە ئۆرشەلیمی ئەو ڕۆژگارەدا، لە ئاشتیی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی ئەمڕۆ دەگمەنتر بوو. بەستەنی دەنگۆ و ئەفسانەیەک بوو، تەنیا کەسانی خواپێداو دەستیان بە خواردنیدا ڕادەگەیشت. من بە تاسەوئارەزووی بەستەنییەوە بووم، بەڵام گفتوگۆی نێوان دایکوباوکم و هاوڕێکانیان، بێبڕانەوە، حەوت ڕۆژ و حەوت شەویان دەخایاند و هەر نەبێت بۆ من وا بوو. منیش ناچار بووم، بۆ ئەوەی نەقیژێنم و شێت نەبم، دەبوو خۆم بە شتێکەوە خەریک بکەم و شتێک بکەم. بۆیە لەوێ دادەنیشتم، وەک پشکنەرێکی بچووک، سەرنجم لە هەموو شتێک دەدا کە لە قاوەخانەکەدا ڕوویاندەدا – ئەوانەی دەهاتنە ژوورەوە، ئەوانەی دەڕۆیشتن... وەک (شارلۆک هۆلمس)ێکی بچکۆلانە سەرنجم لە جلوبەرگیان، دەموچاویان، دەستوپلڕاوەشانیان، پێڵاوەکانیان و جانتاکانیان دەدا و بەوەش کاتم بەسەر دەبرد کە چیرۆکی بچکۆلە بچکۆلە لە بارەی ئەو کەسانەوە بنووسمەوە، کێ لە کوێوە هاتبوو، کتومت چ پێوەندییەک لەنێوان ئەو دوو ژن و پیاوەدا هەبوو کە لەسەر مێزێکی سووچەکەی ئەوبەرەوە دانیشتبوون، ژنەکان جگەرە دەکێشن بەڵام پیاوەکان نا، ژنێکیان تاڵ و گرژە و پیاوەکان بە ئاستەم دەم دەکەنەوە، یەکێک لە ژنەکان بەردەوام دەیرپسێت، ئەوی تریان تا ڕادەیەک بێدەنگە. من ناچار بووم چیرۆک بهۆنمەوە. یا ئەمە – پیاوێکی گەنجی درێژ کە ترس و بیم دەخاتە دڵەوە، ڕۆژنامەیەک لەنێو دەستیدایە، لە نزیک دەرگاکەوە، دانیشتووە، بەڵام ناخوێنێتەوە. چاوی بڕیوەتە دەرگاکە و چاوەڕێیە. سەعاتێک دەڕوات، دوو سەعات دەڕوات و هەر چاوەڕێیە، خۆ نابێت چاوەڕێی بەستەنییەکەی من بکات، دەبێت چاوەڕێی کەسێک بکات. دەمتوانی بهێنمە خەیاڵی خۆمەوە ئەو کەسە کێ بوو کە ئەو چاوەڕێی دەکرد و بۆ. بەو جۆرە، لەڕێی سەیرکردنی خەڵکەوە، لەڕێی خەیاڵ و هەڵهێنانەوە، خۆم فێر کرد نەختێک لە بارگرانیی تەنیاییەکەم کەم بکەمەوە و هەندێک جاریش چەند بڕگەیەکم لە گفتوگۆیەک گوێ لێ دەبوو کە دەمتوانی، وەک سیخوڕێکی ستاسی،(٣) پێکەوەیان بنێم؛ چەند بەشێکی بچووک بچووک، کە پێکەوە دەبوون بە چیرۆکێکی تەواو. دەبێت دان بەوەشدا بنێم کە ڕاستییەکەی تا ئەمڕۆش، ئەگەر ناچار بم لە فڕۆکەخانەیەک یا لە ژووری چاوەڕوانیی پزیشکی ددان یا لە نۆرەدا ڕابوەستم و "کات بکوژم!" هەر بەو جۆرە دەکەم. لەبریی ئەوەی ڕۆژنامە بخوێنمەوە یا سەری خۆم بخورێنم، خەیاڵ دەکەمەوە. هەندێک لە خەیاڵەکانی ئەمڕۆم هێندەی خەیاڵەکانی ئەوسای سەردەمی منداڵیم؛ سەردەمی بەستەنی، پاک و بێگوناهـ نین، بەڵام تا ئێستاش هەر خەیاڵ دەکەمەوە. دەشمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەوە بۆ "کوشتنی کات" بەکەڵکە، نەک تەنیا بۆ ئەوانەی کە ڕۆمان دەنووسن، نەک تەنیا بۆ نووسەرێک، بەڵکو بۆ هەریەکێک لە ئێمە. هێندە شت لە سووچی هەر جادەیەک، لە نۆرەگرتنی هەر پاسێک، لە هەر ژوورێکی چاوەڕوانیدا و لە هەر قاوەخانەیەکدا ڕوو دەدەن، هەر مەپرسە... چەردەیەک لە خەڵک ڕۆژانە بە بەرچاوماندا دێن و دەچن و زۆربەی کاتیش ئێمە هیچ گرنگییەکمان بۆیان نییە، تەنانەت هەستیشیان پێ ناکەین، ئێمە زیاتر هێڵکارییەکانیان دەبینین، نەک مرۆڤە ڕاستەقینەکان خۆیان. ئەگەر لێت ببێت بە خوو و سەرنجی خەڵکی تر بدەیت، لەوەیە ئەگەر بەخت یارت بێت دەرئەنجامەکەی بەوە بشکێتەوە لەڕێی خەیاڵکردنەوە چەند چیرۆکێک لە بارەی ئەوەوە بنووسێت کە خەڵکی چی لەگەڵ یەکتردا دەکەن و چی بە یەکتریانەوە دەبەستێتەوە. ئەگەرنا لەوانەیە هەر نەبێت بۆ نەختێک بۆ خۆتت خۆش کردبێت یا بەستەنییەکت وەرگرتبێت، ئەوساش ئیتر لە کاتبەفیرۆدان دەردەچێت.

هۆیەکی تر بۆ ئەوەی کە بووم بە نووسەر ئەوە بوو من لە خێزانێکەوە هاتبووم پێکهاتبوو لە کۆچبەرانی تێکوپێکشکێنراو. هەریەک لە خزمەکانم، چ لە بەرەی باوکمەوە و چ لە بەرەی دایکمەوە، کەسانی دڵسۆزی ئەوروپا بوون. هەر بە ڕاستی ئەوروپایی بوون و ئەوروپایان خۆش دەویست. زمانەکانیان دەزانی، مێژوویان دەزانی، کولتوورەکانیان دەناسی و بێسنوور ئەوروپایان خۆش دەویست. بەداخەوە لە بیستەکان و سییەکاندا، ئەو کاتەی کە ناچار بوون ئەوروپا بە جێ بهێڵن، وا بوو کە جوولەکانی وەکو دایکوباوک و خزموخوێشی من تاکە ئەوروپاییەکانی ئەوسای ئەوروپا بوون. هەموو ئەوانی تر پان–جەرمانی یا پان–سلاڤی یا



پورتوگالییانی نیشتمانپەروەر بوون. هەندێک جار باوکم بۆ گاڵتە پێی دەوتم کە سێ نەتەوە لە چیکوسلۆڤاکیا هەن؛ چیکییەکان، سلۆڤاکییەکان و چیکوسلۆڤاکییەکان و ئەمان ئێمەین؛ ئێمەی جوولەکە. دەیوت لە یوگۆسلاڤیا نۆ نەتەوە هەیە؛ سربییەکان، کرواتەکان و مۆنتەنیگرینییەکان و هەروەها یوگۆسلاڤییەکان، کە ئەمانیش ئێمە بووین؛ ئێمەی جوولەکە. لە ئینگلستانیش ئینگلیزەکان و وێلزییەکان و سکۆتییەکان و بەریتانیاییەکان هەبوون و دیسان بەریتانییەکان؛ ئەمانیش ئێمە بووین. بەڵام خۆشەویستیی ئەوان بۆ ئەوروپا، وەک دەزانین، وەڵام نەدرایەوە. خۆ ئەگەر بەختیشیان یار نەبووایە بە زیندوویی لە ئەوروپا دەرنەدەکەوتن. بەڵام باوکودایکی من خۆشەویستییە تێکشکێنراوەکەی خۆیان لە ئەوروپاوە هەڵگرت بۆ ئۆرشەلیم. کتێبەکان، یادەوەرییەکان، بیرەکان، دیمەنەکانی سروشت، مۆسیقا، تاسەوئارەزوویان لەگەڵ خۆیان بۆ ئۆرشەلیم هەڵگرت. من بە ئاستەمێک هەستم بەو تاسەوئارەزووەی ئەوان دەکرد، چونکە ئەوان نەیاندەویست بارم گران بکەن. نەیاندەویست بە رقەخۆشەویستیی خۆیان بەرانبەر بە ئەوروپا بارم گران بکەن. دەیانویست من ببم بە دەستپێکی شتێکی نوێ، رێک وەک ئەوەی زۆربەی دایکوباوکانی جوولەکە – ئیسرائیلی ئەوسا ئەوەیان بۆ منداڵەکانیان دەخواست. باوکودایکم لە زماننامە دیارەکان بوون. باوکم دەیتوانی بە شانزە یا حەڤدە زمان بخوێنێتەوە. بە یانزە زمان قسەی دەکرد و دەنگەکانی زمانی رووسیش لە کاتی قسەکردنیدا بە تەواوی بەسەر هەمووئەو زمانانەدا زاڵ بوون، تەنانەت بە هەمان ئەو دەنگانەوە بە زمانی عەرەبیش قسەی دەکرد. دایکم شەش یا حەوت زمانی دەزانی. لەنێوان خۆیانیشدا، رۆژانە، بە رووسی و پۆلۆنیایی قسەیان دەکرد. لەبەر ناسینی زیاتری کولتوورەکان، بە زمانەکانی ئەڵمانیایی، فەرەنسایی و ئینگلیزی دەیانخوێندەوە.

پێم وایە کە بە ییدیش(٤) خەونیان دەبینی. بەڵام تەنیا یەک زمانیان فێری من کرد – ئەویش زمانی عیبری بوو. لەوەیە لەوە ترسابن کە دڵکێشیی بکوژی ئەوروپا بەرەو خۆی فریوم بدات و بەرەو ئەوێ برۆم و بکوژرێم. ئەوە پاشخانی من بوو. ساڵانێک باوکودایکم بە یەکتر و بە منیشیان دەوت کە رۆژێک لە رۆژان ئۆرشەلیم، ئەگەرچی لە سەردەمی ژیانی خۆشیاندا نەبێت، بەڵام لە سەردەمی ژیانی مندا، گەشە دەکات و دەبێت بە شارێکی راستەقینە. ئەوسا بە هیچ جۆرێک تێنەدەگەیشتم باسی چی دەکەن. بۆ من ئۆرشەلیم راستەقینەیەک بوو کە هەبوو. تاکەشوێنی راستەقینە بوو. من لەوێ لە دایک بووبووم. شوێنەکانی تر بۆ من راستەقینە نەبوون. بەڵام ساڵانێکی زۆر دواتر تێگەیشتم کە دایکوباوکم مەبەستیان لە "شارێکی راستەقینە" چی بوو. شارێکی راستەقینە بە دارستانی چڕوپڕ دەوردراوە و رووبارێک کە چەند پردێکی بە سەرەوەیە بە ناویدا دەڕوات. کەواتە ئەوان بە هیوا بوون کە ئەمانە: دارستان، رووبار و پرد، لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا، ببن بە بەشێک لە ئۆرشەلیم. ئەم قسەیەیان پڕ بوو لە تەوس و لاقرتێ؛ کاتێک باوکم گەنج بوو و لە لیتوانیا دەژیا – ئەو بۆ خۆی خەڵکی رووسیا بوو، بەڵام ئەندامانی خێزانەکەی بۆ لیتوانیا، کە ئەوسا بەشێک بوو لە پۆلۆنیا، رایانکردبوو – لە بەختی خۆیشی لە لیتوانیا دەرکران و دوای ئەوەی باوکم و ئەندامانی تری خێزانەکەی تووشی چەندین چارەنووسی جیاجیا بوون، توانیان لە سەرەتای سییەکاندا خۆیان بگەیەننە فەلەستینی بەریتانیایی. لە سەردەمی ئەودا دروشمی: "جوولەکە، برۆنەوە بۆ فەلەستین"، هەموو ئەوروپای گرتبووەوە. کە ساڵانێکی دوورودرێژیش تێپەڕ بوون و بۆ سەردان رووی لە ئەوروپا کردەوە و بە ناو وڵاتەکانیدا گەڕا، دیسان لە هەموو شوێنێک تووشی دەبوو بە تووشی دروشمی: "جوولەکە، لە فەلەستین برۆنە دەرەوە".

دەی کەواتە لە ڕاستیدا ئێمە خەڵکی کوێین؟ ڕەنگە خەڵکی هیچ کوێیەک نەبین. وەڵامێکی ساکاری ڕەش یا سپی بۆ ئەمە، یا بۆ هەرچییەکی تر، نییە. من لە ژینگەیەکدا گەورە بووم کە بە دووهەستەکی، هەستی تێکەڵوپێکەڵ، پەیوەندی ڕق-خۆشەویستی و خۆشەویستییەکی یەکلایەنە نەخشێنراوە؛ ژینگەیەک کە بە چەندین جۆر دەتوانرێت لێکبدرێتەوە. دەوروبەریشم پڕ بوو لەو خەڵکانەی "بەرێوەبوون بۆ ئەوەی ببن بە دنیاگۆڕان"، پڕ بوو لە ئایدیالییەکان، پڕ بوو لە ئایدیۆلۆژییەکان و هەر هەمووشیان باوەڕی تایبەت بە خۆی هەبوو بەرانبەر بە ڕزگاربوونی کتوپڕ و یەکسەری. هەموویان بێبڕانەوە دەپەیڤین و کەس گوێی لەوی تر نەدەگرت. دەرودراوسێکەم لە (تۆلستۆی)ییەکان پێکهاتبوو - کەسانێک کە باوەڕیان بە فەلسەفەی تۆلستۆی هەبوو و تەنانەت زۆربەی کاتیش لە تۆلستۆی دەچوون و جلوبەرگی وەک جلوبەرگی ئەویان دەپۆشی. ڕیشی سپییان دەهێشتەوە و بە جۆرە پاڵتۆیەکەوە دەهاتن و دەچوون کە لە نێوقەدەوە بە پەتێک دەبەسترا و لە تۆلستۆی زیاتریش لە تۆلستۆی دەچوون. کە بۆ یەکەمین جار وێنەیەکی تۆلستۆیم بە پشتبەرگی یەکێک لە ڕۆمانەکانیەوە بینی، هیچ گومانێکم نەبوو کە ئەویش یەکێک لە دراوسێیەکانمە. ئەی من چەندین جار لەمەوپێش نەمبینیبوو؟ هەر بە تەنیا تۆلستۆی خۆیشی نا، بەڵکو خێزانەکەی، براکانی؟ ئەو یەکێک بوو لە ئێمە. کەواتە ئەوان تۆلستۆییەکان بوون، بەڵام زۆربەشیان ئەو تۆلستۆییانە بوون کە لە یەکێک لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیەفسکییەوە هاتبوونە دەرەوە، چونکە ڕۆحیان ئازاری دەدان و پڕ بوون لە ڕاوبۆچوونی دژ بە یەکتر و تووڕەیی و کێشە و ناتەبایی. ئەو تۆلستۆییانەی لە دۆستۆیەڤسکی دەچوون لە ڕاستیدا کەسانی نێو یەکێک لە چیرۆکەکانی چێکەڤ بوون. ئەو کەشوهەوا ڕاستەقینەیەی کە باڵی بەسەر دەرودراوسێیەکەماندا کێشابوو نە نیشانەی تۆلستۆی و نە نیشانەی دۆستۆیەڤسکی بەڵکو نیشانەی چێکەڤی پێوە دیار بوو. لەوێ تاسەوئارەزووی شوێنە دوورەدەستەکان هەبوو. لە جێیەکی ئەودیو ئاسۆوە مۆسکۆیەکی خۆشەویست هەبوو. مۆسکۆ. بەڵام مۆسکۆیەک، کە دەیتوانی بەرلین یا ڤییەنا یا پاریس یا وارشۆ یا هەر جێیەکی تر بێت - ئەو "مۆسکۆیەی ئەودیو ئاسۆ" هیچ گرنگییەکی بۆ گەلی جوولەکە نەبوو. ئەو مۆسکۆیە دەیویست لە دڵی خۆی، لە هەستەکانی خۆی بیانکاتە دەرەوە و دەیویست لە هەندێک باریشدا لە جیهان بیانکاتە دەرەوە. ئەو گەلە هێندەشی بۆ نەمابووەوە کە دان بە خۆشەویستیی خۆیدا بنێت بەرانبەر ئەو کولتوورانەی لە دوای خۆیەوە بەجێیهێشتبوون.

هەروەها ناکۆکییەکی ڕۆژانەش هەبوو. کە منداڵ بووم ئۆرشەلیم شارێکی تێکەڵوپێکەڵ بوو. گەڕەکی عەرەبان هەبوو، گەڕەکی جوولەکە، گەڕەکی ئەڵمانییان و هەروەها لە گەڕەکێک ئەمەریکایی و لە گەڕەکێکی تر یۆنانییان دەژیان - ئۆرشەلیم یەکێک بوو لەو شارە بچکۆلانەی دنیا کە لە هەموو ڕەگەز و توخمێکی تێدا بوو. لە ڕاستیدا زیاتر لە تێکەڵەیەک لە دراوسێیانی جۆراوجۆر دەچوو وەک لە شارێک و لەنێوان ناوچە جیاوازەکانیشیدا دەشتودەر و شوێن هەبوون کە هێشتا خانوویان تێدا دروست نەکرابوون و کەس تێیاندا نیشتەجێ نەبووبوون، هەریەکێک لەو شوێنانەی دراوسێ بە یەکتر زمانی تایبەت بە خۆ و شێوازی تایبەت بە خۆی بۆ نوێژکردن و جلوبەرگپۆشین هەبوو. بێگومان خەڵک پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. لە ژیانی ڕۆژانەی چلەکاندا گرژی و ناتەبایی هەبوو، بەڵام زەبروزەنگ نەبوو. هەریەکێک لەوان پێی وا بوو کە خۆی لە پێشەوە و ئەوانی تر لە پشتەوەن. تەنیا شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا تینوتاوی



(فریادڕەسانە)ی نهێنیی هاوبەشیان بوو. هەریەکێک پێی وا بوو کە نوێنەری میراتیی ڕاستەقینەی ئۆرشەلیم، نوێنەری دینی ڕاستەقینە و باوەڕی ڕاستەقینە ئەوە. هەریەکێک لەوان پێی وا بوو کە لە ڕاستیدا ئۆرشەلیمماڵی ئەوە و تایبەت بەوە و ئەوانی تر لە پشتەوەن و دەکرێت چاوپۆشی لە بوونیان بکرێت. بێجگە لەوەش هەریەکێک لەوان پێی وابوو کە لە ڕاستیدا ئۆرشەلیم هیی ئەوە و ئەو ئاژارچەشتنە دینی و ئەو گرژی و توندییەی لەنێوان ئاراستە جیاوازەکانی باوەڕدا هەبوون، بێگومان، بووبوون بە هۆی ئەوەی هەستونەستی خەڵکەکە یا دووچاری نەخۆشی ببن یا جۆرە سەروبەندێکی خۆشیان لەگەڵ گاڵتەوگەپدا تێدا دروست ببێت. خەڵک ناچار بوون بە بەدەستهێنانی جۆرێک لە هەستی هاوپەیوەندی لەنێوان خۆیاندا، هەستێک کە هەریەکەیان مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هیچ مێژوویەک لەوی تر بەنرختر و لەوی تر سەلمێنتر نییە.

چیرۆکێکی کۆنم دێتەوە بیر، لە چیرۆکەکەدا پیاوێک، بێگومان لە ئۆرشەلیم، ئەی لە کوێ!، لە بەردەم قاوەخانەیەکدا دانیشتووە و لەگەڵ پیاوێکی پیر کە لە تەنیشتیەوە دانیشتووە دەست بە قسەکردن دەکات و بۆی دەردەکەوێت ئەو پیاوە پیرە خوایە و لەوێدا دانیشتووە. لە پێشدا باوەڕ ناکات، بەڵام دوایی دڵنیا دەبێت و باوەڕ دەکات کە ڕێک لە تەنیشت خوا دانیشتووە و ئەمیش پرسیارێکی هەیە و دەیەوێت لە خوای بکات، بێگومان پرسیارێکی زۆر بەپەلە و گرنگ و دەپرسێت: "خوایە گیان، بێ دڵیم مەکە و بۆ دوایین جار پێم بڵێ کێ خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینەیە. ڕۆمە کاتۆلیکییەکان، پرۆتستانتەکان، جوولەکەکان، یا موسوڵمانەکان؟ کێ خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینەیە؟" خواش، لەم چیرۆکەدا، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: "کوڕی خۆم، ئەگەر ڕاستت دەوێت، من ئیماندار نیم. هەرگیز ئیماندار نەبووم و هیچ گرنگییەکیشم بۆ دین نییە."

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی بریتانیادا زۆر گەنج بووم و یەکەم وشەیش کە لە منداڵیدا فێری بووم، پێش ئەوەی لە قوتابخانە دەست بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی بکەین، بێجگە لە وشەکانی "ئا" و "نا"، وشەی "بریتانییەکان، ئێرە بە جێ بهێڵن!" بوو و ئێمە منداڵانی جوولەکە لە ئۆرشەلیم، لە سەروبەندی "الانتفاچە"ی خۆماندا لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٧دا، لە کاتێکدا هاوارمان دەکرد و بەردمان دەگرتە پاسەوانە بریتانییەکان لە ئۆرشەلیم ئەوەمان دەوتەوە. چۆن بتوانم خۆم لەوە لا بدەم هەستێک لەنێو خۆمدا گەشە پێ بدەم لە بەرانبەر ئەوەدا کە ڕێژەییە، ڕوانگەیەک و جۆرە هەستێک لە ئاست تەوسێکی خەمهێندا بەرانبەر بەوەی کە چۆن داگیرکراوەکان دەبن بە داگیرکەر و چەوسێنراوانیش بە چەوسێنەران، چەند ئاسان قوربانییانی دوێنێ دەتوانن ببن بە ئازاردەر، چەند ئاسان ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ دەکەن؟



بەر لە ١٩٤٨ زۆر دەرودراوسێیی عەرەبی لە بەشی خۆرئاوای ئۆرشەلیمدا هەبوون. پاشان ئابڵوقەدان و لێهەڵپێچین و هەراسانکردنەکان پەیدا بوون و بەشی ئۆرشەلیمی سەر بە جوولەکەکان لە لایەن سوپای ئەردەنی و میسرییەوە لە ئاسمان و زەوییەوە بۆمباران کرا و کە بۆمبارانیش برایەوە هیچ عەرەبێک لەو ناوچانەدا نەمان کە جوولەکە تێیاندا دەژیان. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە من تێگەیشتنی بێ چەندوچۆنی خۆمم هەیە بەرانبەر بەوەی کە تاوانی گەورەی ساڵی ١٩٤٨ دەکەوێتە ئەستۆی کێ، کە بێگومان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتە عەرەبییەکان، بەڵام ئەمە بۆ من کە دانیشتووی ئۆرشەلیمم هیچ گرنگییەکی نییە. ئەوەی گرنگە تراژیدیاکەیە. هەروەها بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی حکومەتە عەرەبییەکان یا زایۆنییەکان، یا هەردووکیان، ئەو تاوانەیان دەکەوێتە ئەستۆ یا نا، ئەو ڕاستییە هەر دەمێنێتەوە کە بە سەدان هەزار لە فەلەستینییەکان ماڵوحاڵی خۆیان دۆڕاند و بەرپرسیی ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی هەمووومان. هەروەها دەزانم کە نزیکەی یەک ملیۆن لەو جوولەکە خۆرهەڵاتییانەی لە وڵاتانی عەرەبیدا نیشتەجێ بوون، لە هەمان ساڵ و لە هەمان جەنگدا، ماڵوحاڵی خۆیان دۆڕاند و زۆریشیان لەو وڵاتانە دەرپەڕێنران و کەوتنە ئیسرائیلەوە و زۆر جارانیش لەو ماڵانەدا نیشتەجێ بوون کە هیی عەرەبە فەلەستینییەکان بوون. ئەو جوولەکە کۆچپێکراوانەی کە لەو هەرایەدا تێدا نەچوون؛ جوولەکەکانی عیراق، باکووری ئەفریقا، میسر، سوریا و یەمەن دوای سێ یا چوار یا پێنج ساڵ ژیانبەسەربردن لە ئۆردووگا کاتەکییەکاندا هەم کار و هەم ماڵوحاڵیشیان دەست کەوت، لە کاتێکدا عەرەبە



کۆچپێکراوەکان هیچیان دەست نەکەوت. هەربۆیە پرسەکە هەم بە کراوەیی دەمێنێتەوە و هەم ئازارهێنیشە. من، وەک مێژووگێڕەوە، وەک ڕۆماننووسێک، دەزانم کە ئەمە مێژووی ڕەش یا سپی نییە. باس لە چاکە و خراپە نییە. فیلمی کاوبۆی نییە. ئەگەرچی من لە ئەوروپا زۆرجار تووشی خەڵکانێکی بێئارام و دانبەخۆدانەگرتوو دەبم کە لە هەموو چیرۆکێک و لە هەموو ناکۆکییەکدا، هەمیشە، دەیانەوێت بزانن "خراپەکاران!" کێن و "چاکەکاران" کێن و دەیانەوێت بزانن کامانە دەبێت پشتیان بگیرێت و ناڕەزایی لە دژی کامانە دەرببڕدرێت، بەڵام لە ئەزموونی خۆمەوە بەو تێگەیشتنە گەیشتووم کە ناکۆکیی نێوان جوولەکەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکانی فەلەستین مێژووی "خراپەکاران و چاکەکاران" نییە. تراژیدیایەکە و شەڕێکە لەنێوان ڕاست و ناڕاستدا. من ئەمەم زۆرجاران وتووە و هەر لەبەر ئەوەش لە لایەن جوولەکە هاووڵاتەکانی خۆمەوە لە ئیسرائیل ناوم لێنراوە "ناپاکی مۆڵەتدراو". هاوکاتیش قەت بە تەواوی نەمتوانیوە دڵی هاوڕێ عەرەبەکانم بدەمەوە و "ئارخەیان"یان بکەم، هەر نەبێت لەبەر ئەوەی کە ئەوان هەڵوەستەی من هێندە ڕادیکاڵ یا هێندە بە تەواوی شێلگیرانە پرۆ-فەلەستینی یا پرۆ-ئیسرایلی نابینین کە سووکنایی بە دڵیان بدات. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە من لەم کەشوهەوای دووانەکییەدا خۆم دەبینمەوە.

ڕەنگە ئەو پرسە نەگونجاو نەبێت کە ئاخۆ ڕۆماننووسێک یا گێڕەوەیەک چ مافێکی لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیدا هەیە یا نا، یا چەند شایستە و لێهاتووە لە بەرانبەر دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی خۆیدا؟ یا ئایا، بە شێوەیەکی گشتی، شتێک هەیە کە گێڕەوەیەک یا نووسەرێک باشتر لەچاو شۆفێرێکی تەکسی یا کەسێک کە پرۆگرام بۆ کۆمپیوتەر دادەنێت یا سیاسییەکدا بیزانێت؟ وەڵامی ساکار بۆ ئەمە ئەوەیە کە من خەڵکی وڵاتێکم هەمووان گفتوگۆ لەسەر هەموو شتێک دەکەن، ئیتر بۆ دەبێت من نەتوانم گفتوگۆی لەسەر بکەم؟ من خەڵکی وڵاتێکم کە تێیدا هەر شۆفێرێکی تەکسی کتومت دەزانێت کە چۆن وڵاتەکە و دنیاش دەبێت بەڕێوە ببرێت، ئیتر بۆ دەبێت من نەزانم؟ ئەگەر پەیمان دەدەن کە ئەمەی ئێستا من دەمەوێت بیڵێم وەک هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مانا وەربگرن، ئەوە دەتوانم پێتان بڵێم کە ئیسرائیل نە وڵاتە و نە نەتەوە، بەڵکو کۆی مشتومڕێکی توند و بەهەراوهۆریایە، کۆڕگرتنێکی بەردەوام و بێبڕانەوەی ناو جادەکانە. هەموو هەر شەڕەدەمیانە لەگەڵ یەکتر، هەموو لەوانی تر باشتر دەزانن. پێم وایە ڕشتەیەک لە بێسەروبەری باڵی نەک تەنیا بەسەر ئیسرائیل بەڵکو بەسەر هەموو میراتی کولتووریی جوولەکەکاندا کێشاوە. ئەوە هەر لە خۆوە نییە کە جوولەکەکان قەت پاپایەکیان نەبووە یا لە خۆڕا نییە کە قەتیش نایانبێت. ئەگەر کەسێک بێت و خۆی بە پاپای جوولەکەکان لە قەڵەم بدات، ئیتر هەر کەسێک بێت، ئەوە هەموو لێی دەچنە پێشەوە، دەست بە شانیدا دەماڵن و دەڵێن: "پاپای بەڕێز، تۆ من ناناسیت و منیش تۆ ناناسم، بەڵام باپیرم و باپیرت جارێک لە جاران لە مینسک یا لە کاسابلانکا پێکەوە کاریان کردووە و هەر لەبەر ئەوەش دەبێت بۆ پێنج دەقیقە بێدەنگ بیت و هەر نەبێت بۆ جارێک لە جاران ڕێ بە من بدەیت بۆت باس بکەم کە لە ڕاستیدا خوا چی لە ئێمە دەوێت." ئەمە، وەکو تر، زۆر بە قووڵی لە (جین)ی کولتووری جوولەکاندا ڕەگی داکوتاوە. هەر لە سەرەتای سەرەتاکانەوە جوولەکەکان هەمیشە تێگەیشتنی جۆراوجۆریان بۆ شت و باسی جۆراوجۆر هەبووە. هەربۆیە لە خۆڕا نییە کە ئێوە قەت دووان لە ئێمە نابینن، بە شێوەیەکی گشتی، هەمان بیروبۆچوونیان لەسەر هەمان شت هەبێت، بە گشتیش ئاسان نییە بتوانیت جوولەکەیەک بدۆزیتەوە کە تەنانەت لە خۆشیدا تەبا بێت، چونکە هەموو هەر بیروڕای جۆراوجۆریان هەیە لە بارەی هەر شتێکەوە، هەر هەموویان یا تۆلستۆیی دۆستۆیەڤسکییانەن یا بە پێچەوانەوە. ڕەگوڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە هەندێک لە جوولەکە بەناوێ و دیارەکان زۆر بە ئاشکرا لە بەرانبەر خوادا وەستانەوە و هەندێک جاریش دەیانویست خوا دادگایی بکەن. هێندەی پێوەندی بە (سۆدۆم)ەوە(٥) بێت، ئەگەر لە بیرتان نەکردبێت، بەو جۆرە بوو کە ئەبراهام، ئەبراهامی ڕیشسپیی پیرۆز، باپیرەی گشت جوولەکە و عەرەبەکان، هەوڵی دا سودۆمی شاری گوناهە گەورەکان ڕزگار بکات، کاتێک خوا لە تووڕەیی خۆیدا دەیویست وێرانی بکات. ئەو، وەک کڕیار و فرۆشیارێک کە بە دەستی دوو مامەڵە بە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلەوە دەکات، دەیویست مامەڵە لەگەڵ خوادا

بکات. پەنجا پیاوچاک، چل پیاوچاک، سی، بیست یا هەر نەبێت دە پیاوچاک. کە ناکۆکی و کێشمەکێشەکەش دەدۆزێنێت (خۆ دیارە کەسیش هیچ ناکۆکییەک ناباتەوە کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ خودا دەکات.)، چاو لە ئاسمان دەبڕێت و بە (عیبری) بەوپەڕی چاونەترسییەوە دەپرسێت: "...ئەی نابێت ئەوەی کە دادوەری هەموو دنیایە شتێک بکات کە ڕاستە؟" لە ڕاستیدا ئەمە لە کفر دەچێت، چاونەترسانەیە کە بە خوا خۆی بڵێیت: "با تۆ بەرێوەبەری گەورەش بیت، بەڵام تۆ لە سەروو یاساوە نیت." با ئەوەش بیت کە یاساکان دادەنێت، بەڵام تۆ لە سەروو یاساوە نیت. دەکرێت تۆ سەرچاوەی هەموو فەرمانڕەوایییەک بیت، بەڵام دەبێت ئامادەش بیت بیانووی ڕاستودروست، لە بەرانبەر دادگای هەرەباڵادا، بۆ هەڵسوکەوتەکانت بهێنیتەوە. عەدالەت لە تۆ بەتواناترە - چەمکێک کە لەوەیە بەئاستەمیش لە دینەکانی تردا بیری لێ نەکرێتەوە. ئەم نموونەیە تاکەنموونە نییە. ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە پەیامبەرەکان لەگەڵ خودا لە مشتومڕدا بن و هەندێک جاریش سکاڵا و گازندەشیان لە دژی خوا دەکرد. ئەو چیرۆکەی لە (تالمود)دا لای من لە گشت چیرۆکان خۆشترە، چیرۆکێکە سەبارەت بە دوو ڕابینی پیرۆز؛ ڕابین یێهوشوا و ڕابین تارفۆن، کە وەک دوو دادوەر لەسەر جۆرە لێکدانەوەیەکی یاساکانی تەورات، یاسای یەزدانی، تەبا و یەک نەبوون. ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و وەک نەریتێکی جوولەکانە کە شایانی هەموو پێوەنازین و ڕێزلێنانێکە، شەو و ڕۆژ، گفتوگۆ دەکەن، شەو و ڕۆژ، نە نان دەخۆن، نە دەنوون، هەر گفتوگۆ دەکەن. دوای حەوت ڕۆژ و حەوت شەو خوا، لە بەر ئەوەی هەست دەکات کە تا مردن دەست لە گفتوگۆکردن هەڵناگرن، بەزەیی پێیاندا دێتەوە و خۆی لێیان ئاشکرا دەکات. هەر لەبەر ئەوەش خوا دەکەوێتە نێوانیانەوە و دەنگێک، (بات-کۆل)ێک، لە سەرەوە دەبیسترێت: "ڕابین ییهوشوا ڕاستە و ڕابین تارفۆن هەڵەیە، بنوون ئیتر!" (نەنووسراوە "بنوون ئیتر!" بەڵام ئاشکرایە مەبەست ئەوەیە.). کەچی هێشتا ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. ڕابین تارفۆنی دۆڕاو، سەر هەڵدەبڕێت و سەیری ئاسمان دەکات و دەڵێت: "خوای گەورە و میهرەبان، تۆ تەوراتت داوە بە خەڵک، پیاوی چاک بە و خۆت لەم گفتوگۆیەمان هەڵمەقورتێنە." کەچی هیچ برووسکەیەکیش لە ئاسمانەوە لە ڕابین تارفۆن نادات و گۆگردیش بەسەریدا ناڕژێت! ئەوەی ڕاستی بێت، وەک دێتە پێش چاوی من، خوا دوای نەختێک واقوڕمان و دوودڵی دەڵێت: "کوڕەکانی خۆم بەسەرمدا سەرکەوتن!" و ئیتر، وەکو بڵێیت کلک لە کەفەڵی دەنێت، بە ڕێی خۆیدا دەڕوات و شەڕەدەم و مشتومڕی نێوان ڕابینەکانیش بەردەوام دەبێت. ئەم نەریتە، ئەم جۆرە ڕشتەی بێسەروبەرییە، ئەم ئارەزووی گفتوگۆکردنە، ئەو خرکەبەردەیە کە لەسەر شارێگای شارستانییەتەکەی ئێمە فڕێدراوە و وا پێدەچێت من یەکێک لەوانە

بم کە حەزم لێیەتی. کاتێکیش کە بەرگەی ناگرم، کاتێکیش کە ڕووی لە دژی خۆم وەردەگێڕدرێت، حەزم لێیەتی. ئەی ئیتر بۆ دەبێت خۆم یەکێک لەوانە نەبم کە گفتوگۆ دەکەن؟

بۆ ئەوەی جارێکی تریش نەختێک لە باسە سەرەکییەکە لا بدەین دەتوانم ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە کە من وەک بنئەفسەر لە یەکێک لە یەکەکانی دەبابە لە لەشکری ئیسرائیلدا، لە بەرەی میسر و لە جەنگی شەشڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، داوا کرام. من ئەوسا یەدەک بووم و تەمەنم نزیکەی سی ساڵ بوو و ئێمە هەموومان، چیی تر سەربازانی لاو نەبووین و خەڵکانێک بووین هەریەکە خاوەنی کاری تایبەتی خۆی. ئێوارەی پێش ئەوەی شەڕە ڕاستەقینەکان دەست پێ بکەن، لە دەوری ئاگرێک دانیشتبووین و هەوڵمان دەدا ئەوە هەڵبهێنین ئاخۆ چی لە پێشمانەوەیە و چی ڕوو دەدات. بەرەبەرە ژەنەراڵەکەمان؛ ژەنەراڵ (تال) کە سوپاسالای بەرەی خواروو بوو لە جەنگی ١٩٦٧دا پەیدا بوو. هەموو بێدەنگ بووین و ژەنەراڵ تال دەستی بە قسەکردن کرد لەگەڵمان سەبارەت بە بیروبۆچوونەکانی خۆی لە بارەی ئەو شەڕانەوە کە ها ئێستا ها نەختێکی تر تووشمان بە تووشیانەوە دەبێت، هێشتا لە چەند ڕستەیەک نەبووبووەوە کە لە لایەن عەریفێکی عەینەکلەچاوی قەڵەوی پیرەوە قسەکانی، بەوپەڕی ڕێزەوە، پێ بڕدرا: "ببوورە ژەنەراڵ، بەڵام تۆ قەت ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلۆستۆیت خوێندۆتەوە؟" ژەنەراڵیش وتی: "بێگومان، ئەمە چ پرسیارێکە، چەند جارێکیش خوێندومەتەوە." "بەڵام ژەنەراڵی بەڕێز ئایا دەزانیت کە ئێوە، بەپێی قسەکانی تۆلۆستۆی، خەریکن هەمان هەڵەی ڕووسەکان لە شەڕی (بۆرۆدینۆ)دا(٦) دەکەن؟" هێندەی نەبرد و هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون بە دەنگی بەرز و چڕوپڕ کەوتنە باسکردنی تۆلستۆی و ستراتیژ و ئەدەبیات و وەرگێڕان و هەروەها. هەموو دەنگیان بەسەر یەکتردا بەرز دەکردەوە و یەکتریان، لەنێویشیاندا ژەنەراڵ و عەریفیش بەر دەکەوتن، بە دەبەنگ ناو دەبرد. دوایی دەرکەوت کە عەریفەکە مامۆستای ئەدەبیاتی ڕووسی بوو لە زانکۆی تەلئەڤیڤ، بەڵام ژەنەراڵیش دەرچووی فەلسەفە بوو لە زانکۆی ئۆرشەلیم کە لە پلەدا لە زانکۆکەی ئەو بەرزتر بوو. ئەی ئیتر بۆ دەبێت من لە گفتوگۆدا بەشدار نەبم؟ ئیسرائیلییەکان گفتوگۆ دەکەن، من گفتوگۆ دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە منم کە هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵدەستم و پیاسەیەک بە بیاباندا دەکەم، قاوە لێ دەنێم و لەسەر مێزی نووسینەکەم دادەنیشم و لە خۆم دەپرسم: "ئاخۆ چۆن هەست بکەم کاتێک خۆم لە جلوبەرگی ئەو ژنەدا دەبینمەوە؟ ئاخۆ چۆن بێت ئەگەر من ئەو پیاوە بم؟ - کە ئەمە شتێکە و دەبێت بکرێت ئەگەر بتەوێت تەنانەت ساکارترین دیالۆگ بنووسیت: هەر ئەوە بەس نییە کە وەفاداریی خۆت بەش بکەیت، بەڵکو دەبێت هەستی نێو ناخ و دەروونیشت لەگەڵ کەسایەتییە جیاوازەکاندا بەش بکەیت. لەو



بڕوایەدام ئەمە بڕگەیەکە و لە (دی. ئێچ. لاورانس)ەوە وەرگیراوە کە جارێک لە جاران وتویەتی بۆ ئەوەی لە نووسینی ڕۆمانێکدا سەرکەوتوو بیت، دەبێت بتوانیت باوەش بۆ نیودەرزەن لە تێگەیشتن و هەستی دژبەیەک و لەگەڵ یەکتردا ناتەبا، بە هەمان بڕوای تەواو و بە هەمان گڕوتین و یەکدڵییەوە، بکەیتەوە. هەر لەبەر ئەوەش ڕەنگە من نەختێک لە خەڵکی تر زیاتر پڕچەکتر بم کە لە ڕوانگە ئیسرائیلییە-جوولەکانەکەی خۆمەوە بتوانم لەوە تێ بگەم کە ئاخۆ چ هەستێکە ئەگەر فەلەستینییەکی بەزۆرکۆچپێکراو بیت، یا ئاخۆ چ هەستێکە ئەگەر فەلەستینییەکی عەرەب بیت کە لە لایەن "بوونەوەرانی هەسارەیەکی ترەوە! "دەست بەسەر وڵاتەکەیدا گیرابێت! چ هەستێکە ئیسرائیلییەک بیت کە بە زۆری زۆردارەکی خۆت لە "الچفه الغربیه"دا نیشتەجێ کردبێت؟ ئیتر هەندێک جار دەچمە نێو پێستی ئەوانەوە کە (بانئۆرتۆدۆکس)ن، یا هەر نەبێت هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم. ڕەنگە هەر ئەوەش لێوەشاوەیی ئەوەم پێ ببەخشێت و شیاوی ئەوە بم کە بتوانم دەنگ هەڵبڕم و ڕەخنە بگرم. هەر زۆر پێش پێکهێنانی بزووتنەوەی (ئاشتی-ئێستا)ش، چەند هەفتەیەک دوای سەرکەوتنی سەیر و چاوەڕواننەکراوی ئیسرائیل لە جەنگی شەشرۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، لەگەڵ نزیکەی بیست کەسێکی تری ئیسرائیلیدا کە زۆربەیان ڕۆمانووسان و شاعیران بوون کەوتینە سەر کەڵکەڵەی داوای دۆزینەوەی چارەیەک بکەین بە پێکهێنانی دوو دەوڵەت بە جۆرێک فەلەستین ببێت بە دراوسێی ئیسرائیل، ئەوەش شتێک بوو کە لەو کاتەدا لە لایەن گەشکەی ٦٧ی نەتەوەپەرستانەی ئیسرائیلییەوە نەک بە ناپاکی لە بەرانبەر خاک و نیشتماندا بەڵکو وەک دەبەنگی تا سەر ئێسقان ڕەگاژۆ دادەنرا.

ئەوسا ئێمە هێندە کەم بووین کە دەمانتوانی کۆبوونەوەکانی خۆمان لە بزووتنەوەی ئاشتیی ئیسرائیلیدا، بە بەشداربوونی گشت هەوادارانمان لە تەواوی ئیسرائیلدا، لە کۆختێکی تەلەفۆندا بگرین. بەڵام ئێستا کە ئاوڕ لەو کاتە دەدەمەوە، هەڵوەستەی من دەرئەنجامی جۆرێک لە تەماشاکردنی تایبەت لە مێژوو یا ئالوودەبوون بە گفتوگۆی عەرەبییانەوە یا ئایدیۆلۆژیای فەلەستینییەوە نەبوو. ڕەنگە ئەو هەڵوەستەیە لەسەر بنەمای خوویەک بووبێت کە پێوەند بوو بە "کارەکەمەوە" تا بتوانم خۆم لەو بارەدا ببینمەوە کە کەسێکی تری تێدایە، یا تا بتوانم خۆم لەوەدا ببینمەوە کە دەتوانم بچمە پێستی ئەوی ترەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە من هەمیشە بیانوو بۆ ئەوانی تر دەهێنمەوە، بەڵکو لەوەدایە کە هەوڵ دەدەم شت و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ببینم.

چی دەکەیت کە هاوسێ لەگەڵ ئازار و ناعەدالەتی و چەوسانەوە و زەبروزەنگ و دیماگۆکی و شۆڤێنیزم و بڕوابوونی کوێرانە بە بنەما دینییەکان و دەمارگیریدا بژیت، ئەمە گیروگرفتێکی بێبڕانەوەیە و چی دەکەیت کە کەسێک بیت و بتوانیت دەنگی خۆت بە خەڵکانی تر بگەیەنیت، کەسێک کە قەڵەمێکی هەیە و دەتوانێت بە کاری بهێنێت؟ ئاخۆ لە جێی خۆیدا نییە کە بڵێیت ڕێک لە نزیکی منەوە خوێن دەڕێژرێت و ئێستا کات کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی نییە، کاتی ئەوە نییە چیرۆکی فێرکردن، ناسکۆنۆڵ، چیرۆکی ئاڵۆز و ئەزموونگەری بگێڕیتەوە، ئێستا ناچاریت لە دژی

ناعەدالەت بجەنگێت؟ هەندێک جار منیش هەمان شت دەڵێم و هەمیشەش وا هەست دەکەم بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرانبەر بە هونەرەکەم ناپاک بم، ناپاکێک دژی دووهەستەکی و دوودڵی و ناسکونۆڵیی ڕەنگەکان و ئەگەر بێت و لە ماڵەوە دانیشتبم و لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی ڕستەسازی و پێشاندانی پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەکدا خەریک بم یا بە گرفتە زاراوەییەکانی دیالۆگێکەوە سەرقاڵ بم یا خەریکی ملۆمۆی پێوەندیە ئاهەنگی و مۆسیقاییەکانی نێوان دوو ڕستەی ڕۆمانێک بم، هاوکات لەنێو خۆمدا گوێم لە دەنگێکی بچووکی ئارام بێت و بە ناپاک ناوم ببات "چۆن دەتوانێت؟ خەڵک تەنیا بیست کیلۆمەتر، پەنجا کیلۆمەتر لەو جێیەدا کە تۆ تێیدا دانیشتوویت و دەنووسیت دەکوژرێن – چۆن دەتوانیت؟" لە بارێکی وادا چی دەکەیت؟ هەر چۆنێک بکەیت هەر ناپاکیت. یا ناپاکیت بەرانبەر هونەرەکەت، یا ناپاکیت لەگەڵ هەستی هاووڵاتبوون و ئەو ئەرکانەدا کە لەسەر شانتن. من بە هەمان شێوە وەڵام دەدەمەوە کە زۆرجاران وەڵام دەدەمەوە: "من لەنێوان دوو شتدا چارەسەر دەدۆزمەوە، سازش دەکەم." من زۆر باوەڕم بە دۆزینەوەی چارەسەر لەنێوانی دوو شتدا هەیە. دەزانم کە وشەی سازش ناوودەنگێکی ترسناکی هەیە لەنێو خەڵکە ئایدیالییەکانی ئەورووپادا. سازشکردن بۆگەنی لێوە دێت، سازشکردن ناپاکییە.

لە دنیاکەی مندا وا نییە. لە دنیای مندا سازش هاوواتای ژیانە و لە هەر جێیەکیش ژیان هەبێت، سازشکردن هەیە. دژەواتای سازشکردن تایبەتمەندیی خۆ پاراستن نییە، ئایدیالیزم نییە، ئەو هۆشیارییە نییە کە بە ئامانجەکانی خۆتت دەگەیەنێت یا خۆپیسپاردن و جگەرسۆزی نییە. دژەواتای سازشکردن دەمارگیری و مەرگە. من چلودوو ساڵە لەگەڵ ژنەکەمدا پێکەوە دەژین و هەر لەبەر ئەوەش کەم تا زۆرێک لە سازشکردن تێدەگەم. با هەر یەکسەریش ئەوەی بۆ زیاد بکەم کە کاتێک دەڵێم سازشکردن مەبەستم لە بەرەودواوەکشانەوە نییە، مەبەستم لەوە نییە ئەولات بۆ شەپازلەی دوژمنەکەت یا نەیارەکەت یا هاوسەرەکەت بکەرەوە، مەبەستم لە نیوەڕێ بەیەکترگەیشتنە. هیچ سازشکردنێکی بەختیاریش نییە: سازشکردنی لەو جۆرە، دژی خۆ قسەکردن و وتەیەکە کە لە یەکگرتنی دوو وشەی دژ بە یەکتر پێک دێت. لەبەر ئەوەش، هەروەها، لەگەڵ نووسینەکەمدا سازش دەکەم: هەر جارێک ئەوەم بۆ دەربکەوتێت کە لە سەداسەد لەگەڵ خۆمدا، جا لە هەرچییەکدا بێت، یەک دەگرمەوە، خۆم لە نووسینی چیرۆکێک لا دەدەم، لەبریی ئەوە وتارێکی تووڕە دەنووسم و بۆ حکومەتی باس دەکەم چی بکات. هەندێ جار داوای لێ دەکەم ملی بشکێنێت و سەری بدات لە بەردا! نوێنەرانی حکومەتیش قەت، جا بە هەر هۆیەک بێت، گوێ لە من ناگرن. ئەگەرچی من زۆر جاران بە بەرزی و ڕوون و ئاشکرا پێم وتون ملیان بشکێنن و سەریان بدەن لە بەرد، کەچی ئەوان لە جێی خۆیانن و ناجووڵێن. بەڵام ئەو جارانەی سەبارەت بە پرسێک لە دەنگێک زیاتر لەنێو خۆمدا هەست پێ دەکەم و شت و باسان لە یەک و هەندێک جاریش لە دوو ڕوانگە زیاتریشەوە دەبینم، ئەوسا دەزانم هەر نەبێت سکپڕم بە چیرۆکێک. هاوکاتیش کە دەڵێم سکپڕ بە چیرۆکێک یا ڕۆمانێک، دەبێت یەکسەر ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە هەر نەبێت سەبارەت بە خۆم و مێژووی خۆم لەگەڵ نووسیندا، زۆر زیاتر لە لەدایکبوون، لەباربردن و لەبارچوون هەبوون. هەر بۆیە سازش دەکەم، وتار دەنووسم و چیرۆک دەنووسم، بەڵام هەرگیز تێکەڵ بە یەکتریان ناکەم. من هەرگیز بە نیازی ئەوەی سووک و ئاسان پەیامێکی سیاسیی ڕاستەوخۆ بگەیەنم، هەر بۆ نموونە: "دەست لە دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمە داگیرکراوەکاندا هەڵگرن!" یا "دان بە مافی فەلەستینییەکان لە خۆرهەڵاتی ئۆرشەلیمدا بنێن!"، چیرۆکێک یا ڕۆمانێکم نەنووسیوە. هەرگیز ڕۆمانێک، ڕۆمانێکی ڕەمزیم، نەنووسیوە بەو نیازەی بە گەلی خۆم یا حکومەتەکەم بڵێم کە ئەم یا ئەو شت بکەن یا نەکەن. ئەوانە لەنێو وتارەکانمدان. ئەگەر پەیامێک کە لە پشتەوە بە مانایەکی سیاسی بارگاوی کرابێت لەنێو ڕۆمانەکانمدا هەبێت، ئەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمیشە پەیامێک بووە بۆ سازشکردن، سازشکردنی پڕ لە ئازار و لەبەر ئەوە بووە ژیان لە پێش مردنەوە هەڵبژێردرێت، ژیان بە گشت تەواوی و ناتەواوییەکانیەوە لە پێش مردنێکی پڕ لە شانازی بە هەموو تەواوی و ناتەواوییەکانیەوە هەڵبژێردرێت. سازشکردنێک تا ئەو ڕادەیەی کە من تەنانەت دوو قەڵەمجافم لەسەر مێزی نووسینەکەم هەیە، دوو قەڵەمجافی ئاسایی و زۆر هەرزان، کە هەر دوو هەفتە جارێک دەبێت مرەکەبهەڵگرەکەیان بگۆڕم، بەڵام هەمیشە هەر دووانم هەیە، یەکێکیان ڕەش و ئەوی تر شین. ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی کە بە بیری خۆمیدا بهێنمەوە کە کاتێک نووسینێکی سیاسی دەنووسم شتێکە و کاتێکیش کە ڕۆمانێک دەنووسم شتێکی تر. تێکەڵیشیان ناکەم. لە ئیسرائیل خەڵک هەر بە تەنیا وتار و بەیاننامە ناخوێننەوە، ڕۆمانیش دەخوێننەوە. زۆریش دەخوێننەوە. بەپێی ئەژماری یونێسکۆ لە هەر گەلێکی تری ژێر خۆر، بێجگە لە ئیسلاندییەکان کە خۆر زۆر نابینن، زیاتر دەخوێننەوە. بەڵام ئیسرائیلییەکان بە جیاواز لە خەڵکی ئەورووپا، جیاواز لە خەڵکی ئیسلاند، ڕۆمان بۆ خۆشی ناخوێننەوە. ئەوان ئەدەبیات بۆ نەختێک پشوودان و بۆ ئەوە ناخوێننەوە ئاسۆی بیریان فراوان بکەن. نا، بۆ ئەوە دەیخوێننەوە تا ڕقیان هەڵبستێت و تووڕە ببن! بۆ ئەوە دەیخوێننەوە تا بتوانن نارەزایی دەرببڕن! بۆ ئەوە دەیخوێننەوە تا بتوانن لەگەڵ نووسەرەکەیدا، یا لەگەڵ کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا، یا لەگەڵ هەردووکیاندا، شەڕەدەمێ و قرەقڕ بکەن. جارێکیان کتێببڵاوکەرەوەیەک لە

ئیسرائیل، بە تەوس و لاقرتێوە، پێی وتم هۆی ئەوەی کە ڕۆمانەکانی من و هاوڕێکانم لە ئیسرائیل باش دەفرۆشرێن دەبێت ئەوە بێت کە کڕیاری وا هەن دە دانە لە هەمان کتێب دەکڕن بۆ ئەوەی بتوانن هەر هەموویان بدڕێنن و فڕیان بدەن. شۆفێرەکانی تەکسی زۆر جاران لەگەڵ مندا، یا ڕەنگە لە ڕێی منەوە لەگەڵ کەسایەتیی نێو کتێبەکانمدا، مشتومڕ دەکەن. هەر ئەوەش ناڵێن کە دەبوو کتێبەکە بە شێوەیەکی تر کۆتایی پێ بهێنرایە یا دەبوو کتێبەکە بە شێوەیەکی تر بنووسرایە یا ئەم یا ئەو کتێبیان دەبوو هەر نەنووسرایە. ئەوان ئەوەشیان دەوێت کە لەبەر و لەبەر خاتری ئەوان دەبێت بە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکان ڕابگەیەنم کە بیروبۆچوونی ترسناک یا هزری ناپاکیان هەیە، یا تەنانەت ئەوەش نازانن کە جوولەکەکان بە چیدا ڕۆیشتوون و نەڕۆیشتوون یا عەرەبەکان ناناسن. "پێیان بڵێ، من عەرەبەکان دەناسم، من خۆم لە وڵاتێکی عەرەبییەوە هاتووم و من عەرەب دەناسم!" کەواتە من دەبێت ئەم جۆرە پەیامە لە شۆفێرەکانی تەکسییەوە بۆ کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانم لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم و هەر بە تەنیا لەوانیشەوە نا. ئیسرائیل وڵاتێکی سەیرە. هەر زۆر ئاساییە لە ئیسرائیل کە سەرۆکوەزیران شاعیرێک یا ڕۆماننووسێک یا شانۆکارێک لە پەیوەندییەکی خۆمان ئاساییدا بۆ درەنگەئێوارەیەک بانگهێشتن بکات. بۆ نووسینگەکەی نا، بەڵکو بۆماڵەوە. پیاڵەیەک چا یا خواردنەوەیەکت، بەپێی ئەوەی تۆ خۆت کێیت و سەرۆکوەزیرانیش کێیە، پێشکەش دەکرێت و سەرۆکوەزیران ڕەنگە بڵێت، کە چەندان جار بە خۆمی وتووە: "دەی، ئامۆز، بڵێ چ شتێک لەم وڵاتەدا بە ڕێکوپێکی بەڕێوە نەچووە تا ئێستا. پێت وایە دەبێت چی بکەین؟" ئەمجا بەوپەڕی ستایشەوە گوێ بۆ وەڵامی من یا هاوڕێکانم دەگرێت. ستایشی هەموو وشەیەک دەکات و پاشان سەرلەبەر هەرچییەکمان وتووە پشتگوێی دەخات و وەک شەکرمان شکاندبێت لەملاوە دەچێتە ژوورەوە و لەولاوە دێتە دەرەوە. بەڵام دەبێت نەختێکیش واقیعی بین – چون تەنانەت پەیامبەرانیش لە کاتی خۆیاندا هێندە سەرکەوتوو نەبوون کاتێک ویستویانە فەرمانڕەوا و پاشایان یا خەڵک بهێننە سەر ئەو بارەی بیروبۆچوونی خۆیان بگۆڕن. دەبێت ناواقیعییانە بێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە من یا هاوڕێکانم، نووسەران و شاعیرانی ئەمڕۆی ئیسرائیل، بەختیان لە بەختی پەیامبەران یارتر بێت لەو پەیوەندییەدا کە وا لە خەڵک یا لە دەسەڵاتداران بکەن بیروبۆچوون یا هەڵوەستەی خۆیان بگۆڕن.

من بە شەوورۆژێک نەبووم بە نووسەر. ڕاستە کە من هەمیشە و بەش بەش ڕووداوی بچووکم گێڕاوەتەوە و چیرۆکم نووسیوون. بەڵام کە بۆ (کیبوتز)ێک(٧) گواستمەوە وەک هەرکەسێکی تر لەوێ کارم کاری ئەوانە بوو کە لە کێڵگەکانی لۆکەدا کاریان دەکرد و ئەوەی کە من چیرۆک یا شیعرم دەنووسین کاریگەری لەسەر هیچ کەسێکی ئەوێ نەبوو. ئەمە خۆی لە خۆیدا لە دەستوپێبەستنەوە زیاتر شتێکی تر نەبوو. نووسەران کوڕانی ڕاستەقینەی زەوی نین. بێگومان هیچ خراپییەک لەوەدا نییە زیرەک و ڕۆشنبیر بیت، بەڵام ئاخۆ ڕۆشنبیران هیچ هەستێکیان بەرانبەر کاری لەش و ژیانیکی یەکسان هەیە؟ هەر لەبەر ئەوەش بوو تا کاتێک دوو یا سێ چیرۆکم لە گۆڤارێکدا بڵاو نەبوونەوە هێندە بوێریبم تێدا دروست نەبوو لە بەردەم کۆمیتەی کیبوتزەکەدا داوا بکەم ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هەفتەم بۆ کاری نووسین پێ ڕەوا ببینن. باسیان هێنایە پێشەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرد، گفتوگۆیەک هەندێک لەگەڵ بوون و هەندێک دژی و کلکی کەری تێدا دەپچڕا. هەندێکیان وتیان: "بەڵام ئەو ئاراستەیەکی هونەری بەهێزی هەیە، دەنووسێت، ئەوەیش دەینووسێت بڵاو دەکرێتەوە، دەبێت کارێک بکەین تا بتوانێت نەختێک کات بۆ ئەنجامدانی ئەوە بە دەست بهێنێت." هەندێکی تریان وتیان: "نەخێر، نەخێر، ئەوە هێندە ئاسان نییە. لە کۆمەڵێکی سۆسیالیستیدا هەموو کەس دەتوانێت خۆی ناو بنێت هونەرمەند و کاری کۆمیتەش ئەوە نییە بڕیار لەسەر ئەوە بدات کێ هونەرمەندێکی ڕاستەقینە و کێ ڕاستەقینە نییە. ئەی ئەگەر هات و هەر هەموو ویستیان ببن بە هونەرمەند؟ ئەوسا کێ بە کاری کێڵگەکانەوە خەریک بێت؟" دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، نۆرەی دەنگدان هات و بڕیاریان دا ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەفتە لە کاری کێڵگە مەرەخەس بکرێم، تا بتوانم بنووسم، بە مەرجێک ڕۆژانی تری هەفتە دوو ئەوەندەی ئاسایی کار بکەم. بەرەبەرە ڕۆمانێکم، دوای ئەویش ڕۆمانێکی ترم، بڵاو کرانەوە و منیش داوای مۆڵەتی ڕۆژێکی ترم لێ کردن و لە کۆتاییدا سێ لە ڕۆژانی هەفتەم بۆ ڕاپەراندنی کاری نووسین پێ درا. ئەمە هەوڵ و کۆششێک نەبوو بۆ داگیرکردنی زەوی، بەڵکو بۆ داگیرکردنی کات بوو. بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کاتێک ڕۆمانەکانم بوون بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ کۆمەڵەی کیبوتزەکە، ژمێریارەکە هات و زۆر بە دەربەستەوە وتی: "ئێستا کە کتێبەکان قازانج دەکەن، لەو بڕوایەدایت کە چ سوودێک لە دوو ئەندامانی کیبوتزەکە، کە ئیتر کاری دەرەوەیان پێ ناکرێت، ببینیت؟ دوور نییە بتوانن نەختێک هالیکاریت بکەن تا بتوانیت لە بەرهەمەکانت زیاد بکەیت؟" منیش وتم: "ڕاستییەکەی ئەمە کاری دەرەوە و کاری بەرخۆر نییە. ئێوە دەتوانن سێ کەسی پیر لە جێی من دابنێن و منیش بنێرن بۆ دۆشینی مانگاکان؟"

من هەموو بەیانییەک پێش سەعات شەش دەست بە نووسین دەکەم. هەندێک جار، چەند سەعاتێک، لە ژووری کارکردنەکەمدا، دادەنیشم و یەک لاپەڕە بەرهەم دەهێنم، هەندێک جاری تر تەنیا چەند ڕستەیەک یا هەر هیچ بەرهەم دەهێنم. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەوێ دابنیشم. تەنانەت بەڕێی کارەوە ڕۆژنامەی بەیانیانیشم بۆ ناخوێنرێتەوە، چونکە جێگای کارکردنەکەم هەر

یەک نهۆم لە خوار ژووری نووستنەکەمەوەیە، هەر چەند هەنگاوێک و ئیتر لەوێم. بەڵام چیی تر لە خۆم تووڕە نیم ئەگەر شتێکیش نەنووسم. ڕۆژان هەبوون کە ڕقم لە خۆم دەبووەوە ئەگەر هەر بە تەنیا لەوێدا دابنیشتمایە بەبێ ئەوەی بتوانم هیچ شتێک بەرهەم بهێنم. بە تایبەت کە هێشتا لە کیبوتزێکدا دەژیام و هەموو بەر لە نیوەڕۆکەی بەوە دەگەیشت کە ڕەنگە سێ ڕستەم بنووسیایە و چوارم بکوژاندیاتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای ئەوە بوو کە لە ڕۆژی پێشووتر کەمتر کارم کردووە و پاشان دەچووم بۆ چێشتخانەی کیبوتزەکە و شەرمم دەکرد لەوەی خواردن بخۆم. لەوێ خەڵکانیک دانیشتبوون کە کێڵگەی گەورە گەورەیان کێلابوو، بە سەدان مانگایان دۆشیبوو یا دیوارێکیان هەڵچنیبوو و خەریکی نانخواردن بوون – لە کاتێکدا من چوار ڕستەم نووسیبوو، بەڵام پێنجم کوژاندبووەوە. ئەی بە چ هەقێک دەبوو نان بخۆم؟ بەڵام ساڵان هاتن و چوون و منیش لێم بوو بە خوو کە شت و ڕووداوان لە ڕوانگەی کاسبارێکەوە ببینم: ئەوە کاری منە کە هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵبستم، دوکانەکەم بکەمەوە و دابنیشم و چاوەڕوانی کڕیار بکەم. هیچ شتێکی تر نەکەم. ئەگەر کڕیار هەبوون، ئەوە ڕۆژێکی سەرکەوتووە و ئەگەریش نەبوو ئەوە لەڕێی دانیشتن و چاوەڕوانکردنەوە بە کارەکەمەوە خەریک دەبم. بەڵام هەر ئەوەش نییە کە بە تەنیا هەر لەوێدا دابنیشم و هیچ نەکەم، چونکە کە نایشنووسم شت لە مێشکمدا دێن و دەچن، تەقریبەن وەک ئەوسا کە بچووک بووم و، لە کاتێکدا چاوەڕێی ئەوە بووم دایکوباوکم لە قسەکانیان ببنەوە و، تاسەوئارەزووی بەستەنیم دەکرد. سەرنج دەدەم، بیر دەکەمەوە، خەیاڵ لێ دەدەم. خۆم وەک کەسێکی تر دێتە پێش چاو، دەچمە پێستی ئەوانی ترەوە. ئەوسا باس باسی شێواز و تەکنیک نییە، باسی بابەت و لێکچوواندنەکان نییە – ئەوانە شارەزایان زۆر باشتر لە من لێیان دەزانن و تێیان دەگەن. ئەوەی کە من دەمەوێت لەگەڵ ئەو خەڵکوخوایەدا بەشی بکەم، نەختێک لەو بەختیارییەیە کە لەنێو گێڕانەوەی بەتاموبۆدا بە دەستی دەهێنم. ئەوەیە کە لەکوێوە ناچاریی گێڕانەوەی چیرۆک دێت و چۆن لەسەر ژیان بەردەوام دەبێت، تەنانەت لە کاتە هەرە ناخۆشەکانیشدا، هەروەها لەو کاتانەشدا کە ئازارچێشتن و پێشوەختبڕیاردان و تراژیدیاکان و لەدەستچوون و شکستییەکان باڵ بەسەر ژیاندا دەکێشن. ئەم ناچاریی گێڕانەوەیەی چیرۆکە چەند کەونارایە! من پێم وایە – پێویستیی گێڕانەوەی چیرۆکێک، پێویستیی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆبینینەوە لە حاڵوباری کەسێکی تردا، نەک بە تەنیا هەر لای نووسەران، بەڵکو لە لای هەموو کەسێک هەیە. چوونە ناو پێستی کەسێکی ترەوە هەر بە تەنیا ئەزموونێکی ئەخلاقی نییە، هەر بە تەنیا شێوەیەک نییە بۆ ئەوەی سنگ و دڵت فراوانتر بن، هەر بە تەنیا ڕێبازێکی سیاسیی چاک نییە، بەڵکو – بەڵام توخوا بە پەرستاری قوتابخانەکەمان مەڵێن! لە کۆتاییدا چێژوەرگرتنێکی گەورەشە.



## سەرچاوە:

vers× ,och om att skriva ,Hur man botar en fanatiker ,Amos Oz
.2009 ,npocketåM ,Marie Nielsen-Rose :ttningå

ئامۆز ئۆز (ئامۆز کالاوسنەر) نووسەرێکی ئیسرائیلییە، لە ١٩٣٩/٥/٤ لە ئۆرشەلیم، فەلەستینی ئەوسا، لە دایکوباوکێکی رووسی جوولەکە لە دایک بووە. پرۆفیسۆری ئەدەبیاتە لە زانکۆی بن-گوریون و بەشداریێکی گرنگە لەو باسوخواسەدا کە لە ئەمڕۆی ئیسرائیلدا لە ئارادان. یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی (ئاشتی: ئێستا) یە کە لەساڵی ١٩٧٨دا دامەزرێنرا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ یەکێک لە داواکارانی پێکهێنانیی دوو دەوڵەت، یەک بۆ ئیسرائیلییەکان یەکێک بۆ فەلەستینییەکان، بووە. ئێستا لە تەلئەڤیڤ دادەنیشێت.



## پەراوێزەکان:

(١) پیوریوتانی: کەس یا شتی سەر بە ڕێبازی پیوریوتانییەت کە بیروباوەڕێکی ئایینیی زۆر توندوتیژ بووە سەبارەت بە کاروباری ئایینی و ڕەوشتی، بە تایبەت لە پێوەند لەگەڵ سێکسدا، لە ئینگلتەرای چاخەکانی شانزەیەمین و حەڤدەیەمینی زایین.

(٢) ڤیکتۆریانی: کەس یا شتی سەر بە سەردەمی ڤیکتۆریانی کە سەردەمی بە لووتکەگەیشتنی شۆڕشی پیشەسازی بوو لە ئینگلستان و ئەوسا ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لەوپەڕی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیدا بوو. ساڵانی نێوان ١٨٣٧ تا ١٩٠١ کە شاژن ڤیکتۆریا فەرمانڕەوا بوو بەشێک لەم سەردەمە، کە سەرەتاکانی بۆ پێش و کۆتاییەکانی بۆ دوای ئەو فەرمانڕەوایەتییە دەگەڕێتەوە، پێک دەهێنێت.

(٣) ستاسی: دەستگای ئاسایشی نهێنیی دەوڵەتی ئەڵمانیای خۆرهەڵات کە بارەگاکەی لە بەرلین -لیختبێرگ بوو. ساڵی ١٩٥٠ لە لایەن ویلهێلم سایزەر و ئێریش مییلکەوە دامەزرێنرا و تا یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٩دا لە سەرکوتکردن و ڕاونان و گرتن و کوشتنی ئەڵمانیاکانی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا بەردەوام بوو.

(٤) ییدیش: زمانێکی ئەڵمانیاییە و لە لایەن نزیکەی سێ ملیۆن جوولەکەوە لە سەرانسەری جیهاندا بە کار دەهێنرێت و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی نۆیەم و لەو هەریمانەدا کە دواتر بوون بە بەشێک لە ئەڵمانیا بە کار دەهێنرێت.

(٥) سۆدۆم: شارێکە لە ئینجیلدا ناوی هاتووە و بەپێی چیرۆکەکانی ئینجیل گوایا ئەوسا نزیک دەریای مردوو هەڵکەوتووە و خوا لە سزای ئەوەی خەڵکەکەی گوناهی گەورەیان کردووە بە ئاگر و گۆگرد لە ناوی بردووە و بەپێی یەکێک لە چیرۆکەکانیش گوایا ئەبراهام ویستویەتی بەم قسەیەی: "کەواتە دەتەوێت لەخواترسان و لەخوانەترسان پێکەوە لە ناو ببەیت؟ هەر نەبێت لەوانەیە پەنجا لەخواترس لە شارەکەدا هەبن..." ویستویەتی خوا لە بڕیارەکەی پەشیمان بکاتەوە.

(٦) بۆردیۆنۆ: یەکێک لە مەیدانەکانی جەنگی شەڕەکانی ناپۆلیۆن بووە لە ١٨١٢/٩/٧دا و تۆلستۆی لە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)دا باسی ڕووداو و شەڕەکانی دەگێڕێتەوە.

(٧) کیبوتز: کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی ئیسرائیلییە و ئەگەرچی لە وڵاتانی تریشدا کۆمەڵەی لەو جۆرە هەبوون، بەڵام لە هیچ وڵاتێکدا هێندەی ئیسرائیل ئەو جۆرە کۆمەڵە هەرەوەزییە خۆویستانە، کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بیروباوەڕی سۆسیالیزم پێکهێنرابوون ڕۆڵیان لە بیناکردنی کۆمەڵدا نەبینیوە.



# لە کۆتاییدا باڵندەکان قەفەزەکەیان خوارد

لەتیف هەڵمەت

زۆرجار کە دەیەوێ
دوای کچێک بکەوێ
دڵم
بێزاری دەردەبڕێ
قاچم
زۆرجار کە دەمەوێ
بێنوێژ بکەم
دەمی ژنێک
قایل نابێ
لێوم
زۆرجار کە سەرنجی
خوا دەدات چاوم
ئیرەیی پێ دەبات
گوێم

زۆرجار کە گوێ لە دەنگی
خوا دەگرێت گوێم
جارێ لێدەکێشێ چاوم

باشە من ئەم هەموو دوژمنەم
بۆ لە خودی خۆمدا
کۆکردۆتەوە . . .
هەورێک بهەورێنە
خۆی لە دایک دەبێ
بەهار
* * *
کەس
درۆزن نییە
وەک ئاوێنە
* * *
وەک ئاوێنە
درۆزن نییە
کەس
* * *
درۆزن نییە
وەک ئاوێنە
کەس
* * *
کەس
وەک ئاوێنە
نییە درۆزن

دەتوانم
لە ناخی وشەیەکدا
یا لە توێی لێوی کچێکدا
یا لە ژێر چمکی بەرماڵێکدا
یا لە گۆشەی تاریکی
بتخانەیەکدا
خۆم
لە شیعر بشارمەوە
بەڵام
لە کوێ
لە ژێر ستیانی چ سۆزانییەکدا
خۆم بشارمەوە
لە دەست :
نیشتمان
* * *
جاری وا هەیە
کاتژمێرەکەت بوەستێ
ماچی کچێکت لە دەست دەچێ

جاری وا هەیە
کاتژمێرەکەت بوەستێ
خۆت دەبی بە کاتژمێر
لە تاراوگە لە دایکبووین
ئێمە
درێژترین ڕووباری زەوییە
تاراوگە

فێڵێک دەدۆزمەوە
دەخەمە جانتاکەمەوە
تاراوگە
دەگەڕێمەوە بۆ
نیشتمان
* * *
دەخەمە گیرفانمەوە نیشتمان
دەڕۆم
بۆ تاراوگە
لە ڕێ دەگرم
دەستی دەریایەک
لە ڕێ
لوولاقی ئاوارەیەکی
گورگ خواردوو

دەکەم بە شمشاڵ
بە دوور و درێژی باسی تاراوگە
بۆ هەموومان بکات

* * *

تاریکی
ڕووناکییەکی ڕەشە
ڕووناکیش
تاریکییەکی سپی

* * *

ڕق و خۆشەویستی جمکن
هیچیان
خەسڵەتێکی جیاوازی لەوی دییان
نییە

* * *

تاکو خۆت نەبەزێنی
ئەوانی دی نا بەزێنی
تاکو نەگەی بە دڵی خۆت
ناگەی بە دڵی ئەوانی دی



عەشق نە تامی هەیە نە بۆن
نە ڕەنگ نە دەنگ
نە بوون نە نەبوون
بەڵام هەموومان عاشق دەناسین . . .

جوانی و ناشیرینی
تەواوکەری یەکدین
بەرزی و نەوی
تەواوکەری یەکدین
باوەڕ و کومان
تەواوکەری یەکدین
هەرا هەرا و بێدەنگی
تەواوکەری یەکدین
دووری و نزیکی
تەواوکەری یەکدین
کورتی و درێژی
تەواوکەری یەکدین
ژیان و مردنیش
خوا و شەیتانیش

* * *



ورد ورد
ورد ورد
هاته خوار و هاته خوار
به فرمێسکێکی سەوز
لەسەر زەویدا نووسی بەهار :
هەور . . .

هەویر دەشێلێ
ژنێک
قوڕ دەگرێتەوە
هونەرمەندێک

هەویرەکەی دەکات بە نان
ژنەکە
بەقوڕەکە ژنێک دروستدەکات
هونەرمەندەکە
نان دەبرژێنێ
ژنەکە
وێنەی ژنێک دەکێشێ
هونەرمەندەکە

حەزی لە نانەکەیە
هونەرمەندەکە
حەزی لە وێنەکەیە
ژنەکە

هەموو ڕۆژێ دووبارە دەبێتەوە
ئەم دیمەنە . . .

* * *

هەمیشە تۆڕەکەی پڕە لە دڵ
دڵی من
دڵی تۆ
دڵی ئەم
ئەو
ئەوان
ئەمان :
عەشق
ئەرێ
لە کوێوە دێ
ئەم ڕاوچییە

* * *



هێنده هاوڕێتی چیام کردووه
عەشقم ئەوەندەی قەندیل بەرزبووە
چاوەڕوان بن
ئەمساڵ لە بری بەروبووم
ناوی شەهیدان دەگرێ
درەخت

دەشێ
پەڵە هەورێک و ڕەشەبایەک بین
دەشێ یەکێکمان دەستێک بین
ئەوی ترمان لەتێ سابوون
یەکێکمان دەمێک
ئەوی دیمان کوتێ نان
دەشێ یەکێکمان بیابانێک بین
ئەوەی ترمان زنەیەک ئاو
یەکێکمان تاوانبار
ئەوی دیمان شمشێر
یەکێکمام مێرۆلە
ئەوی ترمان دەنکە گەنم
دەشێ دوو هێڵی هاو تەریب بین
بەڵام هەین
من و تۆ

* * *

نە پریشکی تویی
دووبەردی لێکدراوە
نە دەنکە گەنم
بەڵام مناڵ و چۆلەکە
کۆ دەکاتەوە : –
شیعر . . .
خەو دەبینم من دەبم بە شمشاڵێک و
( بەهار ) دەبێ بە بای زەڵان
فووم پیا دەکا و گڕ بەردەدات
لە چیا و بەرد و دارستان

* * *

تۆ خوێنەر . . . ها
ئاگادار بە . . .
ئاگادار بە . . . ئا . . . بە خوا
شیعر شاعیر دەکوژێت و
خوێنەر دەخوا

* * *

کتێبخانەکەم دەفرۆشم
من ئیتر تەنها و تەنها
قورئانی چاوی تۆ دەخوێنمەوە

* * *

ئەو ڕۆژە شیعر
لە دایک بوو
کە لە پرچتدا
چاندم . . . دەستم

ئێمەش وەک مرۆ خۆرەکان
گۆشتی خوشک و برای خۆمان
دەخۆین . . . ئەوان
لە ئەشکەوتدا دەیانخوارد
ئێمە لە بارەگای پارتەکان

ژان گرتی . . .
گێنگڵی دا
شارێکی سووتاوی بوو
جەنگ
* * *
دڵخۆش و ئاسوودەیە
کە هەمیشەو
کات لە دوای کات
گەورە نابێ و لەوەتی هەیە
هەر هاوڕێتی مناڵ دەکات
ئەم بێشکەیە . . . .
* * *
کەس بە پێ دزکێ
زەوی داگیر ناکات
وەک بەهار
* * *
مەرگی ملیۆنەها سەدەی بینیوە
بۆچی شەوێ خەم ناپۆشێ
مانگ
* * *
ملیۆنان سەدەیە . . . هەیە
چۆن پیر نابێ
بەبێ گۆچان
بە لووتکەدا سەردەکەوێ
هەور
* * *
بە دەنگی خۆش
قەفەز بۆ خۆی دەچنێ
کەو
بە وشە
من
* * *
ئەگەر بە منداڵی
بمردایە
ئەبوو موسلیمی خوراسانی بەغدای دروستنەدەکرد
ئەبوو جەعفەری مەنسوور
* * *
ئەگەر لە دایک نەبوایە
سەلاحەدینی ئەیووبی
زەوییەک لە نەخشەدا نەدەبینرا
ناو نرابێ نیشتمانی عەرەبی

گوێی تەم و مژ دەگرێ و
کۆیان دەکاتەوە
( با )
قژی گوڵ و گیا ڕادەکێشێ و
لە ژێر زەوی دەریان دێنێ
تەم و مژ
با و
تەم و مژ
چەند ناکۆکن
با و تەم و مژ
چەند دۆستن . . .

هەموو کتێبێک
لە تویی دا خۆی شاردۆتەوە
جەنگێک
* * *
بە پیری
لە دایک دەبێ
بە منداڵی
دەمرێ : بەفر
* * *
کە ماچم دەکەی
کە واتا من هەم
کە ماچت دەکەم کەواتا تۆ هەی
* * *
من چۆن
ئەم قەفەزە تێکبشکێنم
کە ناو نراوە : – ئازادی
* * *
بڕیارم داوە
خۆم فێری مەلەوانی بنی دەریا
بکەم و
نهێنی تەمەندرێژی
بدزم
لە
کیسەڵ



شوی، سیرامکی هەندرێن

# لەچیاکانی منەوە



تابلۆی :هەندرێن

هەندرێن

"من غەریبی ماڵەوەدەکەم
لەخودی خەودا غەریبی من ناسراوە
من غەریبی ماڵەوەدەکەم.
من غەریبی ئەو شوێنەدەکەم کەدەڕۆیشتم
لێ نەک مرۆڤەکان!
من غەریبی ئەو زەوییەدەکەم، غەریبی ئەو بەردانەدەکەم،
کەلەوێدا منی منداڵ گەمەی دەکرد."
Verner Von Heidenstan شاعیری سوێدیی،
(Ensamhets tankar| هزرەکانی تەنیایی- )لەشیعری:

چیاکان جەنگی منن.

چیایەک هەمیشە خەون بە خەونەکانییەوەدەبینێ. چیایەک خەون دەبینێ ، یان غەریبیم دەکا؟ لەتکانەوەی یاددا، لەتلانەوەی دڵدا بەدوای شوێنکاتەوە دەکولێتەوە. لەوێ، لەسەر لووتکەو بناری

چیاکانەوەشوێنپێکان وەک دڵی با باڵدەگرن. خۆم دەبینم وەک جاڵجاڵۆکەکان بەبنمیچی ئەشکەوتەکەی سەر سنگی "چیای شیرین"ەوە بەرەو چاوەکانی زەوی شۆڕدەبمەوە. مێروولەو دووپشکەکان بەدەورمەوەبەناو تیشکی کەڤرەکاندا دێن و دەچن. مارمیلکەکان لەمێژوو برسیتر زاریان دەکەنەوە. هەموویان لەمن دەچن، منم لەهەموویان دەچم. ئەوەمنم کەبەدەم منداڵییەوەبەدیار هەنارەکەلەکەکراوەکانی دوکانێکی بەر گەرماوەراوەستاوم و بەتامەمزرەکانیانەوەهەراشدەبم. ئەوەمنم لەخەونێکی قوڕسدا سەفەری مەفرەزەیەکی ئاڵاو بەبناری چیایەکی ژێر کازیوەیەکی زامدار دەگێڕمەوەکەناوەکەیم بەیاد نایێتەوە. گوڵەهێرۆکانیسەر بەرگی بالیفەکەم بەهەناسەی خەونەکەم ئارەقڕێژ دەبێت کە خوشکێکم دووریی منی پێ چنیوەتەوە.

شەوی شپرزەی ناو ژوورەکەم بەناڵەو وڕێنەکانم بێدار دەبێتەوەئەو شەڕەش کەتا دێ گەمارۆم دەدات. زایاڵەکان بێ وشەبەناو دەنگمەوەپەنگدەدەنەوەو وشەکان لەزارمەوەوەک رەوەئەسپێک دەحیلێنن، بەشەوقی سمکۆڵەکانیانەوەتەوقەکان دەبەزێنێن.

بەفرکەی ئەمدیو پەنجەرەکەی ژوورەکەم هێشتا بەسەر سپێدەی ئەم یەک شەممەلەخەوماوەدا کەڵەکەدەبێت: من لێرەم، لەگەڵ چیاکان، لەرۆژگارێکی کەڕووگردا سێبووریی یەکتر دەدەینەوە.

گەرەکمەئەو چیایانەی کەنەمتوانی لەدڵمدا ئازادیان بکەم، وێنەکانیان لەوشەدا بکێشمەوە. وەلێ دووبارەتەنێ دەتوانم ناوی چیاکان بڵێمەوە.

چیایەک لەخەفەت، شوێنێک لەحوزنی روح. ئەوەتا لێرەبەفر بەسەر چیای یادەوەریی شەوقدەداتەوەو خامۆشدەبێ. ئای بەفر هەروا دادەکا و دەچێتەوە، ئای ئەو بەفرەکەبەفری قەندیلم بەیاد دێنێتەوە. بەفر دادەکا و یادەوەریی ناچێتەوە. بەفر دەتوێتەوەو یادەوەریی دەفراژێ. بەفر دەفڕێ و یادەوەریی دەمکرۆژێ. ئێستا ئەو چاوتروکانەیەکەوەک گالیسکەیەکی تیژڕۆ بەناو مندا سەرهەڵدەگرێ. ئێستا لەهیکڕا دیسانەوەیەک شەممەی دابڕاو لەکاتدا گەڕایەوە. یەک شەممەرۆژێکەلەئاوابوون، رۆژێکی دۆڕاو پڕ لەزەنگەسۆرەی بێماڵ. وای کەرقم لەیەک شەممەیە. یەک شەممەدوا ئاوڕدانەوەی کاتەلەمن.

من لەدڵەخورپەیەکی تواوەدا خۆم دادەگیرسێنم و خامۆشدەکەمەوە. خامۆشدەبمەوەو دیسانەوەخۆم دادەگیرسێنمەوە. ئەوها تەنێ خۆم بەرزفت دەکەم. من ئەوهام، چونکەلەچیایەتەنیاکان و شەڕی خۆشەویستیڕا رەگئاژۆم. منێک کەلەژانەوەهاتووم تاکوو بژیم. ئەوەتا من سۆراغی ئازادییەک دەکەم، کەرووبارێکی ئەبەدییە.

★★★

من دەخوازم گەمەی کاتی ئێستا بەرزەفت بکەم. ئەوەتا ئەم ئێستایەلێم دوور دەکەوێتەوە، ئەوها من لەئێستادا رادەمێنم. ئەم ئێستایەوەک ئاوێکی راڕا لەناو دەستەکانمدا هەڵدێ. من لەناو ئەم ئێستایەدا ئامادەم و ئەم ئێستایەش لەمندا ئامادەنییە. دەزانم کات تەنێ لەئەفیندا ئامادەنییە؛ ئەفین چاوتروکانێکەلەبێکاتیی. تەنێ لەئەڤیندارییدا نیگای کات وەک کەسێک بەتەنیشتمدا رادەبوورێ و نامناسێتەوە. هەبوون تەنێ لەچاوتروکانەکانی شادییدا شەوق دەداتەوە. بۆیەدەمەوێ ئەم خودەبەرزەفت بکەم. بەدەم بەرزەفتکردنی خودەوەوەک باڵندە کۆچەرییەکانی بن ئاسمانێکی خافڵاو خۆم دەخوێنمەوە. سترانێک دەچڕم تەنێ بەهی خۆم بچێ. ئاخۆ شەڕی من ئەو چاوتروکانەیەکەبەرزەفت ناکرێ؟ ئەوەتا لەنێوان چاوتروکانەلەدەستچووەکاندا خۆم دابەشدەکەم. چاوتروکانەکان وەک ناخی خۆم پچڕکا و پەرتەوازەن. من دەخوازم کۆتایی بەم بوونەبهێنم کەبەدەم رەوتی کات و وەرزی هەنارەکانەوەهەراش بوو. دەزانم شوێنی من تەنێ لەناو کاتدا هەیە.

★★★

من دەنووسم تا هەست بەناخی خود بکەم. ئەوەتا لەگەڵ لەدایکبوونی وشەکانەوەهەست بەتامێک دەکەم؛ تامێک لەخاوی تۆوەلەوشەکاندا دەچۆڕێتەوە. بەجەستەی وشەکان، بەجەستەی خود چاوتروکانێک دەکێشمەوەکەنایبینمەوە. ئەوها جەستەی وشەکان، تامی هەبوونی خود نمایشدەکەم. وشەکان چاوەکانی منن. وشەئەو چاوتروکانەدەهۆنێتەوەکەلەبیرم ناچێتەوە. دەزانم من ئەو هەموو رابردووەلەچاوتروکانەتامدارانەم بۆ نانووسرێنەوە. من تەنێ وشەکانم هەیەکەدەزانم تامی چاوتروکانەکانی جەستەی خۆم بەیاد دێننەوە. ئەوەتا من وشەکان بەگۆ دێنم تا مانایەک لەزمانی چاوتروکانەکانی تۆم بۆ زیندوو بکەنەوە.

وەرەبەدەم بارانێکەوە، وەرەلەژێر رێژنەبارانێکی هەوەسداردا حەرفەداکردووەکانم بخۆوە. لەسەر گیایەکی کەسکتر لەروحت دەنگت بەناو دەنگمدا دەچۆڕێتەوە. ئەو حەرفەداکردووانەی بەسەرتەوەدادەکەن‌نەمنی رابردووەو نەئاییندەیەکی نادیار: پەرتییەکانم لەئێستادا کۆبکەمەوە؟ سێبەری ئەو زمانەی من: جەستەیەک لەتامی تۆیە، بارانی ئەو چاتروکانەرابردووانەیە، بارانێک لەتامی تۆیە، جەستەی ئەو زمانەلەئێستایەبازنەییەیە.

دەزانم ئەم زمانەبازنەییەلەدڵێکەوەیەکەدەنگی نییە. ئەفینی من لەنێو ئەم دێرانەدایەکەتەنێ شەوقدانەوەیە. من بەدڵێکی غەوارەو جەستەیەکی تەڕەوەچاوتروکانەکانی تۆ و فەرامۆشکردنی بوون دەنووسمەوە. چرپەکان وەک چاوتروکانەکانی تۆ ئێستای منیان گەمارۆداوە. ئێستا بۆنی رووتی جەستەت دەنووسمەوە: چەند تەڕن وشەکانم!

جەستەی من بانگی تۆ دەکا: ئەی بۆنێک لەکەفری تەڕ؛ ئەی تامی کانییەکەی ناو کۆشی چیاکەی "کافێ"!

★★★

تۆ ئێستا لەنێوان لێوەکان، لەناو وشەکانمدا دەبییەتامێکی تەڕ، دەبییەگیایەک لەبۆنی چیایەکی ئاوارە. من یادی تۆ نانووسمەوە، من خەریکم لەدەستچوونی ئەبەدیت فەرامۆشدەکەم. ئەوها دەمەوێ وەک وشەلەدەنگمەوەبزنێیتەوەو بزرنگێیتەوە. حەز دەکەم وەک هەنارێک لە بناری چیایەک بدرەوشێتەوە. ئێستا دەڵێی هەنارێکی لەناو یادەوەرییمدا پێدەگەیت. من دەمەوێ لەناو باوەشی چاوتروکانت بەرببمەوە، وەک ئەوەی لەناو شانەی ژیان بکەومەخوارەوە.

چاوتروکانت تۆوێک بوو لەژیان. وەک چۆن خودا بەچاوێک سەیری چاکەو خراپەکاندەکا، ئەوها بەچاوتروکانێک لەسروشتی چیا لەجیهان دەڕوانم. چاوتروکانەکان هەڵمدەگرن. هەستدەکەم لێرەجیابوومەتەوە. ئەرێ لێرەم؟ دەمبینن کەئێرەنابینم؟ زەردەپەرێک لەناخمدا هەڵدێ. شەماڵێک هەڵدەکا و باڵی وشەکانم بەناو لاپەڕەکاندا وێڵدەکا.



★★★

لەبیرهاتنەوەی تۆیەزریکەی ئەم زمانەلەماڵ ترازاوە. ئەوەتا بۆت دەنووسم، کەچی تۆ هی کەسێکی تری. چاوتروکانەکانت هی منن، ئەوە بەرەنگێک لەمۆریی چاوتروکانەکانت دەکێشمەوە. وشەکان کۆدەکەمەوە، زمان چرمدەکاتەوە، بانگی زمان دەکەم هەروەک خودی خۆم قووڵبکەمەوەتا دەبمەسێبەرێک لەچیای وشە. چۆن خۆم بۆ ئەو تەنیاییەبێدارەجێبهێڵم کەبوو بەسێبەری ناوەکییم؟ خۆم کۆدەکەمەوەو گوێ لەبێدەنگی خۆم دەگرم. ئەوها گشت ئەو چاوتروکانانەدەچنمەوەکەخەریکەوەک خۆت لەدەست دەچن.

★★★

لەجەنگی چیاکان زیاتر هیچی ترم نییەبۆزمان تا سێبووری بداتەوە. چیاکان وەک خۆیان، چیاکان وەک هەقیقەت ئەبەدیین. چیاکان قەدەریی منن. چیایەک غەریبیم دەکا یان چیایەک غەریبی یادەوەریی خۆی دەکا؟ غەریبیت جێنشینەلەمدیوی کات، غەریبیت کۆتایی نایێ. سەرلەنوێ بەرەنگەکانی وشەوەچیاکان بچنەوە، ئەی غەریبی من!

ئەوەتا گوڵئەستێرەی نیگاکانت بەناو تەنیایی مندا بەڵەفڕێ دەکەن و خاو دەبنەوە. منیش بەدەم باڵەفڕێ و خاوبوونەوەکانتەوە یادەوەرییم فەرامۆشی دەتنێتەوە. لەخودی خۆم رادەمێنم و لەرۆچوونتدا خۆم دەدۆزمەوە. کاتێک وشەکان چاوتروکانەکانمان دەنووسنەوە، لاپەڕەکان دەبن بەخۆڵەمێشی گوڵئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوەتالەیادت بکەم. دەشزانم تۆ لەیاد بکەم، لەچاوتروکانەکانت رزگارم نابێ. من لەژانەوەهاتووم و حەزم لەشەوقی شادییە.

هەر ئێستا، لەم چاوتروکانەدا بەخورپەی بیرهاتنەوەیەکی بەر هەڵدراوەوە دەرگیرم. بەفرەکەش هەر دەڵێی دەخوازێ وەرزەکان بکاتەسپییەکی ئەبەدیی و چۆلەکەیەک لەنێوان دوو نیگای ئێوارەو دالغەی هەمیشەی بالکۆنی جیرانەکەمدا باڵەفڕێ دەکا، لەهیکڕا بۆنی چای چاپەستێکی رەشی سەر کۆلکەدارێکی دووکەڵاوی لەمەتبەخەکەی "بارەگای کافێ"وەژیان دەوروژێنێ و من بۆنگر دەکا. لەزاری ئەم وشانەوەبۆنی چیایەک ئەم چاوتروکانەبەفرگەی ئێرەگەرمدەکاتەوە. من لێرەم بەدیار چاوتروکانی چیایەکی ئەبەدییدا.

★★★

دەنگدانەوەی چیایەکە، جەنگی من. هەروەک لەدڵی چیایەکدا دەرکەوتبم، وەک داربەڕووەکی رەگئاژۆ بەناو سنگی ئەشکەوتێکەوەئەوها دەتکێشمەوە. دەخوازم وشەکان بەناختەوەرەنگڕێژ بکەم، وەک چۆن بەناو ژنێتیتدا رۆبچم. لەناو تۆدایەلەدایکبوون. یادەوەرییەکی پەنگخواردوو لەرابردوو ئێستایەک گەمارۆ دەدات. دەست بۆ چیاکان درێژ دەکەم، ئاسمان ئاوەدان دەبێتەوە. مانگێکی مارانگاز بەزەریا مەوداکان شەپۆلگر دەکا. وەک درەختێک گەڵاکانم بەوەرز دەبەخشمەوەو لەچاوی زەریاچەیەکی تەمگرتوو دەروانم.

خوناوێک لەبیرهاتنەوەدامدەپۆشێ. زایاڵەی وشەکان لەدەنگمەوەشەپۆڵدەدەن. ئەوەتا لەنێوان ماسییەسڕەکانداریدەکەم و دڵیشم وەک شەپۆڵەگەمارۆدراوەکانی ژێر شەختەکەگیانەلایەتی. بەترسێک لەنەمان بەئاگا دێمەوە. خەونەکەوەک بەفرێک لەرووخسارمدا دەتەکێنم و قەڵەمەکەم لەبێدەنگییەفەرامۆشەکەیدا بێدار دەکەمەوە. بەزرینگانەوەی پەیفەکان جیهان بەدەم بیرچوونەوەدەلاوێنمەوە. هەستدەکەم هەموو رابردوو بەرەو من لەکۆچدایە. لەنێوان من و خۆشمدا بێئۆقرەیی ئۆقرەناگرێ. هەندێ جار خۆم دەنگدەدەم: تۆ چیتر خۆت نیت. تۆ لێرەیت ئەی من! کۆچەکان دوورن و منیش لەخۆمدا کۆچدەکەم. کۆچەدەکەین یا بژینەوە. ئەوها من بەم رستەو واتا خورپەگرتووانەوەئەم خودەبێماڵەدەنووسمەوەکەلەنێوان حەرف و پەیفەکاندا دەژنێ. ئەوەتا بێدەنگییەک لەم خودەلەنێوان مەودای واتاکاندا دەزێ. نووسین هەمیشەدۆزینەوەی بوونێکە. وشەکان رادەسێن، واتاکان بەرامانم دەکەن. وشەکان لەجەنگی خۆیاندان. کەوشەکان لەنێوان

خۆیاندا هەڵشاخان، زمان ئاوەدانییەکی لەخۆیدا راگەیاندووە. کەزمان بێ–وشەبوو، ویدەچێ خامۆشی گەرەک بێ یان خۆی دابێت بەدەستی بێدەنگییەوە.
ئەوەتا من هەروا دەنووسم، تا زمان لەم جەنگی نێوان بێدەنگیی و کۆچەکەیدا رشتر بکەم. دەزانم من چیتر تۆ لەژیاندا نابینمەوە، ئەوها دەتکەم بەجەنگی شیعرێکی نەسرەوتوو. تۆ چاوتروکان بوویت و منیش ناوت دەنێم چاوتروکان، تا دەبم بەبوونێک لەخۆم، بێماڵییەک لەبووندا. مەوداکانی نێوانمان دەبن بەچیای نووسین. لەمدیو پەنجەرەوەهێشتا سپێدەی تاراوگەیەکی خەوزڕاو لەخەونی چیایەک دەڕوانێ:
لەماڵێک دەڕوانم کەلەخۆم بشارێتەوە. ماڵێک من بدۆزێتەوە.

★★★

لەو دیمەنەدا رووخسارێک ئاوێنەدەبێتەوە. لەوێ: لەرینەوەیەک. لەو رووخسارەدا چیاکانی تۆ دەبینم. لەچیاکانی تۆدا، من هەم. ماڵەکان وێران دەکرێن، جەستەی بێماڵی رووتدەبێتەوە. ئامادەبیت لەدەست دەچێ، کۆتایی نایێ سۆراغت. سۆراغی چاوتروکانێک دەکەم کەهی تۆیە. کەسێک گازم دەکا. زماندا رادەچڵەکێ، بوون دەلەرێتەوە. بانگت دەکەم: بەرەو ماڵی چیایەک بگەرێوە. کات لەدابڕان و لەنائامادەیی بوونتدا، هەڵتەدەبێت. ئەوەتا دیسانەوەلەچاوی یادەوەرییمدا هەڵدێی. لەکەسێک دەگەرێم لەتۆدایە، لەخۆمدا دەگەڕام لەتۆ دایە، لەتۆیەک دەگەرێم بەدەر لەتۆ لەکەسی دیکەدا نییە. من لەرووناکی رووخساتدا دەژیم. دەنگی تۆ زایەڵەیەکەلەمندا. من دەبێ لەوێ، لەرووخسارتدا ئامادەبم.
بەفر لەم شارەدا بێماڵ ماوەتەوە. بەفر دادەکا و تۆش بیرهاتنەوەپەرتەکانت دەچنیتەوە. باڵکۆنەکەی ماڵەکەم پڕ دەبێ لەبەفر و لەبیرهاتنەوە. ئەو پشیلەهەمیشەراماوەی ئەوبەری ژوورەکەم بەخەوزڕانی من ئاشنایە. کات لەهەردووکمان بێهوودەتر بەگەڕانەوەی راناگا. من هەندێ جار، دوور لەکات، بەهێورییەکی مەستانەو تەمی فەرامۆشییەوەخۆم لەیاد دەکەم. لەودەمە ژنێکیش منداڵانە لەرووخساری راماوم دەڕوانێ. مانگیش بەدەم گەڕانەوەی مەوداکانەوەبەلاوکێک شەکەتی کۆچەکەی دەلاوێنێتەوە.
یادەوەرییت بەچاوی گوڵناری چیایەکەوەرادەمێنێ، لەئاسمان نزیک دەبمەوە. چی دەبێ ئەگەر لوتکەکان مەمکی ئاسمان بن؟ جیهان لەچیاکانەوەدەست پێدەکا، دڵی ئاسمان لەسنگی چیاکانەوەدەزنێ. ئەودەم من لەوێم، لەچەقی دونیادا وەستاوم. لەزماندایەیادەوەرییت، بوونێکت جیرانی چیایەو ئامادەییشت لەماڵێکی تەنیاییدا. کات گەڕانەوەی هەبووایە، غەریبیکردن گەرەک نەبوو. تۆ توایتەوە، تۆ لەلووتکەیەکدا بەناو ئاسماندا ئاوابوویت. لەوێ چاوتروکانەکانت لەناو چاوی چیمەنی چیایەکی چرپەداردا دەچرپێنێ، لەکانگای جیهاندا دەبریسکێیتەوە. کەچیایەک هەبێ و تۆش لەکانییەکی یادەوەریی بچیت، جەنگی یادەوەریی هەرێمەکانی روحت ئاوەدانترە. تۆ ئەوهایت لەخۆکۆکردنەوەدا.
یادەوەریی جەنگی منە. غەریبیکردنت بەناوم وەردەبێت. کەهاتیتەناومەوە، بروسکەو فێنکی و تامێکی چیاییت چاندەوە. کەئەوینت لەدەست چوو، بەناو چیای یادەوەریی دادەکەم. نائامادەیی بوونت دەتەنمەوە. تۆ لەوێی، چونکەمن لێرەم. بوونمان لەسەفەرێکی مەحاڵدایە. جەستەم لەئەفیندا دادەبڕێ. تۆ دادەرمێی، کەچی ئەفینت هەمیشەغەریبیکردنە. ئەوەتا تۆ چاوتروکانێکی کەکات و کۆتاییت نییە. دەمویست هەموو جەنگەکان هی من بووان، تاکوو تۆ ئەفینیکی ویستدار بیت...

بەهار و زستانی ٢٠١٠
ستۆکهۆلم http ://handren07.kurdblogger.com

خوێندنەوەبەرانبەرچیا. سیرامیکی هەندرێن





# خانەبەندییێک بۆ لیریکای هەورامی

عادڵ محەمەدپوور

سەرەتایەک:

مرۆڤ بە پێی شعووری زاتی و زەینی خۆی، هەمیشە لە حاڵەتی کەشف و دۆزینەوەی دیاردەکانی سروشتدایە، کون و قوژبنی لایەنە تاریکەکانی ژیانی دەپشکنێ، دیاردە پەنهان و بزۆزەکانی دەروونی خۆی دەناسێتەوە، ئەم هەڵسووکەوتە بێداریانە بۆ مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی ژیر ( شاعیر و هەستیار )، تەجرووبە ، یان بەواتایەکی تر » شیعر « دەژمێردرێ.

(( ژێرار دونرواڵ )) رەخنەگری بەناوبانگ دەڵێ : (( کەسێک هەوەڵین جار، روومەتی جوانی بە گوڵ چواند ، شاعیر بوو ، ئەوی تر لاساییکەر و دووپاتکەر و چەند پاتکەر . ))

ئەم تەجروبە مرۆیانە، بۆ مرۆڤ لە هەمبەر ژیانی ئافاقی و کەونیدا بایەخێکی ئەوتۆی هەبووە ، رەخنەگرانی سەردەم پێیان وایە (( شێعر و هونەر )) چەشنێک تەجروبەی مرۆڤ دەژمێردرێ . ئەوەڵ جار، تەنیا زانیارێک کە دەستی برد بۆ ئەم مەبەستە ، (( ئیبن ئەسیر )) بوو کە لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی (( استدراک )) لە بارەی پێوەندی شیعر و چەمکی تەجروبە باس و خواسی کرد. (( ئیمیل زۆلا ))یش لە رۆژئاوادا بوو بە پەرە پێدەری ئەم چەمکە فیکرییە .

لێمان روونە، کە تەجروبەی شیعری هەر نەتەوەیەک لە رەوتی مێژوودا، بە پێی باری رۆحی و زەینی و چێژ وەرگرتن لە دیاردەکانی ژیانی روخساری و واتایی بە خۆیەوە دەبینێ و لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر دەگوێزرێ.

بۆ وێنە پاش تەجروبەی شیعری کلاسیک و چەند تەجروبە و بە سەرهاتیتر، لەم دوایانەدا ئەزمووونی شیعری فارسی ئاوا پۆلێن بەندی کراوە :

١-ئەزمووونی ریفۆرم خوازی و گۆڕانکاری ( نیمایی )

٢-ئەزمووونی کەسێتی بەخشین بە رەوتی نیما و هەندێ تەجروبەی تازەی تر ( شاملوویی )

٣-ئەزمووونی شیعری مۆدێرن ( فرووغی فەرویخزاد )

٤-ئەزمووونی پەرمۆدێرنی لەسەرخۆ ـ فەرا مۆدێرنی ( متعادل ) وەک : محەمەد وجدانی ، فرشتە ساری ، شەمسی لەنگروودی و ....

٥-ئەزمووونی پەرمۆدێرنی رادیکاڵ وەک : هورموز عەلیپوور، حافز مووسەوی، مێهرداد فەلاح و رۆستەم شیری و ـ

ئەزمووونی شێعری کوردی سۆرانی ـ بەشی باشوور . ئاوا پۆلێن بەندی کراوە :

١- ئەزمووونی داهێنان : نالی، مەحوی ـ

٢- ئەزمووونی گۆڕانکاری : گۆران، شێرکۆ بێ کەس و بەختیار عەلی

٣- ئەزمووونی جوداکاری : فەرهاد پیربال و ئەنوەر مەسیفی و ـ

٤-ئەزمووونی شیعری » باو « : وەک باقی شاعیران کە خاوەن بەرهەمن و بەڵام لەو بازنانەدا کە ئاماژەمان پێکرد خۆیان نابیننەوە .

ئەزمووونی شیعری کوردی سۆرانی ـ بەشی رۆژهەڵات ـ لە کۆڕێکدا لە مەریوان بە بۆچوونی هەندێ شاعیر و لێکۆڵەر بە دوو ئەزمووونی : (( پێوەر و جیاواز )) خڕ کرایەوە ، نازانم چەندە زانستی و چەندە لەسەر لۆژیکی شێوازناسی شیعری کوردی بونیات نرابوو، کە ئەمە دەبێ بزانین چەندە لەسەر رەوتی شیعری کوردی رەگ دا ئەکوتێ و بیر و رای توێژەران چی ئەبێ ؟ ئەبێ چاو لە داهاتوو بکەین .

بەڵام شێعری کوردی هەورامی، ئەگەرچی پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ رەوتی شیعری سۆرانیدا هەیە و لە ئاستی هەمبەردا، کاردانەوەی فۆرم و ناوەرۆکیان هەیە، بەڵام لە شێوەی سەرهەڵدان و تێپەڕی زەمەن و هەندێ خاسییەتی بنەماییش دا جیاوازییان هەیە و دەبێ بە چاوێکی وردترەوە بڕوانینە ئەم ئەزمووونانە. لەم بەستێنەدا هێشتا کاری باش نەکراوە. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئەدیبانی کورد و خاوەن رایان کە تا ئێستا بە شێوەی بنەمایی و مێژوویی لەسەر ئەم هەوێنە کاریان نەکردووە . لێرەدا ئەزمووونەکانی ئەم شیعرە نەتەوییە ، بە چەشنی بابەتی و مەوزووعی بەڵام خێرا دەخەمە روو و پولێن بەندییان دەکەم و راڤە و شیکاری و یەکاڵا کردنەوەی دەخەمە ئەستۆی ئەدیبان و لێکۆڵەرانی هێژاوە .

**١-ئەزمووونی سەرهەڵدان :**

ئەم ئەزمووونە کرانەوەی دەرکەی رووناهی بە سەر شیعری لیریکای کوردیدا، دەژمێردرێ و دەتوانرێ بە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری کوردی، تۆمار بکرێ . کە تەنانەت سێ سەدە لە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری فارسی، پێشترمان دەخات، ئەویش حزووری شیعری » هورمزگان «ە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەهەکانی هەوەڵ ، یان دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی . ئەم رەوتە زەمەنییە تا ئەزمووونەکانی »بێسارانی « ـ سەدەی یازدەی کۆچی مانگی ـ لەسەر و سیمای شاعیران دا دەبینرێ و ئەو خاسییەتە شێوازیانە لەم رەوتەدا رەچاو کراوە . لەم بزاڤە زەمەنییە دا ، لە ناڤینی هورمزگان و بێسارانی دا ، گەلێک شاعیر بە شێوازی گۆران هۆنراوەیان هەیە ، بەڵام شاعیری تەواوکەر و خاوەن رەوت و شێواز نەبوون . بە رای من لەسەر ئەرکەکانی شێواز ناسی » بۆشاییک « لەم ناڤینە زەمەنییەدا دەبینرێ . ئەمەیش دەقەکەی هورمزگان:

هورموزگان رمان، ئاتران کوژان
وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆر کار ئارەب، کەردنە خاپوور
گونای پاڵەیی، هەتا شارەزوور
ژەن و کەنیکان وە دیل بشینا
مێرد ئازا تلێی وە رووی هوونینا
رەوشت زەرتشترە مانۆ وە بێکەس
بزیکا نەیکا هورمز وە هیچ کەس

تایبەتمەندیەکانی ئەم ئەزموونە ئەمانەن :
١- ساکاری روخسار و واتا
٢- پاراستنی پرنسیپی نەغمە-کرکە-» هیجایی بوون « کێشی پەنجەی دەبڕگەیی
٣- بەرجەستە کردنی سەروا بۆ دەربڕینی هەستی ناوەکی و رادەی دەلالەتی بەیانی پەیام
٤- جەخت لەسەر قاوغی مەسنەوی کە فۆڕمێکی رەها و ئازاد، بۆ شاعیران دەژمێردرێ
٥- وشەی باو و رەسەن بە پێی دیاردەی زەمەن
٦- هەڵوێستی کاتی لە هەمبەر شالاوی دیتران بە لەحنێکی حەماسی

٢- ئەزموونی داهێنان :
ئەم ئەزموونە لە راستی دا ، تەواو کەر و قەڵەوکردنەوەی ئەزموونی سەرهەڵدانە. ئەم خسڵەتانەی کە لە سەرهەڵداندا هەن بە چەشنێکی کامڵتر و بەرچاوتر و ئیستاتیکانەتر لەم رەوتەدا دەبینرێ و هەندێ خسڵەتی تایبەتی تریش لە شیعری شاعیرانی ئەم ئەزموونەدا دەبینرێ . مامۆستا و ئالا هەڵگری ئەم رەوتە لیریکای گەورەی: مامۆستا بێسارانی ، شاعیری سەدەی یازدە و دوازدەی کۆچی یە .(( مەولەوی تاوە گۆزی )) یش سووپەر لیریکا و لووتکە و تەواوکەری بزاڤی بێسارانی .

تایبەتمەنییەکانی ئەم بزاڤە :
١-پێداگری و میراتبەری : فۆڕم، واتە جەخت لەسەر پرنسیپی نەغمە وکێشی رەسەن و فۆڕمی مەسنەوی و بەرجەستەنومایی سەروا و وەفاداری بە بنەمای شیعری رەسەن ئەزموونی سەرهەڵدان و لادان لە ئەزموونی باوی هەندەران .
٢-داهێنانی هەندێ وێنە و موتیڤی شیعری وەک تەجروبەی داهێنەرانە و پێگە بۆ شاعیرانی پاش ڕەو .
٣-تەبایی و کۆک بوونی فۆڕم و ناوەرۆک واتە پاراستنی لۆژیکی هونەرمەندانەی شیعر .
٤-قووڵ بوونەوە لە سەر پاژەکانی دیاردەی سروشت و خوڵقاندنی وێنەگەلی خۆماڵی بە زمانێکی ساکار و پاراو. تێرامان لەسەر دیاردەکانی و بەهادار کردنیان بە چرکەساتی شێعر و زمان .
٥-رەنگدانەوەی هەندێ دیاردەی داب و نەریتی و فۆلکلۆری کوردەواری بە زمانی شیعر و وێنەسازی شاعیرانە .
٦-دەست پێشخەر و رەچاوکردنی خسڵەتەکانی رۆمانتیزم بە چەشنی ئاسایی و هەستیاری نەک رەسمی و ئاکادیمی .
٧-بە کار هێنانی هەندێ واژە و دەستە واژە و لێکدراوەی شیعری کە رێخۆش دەکەن بۆ بەرجەستەیی و بەرچاوی رێبازی تایبەتی و شێوازی تاکی ئەم شاعیرانە .

بێسارانی :

ئافتاو پێواربی، ئافتاو پێواربی
وەختێ جەمەغریب ئافتاو پێواربی
جە منیش نەبورج »تەشاو« دیاربی
پەیوەست گەرمی وەخت، سوب و ئێواربی
بە نووری جەمین شەوق ئارای تەمام
یاونا وە هەم، وەختی سوب و شام
پرشنگی نوورش، پەی پەی مشانا
من دەرسات، نە رووش ( لافتی )م وانا
“ دیوانی بێسارانی ”

مەولەوی تاوەگۆزی :

ـ ئیشارەی وە ناز لەب خەندەی وە نەرم
نمانای خالآن نە تۆی پەردەی شەرم
سەرچۆپی وە ناز قۆڵ هۆردای دەسماڵ
بریقەی شیشە و لەرەی لیمۆی کاڵ
ورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەڕ
چوون قەوس و قوزەح گرتەن دەوروەر
جەو بەزم شیرین منیش کەر وە یاد
بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد ـ ل ٤١٣ دیوان مەولەوی

ئەزموونی «باو»:



لەم ئەزموونەدا شاعیرانی زۆرمان هەن، بەڵام لە ئاستی ناوەڕۆک و کاری داهێنەرانە و ئیستاتیکانەدا نەیانتوانیوە بەرجەستەگی بنوێنن و ببن بە خاوەنی شێوازی شیعری، لووتکەی ئەم شاعیرانە سەیدی هەورامییە(١٨٤٨ -١٧٨٤م) کە پێش لە مەولەوی ژیاوە. وەلی دێوانە، خانای قوبادی، دانای هەورامی، عەبدوڵابەگی هەورامی و ئەولقادری پاوەیی و مەلا خدری رواری و مەلا پەرێشان و مەلا حەسەنی دزڵی و ـ

ئەم خسڵەتانە :

١-جوینەوەی ئاستی کێش و سەروا و قاوغە باوەکانی شیعری فارسی و عەرەبی .

٢-قەتیس مان و لاسایی کردنەوەی موتیڤە شیعریەکانی قوتابخانەی بێسارانی و مەولەوی

٣-ئەڵبەت ، ئەزموونی ئەم شاعیرانە بەو واتایە نییە کە شاعیرانی ئەم بازنە بەرهەمی بەهاداریان نییە و خاوەنی تەجروبە و شتی نایاب نین ، بەڵام ، رێژەی زێدهات ( بسامد ) ی شێوازی تاکی و وێنە و موتیڤی سەربەخۆ و بەرچاویان نییە .

مەلا حەسەنی دزڵی : ئەگەرچی هەندی پێیانوایە ئەم دەقە هی مەولەوییە.

های هۆی چەندەن نامان خەبەرێ
تای تامڵ بڕیان نەسیم سەفەرێ
خەیلێن سەر حەڵقەی عالی مەقامان
شای فانی نامان، نامەیچش نامان
نەدان مەکینە وە پارچەی خەزدا
عەنبەر نەشانان وەڕووی کاغەزدا
یەک ساڵ زیادەن نیەن ئەشعارش
نمێ بۆی رێحان جە مێرغوزارش

« ل ١٠٧ دیوانی مەلا حەسەن »

**ئەزموونی گۆڕانکاری فۆرم و ناوەڕۆک :**

شیعری هەورامی ( گۆران ) لە فۆرم و ناوەڕۆک دا لە چاو شیعری کوردی سۆرانی ( کلاسیک ) دا بە هۆی رەچاو نەکردنی خسڵەتی کێشی عەرووزی فارسی و عەرەبییەوە، بەڕای من ئازادتر و رەهاتر لەم ئوسلووبە دەژمێردرێ. -لەم کتێبەدا لە سەر ئەم بابەتە دواوم- و دێرتریش کەوتە بەر کاریگەری خسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخەوە. بەڵام دەستێ لە تانوپۆی کێشی پەنجە (هیجایی ) بەر نەدا و هەر بەم ئوسلووبە توانی سەمەندی خەیاڵ لەم گۆڕەپانەدا تاو بدەن.



ڕەنگە هەر ئەم تایبەمەندییە بووبێ کە دێرتر بێتە نێو فۆڕمی هاوچەرخەوە. وێڕای ئەم بۆچوونە لە سەر نوێتر کردنەوە و تازەگەری فۆڕم و واتا » ئوسمان محەمەد هەورامی « توانی ڕچە شکێنی و قەیدی تەساوی (شکاندنی ژمارەی بڕگەکان لە دوو دێڕدا ) لابەرێ و هەندێ ئەزموون و ساز و کاری هونەری و شیعری ئەمڕۆژیانە بخاتە نێو خانەی شیعرەوە و سەرجەم فۆڕم و ناوەرۆکی شیعری هەورامی بە ڕۆژ بکات . پاشان (( جەلیلی عەباسی )) و (( کولسوومی عوسمانپوور)) بە تایبەت دەقەکانی (( ڕەوفی مەحموودپوور )) توانیان ئەم دابە شیعرییە بەرەو ئاسۆی تازەگەری و ئیستاتیکی بکێشن و ڕووناهییەکی ئەوتۆ بەرەو ئەزموونی شیعری هەورامی بکەنەوە .

**ئوسمان محەمەد هەورامی :**

ئەندێشەی کاریگەر وێڵا
دێوانە ئاسا و بێ پەروا
پۆل پۆل شەیداکێ هەر گێڵا
جە کام لاوە ،
کام مەڵبەندۆ،
جە کام زێدۆ،
دەس پەنە کەرمێ.
جەوەش تەرین،
چەمەی شیرین،
ئاوەو نەمری تاسەر ، وەرمێ.
پەی بە ڕازە و
باو و باپیرما بەرمێ ...

« کارێز» تەجرووبەیە تازەتر و جیاوازتر و ئیسەییتر:
پەی هۆرکەندەی
شاکارێز و باخ و بیەی
تا سێ
وێشکەرد بەزەنگەن و
تەما، بێڵە و
ئاوات : نوێڵ
بنکەن کریا دڵ و » دڵی « و » مەژگی « و » گیانی «
وردە وردە
بوە و هەناسێوە وەشی ، وێش کەرد خەڵات
کارێز،
نیشت بەر
قڵوەزەش بەست ئاوی سەوزە و
نەخشاش «وڵات ».          « ل ١٣ زەڕنە و ئاسۆی »

**تایبەتمەندیەکانی ئەم ئەزموونە :**

١-شکاندنی قەیدی تەساوی کێشی پەنجە و ورد کردنەوەی دێڕکان بە پێی پەیام و چرکەسات و ئیجاباتی هونەری و تەکنیکی.
٢-دەست بردن بۆ هەندێ واژە و دەستە واژەی ناب و نایاب .
٣-بەڕۆژ کردنی موتیڤە شیعرییەکان، وازهێنان لە وێنەی سواو و کلێشەیی.
٤-دەرباز کردنی شیعر لە بۆنەوە بۆ تێڕامان و چرکەسات و سەفەر بۆ ناوەندی دەروون و بەکار بردنی زمانێکی نیمچە سووررێئالیانە .
٥-قووڵبوونەوە لە فەلسەفەی بوون و دیاردە سەرەکییەکانی سەردەم .
٦-مومارەسە لەگەڵ زمانی هویرامی و کۆشش بۆ دەستەمۆ کردنی واژەی هەورامی کە ئەم خاڵە هێشتا ناتەواوە و ئەم شاعیرانە نەیانتوانیوە دالە فرە چەشنەکانی واژەی هۆرامی رام بکەن و ڕەوان و پاراو بیخەنە نێو ڕشتەی مرواری شێعرەوە.

سەرچاوەکان:

١-دگرگونی زبان و ساختار در شعر امروز، کاظمی کەریمیان
٢- ئەزموونەکانی شیعری کوردی / عەبدوقەهاری شێخ
٣- دیوانی بێسارانی / کەیۆمەرس نیکرەفتار
٤- دیوانی مەولەوی
٥-دیوانی مەلا حەسەنی دزلی
٦-زەڕنەی ئاسۆ ڕەوف مەحموودپوور

# ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

سەلاح حەسەن پاڵەوان

لەو پرسیارەی هەمیشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ، پرسیاری ڕەوشتە سات لەدوای سات لەگەڵماندایەو بەجێمان ناهێڵێ، قسەکردنیش لە بارەی کارێکی وەک ئەم جۆرە هەروا ئاسان نییە، بە تایبەت لە نێو ڕۆشنبیریەکی ساواو و هەژاری وەک میللەتی کورد، بە هۆی نەبوونی سەرچاوە ڕەوشتیەکان و گەلاڵەنەکردنی ئەو سەرچاوانەشی کە هەن، سەیر نییە ئەگەر بڵێین لە نێو ستراکچەری کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگای ئێمەدا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لەمەڕ مەسەلەی ڕەوشت هەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر دەستەواژە و خورەوشت و هێمای تایبەت هەن کە ئاماژە بە بوونی بیری ڕەوشتی فەلسەفی لە نێو بونیادی کولتووری کوردیدا دەکەن.
پەیوەندی نێوان هەموو چالاکییە ئایدیۆلۆژی و زەینیەکان وای کردووە کە لە نێو بونیادی بیری کوردەواریدا شتێک هەبێت پێی بووترێ ڕەوشت، ڕاستە ئێمە ئەو هەموو هێڵە ئاشکرایانەمان لەبارەی بوونی بیری ڕەوشت و ڕێچکەکانی ڕەوشتەوە نییە، هەروەها سەرچاوەی مێژووی ئێمە لە تێهەڵکێشبوونی لەگەڵ کولتوورەکانی دەوروبەردا، وای کردووە کە بیرێکی ئاشکراو ڕەوشتێکی ئاشکرا بوونی نەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بەشە فیکری و فەلسەفییە جێگایەکی لە نێو بونیادی کولتووری ئێمەدا داگیر نەکردبێت.
ڕەوشت و بیری ڕەوشتکاری بەشێک لە بونیادی کۆمەڵگا پێکدێنێ بۆیە قسەکردن لە بارەی مەسەلەیەکی ئا لەم شێوەیە لە نێو شیعردا و بە تایبەتیش لەنێو شیعری کوردیدا، ئەوە هەڵدەگرێ کە ئێستێکی بۆ بکەین و بە ڕژدەوە لەو پێودانگانە بکۆڵینەوە کە بیری ڕەوەشتییان کردووەتە سەرچاوەی خوێندنەوەی خۆیان و بە ئەنجامێک بێینە دەرێ، ئەو کەسانەی کە لە نێو ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا ڕەوشتیان نەناسیووە بەلایەنە کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکەی و ڕێگای لێکۆڵینەوەیان لەبەردەم بیری بوونی ڕەوشت بەربەست ئەکرد، باشتر وایە وردتر لەم مەسەلەیە بڕوانن و وردبینانە تەماشای پێوەندییە ڕەوشتییەکانی شیعری کوردی بکەن.
تاقە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە لە مەڕ مەسەلە سۆسیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگای کوردی لە شیعرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەتوانین لێوەی بگەینە ڕۆخەکانی بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەبارەی زۆربەی پرسەکانی دیکەی وەک فەلسەفە و میتۆلۆژیا، بمانەوێ و نەمانەوێ مێژووەکەی گەلی کورد ، لەگەڵ مێژووەکانی تردا تێکەڵ و پێکەڵییەکی تێکەوتووە و زۆر شت کە ئێمە دەیخەینە خانەی بیری فەلسەفیمانەوە دڵنیانین لەڕاستی و ناڕاستییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکان لە ڕوانگەی نیزیک بوونمان لە گەلانی وەک فارس، مێژوو و سەرچاوەکانمان لێک دراوەتە، بۆیە من ئەم ڕێگایەم پێ خراپ نییە.
بۆ لێکدانەوەی مێژووی بیری فەلسەفیش دەکرێت، پشت بەو سەرچاوانە ببەسترێ و بکرێتە دەروازەیەک بۆ لێکدانەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی مێژوویی تووشی گرفتگەلێکمان دەکا، کەواتە وا باشترە بەدووی نموونە نەرم و پارچە بچووکەکانی نێو فۆلکلۆر و شیعر و سۆسیۆلۆژیا و ئاین بگەڕێین و بیکەینە سەرچاوەیەک بۆ ئەم جۆرە لێکدانەوانە.
دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە لای ئەحمەدی خانی هەندێ لە ڕاستییەکانی بیری فەلسەفی لە داستانە شیعری "مەم و زین"دا دۆزیوەتەوە، کە لێکدانەوەیەکی وردی ئەو لێکۆڵینەوانەن و دەشکرێ وەچەکانی لێکۆڵەرەوەی فەلسەفی داهاتووش بیکەنە سەرچاوەی دۆزینەوەی شەتەحاتی فەلسەفی لە نێو بونیادی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردا، بەهەر حاڵ ئەمە باسی ئێمە نییە، لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بە دورو درێژی ئاماژە بەو خاڵە گرنگە دەکەین.



## کورتەیەک لەمەڕ ڕەوشت

وەک بابەتێکی سویسیۆلۆژی( کۆمەڵناسی) مامەڵە لەگەڵ ڕەوشتدا کراوە، لەواقیعدا لە کۆمەڵگاوە بیری ڕەوشت هاتوەتە نێو لێکدانەوە فەلسەفییەکانەوە، ئەم چەمکە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی بە مەبەستی ورووژاندن و تاوتوێکردنی هەڵسوکەوت و ئاکار و سیستەمی کۆمەڵایەتی، خراوەتە نێو باس و لێکۆڵینەوەکانەوە، هەروەها بەدەوری مەسەلەکانی چاکەو خراپە ، ڕاست و درۆ ، دروست و نادروست ، باوو ناباو ، سەیرو ناسەیر، ئاسایی و نائاسایی ، ملکەچی و یاخیبوون ، ڕیتم و ناریتم ، زۆرایەتی و کەمایەتیدا ....هتد چەقی بەستووە ، ڕەوشت هەوڵێک بووە بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە مومارەسەکراون، ئەو شتانەی ڕێگاپێنەدرا و ڕێگاپێدراو بوون ، ئەو کردەوانەی سیستەمی ژیانیان دەستنیشان کردوە و ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات و کۆتکردنی کۆمەڵگاو سنووورردار کردنی هەڵسوکەوتی تاک و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

مرۆڤی بێ ڕەوشت هەمیشە بەو کەسانە گوتراوە کە نەیانتوانیوە ڕێچکەی خۆیان بدۆزنەوە و نەیانتوانیوە لەو یاسایانە بگەن کە کۆمەڵگا بە پێویستی زانیوەو بۆ ڕێکخستنی ژیان، بۆیە ئەو کاتەی کە وشەی ڕەوشت هاتووەتە نێو خودی تاک و کۆمەڵەوە بووەتە پێویستی، پێویستی وەک هەموو پێویستیەکانی تری ژیان لە بابەتی هەواوو نان و ئاو.

مرۆڤی هەر سەردەمەو تێگەیشتنی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی ڕەوشت، من پێم وایە وشەی ڕەوشت کۆنترین وشەیەکە توانیوێتی ئامادەیی هەبێت لەگەڵ خودی مرۆڤدا، ڕەوشت وا پێناسەکراوە کە شێوەیەکە لەو هەڵسوکەوتەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و لە دەرەوە فەرز دەکرێت بەسەریدا و لە دەرەوی دەسەڵاتی خۆی ئامادەیی هەیە، بۆیە مێژووی ئەم چەمکە لەوە کۆنترە کە هەندێ لە سەرچاوەکان دەری دەخەن و دەیخەنە ڕوو، ئەگەر بوونیشی وەک شێوەیەکی ڕێکخراو و تیۆریزەکراو نەبووبێت، ئەوا لە شێوەی هەڵسوکەوتی تاکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

سەرەتای پەیدابوونی ڕەوشت لای مرۆڤ سەرەتای مومارەسەکردنی شێوە هەڵسوکەوتێک بووە، هەر ئەو هەڵسوکەوت و بیرو بۆچوونانەش پاشان بۆ یاساو ڕێساو ڕێورەسم گۆڕاون و بوون بە خو و ڕەوشتێکی گشتیانە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئەو دەرگایانەی بەرووی بۆچوونە تەسکەکاندا داخست کە دەیگوت مرۆڤ بەشێکە لە قەدەری کەون و بڕیارەکانی کەون.

بۆیە ئەگەر بچینە نێو وردەکارییەکانی بیری ڕەوشتی دێرینەوە ئەوە دەمانبا بۆ وردەکارییەکانی کاری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و

تەنانەت پەروەردەیش، بەڵام هەوڵ دەدەین هەندێ لە وردەکاریەمانی ئەم مەسەلەیە لە نێو شیعردا ڕوون بکەینەوە، ئەو شیعرانەی کە بەزۆری سەر بە سەردەمەکانی پەیدابوونی ئاینی ئیسلامن، بۆیە پێش هەموو شتێک لەبەردەم مانای ئەم وشەیە لەنێو ئاین و بڕوا ئیسلامییەکاندا دەوەستین.

ڕەوشت یان ئیتیک زاراوەیەکە بەشداری لە بونیادی مرۆڤ ئەکات وەک بوون و پێکهاتەو مەزنی ، بەشداری لە جیاکردنەوەشی ئەکات ، هەر خودی ڕەوشت ئەو بەشەو چەمکەیە کە مرۆڤ لە یەکتری و سەرچاوەکان لە یەکتری جیا ئەکاتەوە ، هەر ئەو سیستەمەیە کە وا ئەکات مرۆڤ مامەڵەی تایبەتی خۆی هەبێت لەگەڵ بەهاو پرنسیبەکان، وای لێ دەکات بەشێک لە پێکهاتەکانی بوون بێت.

ڕەوشت زاراوەیەکە کەم تا زۆر لە مێژوودا بەوردی و فراوانی بەکارهاتووە، وشەیەکە کەم تا زۆر بەشداری لە هەموو شێوە پێکەوە ژیانێک کردووە، ڕەوشت فێربوون و خووپێوە گرتن و ڕاهاتنە، ڕەوشت وەرگرتن و فێربوون و سڕینەوە و کۆپیکردنە، کەواتە لە هەموو بەشێکی ژیاندا ئەم شتە ئامادەیە و ناتوانرێ وا بەئاسانی جیابکرێتەوە.

نیتشە دەڵێ (( تاوان و بەدویژدانی شێوەیەکە لە ڕەوشتی دڕندانە، شێوەیەکە لەسەرنگونکردنی سروشتی هەموو گیاندارێک، کە مرۆڤیش یەکێکە لەو گیاندارانەیە، کەچی "ئەفلاتوونیش دەڵێ، چێژ بۆ مرۆڤەکان باڵاترین چاکە نییە، ئەگەر ئێوە وەک باڵاترین چاکە و وەک مەبەستێکی ڕەوشتخوازانە بڕواننە چێژ، ئەمە دەبێتە هۆی تەفروتونا کردنتان"

بۆیە ئامانجەکانی ڕەوشت بریتی نییە لە بەجێهێشتی سروشتی من و خۆپەرستی بە ئەندازەی ئەوەی بریتییە لە ڕازیکردنی سروشتی مرۆڤ، ڕەوشتی مرۆڤ بە پێی لێکدانەوەی ئەفلاتوون ڕێک لە مۆسیقا دەچێ بەرزترین و ناوەندیترین و نزمترین نۆتای هەیە، واتە ڕێک لە مۆسیقا دەچێ، واتە گەر مۆسیقارێکی چاک نەبێت کەس نییە هاوئاهەنگیی ئەو نۆتا مۆسیقییە وێنا بکات.

وەک بینیمان ئەفلاتوون پشتگیری چاکەی ڕەهایە بۆ مرۆڤ، ئەو چاکە ڕەهایەش ، ڕەها و ئەبەدی و نەگۆڕە، ناسانخوازی و عەقڵانییە. هەروەک لێکدانەوەیەک هەیە لە نێوان زۆربەی فەیلەسووفەکان لەسەر پایگەی عەقڵ و حەز، هەندێک عەقڵ دەکەنە سەرچاوە و هەندێک حەز و ئارەزووەکان، ئەفلاتوون جەختی دەکردە سەر عەقڵ، بەڵام کەسێکی وەک هیوم پێی وایە کە عەقڵ کۆیلەی حەز و ئارەزووەکانە، کاتێ کە عەقڵ دەبێ بە کۆیلەی شتێک کەواتە دەبێ پەیڕەوی داواکانی ئەو بکات.

لای هیگڵ سەرچاوەی بیری ڕەوشت ڕۆحە، کەواتە هەموو شتێک پەیوەستە بەڕۆحەوە، بۆیە زۆر گشتگیرانە دەڕوانێتە پەیوەندییە مەزنەکانی نێوان کۆمەڵگا و ئاین و سیاسەت و کاریگەری و ڕۆڵیان لەبیری ئاینیدا. سەرچاوەی لێکدانەوەی بیری ڕەوشت لای هیگڵ بریتین لە ئۆرگانیزمگەری و میللەت، ئەو پێی وایە کە ڕەوشت ڕەوشتی گشتی و ئاین تەواوی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوشتی کۆمەڵگای تایبەتە، (( مرۆڤ هەرچییەکە، قەرزاری وڵاتە، تەنها لە نێو وڵاتدا دەتوانێ گەوهەری خۆی بدۆزێتەوە)) ، بەهەرحاڵ مێژووی فەلسەفی ڕەوشت لای سارتەریش تێگەیشتنی خۆی بۆ ژیان لێکدانەوە گشتییەکانی ژیان هەبوو.

١.خۆهەڵخەڵەتاندن و ناڕاستی و بێگانەیی و هەڵهاتن کۆمەڵێ زاراوەی تایبەت بوون بە شەرح و لێکدانەوەی بۆچوونەکانی ئەو سەردەمە، سارتەر لە وتەیەک دەربارەی بوونی ڕەوشت ئەوە لێک دەداتەوە کە مەرگی خوا سەرچاوەیەکە بۆ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەک بۆ بنەما ڕەوشتییەکان نەمێنێ، کە خوا نەما تەنیا مرۆڤ دەمێنێ، مرۆڤیش ئەوەندە دڕەندەییە ڕاستییەکان دەشێوێنێ(( " لەوێدا کە خوا نییە"ئەو" ناتوانێ بنەمایەک بێت بۆ ژیانی ڕەوشتیمان ، سارتەر دەستبەجێ ئەو بۆچوونە تەکێنەرەی داستۆڤسکی نووسەری ڕووسی بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێ:" ئەگەر خوا نەبێ، هەموو شتێک ڕێگا پێدراوە")) کەواتە بیری ڕەوشتی فەلسەفی بە پێی سەردەمەکان گۆڕانکاری مەزنی بەخۆوە بینیووە، هەر لە سەردەمە تاڵەکانییەوە تا ئەو سەردەمی ئەمڕۆ، بیری ڕەوشت ئێستا لەو جوغزەی خۆی دەرچووە، کە تەنیا لێکدانەوەیەکی وشک و بڕینگی فەلسەفی ڕووت و پەتی بێت، بگرە ئێستا ڕەوشت دەچێتە ناخی باسەکانی سیاسەت و جوگرافیا و دەرمانسازی و جەنگ و ژینگە و بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوە لابوورییەکان و هەڵکۆڵینی زەوی و بیناسازی و گەمەکردن بە بوونەوەرە زیندووەکان و بەرهەمهێنانە ترسناکەکانی چەک و جەنگ و تەنانەت مامەڵەکردن لە کارە فیکرییەکانیشدا.

## شیعر و چەمکەکانی ڕەوشت

لە نێو شیعردا دەبێ چەمکەکانی ڕەوشت چی بن، دەبێ ئەو چەمکانە چی بن کەوا دەکەن پەیوەندییەک بەرپابێت و زۆربەی ڕووداوەکان تێکەڵ بە یەکتری بن و ببنە سەرچاوەیەک بۆ ئەو پێوەندییە سایکۆلۆژییە پەیوەندیخوازانەی مرۆڤ و بیرکردنەوە و هەست و دەربڕینەکانی.

دیارە مێژووی سەرهەڵدانی بیری ڕەوشتی شیعری پەیوەستە بە ڕوانین بۆ شێوەکانی ڕەوشت لەنێو شیعردا سەرهەڵدانی شیعری کوردی بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان دەگەڕێتەوە هەتا سەرەتای سەرهەڵدانییان بەتەواوی نەزانین ناشزانین ئەم سیفەتە کەی سەری هەڵداوە، هەروەها هەتا ئەم بیرە نەبێتە سەرچاوە ناتوانین شێوەکانی بیری ڕەوشت لەنێو کوردا دەستنیشان بکەین، هەروەها پێویستمانە کە بزانین شێوەکانی ئاینی کەی سەری هەڵداوە واتە ئاینەکانی پێش ئیسلام

لای کورد پاشان ڕەوشتی ئەمارەتەکانمان هەبووە، پاشان ڕەوشتی گوند و پەیوەندی فیودالیزمی تا دەگاتە پەیوەندی تەکیە و شێخ و مورید و پاشان کاریگەرییەکانی هەموو ئەمانە بەسەر شیعرەوە، بەڵام ئەمە بۆ باسێکی تر هەڵدەگرین.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە شیعرە، شیعری کلاسیکی کوردی دوو شێوە سەرچاوەی ڕەوشتی هەبووە ئاینی و کۆمەڵایەتی، بەڵام هەندێ جار و لای هەندێ شاعیر بیری فەلسەفی خزاوەتە نێو شیعرە وە و ڕەوشتیش وەک چەمکێکی فەلسەفی هاتووەتە بەکارهێنان. ڕوونبوونەوەی ئەمەش لەو ڕاستییەدا دەردەکەوێ کە ڕەوشتی نێو شیعری کوردی لای هەندێ شاعیر گەیشتووەتە لووتکە و لای هەندێکی تر گەیشتووەتە حاڵەتێکی قووڵی فەلسەفی و لای زۆربەیان لە ڕووە ڕووکەشییە کۆمەڵایەتییەکەیدا ماوەتەوە.

دیارە ڕەوشتەکانی نێو شیعر دەبن بە دوو بەشەوە ئەو ڕەوشتانەی پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەروەها ئەو ڕەوشتانەی پەیوەست دەبن بە مامەڵەی نێوان وشە و دەربڕینەکان و ئازار گەیاندن و هێور کردنەوە، بۆیە ئەو وشانە و ئەو بریندارکردن و ساڕێژییە گرنگ نییە هی چ زەمەنێکن و لە چ سەردەمێکدا هەبوون، هەندێ ڕەوشتی دیکە هەیە، لە دەرەوەی کۆمەڵگاوە لە ڕێگای ئاینەکانەوە هاتوونەتە نێو ژیان و بیرو لێکدانەوەی شیعرەوە، هەر بۆ نموونە ئادابی خەڵوەت و نوێژ و بروا و فەرزەکان و زیارەت و پیرۆزی و تەهارەت و دەستنوێژ و ڕەفتارە ئاینییەکانی زیکر و خەشیەت و تەقوا و...... تاد

بەڵام ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆر لەشیعری کلاسیکی و پاش کلاسیکیش هاتوونەتە دەرێ، بریتین لە سیفەتەکانی ئادابی حزور، ڕێز و کڕنووش و جیلوە و شەرم و ناز و دوان و بێدەنگی و بەرزکردنەوەی دەنگ و ...

وەک مەحوی دەڵێ:

**کەم بوو وەک ئەو دەمە، سیدق ئەم دەمە هەم کەم بوە قات**
**فەرەحی نەدا بەدوابێ، غەم و هەم و هەم بوە قات**
**مەسەلی عەهد و وەفا وەک مەسەلی عەنقایە**
**پیاوەتی باسی لەکن کەس مەکە ، ئادەم بوە قات**
**لە هەموو جێ لە چ کەس بێنی مرووەت نایێ**
**کەرەم و سیدق و وەفا ئێستە لە عالەم بوە قات**

بیری ڕەوشت لە پێش مەحویش لای ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و شاعیرە فۆلکلۆرییەکانی تریش ناوی هاتووە، واتە ئەم شاعیرانە کەم تا زۆر سوودیان لەو توانا شیعرییە وەرگرتووە، کەببنە بەشێک لە ناڕەزایی ئەو عەهدو زروفە، ناڕەزایی دژ بە مرۆڤ ، سروشت و هەندێک جاریش دژ بە خوا، ئەمە بۆ خۆی هەوڵێک بووە، بۆ شکایەت کردن لەو بارو دۆخە ئاڵۆزەی ژیانی ئەو سەردەمە:

نالی دەڵێ:

**سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس**
**خاسیەتی ڕەققی هەیە نەرمی زوبانی لووس**

لە شیعرێکی دیکەدا نالی دەڵێ:

**هەرکەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی**
**خود پەسەندیی بێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا**

ئەمەو دەیان نموونەی دیکەی مامەڵەکردن لەگەڵ بیری ڕەوشت بەو شێوەی کە جێگای سەرنج و لێکدانەوە بێت، شاعیرانی ئێمە لە زاراوەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتییدا دەوڵەمەند ترن لە زاراوەی فەلسەفی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەوانە زیاتر سەرقاڵی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بوون، تا ڕەوشتە فەلسەفییەکان، یەکێک لەو شاعیرانەی کە تۆزێ زیاتر مەسەلە فەلسەفییەکانی لە شیعردا وروژاندبێ، مەحوی بووە.

وشەکانی "فەزڵ" و" ساحیب فەزڵ "و" جەبر "و" شەکوە "و" بێ بار "و" سینەی چاک "و" بەندەو عەبد "و" سەبر "و" حەیا "و" خەبیس "و" جەور "و" جەفا "و" و"دەنائەت "و" حەق "و"خولق"و" و"خالق"و" لەزەت " و" تامی ژیان" و"تامی جوانی " دەیان وشەی دیکەی لەم بابەتە.

ئەگەر لاپەڕەی شیعری کلاسیکی هەڵدەینەوە، دەیان و سەدان ڕستەو ناوەڕۆکی ئا لەم شێوە دەبینین لەبارەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، دەیان لێکدانەوە و وشە و ڕستەو تەرحی جوان جوان دەبینین لەبارەی شێوەکانی ئێتیک، یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی ئێتیک لە شیعری کوردی ئادابی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە، کە ئەمە بۆ خۆی بووەتە هۆی لەدایکبوونی دەیان شێوە شیعر و دەیان شێوەی هەمەچەشنە لەمەڕ بیرکردنەوە پێش ئەنجامدانی هەر کارێ، زۆر لە شیعرە کلاسیکیەکان وەک چەمکێکی وەزیفی مامەڵەیان لەگەڵ ئێتیکدا کردووە، ، واتە ئەرکی پێ بەخشراوە، بۆ نموونە لە ڕێگای شیعرەوە ڕۆڵی چاککەرەوەی کۆمەڵایەتییان بینیووە، لە ڕێگای شیعرەوە تەمبیە و نەسیحەتیان پێشکەش بە گوێگرانی خۆیان کردووە، ئەگەر ئێمە سەرتاپای وشەکانی نێو هەندێ شیعر بگەڕێن دەبینین ڕێک لە باوکێک ئەچێ و ڕێگا نیشانی کوڕەکانی دەدا، واتە ڕۆڵی برای گەورە دەبینێ.

بیری ڕەوشت لە نێو شیعری کلاسیکی کوردی سەرچاوەکەی ڕەوشتی ئاینی و فەلسەفییە، بەڵام ئاینەکە لە زۆربەی بواردا زاڵترە لە بواری فەلسەفی بەو حوکمەی ئاین باڵادەستتر بووەو شاعیرەکانیش، یان مەلا بوون یان لەحوجرە و تەکیەکانا فێری زانست و زمانەوانی و هونەری شیعر بوون، پاشان ئاین وای لە

زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە کردبوو کە رۆشنبیری شیعریان بەهێز بکەن و کەم تا زۆر بتوانن ئاوڕێک لە سیحری بوون و نەبوون بدەنەوە، پاشان زانینی زمان و سەفەرکردن بۆ دەرەوەی سنووری ناوچەکانی خۆیان، سەفەرکردن بۆ مەودا جیاجیاکانی ژیان وای کردووە کە شارەزایی برێک لە دەستەواژە فەلسەفییەکان بن، ئەوان شارەزای سەعدی و حافیز و موتەنەبی و ئەبوعەلای مەعری و ئیمامی عەلی و بیری نەقشبەندی و قادری هەبووبن، هەر شارەزای ئیبن خەلەکان و ئیبن خەلدون و ئەفلاتوون و ئیبن روشدیش بوون، بۆیە لەرێگەی ئەوانەوە تێگەیشتنیان هەبووە بۆ ئەو دەستەواژە فەلسەفیانەی کە پەیوەست بوون بە فەلسەفە، وەک دەستەواژەکانی بوون و نەبوون و ئومێد و نائومێدی و بیر و خود و هەست و عەقڵ و ماتەریالیزم و ئایدیالیزم.

بیری رەوشت لەنێو ئاینی ئیسلامدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە، ئەو بیرە ویستویەتی گۆڕانکارییەک لە بنەما کۆمەڵایەتی و بوونگەرایییەکانی مرۆڤدا بەدی بێنێ، واتە ویستوویەتی کۆمەڵگا بگۆڕی، گۆڕینی کۆمەڵگاش لە گۆڕینی رەوشت و رێکوپێککردنی رەوشتەوە روو دەدات، دەکرێ کۆمەڵگایەکی دوور لە بەهاکانی رەوشت دووبارە هەندێ بەهای تایبەتی تێئاخێنرێ، ئەگەر ئەمە مەبەست بێت، ئاینەکان کە هاتوون مەبەستییان بووە خوی مرۆڤ لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر بگۆڕن زۆربەی ئاینەکان رەوشتێکی پێش خۆیان رەت کردۆتەوە، ئیسلامیش وەک بیرێکی نوێ لە دورگەی عەرەبی ویستی دووبارە لە شێوە ژیانێکی رێکوپێکتردا رێک بخات، کەواتە عاقلبوونی ئەو کۆمەڵگا مانای گۆڕینی رەوشتەکانییان بووە، زۆربەی ئەو رەوشتانە بریتی بووە لە گۆڕینی چەوتییەکان بۆ راستە رەوشت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵی رەوشت بەرگری و رێگری خرایە بەر کە جۆرێک ناهاوسەنگی و گرفتی دروست کرد.

لە کتێبی رەوشت لە شەش ئاینی جیهاندا نووسەرەکانی باس لە بیری رەوشت دەکەن لە ئاینە دێرینەکانی جیهان وەک بودیزم و هیندویزم و سیکیزم و جولەکە و مەسیحی و ئیسلام، لە بارەی بیری رەوشت لە ئاینی ئیسلام دا دەنووسێ کە ئاینی ئیسلام بیری رەوشتی بەچەند لایەنێکدا دابەش کردووە، رەوشتەچاکەکان و خراپەکان، هەرچەندە خۆی قورئان رێسا سەرەکیی و بونیادییەکانی ژیانی ئاینی و رەوشتی ئاینی لەم چوار شتەدا دەبینێ: خواپەرستی ، رۆژ و زەکات وحەج.

رەوشتە باشەکانی بیری ئیسلامی دەبنە هۆی سەقامگیری و برەودان و پێشکەوتن. رەوشتە خراپەکان دەبنە هۆی ناجێگیری و دواکەوتن و وەدواخستن.

هەر بۆیە خواش بۆ ئەم مەبەستە جەختی کردووەتە سەر ئەوەی کە موسڵمان دەبێ سەرقاڵی جێبەجێکردنی بیری رەوشتی چاکە بێت و بەرپرسیاری ئاینیش لەوەدایە ئەوەیە کە بتوانی شتە باشەکان جێبەجێ بکات و دوورکەویتەوە لە رەوشتە خراپەکان.

رەوشتە باشەکانی بیری ئیسلامی بریتین لە: بڕوا، خواپەرستی، دادپەروەری، وەفاداری، متمانەپێکردن،حیکمەت، رەحمەت، ئازایەتی، تۆبە، شوکر، پاکی و بێگەردی، خۆپەرستی، تکاکاری، ترس و سەبر.

لایەنە خراپەکانی رەوشت لەبیری ئیسلامیدا بریتین لە: دووڕوویی، قسەهەڵبەستن، چڵێسی، شەواڵ پیسی، غەیبەت کردن، تووڕەیی، قین هەڵگرتن، چاوچنۆکی، رەزیلی، دنیا خۆشویستن، حەز بە پلەوپایە کردن، لووتبەرزی.

## جێبەجێکردنی ئامانجەکان

پاش ئەم کورتە باسە دەربارەی بیری رەوشت لە ئاینی ئیسلام پێویستە ئێستا بێینە سەر جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی کە مەبەستمانە ئەویش وردبوونەوەیەکە لە هەندێک نموونەی بیری رەشت لای شاعیری کلاسیکی کە ئەویش شێخ رەزایە.

سەرەتا بە شێخ رەزا دەست پێ دەکەم، چونکە لای ئەم شاعیرە بە زۆری رەوشتە ئاینی و فەلسەفییەکان بەدی دەکرێ، ئەو وشانەی کە بە زۆری لای شێخدا دابەش دەبن بەسەر دوو شێوە رەوشتدا، رەوشتی هەجوو، کە ئەمەش دەچێتە خانەی خراپەکارییەوە، واتە رەوشتی دژبەباشە وەک بەکارهێنانی وشە سێکسییەکان، بەڵام لە قاڵبێکی نائیستاتیکی وەک جوێن و سووکایەتی پێکردن و دەربڕینی کەمبینانە بەرامبەر بەکەسی خراپ، خۆ هەر خۆی بەکارهێنانی وشە سێکسیەکان لای شێخ رەزا بەرەوشتی جوانە دەشکێتەوە، واتە ئیستاتیکیبا و جوانکاری مومارەسە دەکا لە وەسف و تەعبیرە جوانکارییەکاندا، ئەو شیعرە پۆرنۆ و ئیرۆتیکییانەی شێخ رەزا کە تەعبیر لە رەوشتی خراپە دەکەن ئەو شیعرانەن کە بۆ شوکری فەزلی و شێخ عەلی و لە قەسیدەکانی "دەستێکی هەیە" و"هەجوی قازی کۆیە"و" هەجوی کاکەیی"و "کچی حەسەن کە نۆشەن" و "لە وەختی زەرفێندا" و "هەجوی شێخ غەفوری مامی" و "هەجوی حەمەی وەستا فەتاح" و چەندان شیعری دیکە.

بەڵام ئەوانەی کە تەعبیر لە رەوشتی چاکە دەکەن ئەو شیعرانەن کە بۆ کەسانێک، یان رووداوێکی نووسیووە، بەڵام لە قاڵبی وەسف و پیاهەڵدان و وەسفکردن بە کەسێکی نمەکدار و نەجیب و دەست ودەم چاک و نەجیب و بەرەحم و ....هتد. دەتوانین ئەم سیفەتانە لە شیعرەکانی"نیمە بۆ تەسویری"و"لە شینی قادری وەستا خدرا"و"دەردی حەبیب"و"سەروو نەی".

دەبێ ئەوەش بگوترێ شێخ رەزا چەندین نموونەی ئیستاتیکیای جوانییەکانی لەشی مرۆڤ دەخاتە روو، هەرچەندە ئەو مەبەستی دەربڕینی سێکسی بێت، بەڵام هەستێکی جوانکارانەی ئیستاتیکیانەی هەبووە لە نەخشاندن و وێنەکردنی مرۆڤ و نێر و

مێ،وەک لە شیعرەکانی"کوڕێکی بولغار"و"هەتیوێکی سنەیی"دا دەبینرێ.

توانا شیعرییەکانی ئەم شاعیرە لە زۆربەی ئەو شیعرانەی کە وشەی رەوشتی خراپەی داناوە دەتوانین پۆلینی ئەم وشانە بکەین کە بەکاری هێناون ئەو وشانەی کە تایبەتن بە وەسفکردنی لایەنە رەوشتییەکانی خوویی خراپی مرۆڤ و رەفتاری مرۆڤ، ئەگەر بڕوانینە ئەم وشانە ئەمانە ئەو شانەن کە شاعیر بەزۆری بەکاریهێناون:

بێ پێزی لە شیعری (نیمە بۆ تەسویری)، نەجاسەت ( پێنج خشتەکیەکی رەزا لەسەر غەزەلێکی حافز بۆ هەجوی مەلا مەعروفی بیدایەت)،بێ قەول و بێ گوفتار و بێ ئەتوار(هەجوی کاکەیی)، تەبعی خراپ(ستایشی شێخ ستار)، بێ مروەت و بێ ئینساف و حەرامزادە ( ئەم دەغڵە لا ١١٦)، ئەهلی قەناعەت (گەر جارێکی تر بچمەوە کەرکووک لا ١١٧)، پابەندنەبوون بە خەلایق (جارێکی تر بچمەوە کەرکووک لا ١١٧)، بێ خێر(کەڵەشێری نەقیب لا ١٢٨)، دزە(کەڵیەشێری نەقیب لا١٢٨)، فیتنەی ئاناتە (کاکەجاف کوڕی کەریم ئاغا لا ١٣٠)، بێ وەفایی ( ئەم سادە رووخانە لا ١٤٢)، حەسوود (مرادئاغای ئاکۆ لا١٤٣)، زاڵم و دڵشکێن و دۆست کوژ و خەسم نەواز ( دلبەرانی کۆیسنجەق لا ١٤٩)، نەک هەر ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لەو شیعرانەی کە شێخ رەزا نووسیونی ئاماژەن بە پەیوەندییەکانی نێوان بیری رەوشتی کۆمەڵایەتی و ژیان، وەک دەزانین کە بیری رەوشتی کۆمەڵایەتی رەگەکەی بۆ پێوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کورد دەگەڕێتەوە، ئەم پێوەندییە بە چەند قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕیووە، هەر لە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ پێکەوە تا گۆڕانکارییە چینایەتییەکان و سەرهەڵدانی بیری فیودالیزمی ( خێڵەکی ) و گەیشتن بە پەیدابوونی ئاینی ئیسلامی پاشان تێکەڵبوونی بیری فیودالیزمی بە ئاین، کە ئەمەش بۆ خۆی شتێکی بەخشی بەو قۆناغەی کە تێیدا پێوەندییەکان ئاوێتە بوون هەر لە پێیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا تێکەڵیبوونی ئەو رەوشتانە بە شیعر و رۆشنبیری ئەو سەردەمە.

لای شێخ رەزا کاریگەری رەوشتی ئاینی و خێڵەکی و فەلسەفی دەبینین، وەک ئاماژەمان کرد رەوشتی کۆمەڵایەتی ئاینی رەوشتێکی خێڵەکیانەی بەسەرەوەیە بەتایبەت ئەو بەرگرییە توندەی کە دژ بە عەشیرەتی کاکەیی و بەرزنجە و دژ بە خێڵ و عەشیرەتەکانی تر دەینواند، هەروەها بەکارهێنانی بیری گاڵتەجاڕطی دژ بە خێڵەکان و دژ بە عەشیرەتەکانی دیکەی غەیری تاڵەبانی و بەرزنجی، ئەویش لایەکیان ئاینییەو لایەکەی تر خێڵەکییە.

شێخ رەزا هەرچەندە گەورەبووی پەروەردەیەکی ئاینی بوو، بەڵام بە حوکمی ناوچەگەری و پابەندبوونی سەرەتایی بە بیروباوەڕی فیودالیزمی لە بابەتی خزمایەتی و پێیوەندییەکانی عەشیرەت، جار جار کەوتووەتە نێو ئەو ململانێ خێڵەکییەوە، هەروەکو لە شیعرەکانی هەجوی عەشیرەتەکان و وەسفکردنی عەشیرەتی تاڵەبانی و بەرزنجیدا دەبینین، بیر و مەودایی روانینیشی ئازاد نەبووە، بیری ئازادی ئاینی و کۆمەڵایەتی لای ئەو نەبووەتە شێوەیەک کە لە شیعرەکانییدا ببینین.

هەروەها هەوڵێ داوە لە هەندێ جێگادا نموونەو نەوازشی نەتەوایەتی بەکاربێنێ ، وەک فەزڵکردنی کەسێکی کورد بەسەر عەرەب و تورک و عەجەم، بەڵام نەیتوانییوە، پەرە بەم سیفەتە بدا، شێخ رەزا یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کەنەیتوانییوە کامڵی تەواو لە هەموو بوار و شێوە شیعرێکدا پەرە پێ بدات، لە هەجووا نەبێ کە پلەی نایابی وەرگرتووە و لەهەندێ وەسف و غەزەلەکانییدا وەستا بووە، هەرچەندە زمان و رەفتاری وەک ئاسمان و رێسمان دوور بوون لەیەک، بەڵام بروسکەو لێکدانەوەکانی سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ هەموو ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ هێرش بردن بەکاری هێناون، لە هەجویشدا لایەنە رەخنەییی و ئیرۆتیکییەکەی زاڵە تا لایەنە ئیستاتیکییەکەی، لایەنە ئیرۆسیەکەی پەرەدان بووە بە هەجووی سێکسوالیتی، واتە رووتخوازی، ئەمە هۆکاری خۆی هەبووە، رەزا بەوە رازی نەبووە، رەمزێکی هەوەسبازی و زەڕێکی بێ تریسکە و زمانێکی کول و کوژاوە بێت، هەموو بەحر و دوڕو مەرجانەکانی بە پەنجە تاقیکردووەتەوە، هەجوو سەرچاوەیەک بووە، بۆ شۆخیبازی و تەرەف و هەناسە هەڵکێشانێکی کۆمەڵایەتی و بازاڕ گەرمکردن، بەڵام شیعر نەبووەتە سەرچاوەیەک بۆ هەجووی هەجوو، بەڵکو بووە بە هەجووی ژیان و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ.

**رەوشتی فەلسەفی**

رەوشتی فەلسەفی لای شێخ رەزا شێوەکی دوو لایەنەی وەرگرتووە، رەوشتی فەلسەفی بەدەوری دوو چەمکی سەرەکییدا دەسوڕێتەوە، باشە و خراپە – هەروەها جوانی و دزێوی – راستی و ناڕاستی.

لەلای هینری بیرجستۆن بیری باشە و خراپە بە کۆڵەکەی پشتی رەوشتی فەلسەفی دادەنرێ، باشە ئەم شتانە دەگرێتەوە، بیری باش و هەستی باش و هزری باش و هەڵسوکەوتی باش، بەرامبەر بەمەش بیری خراپ و هەستی خراپ و هزری خراپ هەیە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد بڕێکی زۆر لە هەوڵەکانی شێخ رەزا سووڕانەوەیە بەدەوری ئەم چەمکانە، واتە چەمکی باشە و خراپە، شتە خراپ و شتە چاکەکان.

نیتشە دەڵێ: "بۆچوونی چاک هەموو ئەو شتانەیە کە هەمیشە سوودمەندی خۆی سەلماندبێت و لەم رێڕەوەوە توانیبێتی خۆی لە"باڵاترین پلەی پڕ بەهایی"دا واتە"پڕ بەها لە جەوهەری خۆیدا" بنوێنێت". باشە و خراپە لەم وشانەدا بەرجەستە دەبن، واتە

ڕەوشتی فەلسەفییانەی باش لای شیخ ڕەزا بریتین لە " بەسەفا و نەجیب و شەئن و رعایە و حیلم و تەبعی چاک وفەیاز و چاکەو وسوق و تەمام.... خراپە فەلسەفییەکانیش بریتین لە جاد و نەفسی قاتل و زاهیری و باتینی ڕەش، خووی چەقەڵ، بڕوانە ئەم دێڕە کە لێرەدا ئەوپەڕی بیری فەلسەفیانە لای شێخ ڕەزا دەردەکەوێ

بـڕوانە ڕەونەقی بازاڕی عەقڵ و دانیش و وردی
بە پوولـێ نایکڕن لـــەم عەسرەدا عیلمی ئەدەبی وەردی

هەر بۆ نموونە جارێک غەدری لێ دەکرێ و جارێک غەدر کەرە لە شیعری"بۆ توتنەکەی حاجی ئەسعەد ئاغا" وێنەیەکی گلەیی ئامێز دەبینین لەبەرامبەر بێ وەعدی و بەدرەفتاری کەسێک کە چاوەڕوانی لێ دەکرا شتێکی بۆ بنێرێ، بەڵام دواجار گشت وەعدەکەی لێ دەکاتەوە بە درۆ:

نەمزانی فەلەک گۆبەنی هەر بۆمنە یا خوو
سەد دەستی وەکوو دەستی منی کردووە بە زاخا
یا ڕەب گوزەرانکا بە سەفا وەختی ئەزیزت
پەیوەستە لە دەوری چەمەن و گەردشی باخا
بۆچوونە تەوافی حەرەمی شاهیدی مەقسوود
عالەم هەموو مەئزوونە (ڕەزا) هەر لە پەساخا

هەر لەم قەسیدەیەش ئەو ڕاستییە دەبینین کە شاعیری ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو توانا و نهێنییەی کە هەیەتی کەم تا زۆر هەوڵی ئەوە دەدا ڕەخنە لە خۆشی بگرێ:

ڕەزاش لەو نەسلەیە، بیبەخشە یا ڕەب چونکە قەت نابێ
گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگری بێ دووڈ

هەر لە هەمان شیعری "دولبەری بێ وەفا" بەکارهێنانی کۆمەڵێ ڕەوشتی ناچاکەی فەلسەفییانە، واتە خراپەکاری وەک کاری دزێوی پامالبوونی جەفا و بوون بە ڕەقیب و تەڵەبکردنی ئاوی بەقا و لێ مەنعکردنی، هەموو ئەمانە وا لە شێخ دەکەن، تەنیا بە وردە وەڵامێکی هێمنانەی جوان و دوور لە هیچ خراپەکارییەکەوە بڵێ:

لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابووکە ئێمە
پامالّی جەفابین و ڕەقیب سەیر و سەفاکا

دیارە ئەم شێوە بێدەنگییەی شێخ ڕەزایەکی دەم شڕ و زمان دڕ بەرامبەر ئەو هەموو دەست درێژی و غەدری هاوڕێ و خزم و عەشق مانای خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانەی ژیانە، مانای تێگەیشتنە لەوەی کە کەسانی خراپ دەبێ بۆیە خراپ بن، لەبەر ئەوەی نهێنییەکانی باشەیان نەدۆزیوتەوە، بۆیە خراپی دەکەن لەبەر ئەوەی جوانییەکان ناناسن.

خراپەکاری بە وشەی مەوزون و دوور لە هەڵچوون و هیچ شێوە یاخیبوونێک دەبێ، بەڵام لە جێگای دیکە شتە ناشیرینەکان بە ناشیرین وەڵام دەدرێنەوە بەکارهێنانی هەجو لای شێخ ڕەزا دوو مانای فەلسەفی هەیە مانایەکیان دروستکردنی شێوەیەک لە خۆشبەختی بۆ مرۆڤ، خۆشبەختی بەمانای دروستکردنی فەزایەکی پەیوەندی لە نێوان بیری ژیان و زیندووبونەوە، زیندوبوونەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان و ئایین، یان وەک فەلسەفە نوێیەکان دەڵێن" دەبێ خۆشبەختی بونیاد بنرێ و بیری لێ بکرێتەوە، ئەمەش موفارەقەیە و شتێکی ئاڵۆزە، دوورە لە هەر شێوە لووت بەرزیی و باڵاییەکەوە..." بۆ نموونە لە بۆ جوانکردن و ناشیرینکردن کە ئەم دووانە دوو زاراوەی بنەڕەتی ڕەوشتی فەلسەفین، چەند دیمەنێک دەبینین لە دووبارە کردنەوەی موفارەقە سەیرەکانی نێوان کاری جوان و ناشیرین، بڕوانە ئەم شیعرەی:



سەروو، نەی
سەروو، نەی چین کە لەگەڵی قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەککەری خواردووە نەی، سەروو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلێ وەکو نوقتەی دەهەنت نەبوایە
منیش ئینکارم دەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد
لێ دەپارێمەوە ئەی رۆحی رەوانم تو خوا
چییە دەرمانی دلم، پێم دەڵێ لاچۆ دڵە دەرد

هەروەها ئەم شێوە موفارەقەیە لە شیعرەکانی تریش دووبارە دەبنەوە، وەک شیعری "ئەم سادە روخانە" کە شێوەیەکی تێدایە لە نێوان باشە و خراپە، جارێ دۆست و جارێ وەفادار، بەڵام هەندێ جار دوژمنی خوێنخوار، گاهێ دڵ نەرمن و گاهێ سەخت کەلام، ئەمانە کە سادە روخن، بە پێی لێکدانەوەی شێخ رەزا زۆر کەسانی سەختن، ئەمانە هیچ جوانکارییەکی رەوشتی فەلسەفییان تێدانییە. لەبەرئەوەی یەک پارچە خراپەکارین و وەفایان بۆ کەس نییە، دوایین نموونەش بۆ ئەم کەسانە وشەیەکی زۆر فەلسەفی جوانی بەکارهێناوە، وشەی "تەمام" کە دەکاتە تەوا و کەماڵی موتڵەق، ئەمە دوورە لەوان.

ئەم شێوە جوانکارییە لە شیعرە ئیرۆتیکییەکانیشیدا دەبینرێ، دیارە ئەو شیعرانە لەرووی رەوشتی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە لێکدانەوەیەکی زۆر دۆزەخیانەی بۆ دەکرێ، هەندێک بەم شیعرانە کەسایەتی شێخ رەزا دەدەنە پاڵ بەدرەفتاری و بەدئەتواری، بەڵام تیمێکی تریش دەڵێن شێخ تەنیا لە بابی سوعبەت و گاڵتەجارییەوە ئەم شیعرانەی داناوە، خۆ ئەگەر ئیرۆتیکی شتێکی نوێ بووبێ لە شیعری ئەو سەردەمەی کورد خۆ لە ئەدەبی عەرەبی دەیان شاعیر لەسەر مەسەلەکانی سێکس و جوانی لەشی ئافرەتی رووت و لەشی پیاویان نووسیووە، ئەدەبێک لە عەرەبدا هەبووە پێی گوتراوە ئەخلاقیاتی ئیرۆتیکی "رووتخوازی" و "ئەدەبیاتی شەبەقی واتە چێژ و لەزەتی سێکسی، نموونەکانیشی ئەبونەواس و ئەبوحەیانی تەوحیدی و سەعالیبی نەیساپووری وئیبن ئەبی حەجلە و ئیبن عەبد رەبە و دەیان شاعیری دیکە.

شێخ رەزا لە قەسیدەکانی "بۆ کورێکی بولغاری" و "بۆ هەتیوێکی سنەیی" ئەگەر لەلایەک باسکردنی جەستە و رووتی و لایەنە سێکسیەکان بێت، ئەوە لەولاوە باسی ئیستاتیکیای جەستەمان بۆ دەکات، هەموو شتە جوانەکان قابیلی باس کردن و وەسفن ئەگەر جەستەش بێت، خۆ ئەوە خوا خۆی لە قورئاندا چەندین نموونەی وشە تایبەتیەکانی سێکس و پێوەندی سێکسی بەکار هێناوە، "بەڵام ئەوەی پێوەندی بە جەستەوە هەیە لە رێگای پەیوەندی، یان لە میانەی پەیوەندییەوە دەسرێتەوە، لەروانینەکاندا دەردەکەون، بەڵام لە وەک ئامادەبوونێکی دوانەیی و بەهای دژ بەیەک مەزن و گەورە دەبێ و لە دیمەنی پیرۆزیدا ( کە حەرام و حەڵاڵ بە ناوە قورس و گرانەکەی خۆیەوە وەبیر دێتەوە". لە بزووتنەوەی قورئاندا توخمایەتی بە هێزەوە ئامادەیە".

نیکاح و حەیز و کێلان و بەرکەوتن و لێدان و خوێن و غوسڵ و فجور و فسق و نێر و مێ و کۆمەڵێ ناوی دیکە لە قورئان و گوتەکانی پێغەمبەری خوادا هاتوون، بۆیە قورئان ئەم وشانەی بەکارهێناوە، ئەمەش لەرێگەی شیعرە کلاسیکییەکانەوە کاری پێ کراوە، زۆربەی زۆری ئەو کارانەشی کە شاعیرانی وەک "ئەلفولاتوبی " و "ئەبوحەیانی تەوحیدی"کردوویانە توانیویانە وشە ئیرۆسیەکانیان لە شیعرەکانییاندا بەکاربهێنن، لەسەر ئەو بنەڕەتانەش ئیرۆتیکی چووەتە نێو شیعری عەرەبییەوە.

بێگومان هەندێ لایەنی شەرمئاوەر لە شیعری رۆژهەڵاتییەکاندا دەبینرێ، کە پێی دەگوترێ پرۆڤیلی واتە بەکورتییەکەی منداڵبازی، ئەمەیان نەچووەتە نێو هیچ شیعرێکی هەجووی کوردییەوە، دیارە ئەمەش زێدەتر پێوەندی بە لایەنە ئاینیی و کۆمەڵایەتیەکەیەوە هەیە، ئەوەی شاعیر شێخ رەزا کردوویەتی بریتیە لە ئیرۆتیکی توخمخوازی، شەرحی جوانییەکان.

زۆربەی ئەو شاعیرانەی کوردی ئێمەش کە ئەمەیان کردبێ وەک شێخ رەزا هیچ سڵەمینەوەیەک نەبووە لە ئەنجامدانی ئەم کارە، بۆیە ئەوەی شێخ رەزا کردوویەتی لە هەندێ شیعرەکانی بە شێوەیەکی سروشتی مومارەسە کردنی شیعری دادەنێ، لای مستەفا بەگی کوردی ئەم شێوە بەکارهێنانە مومارەسە کراوە بۆ نموونە لە شیعری ( لەقەبی ساڵحە) دەڵێ:

لەقەبی ساڵحە، پاشا نییە، ناوی یەسووە
بە موسڵمانی مەزانن، تەرەسە، ئەهلی جووە
بەخەسیسی نییە مانەندی لە رۆم و عەجەما
وەکو ئەم کوونییە، ئەسپابی موهەییا نەبووە
دامەنی رەش، وەکو (تاووس) بە فرین و ئەسەرا،
خوێرییە مامری حیزە، هەموو خۆراکی گووە.

من ئەوا بۆ هەجویی پیرێژن لە لا٤١٨ دیوانی کوردی ئەم شیعرە هەجوئامێزەش دەخوێنین.

واتە شیعر لەو ئاستەدا نەبووە، کە رێگر بێت لەبەردەم ئەم کارە، بەڵام شێخ هەندێ جار زێدەرۆیی کردووە، لە خەتی جوانکارییەکەی شیعر دەرچووە هەوڵیداوە ئەو پەیوەندییانە بەر جەست بکات، کە خۆی مەبەستێتی، واتە کەم زۆر لە هەولێ ئەوەدا بووەکە جوانترین راستەقینەیی دەربخات ،لە هێڵە باوەکەی باسکردنی شیعر و راستییەکان دەربچێت و ببێتە پێوانەیەک بۆ هەموو ئەو پێوەندیانەی کە مەسەلەکان لەژێر یەک ئاڵادا کۆدەکەنەوە.

رەوشتی چاکە لای شێخ رەزا بریتییە لەباسکردنی هەموو ئەو سیفەتە تایبەتیانەی جەستە و ژیان و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و شێوەی روانین بۆ هەموو ئەوپێوەندییانەی کە باس لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان دەکەن.

ڕەوشتی فەلسەفی لای شێخ ڕەزا بە شێوەیەکی ناهۆشمەندانە هاتووەتە نێو شیعرەکانیەوە، ئەو زاراوە ڕەوشتییە فەلسەفیانەی بەکاری هێناون، ئاماژەیەکی ناهۆشمەند و پەیوەندییەکی عەقڵی ئاینی و کۆمەڵایەتین، واتە بە شێوەیەکی سیستەماتی و خوێندنەوەی قووڵی فەلسەفییانە نەهاتووەتە پێشێ، ئەو شارەزای تەوژمە ڕەوشتیەکانی سەردەمی خۆی نەبووە، (بێگومان مەبەستم لە ڕەوشتی فەلسەفییە)، شارەزاییەکی قووڵی ڕەوشت و ئیتیکی ئاینی هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی بنبڕ نەچووەتە نێو ئەو چەمکانە و لە شیعردا تەوزیفی نەکردووە، شێخ کاتێک لە تەکییەی گەیلانی لە بەغدا و لە تەکییەی بەرخانەقادا دەبێ، دیارە کۆڕی ئاینی و خوێندنەوەی ئاینی و قوڵبوونەوە بە نێو ڕەوشتی ئاینی دنیاییەک زانیاری ڕەوشتی ئاینی پێ بەخشیووە، هەروەها زۆر بەوردی تەماشای ئەو دەرگایانەی کردووە کە زانستەکانی لێ هاتووەتە دەرەوە، سەفەرەکانی ئەستەنبوڵ و ئێران و وڵاتانی دیکە ئەو زانیارییە گەورەی پێ بەخشیووە، کە بزانێ تەوژمەکانی ڕەوشت چین و چۆن بەنێو وردەکارییەکانیدا ڕۆبچێتە خوارێ، بەڵام بۆچی فەرهەنگی ڕەوشتی فەلسەفییەکەی ئەوەندە لاوازە، ئەوەیان ئاشکرا نییە.

### چێژ و شیعرەکانی هەجوو و ناهەجوو

چێژ یەکێکە لەو مەسەلانەی بەشداری لە بڕیاردان لە مەسەلەی هەڵبژاردندا دەکات. ئەرستۆ لە "ڕەوشت بۆ نیقوماتیوس" بە دوورودرێژی باس لە مەسەلەی کاریگەری چێژ بەسەر خوو و ئاکارو ڕەوشتەکانی مرۆڤ ئەکات. حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ بەشێکن لەو هەوڵانەی مرۆڤ لە ڕێگایانەوە ڕەوشتی خۆی ئاراستە ئەکات، کەسی تاوانکار بیەوێ و نەیەوێ پیسکرداری ئەکات و ناتوانێ خاوەنی پاکداوێنی بێت . کەسێک کە دژ بەراستی دەجوڵێتەوە ئەوە بەشێکە لە خراپەکاریەکان، کاتێک ئەمانە نەتوانن ببنە خاوەنی هەڵبژاردنی خۆیان لە هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە، ئەوا ئەبنە بەشێکن لە سفەتی خراپە.

لای ئەفلاتوون ئەوەی کە چاکەیە لە سەرچاوەیەکەوە دەست ئەکەوێت کە ئەویش سەرچاوەکەی گشتە. چێژیش بەشێکە لەو حەزە گشتیەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، یان لە ناخی کۆمەڵگاوە سەرچاوە ئەگرێت. حەزو ئارەزوو چێژ ، بەرەو مەبەست پەلکێشمان ئەکەن، واتە بێ بوونی مەبەست ئامانجەکان بەدینایەن، بۆیە ئەبێت مەبەستێک لە پشتی هەموو ئارەزوویەکەوە هەبێت. ئەوەی مەبەستی دەسکەوتنی پلەوپیایەکە ، مەبەستی ناوو نازناوە، بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ئەرکێک بەجێ بهێنێت، ئەوەی کە بۆ ئەو ئەرکە پاڵی پێوە ئەنێت ، حەزەکانێتی ، واتە چێژی پلەوپایەیە وای لێ ئەکات ، هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بدات.

بۆیە سێ شێوە چێژ لە کارەکانی شێخ ڕەزا لەدوو حاڵەتدا ئاوێتە دەبن، حاڵەتی چێژی ئیستاتیکی ( کە لە شیعرە ڕۆمانسیەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە)، دووەم حاڵەتی چێژی ئاینی (لە شیعرە ئاینیەکاندا) حاڵەتی چێژی ئیرۆسی و سروشتی ( کە بریتین لە وەسفە سێکسی و بەتاڵکردنەوەی تووڕەییە دەروونییەکانی لە ڕێگای جوێن و بەرامبەرکردنی سیفەتە خراپەکان بە پەرچدانەوەی قورس).

ئەم چێژانە، یان ستوونی لەگەڵ سیفەتی شێخ خۆیدا گەلاڵە دەبن، یان دەبنە شێوەیەک لە وەڵامدانەوەی نا سیفەتی خۆی واتە ئەو نایەوێ بکەوێتە دووی ئەو چێژانە، بەڵام ناچارییە دەروونیی و تووڕەییەکان بەرە و ئاڕاستەیەی دەبن، شێخ زیاد لە پێویشت پێوەندییەکان بۆ ناخی خۆی دەگەڕێنێتەوە.

ئەو چێژانەی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەیبینرێن زیاتر باس لە توانا و هەستی مرۆڤ دەکەن و ڕۆحی عەشق و خەون و بیرەوەری وەبیردێننەوە:

قووتی رۆحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە
مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی روممانی دەکا
خاڵی سەر لێوت نگین و خاتەمی نادر زوهور
موهری دەستی ئاسەفە حوکمی سولەیمانی دەکا
دڵ لە نەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لا یوعقەلە
بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نمەک دانی دەکا

دەیان نموونەی چێژ لەو شیعرەدا دەبینین کە چێژی خۆشبەخشن، شانە چێژی هەیە بۆ زوڵف، لێو و قووتی رۆح، نەشئەی عەکس، بولبول و مەیلی غەلخوانی و...هتد، چێژ لەو سنوورەدا ناوەستێ:

شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بە زوڵفت بکەوێ
غارەتی عەقڵی منی بردووە، زیبا سەنەمێ
عاریزی رەشکی قەمەر، قامەتی نەخلی روتەبە
نەوزەڕ ئاسا و فەرەیدون سیفەت و سەلم رەوش

یان دەڵێ:

سێوی داناوە لەژێر لێو، کە ئەمەم گۆی زەقەنە
زیوی خڕ کردووە وەک گۆ، کە ئەمیشم غەبەبە
رووهی وەکو ماهی فەلەک، زوڵفی وەکو زووزەنەبە
خواستی لێی ماچێ رەزا کافرە نەیدایە، وتی
ئەی خوا لەم کورە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

مەبەست لە چێژی ئاینی ئەو سیفەتانەن وا دەکەن مرۆڤ لەبەردەم خودا و سیمبولە ئاینییەکان هەست بە شێوەیەک لە خۆشحاڵی تەسکینی بکات، کە ئەمەش شێوەیەکە لەڕازیبوونی رەوشتی فەلسەفی کە جوانییەکی دەروونی لە رێگای چێژێکی ئاینییەوە چنگی دەکەوێ، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوە، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ بەخشینی پاکدەروونی دوورکەوتنەوە ( بە قەولی ئاینپەروەران لە خراپەکاری و نەجاسەت و کینەو خۆ بە شەیتان فرۆشتن)، بڕوانە ئەم نموونە شیعریانە:

ئەو قودوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر، سەجدە لەبەر مەرقەدی پاکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی بم و سۆڵ و سیواکی
دەرهەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابیی و داکی

لە چێژی ئیرۆتیکیشدا نموونەکانی شێخ رەزا بێ شوومارن چێژی گاڵتەجاڕی و چێژی ویناکردن و ئاوێنەسازی رووداوەکان، هەروەها چێژی جەستەیی و بەرکەوتنە خەیاڵییەکانی جەستە و وێنەکێشانی حاڵەتەکانی مومارەسەکردنی سێکسی شیعر.

## چاکەکاری روشت و چاکەکاری عەقڵ

بێگومان زۆربەی فەلسەفە مۆدێرنەکان لە زۆربەی کارە فەلسەفیەکانی خۆیان کە بۆ بواری رەوشت تەرخان کردووە ، زۆر بە دوورودرێژی باسیان لە ماناکانی رەوشت کردووە و شیکردنەوەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، لە زۆربەی لێکدانەوەکانیشیاندا کەم تا زۆر جەختیان کردووەتە سەر مەسەلە هەرە گرنگەکانی رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و چاکەو چاکەکاری، هەروەها لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکدا سوکرات باس لە چاکەکاریەکانی رەوشت ئەکات.
هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ئەو بڕوای بە شێوەیەکە لە راهێنان و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی عەقڵ هەبووە بۆئەوەی سیفەت و ئاکارەکانی مرۆڤ بگۆڕێت ، واتە لە سیفەتی خراپەوە بـأوات بەرەو سیفەتی چاکە، لەم پێودانگەشدا ئاماژە بەوە ئەکات کە مرۆڤ توانی بەسەر فیکرو بیری خۆیدا حوکمڕان بێت ، ئەوە ئەتوانێ بە ئاسانی رێنوێنی ئاکارو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی خۆی بدات.
خاوەندارێتی مرۆڤ بۆ ئەو ئامێرە مەزنە دەگەڕێتەوە کە پێی ئەوترێ عەقڵ ، ئەو عەقڵەش تەنیا بۆ ئەوە نییە کە هەبێت و لە نێو سەردا ئامادە بێت ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بتوانێ بایەخی پێ بدرێ و گۆڕانکارییەکانی پێ ئەنجام بدرێ. هەموو رەوشتێ وەردەگیرێ بۆیە ئەکرێ گەشەیان پێ بدرێ و لە خودی خۆماندا رەفز بکرینەوە، مەرج نییە هەموو ئەو رەوشتانەی کە لە دەرەوە بۆمان دێن، بەسوود بن (( پیاو دەبێ بە کەسێکی چاوتێر ئەگەر هاتوو راهێنانیکردن یان راهات لەسەر ئەو کردارانەی کە کەسی چاوتێر لە خۆیانەوە ئەنجامی ئەدەن، ئەم چاوتێرەش نابێ بە کەسێکی چاوتێر تا ئەو کاتەی کە ئامادەییەکی پتەوی تێدا جێگیر نەبێت...)). ئەمانە چاکەی رەوشتی پەیوەندیان بە ناخی مرۆڤەوە هەیە.
گەر ئەو رەوشتەی شێخ رەزا لەو حاڵەتەدا بخوێنرێتەوە کە لەبەردەستدایە حەتمەن دەچێتە خانەی خراپەکارییەکانی رەوشت واتە دەچێتە خانەی بەدئەتوار و بەدرەفتار و دەم پیس، بە مەفهومی کۆمەڵایەتی ئەم شێوە مرۆڤانە بەهێچ کلۆجێک لەخانەی پیاوباشاندا جێگایان نابێتەوە، بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لەو

نێوەندەدا هەبن، کە خۆیان بۆیان تەرخان کردووە، لەو ئاستەدا هەبن، کە پێویستە هەبن، واتە شێخ دەتوانێ بڵێ من کەسێکم بۆ رەوشت و بەها رەوشتیەکان کارم کردووە، بەڵام لەواقیعدا خوێندنەوەی شیعرەکانی پێچەوانەمان پێ دەڵێن، واتە شیعرەکانی زیاتر هەڵگەڕانەوەی پێودانگەکانە.

گەرچی لەسەر چەندین شێوە رەوشت کاری کردووە، بەڵام ناتوانین شوناسێکی ئاشکرا بە شیعرە هەجووەکانیەوە بنووسێنین، وشەی هەجوو بۆ خۆی مانایەکی شاراوەی ئەو شێوە لێکدانەوانەی هەیە کە رەوشتی خراپەیە، رەنگە لە رووی ئەدەب و لێکدانەوەی ئەدەبی بە بەشێک لە ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، بەڵام لەرووەکانی ترەوە ئەم شێوە پێوەندیانە ئەوەندە گەشە ناکەن.

کەواتە دەتوانین لەرووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانی رەزا بخەینە خانەی چ جۆرە رەوشتێکەوە رەوشتی چاکە، یان رەوشتی خراپە؟ ئەمەیان دەکەوێتە سەر لێکدانەوەی کۆمەڵگا و لێکدانەوەی لێکۆڵەرەوەکانی کۆمەڵایەتی ، بەڵام لەرووی فەلسەفییەوە دەکرێ بگوترێ کە شێخ تێگەیشتنی فەلسەفیانەی بۆ رەوشت هەبووە، توانیویەتی شتە جوانەکان و ماقوڵ و چێژ و مەسەلە ئیستاتیکییەکان جیابکاتەوە لە دزێو و ناماقوڵ و بێ تام و ناشیرینەکان، هەروەها لە چەمکەکانی رەوشتی فەلسەفی گەیشتووە.




**سەرچاوەکان**

١.فلسفه برای همه از سقراط تا سارتر، ت.ز.لاوین، ترجمە: پرویز بابایی، موسسه انتشارات نگاه.

٢.دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بڵاوکراوەی کوردستان، چاپی دووەم، ١٩٨٤.

٣.دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کەریم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٤.شێخ رەزای تاڵەبانی، کەڵە شاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس.

٥.سەرچاوەکانی ئەخلاق، فردریش نیچە، وەرگێڕانی باست ساڵح عەبدوڵڵا چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩ چاپی یەکەم.

٦.دیوانی شێخ رەزا، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی هاوسەر.

٧.فلسفات عصرنا ، تیاراتها، مذاهبها، أعلامها، وقضایاها، جان فرانسوا دورتیی، ترجمه ابراهیم یحراوی .

٨.الشبق المحرم ، ابراهیم محمود، ریاض الریس للکتب و النشر٢٠٠٢.

٩.الموسوعه الفلسفیه المختصره، مکتبه النهضه بغداد١٩٨٣ .

١٠.دیوانی مستەفا بەگی کوردی، لێکۆڵینەوەی : محەمەد مستەفا"حەمە بۆر"، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس ٢٠١٠ .

# ئێسک و پرووسک

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

تەلەفیزیۆنەکە کۆمەڵە کەسێکی نیشاندەدا ، لە دەشتاییەکی لماوی کاکی بە کاکیدا و لە نێوان پاشماوەیەکی نیوە ڕوخاودا وا ئێسک و پرووسک دەردەهێنن ، یەک دوو پارچە ئێسکیان دەرهێناوە خەریکی دەرهێنانی پارچە ئێسکی دیکەن .
پارچە ئێسکەکان وەک شتێکی پیرۆز بە ئاستەمێکەوە لە پاڵ یەکتر ڕیز دەکەن ، یەکێکیان بەدەم ئێسک دەرکردنەوە وە دەدوێ : ئاسەوار ناسێک بووە ، لە کاتی کارکردندا لێرەدا مردووە و لەسەر داوای خۆی هەر لێرە نێژراوە ، لەبەر کارە پیرۆز و بە سوودەکانی ، میری بڕیاری گواستنەوەی رۆفاتەکەی داوە بۆ زیدی خۆی . . . ( گولەر ) چاوە شینەکانی ئاویان تێزا ، ئەوەندەی تر چاوەکانی جوانتر دەردەکەوتن :
-ئێمەش بە نیازین ئێسک و پرووسکی باپیرم لە ( تونجەلی ) یە وە بۆ ئەستەمول بگوازینەوە ، لە شەڕی ئەوێدا شەهید بووە .
-باپیرت ؟ باپیرت ساڵی ١٩٣٨* کۆچی کردووە ؟
-بەڵێ . . تۆ چوزانی ؟! خۆ من تا ئێستا ئەم باسانەم بۆ نەکردووی ! دەڕوانمە چاوی شینی ئاو تێزاوی . . هیچی پێ ناڵێم ، لە دڵی خۆمەوە دەڵێم : دەزانم چۆن باپیرت کوژراوە . . دەزانم لەوێ چی دەکرد ئا دەزانم چۆن کوژراوە . . ناوی ( دەرسیم )یشتان بە ( تونجەلی ) کردووە . . دەزانم . ئەو وا دەزانێ من وەکو هەموو جارێ بەیەک دەگەین بە شینایی چاویدا هەڵدەدەم بۆیە وا چاوم لە چاوی بڕیوە . بە نازێکەوە ملی لار دەگرێ ، جوانی گەردنیشی دێتەپاڵ ، ئەم جولانەوەیەم چەند پێ جوان دێ دەڵێ :
-چەند جارم پێ وتی ، ئەم دەریایانەی دەوروبەرمان شینایی بە چاوم بەخشیوە . ئەی تۆ ئەو چاوە شینەت لە کوێوە هێنا ؟، من و تۆ هەر دەڵێی بۆ یەک خولقاوین . . پێی دەڵێم ( من و تۆ دوو دنیای جیاوازین . . . )
دەست دەبا بە دووپەنجەی ناسکی گوێچکەم دەگرێ تا ئەو دیو پەنجەرەکەم پێ نیشان بدات ، سەرم دەنێتە سەر یەکێ لە مەمکە تورتەکانی :
-وەرە بەر ئەم پەنجەرەیە و تەماشای ئاسۆ بکە ئەوەتا ، ئاسمان و دەریا چەند لە یەک دوورن کەچی بڕوانە چۆن بەیەک گەیشتوون و تێکەڵی یەکتر بوون . .
ئاسۆ و بەیەک گەیشتنی لەگەڵ دەریاکەدا بیرم بۆ لای خۆیان ڕاناکێشن . کۆمەڵە گۆڕەکەی ئەودیو پەنجەرکە لە حەوشەی مزگەوتەکە سەرنجم ڕادەکێشێ . . هەر چەند دێمە ئەم شارە ئەفسوناوییەی ئەستەمول ، حەز دەکەم لەم هوتێلە دابەزم کە پەنجەرەکانی دەڕواننە کۆمەڵە گۆڕێکی حەوشەی مزگەوتێک . کێڵی هەندێ لە گۆڕەکان هێشتا بە پێوەن ، هەندێکیشیان دا تەپیون لەگەڵ زەوییەکەدا تەخت بوون . . هەموو ساڵێک کە بۆ ئێرە دێم ، لە خۆمەوە یەکێ لەو گۆڕانە بە گۆڕی ( نالی ) دادەنێم ، زۆرجار هەر لەبەر پەنجەرەکەوە ، ئێسکە پیرۆزەکانی یەکەیەکە لە خۆڵەکە پاک دەکەمەوە ، بەڕیز دایان دەنێم ، دواجا لە پارچە نایلۆنێکیان دەئاڵێنم . لە جانتایەکیان دەنێم و دەیانبەمەوە . .

گەلێ شەویش بەدەم خەمی دۆزینەوەی ئێسک و پرووسکی لە ژمارە نەهاتووەکانمانەوە سەر دەنێمەوە . . شەوی ڕابردوو ، وا جانتایەکم بە دەستەوەیە ، گۆڕی ئەو دیو پەنجەرەکەم هەڵداوەتەوە و ئێسکی ناو کۆڕەکەم لە جانتاکە ناوە . . بە ترس و لەرزێکەوە جانتاکە دەبەمە بەردەم کابرایەک بێ لێپرسینەوە لێمی وەردەگرێ کاغەزێکی پێوە دەنێ و بۆ ناو فرۆکەکەی دەنێرێ . . بەیانی هەر کە چاوم کردەوە ، دەستم دایە جانتاکەم و تەماشایەکم کرد ، هەندێ کتێبی تێدا بوو . . لەبەر خۆمەوە وتم : ئەی ئەگەر بمبردایەتەوە لەوێ کێ پارچە ئێسکەکانی لێ وەردەگرتم . . تەلەفیزۆنەکە هێشا هەر دیمەنی دەشتاییە لماوییەکە نیشان دەدا . . ئاخ دەشتە لماوییەکان . . دەیکوژێنمەوە . من و گولەر لەبەر پەنجەرەکەڕاوەستاوین ئەوچاوی بریوەتە ئاسۆ منیش لەگۆڕە تەپیوەکەی ئەو دیوپەنجەرەکە .

## ژوان

ئەم بەیانییە لە بەیانییەکانی تر زووتر بە ئاگاهاتەوە . . زەنگی تلفۆنە درەنگ وەختەکەی شەوێ هێشتا لە گوێیدا دەزرنگێتەوە ، تەنها دوو وشە ژوورە تەنگ و شێدارەکەی کردە باخچەیەکی رازاوە ( سبەی سەعات نۆ) . . . هەڵدەستم ، دەچم سەروچاوم دەشۆم پەنجەرەکان دەکەمەوە تا خۆری تازەی ئەمڕۆ هەموو کەل و قوژبنەکان پڕ بکات ، دەزانم هەموو شتێک ئەمڕۆ لە دوێنێ ناچن . . شتەکانیش وەکو ئێمە دڵخۆش دەبن بەڵام لە ئاڵۆزی خۆماندایە هەستیان پێ ناکەین .

هەڵدەستم . . باخچە تینوو پشت گوێخراوەکەی حەوشە تیر ئاو دەکەم . . گوڵەکان بە ئەنقەست بە پرژەی ئاوەکە دەیانهێنمە سەما ، بەدەم قاقای پێکەنینیانەوە پەڕی ناسکی تۆز لەسەر نشتویان خاوێن دەکەمەوە . . . هەر لەسەر نوێنەکەیەوە ، بە پاڵ کەوتنەوە . . هەستا پەنجەرەکانی کردەوە . . پەنجەرەش پێ دەکەنێ . ! . پاڵ بە پەردەکانەوە دەنێ ، ئەمانەش دەچنە خز خەنینەوە ، وەک تۆفان تیشکی خۆری نوێ دەڕژێتە ماڵەکەوە ، با ئەم ماڵەی من پڕ بێ لە خۆر ، خۆری دنیای تێ برژێت ، پڕی کاو لێشی برژێ . . باری ڕاکشانەکەی گۆڕی ، کەوتە سەر ئەولای و ئەوجا هەستا . . بە ئاستەمێ پاڵی بە پەردەکانەوە نا ، لە سوچەکە خزانیانی . . بزەیان دەهاتێ . . پەنجەرەکانی کردەوە تاریکی ڕێڕەوە تاریکەکان ڕوانەوە . . شەماڵێکی فێنکی ئەو بەیانییە زووە بە هەڵداوان و پەلەپەل ختۆکەی شت و مەکەکانی ماڵەکەیاندا و هەندێکیانی خستە سەر سەمایەکی ئاستەم . . چوو باخچەکەی تێر ئاو کرد ، پەڕەی گوڵەکان لەگەڵ پرشەی ئاوەکەدا هەندێ یارییان کرد و خۆیان ڕازاندەوە ئەوجا گوڵێکی لە باخچەکە کردەوە ، هێشتا زەنگی تلفۆنەکە و چرپە ناسکەکەی شەوی لە گوێیدا دەزرنگایەوە . . خۆی ڕێک خست و بە پەلەپەل لە ماڵ دەرچوو . . . .



* ساڵی ڕەشە کوژییەکەی دەرسیم



# کەڕەکی کونەبووەکان

بەکر دەروێش

پێشکێشە بە( ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)

بە هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەکەی و چۆنیەتی تەکاندنی سیتکەکەی بۆ نێو تەپڵە مەڕمەڕیەکەی بەردەستی مرۆڤی سەرسام دەکرد: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەقیقەتی بوونی شتەکان بەئاسانی ناشاردرێنەوە، ئاوای وت و چاوی هەر لەسەر وەرەقەکانی بەردەمی بوو. ئەمی تریان کەکەمێک توڕەو پەستی پێوە دیاربوو تەماشایەکی مۆنی کردوو وتی: کام هەقیقەت؟ دیسان بەدەم بزەیەکی نەرمەوە کەگوزارشی لە هێمنی و ئارامی دەرونی دەکرد وتی: هەقیقەتی بوونی ئەمڕۆمان کەلەسەر ئەم کورسییە دانیشتوین؟ یەک دوو جار کێشای بەسەر قۆڵی کورسییەکەدا. ئەوەی کەزیاتر ئەزیەتی دەرونی دەدا ئەو هێنمییە دەستهەڵبەستە بوو کە برادەرەکەی بۆ خۆی دروستیکردبوو: من و تۆ هیچ بوونێکمان نییە تا هەقیقەتمان هەبێت. ئاوا وەڵامی دایەوە. بێ ئەوەی خۆی تێکدات، یان هێمنییەکەی خۆی بشێوێنێ، ڕوی دەمی لێکردوو لەسەرخۆ وتی: بۆ نیمانە خۆ هەر هیچ نەبێت هەقیقەتی بوونی جەستەی خۆمانمان هەیە! ئەمجارەیان نەختێک دەنگی بەرزکردەوەو وتی: کام بوون، ئاخر پێم نالێی کام بوون؟ هاوڕێکەی کەدیار بوو ئەم شێوە دەمەتەقێیانە لەگەڵ میزاجیدا ناگونجێ ، لەجیاتی ئەوەی وڵامی بداتەوە ئاراستەی گفتوگۆکەیانی بەئاقارێکیتردا گۆڕی و وتی: تۆ هەست ناکەی زیاد لەپێویست ڕەشبینی؟ پیاوی سیاسی چۆن دەبێت ئاوا بێت، ئەمجار ئەمیان کەدیار بوو ئیتر سیاسەت ئەو باخچە ڕەنگاوڕەنگە نەمابوو کەسەرسامیکات و بیروهۆشی بۆلای خۆی ڕاکێشێ بەدەم بزەیەکەوە کەبۆنی بێ ئومێدی لێدەهات وتی: ئەی دەبێت چۆن بێت مامۆستا؟ وشەی مامۆستا کەمێک هەڵوێستەی پێکرد، وەک ئەوەی بیر لەوەڵامێکی گونجاو بکاتەوە کۆنترۆڵی سەتەلایتەکەی هەڵگرت و چەند کەناڵێکی بەسەر کردەوە، سەرنجام لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرە رایگرت و وتی: دەبێت هەمیشە گەشبین و وەرەبەخش بێت، لەگەرمەی شکستدا باسی سەرکەوتن بکات، لە قسەو بەڵێن بەهەشتێک دروستکات هەموو کەسێک خەونی پێوە ببینێ. قسەکانی پێبڕی و وتی: مەبەستت ئەوەیە دەبێ درۆزن بێت؟ لەم دەمەدا کەویستی وەڵامی بداتەوە زەنگی مۆبایلەکەی کە گۆرانییەکی هەیفا وەهبی بوو، لێیدا، هەڵیگرت، سەیرێکی نمرەکەی کرد، ئینجا ئۆکەی کردو دوای چاک و چۆنییەکی گەرم وتی: ئەرخایەنبە بۆت جێبەجێ دەکەم، دوێنێ لەلای جەنابی وەزیر بووم، ئیشم بۆ کردووی، غەمت نەبێت داتدەمەزرێنم، پاشان هەندێ بەڵێ بەڵێ و سەرچاویکردو بەخواحافیزیەکی گەرم ئەوسەر هێڵەکەی بەڕێخست، بایدایەوە سەر هاوڕێکەی و وتی، بەقوربان ئەمەیان پێی نالێن درۆ، ئەمە هونەری بەڕێوەبردنی ژیان و کۆمەڵگەیە، فەنی مومکینە. سەرکەوت لەوە نەدەچوو هەروەها بەئاسانی تەسمیل ببێت و دەست لەهەڵوێستی خۆی هەڵگرێ و شایەتمان بەقسەکانی ئازاد بهێنێ، بۆیە وتی: نەخێر کاک ئازاد ئەمە هونەری درۆکردنە، درۆکردن و خەڵک چەواشەکردنە. لەقسەکردندا تادەهات لەیەکتر دور دەکەوتنەوە، لەوەنەدەچوو گفتوگۆکەیان بەئاسانی بەئەنجام بگات، ئازاد هەستی بەمەکردو وتی: قسەکردن لەگەڵ تۆدا سوودی نییە، تۆ کەسێکی ڕەشبینی و ورەت ڕۆخاوە. ئەمەیان زیاتر دەماریگرت و گێچی توڕە بوونەکەی بەرزکردەوە، هەر بەو حەماسەتەوە وتی: نەخێر من رەشبین نیم، من هەقیقەت بینم. کاتێک ئاوا وەڵامی دایەوە ئازاد تەواو حەوسەڵەی دەمەتەقێکەیانی نەمابوو، بۆیە پێی وت: کاک سەرکەوت ئەگەر ئاوا بیر دەکەیتەوە ئەوە تا زووە واز لەسیاسەت بێنەو بچۆرەوە بۆ ماڵ، تۆ کوڕی ئەم کارەو بوارە نیت، گەر ئێمە ڕاستی هەموو شتەکان بەخەڵک بڵێین ئیتر چۆن حوکمڕانیان بکەین، ئێمە کاتێک دەتوانیین حوکمی خەڵک بکەین کە ڕاستییەکانیان لێ بشارینەوە، بەوادەو بەڵێن چەواشەیان کەین، کاتێکیش ڕوبەڕوی ئەو پرسیارە بووینەوە کە بۆچی وادەو بەڵێنەکانمان بەدینەهاتن، ئەوە دەبێ هەمووی بخەینە ئەستۆی بارودۆخ و دوژمنی وەهمی بۆخۆمان دروستکەین، بۆ شکستەکانمان هەزار بیانوو بهێنینەوە. سەرکەوت ئەم قسەیەی قۆستەوەو وتی: بەڵێ ڕاستەکەی من پیاوی ئەم بوارە نیم، ئێوە پیاوی ئەم بوارەن، من یەک پرسیار لەجەنابت دەکەم ئێمە کاتێک چەکمان هەڵگرت و چووینە شاخ بۆ کورسی و پوڵ وپارە چووین، یان بۆ ئەوە چووین تا گەڕەکی (کونەبووەکان) بکەینە گەڕەکی بنیادەمەکان؟ ئێستاش حەزدەکەم باش بزانی، ئێوە، ئەوانەی ئەمڕۆ بەهۆی کورسییەکانتانەوە لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدان دەوڵمەند بوون، وەک کرمی نێو گوێز وان، دوای ئەوەی هەموو شتێک دەدۆڕێنن، بەمایە پوچی دێنەدەر، پێشینانیش گوتویانە ئەوەی گۆشتی هەژار بخوات ئێسک دەیخنکێنێت، ئازادو سەرکەوت کەئێستا دوو سیاسەتمەداری سەر گۆڕەپانی ئەم وڵاتەی ئێمەن، هەردوکیان لەنزیکەوە دەناسم، هەموومان مناڵی یەک گەڕەک بووین، بەیەک ساڵ لەقوتابخانەی ئەمینی سەرەتایی کوڕان چووینە بەر خوێندن، تا قۆناغی سەرەتایشمان تەواو کرد ئازادو سەرکەوت لەسەر یەک ریحلە دادەنیشتن ، دوایش پێکەوە چووینە دوا ناوەندی ئاوەسپی، دوایش ئەوان هەردوکیان چونە ئامادەیی خورماتووی کوڕان، ئەو سەردەمەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حاڵ و باڵمان، زمانمان، هی منالی گەڕەکێک بوو پێیان دەگوت گەڕەکی (کونەبووەکان)، کەگەڕەکێکی کوردنشین بوو، نەک هەژارترین گەڕەکی خورماتوو بوو بەڵکو هەژارترین گەڕەکی وڵاتیش بوو، ئێمەی منالانی ئەم گەڕەکە لەبەر هەژاری بە زستان و هاوین لە تۆولۆی کراسێکدا بووین، سەری قۆڵەکەی هێندە لووتمان پێ سڕی بوو لەجلْما ڕەق هەڵاتبوو، هەمیشە شەرواڵەکانمان گیرفانێکی پڕ بوو لەترخێنەو ئەوی دیکەی لەخورمای قەسپ، بە دارلاستیکێکەوە ڕۆژ تا ئێوارە کۆڵان



بەکۆڵان دەگەڕاین، ڕاوە جۆلەکەو کوکوختیمان دەکرد، ئێمە منالی گەڕەکێک بووین نیوەی ماڵەکانی لە تەنەکەو چینکۆ دروست کرابوو، دەرگاکانی پەنجەرەو، پەنجەرەکانی دەرگا بوو، نە ئاودەست و نە سەرشۆرکی هەبوو، مانگی جارێک دایکمان لەنێو تەشتێکدا دەیشۆریدن و لەبەر هەتاو وشکی دەکردینەوە، هەردەم بەدوای ترەکتەرو ئۆتۆمبیلدا ڕاماندەکرد، هەمیشە خەریکی شەڕەشەقێ بووین، بۆیە ناوی گەڕەکەکەیان نابووین گەڕەکی (کونەبووەکان) چوونکە ماڵەکانمان هەر لە کەلاوە دەچوو، منالی گەڕەکەکەی ئێمە بەلایەک و باقی شار بەلایەک، بگرە ئێمە زۆرتر بووین، ماڵ نەبوو لە شەش خەوت منال کەمتری هەبێت، خوا ژنانی گەڕەکی کونەبووەکان تەنیا بۆ ئەوە خەڵق کردبوو وەک مریشک کڕ بکەون و ڕەوێلەی منال بخەنەوە، ئەوان لە منال هێنان زیاتر هیچی دیکەیان نەدەزانی، کاتێکیش لێت دەپرسین ئەم هەموو منالەتان بۆ چییە تاقە وەلامیان ئەوە بوو خوا داویەتی و خۆیشی ڕازیقی ڕزقیانە، پیاوانی ئەم گەڕەکەش وەک کەڵەشێر وا بوون تەنیا بۆ تسین خێرابوون، کچەکانیشمان لەژێر عەبای ڕەشدا هەمیشە لەگەڵ کورە شەڕانی و چەقۆکێیشەکانماندا خەریکی دلداری بوون، مێینەی ئێمە لە خزمەت کردن و بەرنەرمکردنەوەی گەڕەکەکانی دیکەی شاریش درێغیان نەدەکرد، ئەمەش وای کردبوو گەڕەکەکەمان سەرەڕای پرت و پیسی، ببێتە شوێنی گەشت و گوزاری پیاوە دەولەمەندو چلێس و مێبازەکانی شار، چەندینجار بەچاوی خۆم قایموقام و بەڕێوەبەری ئاسایش و گەلێک لەبەرپرسانی حیزبەکانم دەدیت خۆیان دەگۆڕی و بەدزییەوە دەهاتنە سەردانی گەڕەکەکەمان، لە هەمووی خۆشتر گەڕەکی کونەبووەکان بەقەد ژمارەی دانیشتوانەکەی ئاژەڵیشی تێدایە، هەر لە سەگ و کەرو مانگاو مەڕو بزنەوە بیگرە تا دەگاتە جاشک و گوێلکەو کارو بەرخ ، گەڕەکەکەمان سەری هارووماری تێدایە، پیرەژنی وامان هەیە سەری لە حەوت پەن دەردەچێت، هەر لە چارەسەرکردنی بەستن و زاوا نەبوون و بێ توخمی پیاوان و بێ بنی کچانەوە بیگرە تا دەگاتە نوشتەکردن و بەرکەمەرکردن و سونەتکردنی کچان و لەبار بردنی ژنان و چی و چیتر، ئەم برادەرە حازرییەی کە ئێستا نازو نیعمەت توشی لەخۆبایی کردووەو هەموو شتێکی لەبیر چووتەوە، نەنکێکی هەبوو، ئێمە لە گەرمیان بەنەنک ئێژین (دادا) جا ئەم برادەرە دادایەکی هەبوو ناوی فەتحێ ڕەقە بوو، یەکێک بوو لەو پیرەژنانەی کەلەگەڵ شەیتاندا دەستی تێکەڵ کردبوو، سەری لە هەزار

گۆبەن دەردەچوو، لەبیرمە زۆرجار فەتحێ ڕەقە من وئازادی کوڕەزای کە ئەوکات تەمەنمان نزیکەی دە دوازدە ساڵێک دەبوو ، لەلای خۆی گل دەدایەوە نوقڵ و چکلێتی دەداینێ، پاشان دەیبردینە ژوورێکی تارێک و دایدەناین، پێی دەوتین ( ئیسە چەن مەلایکەیەک تێن بۆلاتان و تێروپڕ ئەتانشێلن و دوعای خێرتان بۆ ئەکەن، بۆ ئەوەی قەت نەخۆش نەکەفن و هەمیشە لەمتکەبیش ئازابن ، بەڵام ناوێ لەلای هیچ کەسێک هاتنی ئەم مەلایکانە باسکەن دوای شەو دێن لەنێو جێگاکانتانا دەس ئەنێنە باندەمتاناو ئەتانخنکێنن) کە دەچووینە ئەو ژوورانە ئەو کچ و ژنانەی کەپێشتر بەبیانووی نوشتە بۆکردن و دەواو دەرمانەوە لەگەڵ دادا فەتحێدا ڕێکەوتبوون دەهاتنە ژورەوە، لەو تاریکیەدا خۆیان ڕووت و قووت دەکردەوەو بەئارەزووی خۆیان دەسبازێیان لەگەڵدا دەکرین، ئەو کچە هەرزەکارو ئەو ژنە سەرانە دەستی ئێمەیان دەگرت و دەیانهێنا بەسەر سینگ و مەمکی خۆیاندا، بەسەر زگ و ناو گەڵیاندا ، زۆر بەتووندی دەیانگوشاردین بە خۆیانەوە، دەستیان دەهێنا بە هینەکانماندا ڕەپیان دەکرد، دەیانچزان بە گیان خۆیاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی ژوورەکان تاریک بوون ئێمە دەموو چاوی ئەوانمان نەدەبینی، نەماندەزانی ئەوانە کێن و کێ نیین، واماندەزانی ئەو فریشتانەن کەدادا فەتحێ دەیانهێنێ بۆ ئەوەی بمانشێلن و دوعای خێرمان بۆ بکەن، بۆیە هەرگیز نەدەوێراین، لەملاو لەولا باسی ئەم نەهێنییە بۆ هیچ کەسێک بکەین، نەوەک فریشتەکان شەو بێن و لەنێو جێگاکانمانا بمانخنکێنن، ئەمڕۆ ئەمە یەکەمجارمە ئەم نەهێنییە ئاشکرای دەکەم، ئێمە منالّی ئاوا گەڕەکێک بووین، کەتا ئێستاش جگە لەئینسانی کۆڵەوار هیچیتر بەرهەم ناهێنێ، ئینسانگەلێک کە لەنێو تاریکی و ترسدا پەروەردە دەبن، بەداخەوە ئێمە کە کوڕی ئەم گەڕەکەین و ئێستا پلەوپایەمان هەیەو کاربەدەستین، ئەم ڕاستییانەمان لەبیرچوەتەوە ، دەسەڵات و پوڵ و پارەی زۆری بەردەستمان کەبەشی هەرە زۆری مافی خەڵکی چەندان گەڕەکی هەژارنشینی وەکو کونەبووەکانە، وای لێمان کردووە خەڵکی ئەو گەڕەکانەمان لەبیر بچێتەوە، درۆیان لەگەڵدا دەکەین و بەناوی سیاسەتەوە هەڵیانخەڵەتێنین، ڕۆژێ دێت خوا دەمانگرێ و وەک فیرعەونەکەی بەغا بستێک شوێنمان دەست ناکەوێ خۆمانی تیا بشارینەوە، مەگەر لەکونەسەگێکدا ، ئەوکاتیش دێن و پشتەملمان دەگرن و دەمانهێننەدەر، دوایش دەبینە مەخسەرەی دنیا، نابێ هیچ یەکێ لەئێمە دوێنێ و ئەمڕۆی گەڕەکی کونەبووەکانی لەبیر بچێتەوە، دەبێ هەمیشە دادا فەتحێ و سەرجەم ژنانی دیکەی گەڕەکمان لەبیر بێت، لەچرکەیەکدا هەموو ئەمانەم بیرهاتەوە، پێش لەوی وەڵامم بداتەوە ویستم بیری خەمەوە کەچی ئەو پێشمکەوت و وتی: بەهیچ شێوەیەک بیر لەرۆژانی منالّی مەکەرەوە، گەڕەکی کوندەبووەکانیش لەبیر خۆت بەرەوە، ئێمە تازە منالّی ئەو گەڕەکەو ئەو سەردەمە نیین، ئێمە ئێستا کەسێکی ترین، تازە بەتازە بۆ بێین و ڕابردووی خۆمان بیر خەڵک بخەینەوەو بەسەر ویژدانی خۆشمانەوە بکەینە دێوەزمەی ئازار، ئاخر نانێک خوا داویەتی بۆ بەدەستی خۆمان توڕیهەڵدەین، حاڵ و ئەحواڵی گەڕەکی کونەبووەکان بەهیچ کەسێک باش ناکرێ، ئەوان بۆخۆیان بەهیچ شێوەیەک ئیرادەی نوێبوونەوەیان تێدا نییە، بەهەر شێوەیەک بووە دەژین، ئیتر ئێمە بۆهاریانکەینە گیانی خۆمان، ئەوان ئەوەنەیان حەساوە دەمیان کرایەوە ، بەهیچ شتێک داناخرێت، مادامێک خەوتوون هەڵیان مەسێنە، ئێمە ئەوەی لەسەرمانەو دەتوانیین بۆیانی بکەین تەنیا ئەوەیە ناوی گەڕەکەکەیان بگۆڕین، لەکونەبووەکانەوە بیکەینە گەڕەکی هەڵۆکان، یان گەڕەکی کۆتری سپی، یان هەرناوێکی تر کەبۆ ئەم گەڕەکە بلوێ، لەمە زیاترمان پێناکرێ، کوردیش لەزووەوە وتویەتی کوڕی خۆت مەکە قوربانی کچی خەڵکی، مەسەلەی ئەو گوێزو شتەش کەباست کرد، ئەمڕۆ خەڵک هەمووی ددانی ئاسنینی هەیە نەک گوێز بەردیشی پێدەهارێت، بەم سەردانەی لەجیاتی ئەوەی بار گیانی تۆزێ سوک بێت، ئەوەنەیتر قورس بوو، ناچار بەدڵێکی ساردو سڕەوە بەرەو گەڕەکی کونەبووەکان کەوتە رێ، لەپشتە سەریەوە بارەگایەکی گەورەو گران بەڵام تاریک و نتوکی بەجێهێلا.

# بنه‌مێوو شوڵکه هه‌نار

گێتی میرزا بێگی
و : غه‌ریب پشده‌ری

خوشکه گه‌وره‌که‌م ، حه‌ساره گه‌وره خۆڵه‌که‌ی گه‌سک ده‌دا ، داوێنه درێژه‌که‌ی به دوایه‌وه له عه‌ردی ده‌خشا . که لێبۆوه ڕاستبۆوه و به پێوه وه‌ستا . به هه‌ناسه بڕکێوه ئاره‌قه‌ی تێکه‌ڵ به تۆز و خۆڵی ده‌م و چاوی سڕیه‌وه و گوتی :
(( دایه خێراکه با بچینه ده‌م چۆمی . هیبار و جله‌کان بشۆین . ))
دایکم گوتی :
(( زۆر چاکه ، ده‌چین به‌ڵام هه‌روا ده خه‌یاڵی نیوه‌ڕۆیه دام چبکه‌م چ لێنێم ؟ ))
دایکم ته‌شتێکی گه‌وره‌ی پڕ له جلکی چڵکن و پیسی ده‌گه‌ڵ گوتنێ (( یا عه‌لی ، یا ئه‌میری عه‌ره‌ب )) هاویشته سه‌ر سه‌ری خوشکێکم ته‌شتێکی پڕ له هه‌یباری خسته بان سه‌ری و شیرینی خوشکیشم له‌گه‌نێکی مزی هه‌ندێک جلک و سابوون تێدا ، به به‌رۆکی خۆیه‌وه نا و ده‌سته‌کانی ده‌وران ده‌ور تێ وه‌رێنا . له ده‌رکی حه‌سارێ وه ده‌رکه‌وتین و به‌ره و چۆمیمان مل له ڕێیه نا . من ئه‌و قابله‌مه‌ی ئاو تێدا گه‌رم کردنم به ده‌سته‌وه بوو ، وه به‌ر پێی خۆمه‌وه گرتبوو به‌ده‌م ڕێوه وه‌به‌ر ئه‌ژنۆیه‌کانم دابوو و لێم ده‌دا و ده‌نگێکی خۆشی لێوه ده‌هات .
به درێژای ڕێیه به‌لای دارخورما و تووتڕکه‌کانی که‌نار جۆیه‌دا ڕابردین . له لای چه‌پی ڕێیه‌که‌وه ، باغچه هه‌نارێکی یه‌ک پارچه سه‌وزی سه‌ر به غونچه سوور و ناره‌نجیه‌کان بوو ده‌له‌نگین و خۆیان ده‌رده‌خست . ده‌و ده‌مه‌یدا که گوێم ۆ ده‌نگی قوری و کۆتره‌باریکه‌کان هه‌ڵخستبوو ، سه‌رسام و په‌لکێشی سه‌ما و سوڕدانی لای ئه‌و کلک هه‌ڵسه‌نگێنه جوان و سینگه سوورانه‌ش بوو بۆم که به نزیک بوونه‌وه‌ی ئێمه لێیان ، به‌ره و لای ڕه‌زه مێوه‌که‌ی سه‌روو ڕووباره‌که‌ی که‌نار جۆگاکه‌وه فڕکه‌یان بوو .
که گه‌یشتینه سه‌ر جۆیه دایکم گوتی :
-(( که ده‌پڕنه‌وه ئه‌وبه‌ری جۆیه وریا بن ، له به‌رده‌کان هه‌ڵنه‌خلیسکێن . )) به سه‌لامه‌تی په‌ڕینه‌وه ئه‌وبه‌ری جۆیه .
دایکم : (( کچه‌که‌م ئێره باشه )) و ده‌حاڵێکدا که ته‌شته‌که‌ی سه‌ر سه‌رت داده‌گرت ، گوتی
-(( گوڵبه‌هار ، شیرین زوو بچن چیلکه و دار و په‌ردووان خڕکه‌ینه‌وه ده‌بێ بجووڵێین ده‌نا دره‌نگ ده‌بێ . ))
من و شیرین که‌وتینه ئه‌لاولای خڕکردنه‌وه‌ی ئاوردووی و باوه‌شێکمان یلکه و دار و دڕک و داڵ و کۆته‌ره‌ی وشک هێنان و ده‌نێو سێ کوچکه‌ی ئاگردانێکدا ئاگرمان کرده‌وه و قابله ئاومان له‌سه‌ر دانا . ده‌رمایه‌کی وشک و داغ ده‌مووچاوی ده‌سووتاندم . عه‌رد و به‌رد و سه‌وزه قامیشه‌ڵێن هانکه هانکیان بوو له گه‌رمان .
ده‌و ده‌مه‌یدا که له په‌نا خوشکێمه‌وه خه‌ریکی شوشتنێ بووم . جارجاره‌ش چاوێکم به نێو ڕه‌زه مێوه سه‌وز و جوانه‌که‌دا ده‌گێڕاو نه‌خشه‌م ده‌کێشا چۆن بچم ، هێشووه ترێیه‌کی لێبکه‌مه‌وه ، دایکم زنجیره‌ی بیر و خه‌یاڵه‌کانمی پساند و گوتی :
-(( گوڵبه‌هار وه‌ره جامه ئاوێکی کوڵاوم بۆ ده‌ته‌شتێ که خه‌ریکه دره‌نگ ده‌بێ . ئه‌وه نیوه‌ڕۆیه و ئێستا بابت دێته‌وه . دره‌نگ بچینه‌وه ماڵێ ده‌یکاته هه‌را خێراکه . ))
به ده‌سته بچکۆله‌کانم جامه ئاوێکی گه‌وره‌ی کوڵاوم له قابله‌مه‌که‌ی هه‌ڵێنجا . ده‌ستم سووتا به‌ڵام به‌سه‌ر خۆم نه‌ینا . زمانه‌ی ئاگره سووره خۆشه‌که‌ی بن قابله‌مه‌ش هه‌روا خۆی ده‌سه‌ر و چاوان هه‌ڵده‌کردم .
سه‌ر و چاوی دایی و خوشکه‌کانم ، وایان دڵۆپه ئاره‌قه پێدا ده‌هاته خوارێ ، وه‌ک بڵێی پاچ کاریه بکه‌ن . خوشکه‌که‌م گوتی :
-(( جله‌کان هێنده پیس و چڵکنن ، چه‌ندیان سابوون لێ ده‌خشێنم پاک نابنه‌وه . )) دایکم گوتی :
-(( چاکیان بشۆ به‌تایبه‌تی جله‌کانی بابت ئه‌گه‌ر په‌ڵه‌یه‌کیان پێوه بمێنێ چاک ده‌زانی چ ده‌قه‌ومێ . ))

جلە ئارەقاوییەکانمان هەموو بە لەشیەوە نووسابوو . شیرین هات و گوتی :
–(( گوڵبەهار دێی خۆمان بە جۆیە دادەین مەلەی بکەین تا فێنک ببینەوە ؟ )) بە خۆشحاڵییەوە گوتم :
–(( بۆ نا . )) و وەک دوو تیری لەکەوان دەرچوو خۆمان بە جۆیە دادا . چونکە ئاوی جۆیەکەش کەم بوو ، هەر وا بە دانیشتنەوە کەوتینە شڵپە شڵپێ و دوایەش درێژبووین و بە پەنجە کونە گوێیەکانمان گرتن و خۆمان نقووم کرد . کە نەختێک فێنک بووینەوە ، لە جۆیە هاتینە دەرێ و لەسەر لێوی جۆیە دانیشتین ، تا جلەکانمان لەبەر تاوێ وشک ببنەوە . شیرین هاتە پێشێ و گوتی :

–(( ئەرێ بە ڕاست گوڵبەهار تۆ ئەو ڕەزە مێوەت دیوە ؟ هەریەکە و هێشووە ترێیەکی لێکەینەوە و تا ژنێ خاڵۆ میرزاش نەیدیوین هەڵێیینەوە ؟ )) گوتم :
–(( بابچین ئەمنیش زۆرم حەز لە ترێیە . بەس دەبێ وابچین دایی نەزانێ .
باق و بریقی ڕەنگی ڕەزە ترێی ڕیخۆڵە ئەستووره و باریکەی وا تێک بەردابووین لەوەمان زیاتر خۆ پێ ڕانەدەگیرا . لەسەر نووکی پێیان بەسپایی بەرە و لای بنەمێوانەوە کە هەموو بەڕیز لەسەر یەک دیرا و ڕاکێشرابوون . هەریەکە و هێشووە ترێیەکمان لێکردەوە و هەڵاتین . دەستبەجێ دەنگی گوڕڕەی ژنی خاڵۆ میرزای هەموو جێیەکی تەنیەوە .
–(( ئەهای ، ئەهای ، زۆڵینە ڕاوەستن ، هەی دزینە ، شەرتە کارێکتان بەسەربێنم ، هەتا ماون لەبیرتان نەچێتەوە . لاقتان دەبڕمەوە ، بۆڵۆ ترێتان لە چاو و گوێیانڕا دەردێنمەوە . ))
شووڵکە هەنار وا هەڵدەسووڕاند ، وەک بڵێی بییەوێ دوژمنێکی زۆر کۆنینەی داغان کا . من و خوشکەکەم بەپەلە خۆمان دەجۆیەوە هاویشت . بنە پێمان دەگێڕان . لە ترسان دەلەرزین نەکا قرژاڵێک بە پێمان دانووسێ ، ئاخر بیستبوومان ئەگەر پێدانووسێ تا کەر لە بەغدایە نە زەڕێ بەری نادا .
بە درێژایی جۆیە ، دەنێو قوڕ و لیتەیدا قەوزەی سەوز و لوس وەک گوریسان دە ئاوەکەیدا تەکە تەکیان بوو ، ئاو ڕوونکەرەوەکانیش بە تیژی دەردەپەڕین و لە نێوان قیرەقیری بۆقانڕا کە ئۆقرەمان لێ بڕیبوون دەچووینە پێش . تا گەیشتینە ئەو سەری جۆیە .
لە کەمەر بەندیە پڕ لە دڕک و کەڵکە بەردەکەی دەم جۆیەڕا خۆمان هەڵدایە سەرێ و وەک بای کەوتینە بە زینێ . دەو حاڵەیدا کە لێدانی ترپەی دڵمان تێەڵی دەنگی گپەگپ و تەپەتەپی کارگەی سەهۆڵێ ببوو ، ئەو کۆڵانە درێژکۆڵە باریکەڵەمان بڕی کە دەچۆوە سەر ڕاستە شەقامە سەرەکییەکە ، هەر کە گەیشتینەوە ماڵێ بەلەشی تەڕو بڕو ترس و لێوە لەرزەوە خۆمان دە ژوورێ هاویشت .
چاوم تاریک دادەهات . بە پشتی دستمم چاوەکانم سڕینەوە ، تا بەرچاوم ڕوون بووەوە و ئەوجا بە پەلە گوتم : شیرین ەرە با لەپشت دەرکێ خۆ وە شێرین )) شیرین گوتی :
(( لەوەێ دەماندۆزنەوە . )) ئیدی دەرفەتێک نەمابوو کز و مات و لا نەواز چاومان تێک بڕیبوون ، کە دەنگە ناخۆش و نا قوڵایەکەمان هاتنە گوێ .
–(( تا نەیاندۆزینەوە و تۆش بەو شووڵکەی من دەبێ زۆر چاکیان جەزرەبە و تەمبێ کەی ، دەنا لەو حەسارەی ناچمە دەرێ . بۆ مەگەر ئەو ڕەزە بێ خاوەن و بەرهەڵدایە ، هەروابێی و بیرنی . ))
بابم هەروا بەتەنگە تاوی و تووڕەییەوە بە دوا ژنێ خاڵۆ میرزایەوە لەمە دەگەڕا .
–(( مش قوربان ، مش قوربان ، وەرە . خۆیان دەژووڕێدا شاردۆتەوە . )) خەریک بوو دڵم دەردەهات ، وەک بەرخۆڵەی بەر چەقووی قەسابی هەڵدەلەرزین خۆمان لەسەر پێ ڕانەگرت . لە پڕ پەردەی دەرەکی وەلاکەوت و شووڵکە هەنار وەک تاوی بارانێ بەسەر سەرماندا داباریە خوارێ ئیدی نەمزانی چ بوو .
کاتێ کە گێژ و وێژ بە خۆهاتمەوە ، بە زەحمەت چاوم هەڵهێنانەوە . ژوورەکەم لەبەر چاوی دەسووڕا . بۆڵوەترێی کەت و پارچە بەناو ژوورەکەدا بڵاوبۆوە .

**سەرچاوە:**
گل بۆته . . . گرد اورندەو : مصطفی فعله گری – نشرخنیا ،
چاپ اول زمستان ١٣٦٩ – وە کراوە بە کوردی

# کردەی ڕەخنەی شێوەکاری

و: ستار قادر



لەبەرئەوەی ئێمەی مرۆڤ هەڵگری برێک لە ڕاوبۆچوونی ڕەخنەین بەرامبەر بەکۆی شتە جیاجیاکانی دونیا بەگشتیو سەبارەت بەهونەرو ئەدەب بەتایبەتی، پێمانوایە ڕەخنەگربین، ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە لە خانەی تیۆرە ڕەخنەییەکاندا بەڕەخنەی ئیمپرشنی –النقد الانطباعی – ناوزەد کراوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لەبۆچوون، زیاتر پشت دەبەستێت بەزەین روونی پەتی تاکەکان لەسەر جوانی لە هونەردا، بەڵام پرۆسەی ڕەخنەیی کامڵ بەپلەی یەکەم پرۆسەیەکە خاوەن پێودانگو خەسڵەتگەلێکی چڕوپڕە، بۆیە ئامانجی سەرەکی لە ڕەخنەی هونەریدا گەڕانو خستنەروو و دۆزینەوەی مانایە لە کارە هونەریەکەدا، دیارە ئەمەش بەکۆمەکی مەعریفیو تیئۆرە ئیستاتیکیەکان دەبێتو لەگەڵ ڕوئیاو بینینەکانی ڕەخنەگر، لەم کردەیەدا بەدواداچوونو کۆکردنەوەی زانیارییە مێژووییەکان لەسەر هونەرو ئاگاداربوونو متابەعەی ئەو بوارەیە لەسەر هونەرو هونەرمەندان، دیارە دووەم ئامانجی ڕەخنەی هونەریی بەخشینی چێژو لەزەتە بەخوێنەرانی تێکستە ڕەخنەییەکە، ئەمەش لەوەدا خۆی دەردەخات کاتێک بەر تێکستێکی ڕەخنەیی دەکەوین، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەستی ئیستاتیکیو تێگەیشتن لەمانای کارە هونەریەکەمان لەلا ئەکتیڤتر دەکات، بۆیە وەهامان لێدەکات هەست بە بەختەوەری بکەین.

نێوەندی رووبەری ڕەخنەی هونەری چەند (جۆر–تایپ)ێکی ڕەخنەگران لەخۆ دەگرێت، زیاتر لە هەر تایپێکیان (ڕەخنەگری ڕۆژنامەگەری–Jornalis ticcritic–یە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لەم کایەیە، ئاخر زیاتر ئیشی ئەم جۆرە لەڕەخنەگری هونەری پیشاندانو خستنە بەرچاوی نمایشە هونەریەکانە، بەدەر لەم تایپە لە ڕەخنەگر جۆرێکیتر هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە نێو پەیمانگەو کۆلیژە هونەریەکاندا هەیە کە بە بەڕەخنەگری فێرکاری–پەروەردەیی ناسراونو ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، دیارە ئەم جۆرە لە ڕەخنەگران زیاتر بۆچوونە ڕەخنەییەکانیان دووبارەییو لاسایی کردنەوەی پێش خۆیانی پێوە دیارە، هەر لەو جۆرانەی ڕەخنەگرانی هونەر، ڕەخنەگری زانستیو ڕەخنەگرانی پۆپە– شەعبی، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم جۆری دواییان بەڕەخنەگری ئیمپرشنی ناسراوەو زۆر بەخاوی گەشە دەسێنێو گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا نایەت لەچاو جۆرەکانی تری ڕەخنەی هونەری. لە دوای ئەوەی جۆرەکانی ڕەخنەو ڕەخنەگری هونەریمان پۆلێن کرد، لێرە بەدواوە دێینە سەر ئەو قۆناغانەی کە کردەی ڕەخنەی هونەری شێوەکاری پێدا تێپەڕدەبێت، ئەم پرۆسەیەش بەسەر چوار قۆناغی یەک لەدوایەک دابەش دەبێت کە ئەمانەن:

١.وەسف Desctipion.

٢.شیکردنەوەی شێوەیی Formal Analyal.

٣.ڕاڤەکردن– التأویل.

٤.هەڵسەنگاندن–مەزندە: الحکم أو التقویم

دیارە سەرجەم ئەم قۆناغانە لەکردە ڕەخنەییەکەدا تێکهەڵکێش دەبن و بۆ زیاتر بەرچاو روونیو زۆرتر لەسەر هەر یەکێک لەم قۆناغانە دەوەستین بەپێی پێویست پێناسەیان دەکەین، بەرێگەگەلێکی تیۆریو پراکتیکی بۆ هەر یەکێکیان:

وەسف لە کردەی ڕەخنەی شێوەکاریدا: مەبەست لەوەسف لە کردەی ڕەخنەییدا، ئاژمارکردنو جوداکردنەوەی ئەو ڕەگەزانەیە کە لە کارە هونەریەکەدا بوونیان هەیە، بەواتایەکی دی سەرنج خستنەسەر ئەو دیاردەو فۆرمە بەرچاوانەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبۆتەی کارەکەدا بەدیاردەکەوێت، لەبەرچاوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ڕەخنەگر بەهیچ جۆرێک توخنی ئەو قوناغانەیتر نەکەوێت، سەرەتا نابێت بڕیار لەسەر کارەکەدا بدات، بەڵکو تەنها ئەرکێک لەم قۆناغەدا تەنها لەسەر وەسفی ئەو شتانەی کە لە کارەکەدا لەبەرچاو ڕاستەوخۆ دەبینرێت قسەبکرێت، لێرەدا دەبێت پرسیار لەوە بکەین کە ئایا ئەو شتە چییە لە کارە هونەریەکەدا دەبێت وەسف بکرێت؟ سەرەتا لەوەسفکردنی شتە هەرە بەرچاوو ڕوونەکانەوە دەستپێدەکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتی وەسفکردنە لە تابلۆدا، تابلۆی (خانمانی ئافینیون)ی هونەرمەند پاپلۆ بیکاسۆ وەک سمپڵێک– نموونە–یەک وەردەگرین، تاکو زیاتر پرۆسەی وەسفکردنەکە بەرجەستە بکرێت: ئەو فۆرمە هەرە بەرچاوو باوانەی بەڕوونی لەم تابلۆیەدا بەرچاو دەکەوێت، جەستەی پێنج ئافرەتی ڕووتە کە هەر یەکێکیان پۆزێکی–وچع– تایبەتی وەرگرتووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە لەشولاری یەکێکیان زیاتر دەچێتەوە سەر جەستەی پیاو نەک ئافرەت، ئەمە ئەگەر ناونیشانی تابلۆکە ڕەچاونەکرێت دەنا کە ناونیشانی تابلۆکە ئاماژەی بەوەداوە کە پێنج ئافرەتن، ئەوا دەبێت ئەو دیاردەیەش فەرامۆش بکرێت، دیارە دەبێت لەمیانی دەقە ڕەخنەییەکەدا ئەو فۆرمانەش وەسفبکرێت، ئیتر ئەو فۆرمانەی کە فۆرمۆڵە بوون لە شێوەی هێلکەیی بێت ، یان لاکێشەیی، چوارگۆشە ، یان سێ گۆشەو فۆرمە نارێکەکانیش، ئەمە وەک فۆرم دواتر گەورەییو بچووکیشیان لە ئاست یەکتردا ئاماژەی پێبدرێت، هەروەها ڕەنگە زاڵەکانی نێو تابلۆکەو ئەو ئاراستەیەی کە فیگەرەکان لەخۆیان گرتووە، لەبەرئەوەی پرۆسەی وەسفکردنەکە زۆر بەوردیو سەرنجەوە سەرجەم ڕەگەزەکان ڕەچاوبکرێت، هەتا ڕەقیو نەرمی Softو Hard فۆرمەکان ئاماژەپێبدرێت، بەڵام ناتوانرێت لەم قۆناغەدا بڕیاری وەکو جوانیو دزێوی بخرێتە پاڵ هەریەک لە فۆرمو ڕەنگو فیگەرێک، بەدەر لە هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، دەشێت ئەو خەسڵەتانە بەتایبەتی ئەوانەی بەڕوونی دیارن وەک: بەکارهێنانی ڕەنگ، کە ئایا ئەو ڕەنگانە لەسەر تابلۆکە تێکەڵ کراوە ، یان لە دەرەوەی تابلۆ واتە لەسەر "پالێت)" وە بەکارهێنانی ڕەنگەکان وەسفبکرێت کە ئاخۆ



بەشەفافی بەکارهاتوون ، یان لە ئەنجامی دانانی چەند چینێکی ڕەنگی بەرهەم هاتووە، ئیتر پرۆسەی وەسفکردنەکە لەسەر کۆی دیاردە بەرچاوەکانی نێو تابلۆکە ئەنجامدەدرێت.

ئەوەی کە دەکرێت لە قۆناغی دوایی وەسفبکرێت کە قۆناغی "شیکردنەوەی فۆرمییە" کە دەکرێت ئاژمارکردنی وەسفی بەهزێنێت تاکو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان شتەکاندایە بدۆزرێتەوە کە لە قۆناغی یەکەمدا یاخود لە پرۆسەی وەسفکردنەکەدا ناوبردراون، بۆیە دەبێت زیاتر لەسەر ڕێکخستنە فۆرمیو ڕەنگیەکانیو تیکسچەر-ملمس-قسەبکرێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە، هەمان تابلۆی پێشوو بەنموونە دەهێنینەوە هەتاکو دراسەی Study فۆرمو Shape ڕەنگو مەلمەسی ئەو جەستانە بکەینو قسە لەسەر بەرجەستەبوونی سێ مەودایی Three damation فۆرمەکان بکرێت. هەندێ لەو جەستەی نێو تابلۆی (خانمانی ئاڤینیون- بروانە تابلۆی ژمارە-١) بەچەند ڕووبەرێکی ڕەنگی یەک مەودایی بەرجەستەکراونو جۆرێک لە ڕەقی لەلەشو لاریاندا بەرچاودەکەوێت، بەڵام ئەو دوو جەستەیەی کە لە ناوەندی تابلۆکەدا نەخشێنراون زیاتر نەرمیونیانیان پێوە دیارە، هەم لە هێڵە چەماوەکانداو هەم لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەنگیشەوە جودا دێنە بەرچاو بە بەراورد لە ئاست جەستەکانی تری تابلۆکە، خاڵێکی تر کە جیاوازە لەو دوو جەستەیەدا ئەوەیە کە وێنەکێش پرۆسەی شێواندنە هونەریەکەی لەواندا کەمتر بەکاربردووە، هەروەها لە جەستەی یەکێکیاندا بەهێڵی سپی فۆرمەکە بەدەردەخات سنووری فیگەرەکە دیاری دەکات، بەدەر لەم سەرنجانە ئەوەی کە لەم دوو فیگەرەدا ڕۆڵی بەرچاو دەبینن ئەوەیە کە ڕووبەڕوو نیگای بینەرانی تابلۆکە دەکەن، کەچی شێوەی نیگارکێشانی لوتیان حاڵەتی لەسەرلا- پرفێل-یان هەیە، هەروەها لەڕووی هاوسەنگیشدا-بالانس- لەیەکێک لەو دوو فیگەرەدا هەست بەناهاوسەنگی دەکرێت، دیارە بەهۆی ئەوەی کە هەردوو قاچییەوەیە کە بەلای چەپدا شکاندویەتییەوە. لەگەڵ کۆی هەموو ئەم شیکردنەوە فۆرمیانە دەبێت ئەوەش بخرێتەڕوو کە ڕەنگ بەشێکی زۆری لە فۆرمی تابلۆکەی پێکهێناوە، هەر لەگەڵ ئەمەش هیچ بەڵگەیەک نابینرێت لەڕووی پیرسپێکتیف- المنظور-یەوە، چونکە لەڕووی قەبارەی فیگەرەکانی پێشەوەو دواوەی تابلۆکە بەهەمان قەبارەو گەورەیی کێشراون، ئەگەر زیاتر قسە لەسەر شیکردنەوە، لەڕووی میبەوە بکەین ئەوا هەردووک لە لەشولاری فیگەرەکانی ناوەڕاستی تابلۆکە زۆرتر لەوانی دی ڕطیالیزمیانە وێنەکێشراون. ئەوەی کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ قۆناغی ڕاڤەکردنو هەڵسەنگاندنی تابلۆ، شیکردنەوەی فۆرمیە-التحلیل الشکلی-یە لە کردەی ڕەخنەی شێوەکاریدا، بۆیە لە ئێستاداو دوای ئەوەی هەریەک لەو دوو قۆناغە باسکران ناکرێتو نەشیاوە گەر هیچ ڕاوبۆچوونێکی حوکمدەرانە لەسەر کارێک بدرێت پێشی ئەوەی ماناو دەلالەتی تابلۆکە کەشف نەکرێت، بۆیە دەبێت لێرە بەدواوە لەو ڕووەوە بدوێین، دیارە ڕاڤەکردن-التاویل- لە پرۆسەی ڕەخنەی هونەریدا بەبەشێکی گرنگو بەرچاو دادەنرێت، چونکە ئەگەر ئەوەی مەبەستمانە لە کارەکەدا ئەگەر بدۆزرێتەوە بەپلەیەک ماناو تێگەیشتنە لە کارەکەو بەها ئینسانیەکانە لە کاری هونەریدا کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ڕەخنەگر بەشێوەیەکی سەرەیەکی، ئەوەیە کە بیرکردنەوەو فیکری هونەرمەند بەهەند وەرنەگرێت، بەواتایەکیتر ڕەخنەگر نابێت هونەر بۆ ئەوە بەکارببات کە کەشفی فیکری هونەرمەندی پێبکات، بەڵکو دەبێت ڕاستییەکی ناوەکی باوەڕپێکراوی لا بێت کە ئەویش بابەتەکانی هونەرە کە بەردەوام بارگاویە بەبیروڕاو بۆچوون، دیارە ئەم بیروڕایانەش بەشێوەیەکی ناخود ئاگای-لاشعوری- هونەرمەندەوە خۆی دەکوتێتە نێو کاری هونەرییەوە، لەبەرئەوەیە کە ڕەخنەگر دەبێت ئەو بیروبۆچوونانەی کە لێی دووایین کەشفبکات بەشێوازی خۆی بیگەیەنێتە ئەوانیتر.

مەبدەئێکی گرنگ لە ڕەخنەی هونەریدا هەیە دەڵێت: پێویست نییە لەسەر هونەرمەند کە بەرپرس بێت لەمانای کارە هونەریەکەی، بەڵکو ئەوە ڕەخنەگرە کە بەتەنگ ئەوەوەیە کە مانای کاری هونەری بەئەوانی دی بڵێت، بەڵام پێویست ناکات سەرجەم

ڕاوبۆچوونەکانی بەسەر کارە هونەریەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو وا پێویست دەکات ئەوەشی لەسەر کارە هونەریە کە دەیڵێت بە بەڵگەوە بێتو بەشێوازێکی شیکاری ڕاڤەیی ئەم کارە ئەنجامبدرێت. لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە، ئایا ڕاڤەکاری لەسەر تانەو تەشەرو شێواندنی بەهای هونەرییە؟ وە چۆن دەتوانین قسە لەسەر فۆرم Shapeو ڕەنگو تێکسچەر بەوشە نادروست دەکرێت، وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەم ڕوونکردنەوانە ئەوەیە کە ڕەخنەی هونەری نابێتە ئەلتەرناتیفی -بدیل- ئەزموونی ئیستاتیکی، چونکە ئەگەر (ناواخنی دیدەگی) بەقسەکردن گوزارشتی لێبکرێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە پێویستی بەداهێنانی کاری هونەری نەدەکرد.

بەڵام ئەرکی زمان لە ڕاڤەکاری هونەریدا لەوەدایە کە -(تعامل- بەرخورد)ییە لە تەک بەها فۆرمیو حسیەکان لە کارەکەدا، هەتاکو کاریگەری لەسەر هەستو سۆزو شعورو ژیریمان بکات، چونکە کاتێک کارێکی هونەری دراسە دەکەین ئەوە بەهای کارەکەیە لەسەر خودی سیستمی کارەکە خۆیدا، واتە کارکردنێکە لەسەر کۆی ئیدراکیدا، بۆیە ڕەخنەگر دەیەوێت سەرجەم ئەو یەکێتییە ئیدراکییە بکاتە وشەو ڕستەکان، لەکاتێکدا ڕەخنەگر لە میانی وەسفو شیکردنەوەدا سەرنجی بینەران ڕادەکێشت بۆ ڕەنگو شێوەو ڕەگەزەکانی تری کارە هونەریەکە نەک بۆ قسەکانی خۆی لەسەر هونەری شێوەکاری، دیارە بۆ ئەم مەبەستە لێرە بەدواوە سەرنج دەخەینە سەر چەمکی (بەڵگەداری)، بەڵگەداریش بەو واتایەی کە (ڕاڤەکاریەکە کە ناکۆتایە بۆ ئەو ڕاستیانەی کە لە کارە هونەریەکەدا هەیە) ئامانجیش لەمەدا ئەوەیە کە بگەینە ڕوونکردنەوەیەکی مەعقول بۆ زۆرێک لە بینەران. بۆیە دەمانەوێت ئەو ڕوونکردنەوانە لەسەر هەر کارێک دەکرێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی کە دەمانەوێت کۆیان بکەینەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سەرجەم ئەم ڕوونکردنەوانەی بەدەستی دەهێنین تاکو کارێکی هونەری پێ شیبکرێتەوە لەسەر بارتەقای تەوزیحات ئەنجامدەدرێت، دیارە لەڕووە تەکنیکیەکەیەوە، بۆیە دەمانەوێت



ئەو ڕوونکردنەوانە لەسەر هەر کارێک دەکرێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی کە دەمانەوێت کۆیان بکەینەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سەرجەم ئەم ڕوونکردنەوانەی بەدەستی دەهێنین تاکو کارێکی هونەری پێشبیبکرێتەوە لەسەر بارتەقای تەوزیحات ئەنجامدەدرێت لەڕووی تەکنیکیەوە، بۆیە پێبەپێ ئەم پرۆسەیە پیادە دەکرێت، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی لەسەر ئەم بۆچوونانە تابلۆی هونەرمەندی وێنەکێشی فەرەنسی "جورج سورا" لە ژێر ناونیشانی (نزهه اليوم عطله في جزيره جراند) بەنموونە وەردەگرین، کاتێک کە مامۆستایەکی هونەر بۆ قوتابییەکانی ئەم تابلۆیە شیدەکاتەوەو هەڵیدەسەنگێنێ، لەڕاستیدا ئەم تابلۆیە وەک لە ناوەکەیدا هاتووە خەڵکانێک ڕۆژی پشوو بەخۆشی دەبەنەسەر (بڕوانە تابلۆی ژمارە ٢) ئەو فیگەرانەی لە تابلۆکەدا دەبینرێت هەندێکیان پیاسە دەکەن، هەندێکی تریشیان لەژێر سێبەری داری باخچەکەدا لەو ڕاوچیانە ڕادەمێنن کە لە کەناری دەریاکە ڕاوی ماسی دەکەن، بەواتایەکیتر پێدەچێت ناوەرۆکی تابلۆکە بەدەر لە بابەتە بینراوەکە بەجۆرێکی دی ڕاڤەبکرێت، کە بەڕەنگو هێڵەکانو بەتەکنیکی خاڵگەرایی (التنقيطي) گوزارشت لە دەنگی کەسێتیەکان بکات، یان وەڕینی سەگەکانی لە ناو تابلۆکە ببیستێ ، یان قاوقیژی منداڵەکان ببیستێ و لێمان بپرسێت گوێت لەم ژاوەژاوەیە لە شوێنێکی هێند هێمندا کە بەهێڵو ڕەنگ کێشراوە، لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوون گەلێک لەسەر تابلۆکە کە وای دادەنێین بەتابلۆیەکی ئەبستراکت کە بابەتەکەی بابەتێکی باوو بەرچاوە، تاوەکو دەرک بەو پەیوەندییە فۆرمیە بەگرێوگۆڵیە بکەین کە لە نێوان ڕووناکیو سێبەرو بۆشاییو مەوداکانی لە تابلۆکەدا هەیە، گریمانێکیتر هەیە کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دەخاتەڕوو، ئەویش دەڵێت: ئایا ئەم تابلۆیە یارییەکە هونەرمەند لەگەڵ بینەرانی دەیکات، بۆیە سورای وێنەکێش باوەڕمان پێدەهێنێت هەتاکو دەرک بەشتە باوەکان بهێنین بەشێوەیەکی تایبەتمەند بەخودی خۆی.

هەر بۆ هەمان مەبەستو لە پێناو بەرچاو ڕوونی ڕاڤەکاری تابلۆ، جارێکیتر دەگەڕێینەوە سەر تابلۆکەی پاپلۆ بیکاسۆ (خانمانی ئافینیۆن)، سەرەتا لە هەندێ گریمانەوە دەچینە نێو باسەکە، ئەوەی لە نێو تابلۆکەدا ڕوونو ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم کارە هونەرییە مەبەستی سەرەکی پیشاندانو بەرجەستەکردنی جوانیو میهرەبانی مێینەیی نییە، کە پێشتر لەلایەن هەریەک لە وێنەکێشان پۆل ڕۆبنزو کارەکانی ڕەفائیل Rapaill، کە بەشیان بەرجەستەکردنی جوانی ئافرەتە کە لە تابلۆی (٣-٤)دا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش بخەینە بەرچاو کە لە تابلۆکەی پیکاسۆدا گەر سەرنج بدەین دەست ڕەنگینیو ڕەنگکردنو بەرجەستەکردنی لەشو لاری لە جەستەکاندا کەمتر ئامادەگی هەیە. دەتوانین بەواتایەکیتر لێی بدوێینو بڵێین، بەهای ئەم تابلۆیە لە شتێکی تردا بەدەر لە چێژبەخشین، بەڵکو ڕاڤەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ پەنهانێکی کۆن کە لە ڕێگەی جەستەی لای چەپی ناوەڕاستی تابلۆکە، وەک پێشتر لە قۆناغی شیکردنەوەی فۆرمیدا ئاماژەمان پێدا، کە ئەم جەستەیە لە پەیکەرێک دەچێت لەسەر بنەمایەکی -قاعدە-یەکی ناجێگیرو ناهاوسەنگ دانرابێت وەها دێتە بەرچاو، کە لەئانوساتی کەوتندایە، بەڵام پەیکەرەکە هێمنیو گوزارشتیەکەی خۆی لە دەست نەداوە، بەمانایەکیتر، ئەم پەیکەرە نازانێت ئەو هێمنیەی دادەڕوخێو دەتەپێو لە دەستی دەدات. لە کۆی هەموو ئەم ڕاڤانە ئەم کارەی پیکاسۆ پێمان دەڵێت کە کەسێک ، یان شتێک لە حاڵەتی ڕووخاندایە (بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لەوەبێت) هەروەک پێشتر سەرنجی ئەوەماندا کە پیکاسۆ هێڵی سپی بۆ هێڵکاری فۆرمی Form Drowing لە جەستەی ناوەڕاستیدا بەکاربردووە، کە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی هێڵی سپی بۆ دیاریکردنی فۆڕمی جەستەیی، پێشتر لە هونەری گریکی کۆندا بەکارهێنراوەو باوبووە. هەروەها تەماشای چاوانی هەردووک لە جەستەکانی ناوەڕاستی تابلۆکە، جۆرە نیگایەکن دەچنەوە سەر نیگای نیگاری مێینەی یۆنانی کۆن، ئەوەش لەبەرچاوە کە پێشتر لەوێنەی پۆزی جەستەی ناوەڕاستدا لەم جۆرە تاپیە ئانگەر Ingers لە تابلۆی (ڤینوسدا) (بڕوانە تابلۆی ٥)، بەڵام بەگوزارشتێکی پڕ لە هەستو سۆزی زیاد لەپێویست. بەدەر لەوەش ئێمە کاتێک چاومان بەر جەستەی ناوەڕاستی تابلۆکەی پیکاسۆ دەکەوێت، هەست بەوە دەکەین کە هەڵگری جوانی لەشولاری مێینەی کلاسیکی شارستانیەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن بێت. لەگەڵ ئەوەی ئەگەر جەستەی فیگورەکانیتر لەبەرچاوبگرین، ئەوا لەڕووی ڕەنگ و بەرجەستەکردنێکی ڕەقدا، لەبەرئەوە بنەچەکانی ئەم جۆرە لە فیگەر ناچێتە سەر ئەو فیگەرانەی کە لە هونەری ئەوروپیدا بەرجەستەکراون ، پێدەچێت ئەفریقی ، یان لەژێر کاریگەری شارستانیەتەکانی پێشووی کۆلۆمبیا بن، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لەم جەستانەداو لەڕووی فۆرمەوە بەگۆشەی ڕەقو هێڵە ڕاستەکان بەکارهاتوون نەک بەنەرمی، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەم جۆرە لە نیگاری فیگۆر سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر شارستانیەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەو جەستەیەی کە لەلای ڕاستی سەرەوەی تابلۆکەدایە، زۆر بەدزێویو ناشرینی بەرجەستەکراوە. لەبەرئەوە کە لەو تابلۆیەدا زیاتر لە جنسێکو نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤ دەبینین، لەگەڵ گۆڕانکاریو چارەسەرە هونەریەکەدا بۆ ئەم مەبەستە پیکاسۆ لە بەرئەوەیە لەشولاری ئەم نەژادانەی لە تابلۆکەیدا کۆکردووەتەوە تاکو گوزارشت لە داڕووخانی عیرقی خۆرئاوایی پێبکات، بەتایبەتی لەنێو هەر پێنج فیگەرەکەدا تەنها جەستە کلاسیکییە خۆرئاواییەکەی ناجێگرکردووەو هاوسەنگی تێکداوە، چونکە ئایدیالیەتی جێگری مێینە بەمانای بەئەکتیڤیو سیحری مێیینە



دەزانرێتو لەخۆرئاوا ئەو بەهایەی هەیە.

ئەوەی ماوەتەوە لەم قۆناغەدا بیلێین لەسەر ڕاڤەکاری ئەم تابلۆیە بەنموونە، مێژووی پیشاندانی ئەم تابلۆیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٧ز، واتە ساڵانێکی زۆر لە پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهان یەکەمو تەواوبوونی ئیمپریالیزمی ئەوروپی لە ئەفریقاو ئاسیادا، کە ئەوەش پێدەچێت پێشبینیەک بێت بۆ گۆڕانکاریە ڕامیارییەکان، بۆیە وا مەزندە دەکرێت ئەمەش یەکێک بێت لەو مانایانەی کە ئەم تابلۆیە هەڵگریەتی، واتا مانا مێژووییەکەیەتی، هەروەها لەڕووی ستایلو کارکردنەوە لەم تابلۆیە پیکاسۆ بەشێوازەکەی بەرەوپێشەوەچوونی پێوە دیارە، بۆیە ئەم تابلۆیەی بەیەکەم تابلۆی کوبیزم–التکعیبی–یە کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە شێوازی وێنەکێشانە بەرخوردێکی ڕاستەوخۆی لەتەک فیکروبۆچووندا هەیە. ئەم پرۆسەی ڕاڤەکاریەی کە بۆ تابلۆی (خانمانی ئاڤینیون) کردمان ئەنجامەکانی بەرەو خەملێنی هەڵسەنگاندن–حکم– دەمانبات کە بەدوا قۆناغی کردەی ڕەخنەی شێوەکاری دادەنرێت، لێرەوە دەچینە سەر دوا قۆناغ کە هەڵسەنگاندن –مەزندە– حکمدانە بەسەرکاری هونەری.

مەزەندەکردن–یان حکمدان بەسەرکاری هونەریدا، بەو مانایە دێت کە جێگابوونەوەی ئەو کارە هونەریەیە لە نێو کارە هونەریەکانی تردا. هەندێک لە ڕەخنەگرو توێژەرەوەی هونەر پێیان وایە کە لە کاتێکدا ڕاڤەکردنێکی چڕوپڕ هەبێ بۆ هەر کارێک لە کارە هونەریەکان ئەوا (حکمدان) بەهەند وەرناگیرێتو پێویست نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هۆکارگەلێک ، یان پاڵنەرگەلێک –الدافع– هەن بۆ حەزکردن بەپۆلێنکردنی کاری هونەری بونیادەمەکاندا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە هەڵوێست گیرییەکە ئەو پۆلێن بەندییە دەخەملێنێت، بۆیە زۆرێک لە مۆزەخانەکان هەن کە ئەم پۆلێنانەیان لەسەرکاری هونەرمەندان کردووە وەک ئەوەی لەسەر هەندێ لەهونەرمەندی ئێمپرشینیستەکان–الفنانون الانطباعیون–ی فەڕەنسی، ئیتر بە(باشەو مەزنو گرنگیان ناوزەد کردوون)، بۆ ئەمەش پشت دەبەستن بەهەندێ لە ڕەخنەگرانو ناوی پسپۆڕیان لێناون کە ئەو کەسانە ئاگاداری زۆر مەسەلەن لەسەر ناوبانگیو مەزنی کارە هونەریەکان و زیاتر پێ لەسەر (ڕەسەنی –الاصالە) کاری هونەری دادەگرن، وەک ئەوەی کە لەسەر هونەرمەند (جۆرجۆنی) و گرنگی کارەکانی ئەو کارەیان ئەنجامداوە، بەنموونە لە چ کاتێکدا ئەو کارانەی ئەنجامداوە، ئایا تەنها دانەیەکیتری لە تابلۆکانی هەیە، یان ئەو نموونەیەی کە لەسەر هەمان شێواز دروستی کردووە؟ بۆیە بەبەراورد لەگەڵ (تیتیان) کامیان گرنگترن یان بەها هونەریەکانی

کارەکانیان کەمترە، ئەمەش لەسەر (پرۆفیشناڵی لە کارکردنو ڕادەی جوانیو لایەنە تەکنیکیەکانی تابلۆکە لەبەرچاو دەگیرێت، دیارە لە گەیشتن بەئەنجام پێیان وایە، لەگەڵ ئەوەی کە تیتیان تابلۆگەلێکی زۆری ئەنجامداوە، بەڵام تابلۆکانی جۆرجۆنی دەگمەنترن، ئەم حوکمدانە بەلەبەرچاوگرتنی سەدەو قۆناغەکانە کە بۆ کارە کلاسکییەکان دەکرێت، بەڵام لەحوکمدان بەسەر هونەری هاوچەرخدا، چەند تەنگژەیەکی جیاواز لەوانەی پێشتر دێنە بەردەم پسپۆڕان، چونکە پێوەدانگی (ڕەسەنی)، لەبەردەم حوکمدانی هونەری نوێدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نامێنێت، بەڵکو ئەوەی کە ئەم حوکمدانەی لەسەر دەدرێت لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئەو پێشینەیەیە کە بۆ بەهای جوانییە لەو کارانەدا بۆیە ئەرکە لەسەر ڕەخنەگر پێش هەر شتێک ئەوە لەبەرچاوبگرێت کە خەڵکیو بینەران ئاخۆ چ ئیشێکی نوێیان خۆشدەوێت؟ یان کام ئیشە باشە؟ ئایا حوکمە مێژووییەکەیان بە چ جۆرێک دەبێت بەرخورد لەگەڵ ئەو جۆرە ئیشە نوێیانەدا بکرێت؟ یان چۆنو بە چ شتێک ئەو پێشبینیەی بەهای جوانی تابلۆیەک لەوی دی دەدۆزرێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەو مەزەندەکردنی بەهای هونەری نوێ دەبێت لەهەریەک لە (بەراورد بە نموونە مێژووییەکان بکرێت دواتر گونجاندنی تەکنیکی لەهەر کارێکی نوێدا بکرێت، هەر کاتێک حوکم بەسەر کارێکی هونەریدا دەدرێت دەبێت بەراوردبکریت لەتەک کارگەلێکی زۆر لەو کارانەی لە مێژووی هونەردا بوونیان هەیە، بۆیە ئەمڕۆ هونەرمەندانو ڕەخنەگرە لاوەکان حوکم بەسەر کارێکدا دەدەن ئیتر بەهونەر یاخود بە ناهونەری لەقەڵەم دەدەن، تەنها دەگەڕێتەوە سەر پێودانگە بەرتەسکەکانو لەوێوە هەڵیدەسەنگێنن، ئەمە لەبری ئەوەی کە بەراوردی بکەن بەکاری تری هونەری پێش خۆی، چونکە زۆرێک لە داهێنانی هونەری لە هەناوی کارەکانی پێش خۆیەوە هێزی داهێنەرانە وەردەگرێت، بۆیە ئاگابوون لە مێژووی هونەر ئەرکێکی سەرەکی ڕەخنەگرانە تاکو ڕاوبۆچوونەکانیان سەرپێیی نەبێت، بەسەر هونەری جوانو ڕەسەندا گوزەر نەکەن، خۆشبەختانە لە ئێستادا کەرەسەیەکی زۆر لەڕووە مێژووییەکەوە لەبەردەستدایە، (بەچەندان کوراس، سایدی هونەرمەندان و چاپی تابلۆکان بەئاسانترین شێوە دەستەبەر دەبێیت).

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دەرکردنی حوکمی ڕەخنەیی لەسەر هونەر پەیوەستدارە بەنموونەی تابلۆو کارەکانی کە لەمێژوویەکی بەریندا بەرهەمهاتوون. ئەو قسەیەی کە دەوترێت، دەبێت هونەر بەگوزارشتێکی جیاواز پێداویستیو بەهای ئێستایی هەبێت ئەوە قسەیەکی پێچەوانەیە، دەبێت ئەو ڕاستییەش بخەینە بەرچاو کە بەراوردکردنی کارێکی هونەری بەباشترین کاری ڕابردوو بەمانای لاساییکردنەوەی ئەو ڕابردووە نایەت، دیارە کە ئەوە دەڵێین مەبەستمان بەراوردو سوود بینینی کۆپیەکی کتومتی کارەکانی پێشتر نییە، هێندەی مەبەستمانە بڵێین لەڕووی مەزنیو گرنگییەوە هەروەک چۆن پەیکەرەکانی مایکل ئەنجیلۆ ئەو مەزنیەی بەباڵادابڕاوە (هانری مۆر)یش کارەکانی هەڵگری هەمان مەزنیین لە هونەری هاوچەرخدا.

هەر بۆ ئەم مەبەستە بەهەردووک تابلۆی هونەرمەند (ماکس بیکمان–Maxbeakman بەناوی– سێلف پۆرترێت بەقاتی ڕەسمیەوەو تابلۆی (وێنەی لاوێک)ی هونەرمەند (ئەجنولو برونزنیو) سەرسامین، هەریەک لەم دوو تابلۆیە شێوەیان بەکارهێناوە بۆ وەسفی دەرخستنی ئایدیاکانی ئادەمیزاد. ئەو لەگەڵ ئەوەی لە تابلۆی (وێنەی لاوێک) بەرجەستەی بڕوابەخۆبوونو جوانی کاری زیاتری تێدا کراوە. برونزنیوی وێنەکێش زیاتر جەختی لەسەر لایەنی داهێنانی کردۆتەوە لەسەرچاو هەڵخەڵەتاندنێکی باوەڕپێکراو بەتایبەتی لەسەر لایەنی ئەدگارو ڕەنگو جلوبەرگو ئەتمۆسفێری کە چواردەوری لاوەکەی داوە، هەروەک لە تابلۆکەوە دێتە بەرچاو پۆزی وەستانیو دەستخستنە سەر لاقەیی، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، بەڵام لە تابلۆکەی ماکس بیکماندا پۆرترێتەکە ڕووبەڕووی خۆی بۆتەوە وەک پیاوێکی بەتەمەن، لەگەڵ وەستانێکی بەئەتەکدا، بەڵام لەوە ناچێت خۆی لە نێو کەرنەڤاڵێکی جواندا ببینێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە جلوبەرگێکی ڕەسمیشی پۆشیوە، کەچی پۆزی ڕاگرتنی دەستەکانی بێباکیانەی وەرگرتووە کە هەست بەنائومێدیو دڵەڕاوکێ دەکرێت، ئەم حاڵەتە لە تابلۆی لاوەکەی برونزنیودا بارێکی دەروونی جێگیری وەرگرتووە، بەبەراورد لەگەڵ تابلۆکەی بیکمان زیاتر بارە دەروونیەکەی لە دەمیدا بەرجەستەیە کە بێتاقەتیو پەستی پێوە دیارە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو دووشینایییەی کە لەم لاو لەولای دەموچاوی داوە زیادەڕەوی تێدا دەبینرێت، کەچی لەکارەکەی برونزنیو لاوەکە لەوپەڕی هەڕەتی لاویدایەو پڕ مەعریفە دیارە، بەوەدا کە دەستی ڕاستی لەسەر کتێبێکە کە ئەمە ئاماژەیە بۆ گرنگیدان بەفیکری سەدەی ڕێنیسانس، کەچی لە پیاوی ناو تابلۆکەی بیکماندا کەسێتییەکە جگەرەی بەدەستەوەیە کە سیمبولە بۆ بەتەمەنیو تووڕەیی. ئەوەی کە لەهەردوو تابلۆکەدا هەیە هەردوو فیگەرو ئەتمۆسفێرو پۆزەکانیان بەشێوەیەکی هاوسەنگو هێمن وێنەکێشراوە، بەڵام پیشاندانیان لەسەرجەم ئەوانەی باسکران جیاوازن، لە دوای ئەوەی دراسەی تابلۆکەی بیکمان کرد، بۆمان دەکەوت کە لەبەرامبەر کارێکی هونەری دەگمەندایین لەگەڵ ئەوەی کە بەهای کارەکەی لە بەهای کاری برۆنزنیو جودایە، بەڵام هەردووک تابلۆکە لەڕووی پۆلین بەندیەوە دەچنەوە سەر شێوازێک. ئەم لێکچوونەو سوود بینیە بەبەراوردکردن لەڕووی لێکچوونەوەو لە کارێکی سەدەی شازدەوە بەرچاودەکەوێت، لەم جۆرە حوکمدانانەدا نابێت ئێمە بگەڕێین بۆ هەمان بەها، بەڵکو دەبێت بگەڕێین بەدووی

توانستە هونەریەکان کە بەهای پێدەبەخشێت، بۆیە ئاستەکانی چارەسەرکردنو گوزارشت کە لە هەناوی تابلۆیەکی برۆنزنێووە سەرچاوەی گرتووە، توانای هونەری بیکمان بدۆزینەوە، بۆ لەدواییدا دەتوانین بڵێین کە کارە نوێیەکەی بیکمان زۆر باشو جوانە وەک تابلۆکەی برۆنزنێو (بڕوانە تابلۆی ٦-٧). یەکێکیتر لە مەزندەکردنی کاری هونەریدا بەتایبەتی لە هونەری هاوچەرخدا، گونجاندنی تەکنیکیە: لە پێناو کامڵبوونی کردەی ڕەخنەی شێوەکاریداو لەدوا قۆناغدا بۆ حوکمدان بەسەر کاری هونەر: لەوەڵامی ئەم پرسیارەوە سەرچاوەدەگرین، پرسیارەکەش ئەمەیە: ڕۆڵی -حرفە- پیشەیی، بەکاربردنی تەکنیک چییە لەبەکاربردنی کەرەسەدا لەکاری هونەریدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، سەرەتا بەگریمانەیەک دەچینە نێو باسەکە، ئەویش با وەهای دانێین کە هونەر پیشەیە هەروەک یۆنانییە کۆنەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هونەر دوابەدوای ئایدیا دەکەوێت، بەڵکو ئەوە پێکهاتەکەیە کە ئایدیایەو کەرەسە بەکاردەبات، دیارە لە ڕێگەی تەکنیکیەکانەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت، بۆچی ئێمە لە کردەی ڕەخنەی هونەریدا ناتوانین -حرفە-و تەکنیک پشتگوێ بخەین؟ لەبەرئەوەی خودی کارکردە پیشەسازی، فۆرمۆڵەبوونی ئەو گوزارشتانەیە ئیشی خۆی دەکات، پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە شیکردنەوەی تەقەنیەت-تەکنیکو پەیوەندی بەوەسفی ڕەخنەیی، بۆیە دەمانەوێت لێرەدا دراسەی پیشەیی بکەین، بەوپێیەی کە بەگوازەرەوەی بەهای جوانی دادەنرێت. هەروەک چۆن ئەوەشمان لا ڕوونە کە تەکنیک هۆکارێک نییە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بەڵکو خودی بەهای خۆیەتی لەکارەکەدا، چونکە جۆرێک لەجوانی لەڕێی تەکنیکەوە بەدەست دێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەی کە بەرخورد لەگەڵ شتومەکەکاندا دەکەین، ئەو کاتانەی سەرقاڵی کارێکی دەستین- (الاعمال الیدویە). کەواتە دەبێت لێرەدا ئیستێک بکەینو بڵێین، چۆن دەتوانین (حوکم-مەزندە)ی کارێکی هونەری بکەین لەڕووە تەکنیکییەکەیەوە کە باشە ، یان نا؟ بەواتایەکیتر: چۆن دەتوانین کارێکی باش لەڕووی پیشەییەوە جودابکەینەوە لە کارێکی خراپ؟ لەڕابردوودا تەکنیک- التقنیات- زیاتر گرنگی بەپتەویو بەهێزی گوزارشتکارانەوە هەبووە، واتە زیاتر کاریگەری ئەکتیڤی لەسەر بابەت بووە، بەڵام لە ئێستاداو لە هونەری هاوچەرخدا پتەوی گرنگە، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو جێگەی ناوبانگ دەرکردنی نییە، واتە خەسڵەتێکی نییە ناوبانگی پێدەربکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کەرەسە هونەریانە لە ئێستادا هونەرمەندان کاری پێدەکەن لەڕووی کوالیتییەوە کەرەسەی باشنو ئامادەکراونو لەبەردەستدان، لەبەرئەوە حرفە- پیشە ، یان نایابی لە تەکنیکدا بەم مانایە دێت:

١-هەم کەرەسەو هەم ئامرازی بەکاربەر، بەهۆی لۆژیکەوە بەکاردەبرێن.

٢-لە نێوان هەریەک لە ڕووکەشو ماناو ئەرکدا ڕێککەوتنێکی زۆر نزیک دەبینرێت.

بەو پێیەی کە خەسڵەتەکانی ماتریالی کەرەسەکانە تەحەکوم بەبەکاربردنەوە دەکات، بۆیە لەزۆر کاردا کەرەسەکانو جۆری تەکنیکو بەکارهێنانی، کار لە هەستو سۆز دەکات، دیارە بەهەردوو دیودا ئەم کاریگەریە بەجێدەهێڵێت، هەم بەهەستکردن بەچێژوجوانی هەم بەقێزەونیو ناشیرینی، ئەم دیاردەیە زیاتر لەهونەری پۆپدا -PopArt-دا بەرچاودەکەوێت، هەروەک لە کارێکی هونەرمەندی پۆپ (کلایس ئۆلدنبیرگ Oldenburg Claesدا بەناوی (Dual Hamburgers) ئێمە لەم کارەدا بەر پەیکەرێکی ناشیرین دەکەوین کە بابەتەکەی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە وەرگیراوە، کە دوو لەفەی هەمبەرگری گەورەیە کە لە جبسی چەور دروستکراوە، دواتر ڕەنگ کراوە، هەم لە هەریەک جۆری ناشیرینی ڕەنگ کردنیداو هەم لەڕووی گەورەیی قەبارەکەیەوە کە شێواوییەکی داوەتێ، هونەرمەند دیمەنێکی قێزەونیو ناشیرین دەخاتە بەردەم بینەر، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت شعورمان تووشی ڕشانەوەو یەق هاتنەوە بکات، تاکو پێمان بڵێت کە ژیانی بنیادەمی ئەم ڕۆژگارە هێند خێرابووەو ئەوەی هەوڵی بۆ ئەدات خواردنێکی ناشیرینە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، ڕەخنەگری شێوەکاری پێویستە دراسەی تەکنیکی کاری هونەری بکات، لەڕووی کردە هونەریەکەوەو هەروەها ئەوەش بخاتەڕوو کە تا چەند لایەنی -پیشەیی- الحرفە-ی کارەکە بەتوانایەو بەدەست ڕەنگینیەوە بەکارهێنراوە ، یان نا، ئەم خاڵەش لە حوکمدان بەسەر کاری هونەریدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت.

**سەرچاوە:**

کتێبی، النقد الفنی، ابحاث فی النقد الفنی، إختارها وترجمها بتصرف الدکتور: زیاد سالم حداد، دار المناهل.

تێبینی: لەئامادەکردنی ئەم وەرگێڕانەدا بەتایبەتی سوود لە هەردوو وتاری، الأداء النقدی- ادموند میلدمان و مشاکل النقد الفنی، ادموند فیلدمان وەرگیراوە.

وەهبی رەسووڵ :

# هونەری شێوەکاری، هونەری شارە، میللەتی ئێمە تا ئێستاکە پێمان ناوەتە سەدەی بیست ویەک، خاوەنی شار نییە

دیمانە : کامەران سوبحان



لەم دیدارەدا هونەرمەندی شێوەکار وەهبی رەسووڵ، قسە لەسەر زۆر لایەنی هونەریی دەکات، لەسەرەتادا باس لە گرووپی (هاورێیانی شێوەکار) دەکات، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی و دواتر وەستانی چالاکی ئەم گرووپە، ئەوپێی وایە وشەی (هەڵوەشاندنەوە) وشەیەکی ناتەواوە کە ئێمە بەکاری دەهێنین، بەڵکو دەبێت وشەی (لەکار وەستان)بەکاربێنین،لە بارەی وەستانی چالاکی ئەم گرووپەش ئەو پێی وایە بەشێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە سەفەری دەرەوەیان کردووە، بۆیە چالاکییان نەماوە، لە بەشێکی تری دیدارەکەدا باس لە پێگە و رەخنەی هونەریی شێوەکاری دەکات و دەڵێت ئەم لایەنەش لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایە و

ئەوانەشی بە رەخنەیەکی ئەکادیمی دەنووسن لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، دواتر باس لە پەیوەندی هونەری شێوەکار ی و شار دەکات دەڵێت ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا کورد خاوەنی شار نییە بە مانا مۆدێرنەکەی ئەوا خاوەن هونەرێکی پێشکەوتووی شێوەکاریش نییە.

**- گرووپ و گرووپکاری لە ناو کاری هونەرییدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەم حاڵەتەش لە زۆرێک لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی هونەری کوردیدا حاڵەتێکی باو بووە، لە سەرەتای نەوەدەکاندا تۆ لە گرووپێکی هونەرییدا بە ناوی(هاوڕێیانی شێوەکار) ئەندام بوویت، ئەو گرووپە لەو قۆناغەدا یەکێک بوو لە گرووپە چالاکەکانی هونەری شێوەکاری، بەڵام لە ناکاو ئەم گرووپە هەڵوەشایەوە، هۆکاری ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا تۆ پێتوایە گرووپ خزمەت بە ڕەوتی هونەریی هونەرمەند دەکات یان بە پێچەوانەوە؟**

گرووپی (هاوڕێیانی شێوەکار) هەڵنەوەشایەوە، بەڵکو لە کارکردن و چالاکی وەستا، ئەم دوو حاڵەتەش جیاوازییان هەیە، وەک وەبیرهێنانەوەیەکی مێژوویی، هاوڕێیانی شێوەکار دوا چالاکییان لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٤/٢٦) لە یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا گێڕاوە لە سلێمانی، ڕاوەستانی چالاکی ئەم گرووپەش دەگەڕێتەوە بۆ سەفەرکردنی بەشێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمە بەلایەک و بەلایەکی تریش گرووپەکان لە هەر جێیەکی جیهاندا، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەردەوام دەبن و بوون، تا کەسایەتی هونەریی هونەرمەندانی ئەندام کامڵ دەبێت و دەردەکەوێ، گرووپەکان وەک قوتابخانەیەک یان هەر پێگەیەکی بە کۆمەڵی هونەریی، لە زۆر لایەنەوە ڕۆڵ دەگێڕن، ڕۆڵێکی ئەرێتیانە (وەک تۆ دەڵێیت) لەسەر ڕەوتی پێگەیشتنی هونەریی هونەرمەندانی ئەندام تیایاندا. ئێمە، چ وەک خۆم و چ وەک هاوڕێی ئازیزم هونەرمەند جەزا بەکر، لە هاوڕێیانی شێوەکاردا بە درێژی و بە وردی دەربارەی ڕۆڵ و گرنگیی و پێداویستی گرووپی هونەریی بەگشتی و هاوڕێیانی شێوەکار بە تایبەت دواوین و نووسیومانە، گۆڤاری(پەیڤی ڕەنگ) و چەند وتارێکی تایبەتی تەرخانکراو لەو بارەیەوە گەواهی ئەو تۆمارکردنانەن بۆ کەسێ کە بیەوێ لە نزیکەوە بە ئاگا بێت.

ماوەتەوە بڵێم هیچ هونەرێک هێندەی هونەری شێوەکاری، سەرجەم تواناکانی خۆی بە تاکێتی هونەرمەند نابەخشێ. بۆیە نەک هەر مانەوەی گرووپ، تەنانەت دروستکردن و پێکهێنانیشی قورساییەکی گەورەیە لەسەر پیادەکردنی ئازادی تاکێتی کارکردنی هونەرمەند لەم میانەدا.

**بەڵام یەکێک لە ئەندامانی (هاوڕێیانی شێوەکار) لە دیدارێکیدا دەڵێت : "سەرەکیترین هۆکار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرووپەمان ئەوە بوو، کە پێشوەخت بڕیارێکمان هەبووە کە نابێت هونەرمەندی بەعسی لەو گرووپەدا وەربگیرێت، بەڵام بەهۆی هەندێ پەیوەندی تایبەتەوە ئەو بڕیارە کاری پێنەکراو ئیدی گروپەکە هەڵوەشایەوە" تۆ چی دەڵێیت و چۆن ئەو مێژووە دەگێڕیتەوە؟**

ئیحتیمال بوو ئەم پرسیارە لە دوو سێ ساڵی دوای ڕاپەڕیندا بکرایە، ئاهێکی تیا بوایە. بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە دووریی نزیکەی حەڤدە ساڵ لەو مێژووەوە دوورین و ئەم پرسیارە ئامادە دەبێت، چونکە لەم مێژووەوە دەزانین و دەبینین، چەندە لاوازەو چەندە لە ڕاستی دوورە، هەنجەتێکی وەها ببێتە مایەی (وەک ئێوە وتتان) هەڵوەشاندنەوەی گرووپێکی جیدی وەک هاوڕێیانی شێوەکار، ئەم وتەیە سەرەتا دوورە لە ڕاستییەوە و بەرەنجامیش بڕیاردانێکە لەبەر تیشکی ئەو دوورییەدا.

هاوڕێیانی شێوەکار لە دەستپێکی (١٩٩٣/٩/٢٤) کە ڕۆژی دامەزراندنیەتی، تا دوا چالاکیەکانی، هەموو ئەو هونەرمەندانەی ئەندام بوون تیایدا و تا ئەو کەسایەتییانەش کە دۆست و پشتیوانی بوون، لە کەسانێکی بە هەڵوێست و تەنانەت تێکۆشەریش بوون. هەرچەندە بە نەرێتی لە قەڵەمدانی ئەم خاڵە تەنانەت نەبووە مایەی ئەوەی لە کایە سیاسیەکانیشدا کاری لەسەر بکرێ، جا چ جای کایەیەکی مرۆڤ دۆستانەی (بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە) وەک هونەر.

پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا هەڵوێستەکانی (گۆیا)ی هونەرمەند لە دەرباری ڕژێمی پاشایەتی سەردەمی خۆیدا، ئەمڕۆ دەبێت چ ڕۆڵێکی هەبێت (یان هەی بووە) لە پێودانگ کردندا بۆ تابلۆکانی ئەو هونەرمەندە؟

ئەمە سەرباری ئەوەی ئەمڕۆی بیرکردنەوە (بێگومان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەییشەوە)، نەک تێکشکاندن و بەجێهێشتنی ڕوانگەی بەپیرۆز کردنی هونەرمەندە لەسەر خوانی بەخشینی باڵایی و سەروەریی بە خودی دەق، کە بونیادگەرایی و میتۆدەکانی هاوشانی لە چەمکی مەرگی هونەرمەند(خاوەن دەق)دا بانگەشەیان بۆ کرد، بەڵکو تەوژمی هەژمونی بە پەلەی پۆست مۆدێرنە (میوانە بانگهێشت نەکراوە هەمیشە ئامادەکەی ئەمڕۆی جیهان) وا پۆتەڵاکی پەیکەری پڕ سام و شکۆی (دەق)یش، کە سەدەیەک زیاترە ئەو پەیکەرسازە کارامە و بە سەلیقەیەی ناوی (مۆدێرنە)یە کاری تیا دەکات، تێکدەشکێنێ.

**هەر لەسەرەتاکانی خوێندکاریتەوە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، تۆ یەکێک بوویت لەو هونەرمەندانەی کە وتار و نووسینت هەبووە لەبارەی ڕەوتی هونەری شێوەکاری و خوێندنەوەی تابلۆو ئەزموونی هونەریی، ئێستاش چەند کتێبێکت لەو بوارەدا هەیە و تێزی**

**ماستەریشت لەسەر تیۆری شێوەکاری نووسیووە، ئەگەر وەک توێژەرێک ڕەخنە لە ڕەوتی شێوەکاری کوردی بگریت لە کوێوە دەستپێدەکەیت و ڕەخنە لە چی بنەما و تێزێکی هونەری شێوەکاری کوردی دەگریت؟**

×بوونی هەندێ ڕەخنە لەسەر ڕەوتی ئەمڕۆی شێوەکاری کوردی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی میللەتی کورد لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە پەنجا ساڵی ڕابووردودا، کە کاریکی وەهای کردووە کێشە و کەموکورتی لە زۆر لایەنی ئەم بزاوتەوە هەبێت.

بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت سەرنج ئاراستەی نەبوون و بنیات نەنانی بزاوتێکی ڕەخنەیی دەکرێت هاوشانی بزاوتە کارکردنەکە کە قۆناغێکی باشی بڕیوە، خۆ لێ لادان و خۆدزینەوە لەم ئەرکە پێویستە، جا لەهەر ئاست و بۆنەیەکدا بوایە، وایکردووە هەموو قورساییەکانی ئەم ئەرکە بکەوێتە سەر نەوەکانی دواتر ئەویش بەبێ لەبەر دەستدا بوونی کەرەسەی پێویستی ئەم ئەرکە. کە ئەرشیفی دەوڵەمەند و مێژووی نووسراوەی تێروتەسەلی لێمان دەوێت. ئەمانە گشت پێکەوە کێشەکانمان لا ئامادە دەکەنەوە. بۆ نموونە لێرە هێشتا تابلۆ کاری هونەری هەبوویەکی کێوی ناو گەلەری و ساڵۆنی نمایشەکانە، هاوکات کار و نمایشی پۆست مۆدێرن لە دەرگاکانمان دەدات.

تابلۆ نەک هەر بە مانا مۆدێرنەکەی، بەڵکو بە ماناکانی پێش مۆدێرنەشی، هێشتا لە ماڵی کوردیدا کەوی نەبووە. بڕکێشیەکی زۆر ناکەم گەر بڵێم کاری هونەریی بە مانا مۆدێرنەکەی، تەنانەت لە ماڵی خودی هونەرمەندەکانیشدا، میوانێکە و دەخیلێکە لەگەڵ مەرگی ، یا دوورکەوتنەوەی هونەرمەندەکەدا چاوەڕێی دەرکردن دەکات.

دێرێکی نێو ئەم وەڵامەم بۆ ئەوە نییە کە پێشوازی کردنی تەوژمە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوای پاش جەنگی جیهانی دووەم، یا بە واتایەکی تر پۆست مۆدێرنە، بە هەڵە بزانم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سەرنجێکی ترم بۆ ئەو پەرێز و سەنگەر لێگرتنەیە کە لە تەوژمی ئەو کارە هونەریانە دەگیرێت و بەپێی پێویست بە دەنگەوە چوونیان بۆ ناکرێت. کە دەبوو لەبری ئەوە هاوشانی مەعریفی و هونەریانەیان بکەین و لە پرۆسێسی بە خۆجێیی کردنیاندا هاوکار بین.

**زۆرجار لەلای شانۆکارانی کورد باس لە گرفتی نەبوونی بینەر و هۆشیاری جەماوەریی بەرامبەر شانۆ دەکرێت، ئایا ئەم چەمکەش لە هونەریی شێوەکاریماندا بوونی هەیە و ئێوەش زاراوەیەکتان هەیە بە ناوی گرفتی نەبوونی بینەری تابلۆو پێشانگەکان؟ وەک توێژەرێک هۆکار و ڕیزبەندی مێژووی ئەو گرفتە لە هونەری شێوەکاریدا بۆ چی دەگێڕیتەوە؟**

گەر ئەو گرفتە لە کایەی هونەرێکی وەک شانۆدا، کە ئاشناترین و کاراترین ئامرازی گوزارشتکردنی (لەتەک ئامرازە هاوشانەکانی تریدا) لەخۆگرتووە، کە ئامرازی زوبانە، چەندێک بێت، ئەوا لە هونەری شێوەکاریدا، ئەگەر نەتوانم بڵێم چەند ئەوەندە ئەوا بە سانایی دەڵێم، دوو ئەوەندەیە.

هونەری شێوەکاری هونەری شارە، شار بە چەمکە فیعلیەکەی، چون شێوەکاری هونەرێکە بەر پۆلاندنی هونەرە شوێن(مەکان)یەکان دەکەوێت، میللەتی ئێمە، تا ئێستا کە پێمان ناوەتە سەدەی بیست و یەک، خاوەنی شار نییە بەو مانایەی ئاماژەمان بۆکرد، و دانیشتوانی ئەو جێگەیەش کە ئێمە شاری پێ دەڵێین، هێشتا سیستمێ لە پەیوەندی بونیادیی کولتووری خێڵایەتی هەژموونی خۆی بەسەردا پراکتیزە دەکات، تەنانەت ئەمە بە سانایی بە ئەقڵی باڵاترین (باڵا وەک پێگەی ئیداری) توێژی ئەم کۆمەڵگەیەوە دیارە کە دەسەڵاتە. لە فەرهەنگی ئەقڵی خێڵایەتیشدا بەهای پێگەی هونەر زانراو و دیارە، لەو بونیادە کوولتوریەشدا ئەو درزە دەرفەتەی دەخەملێ، زیاتر تەرخانی هونەرە زەمەنیەکان (بیستنەکان) کراوە و دەکرێت نەک هونەرە شوێنیەکان (بینەییەکان). هەربۆیە تێبینی دەکەین لە بینینی کۆمەڵگەی ئێمەوە، هێندەی هونەرمەند گۆرانیبێژە (دواتر ئەکتەر و شاعیرـ بە نزیکی لە پۆلاندنی شیعرەوە بە یەکێ لە کایەکانی هونەری جوان) هێند و بگرە زۆر لەو ڕێژەیە کەمتریش نیگارکێشێ ، یان پەیکەرسازێ نییە.

**ئەگەر ئەقڵی دەسەڵاتێ بەو ئاقارەدا ئاراستەی گرتبێت، بە زەرورەت نازانینی کارکردن لەو بوارەدا و لەپێناو بردنە پێشەوە و بە میللی کردنی ئەو بوارەدا شتێک دەبێت حەتمی، کە ئەوەش پرۆژەیەکە بە هەموو جۆرە کارتیاکردنەکانە ڕۆژئاواییەکانەوە، شتێک بووە قورس و بەرەنجامیشی زۆر بە درەنگ داوە، لێرەدا بڕوانە پرۆسێسی بە میللی کردنی، یان ئاشناکردنی کاری هونەری بەگشتی (تابلۆ بێت ، یان پەیکەر، جارێ بەبێ دەستنیشانکردنی ناسنامە تایبەتیەکەی) لە کۆمەڵگەدا و بە کۆمەڵگە، پرۆسێسێکە لە ڕۆژئاوادا لە ڕێنیسانسەوە بەرایی گرتووەو دەگرێ تا دەگاتە ئەوەی، تا چەندێ (لە ماوەی زەمەنی) هاوکاتی تێپەڕبوونی مۆدێرنە و پاش مۆدێرنە، کارێکی هونەری مۆدێرنە توانیویەتی میللی بوون بەدەستبێنێت لەنێو پانتایی جەماوەردا. ئایا بەشێک لە خەسڵەتەکانی پۆست مۆدێرنە لەسەر پەرچە کردار بەرامبەر ئەو نامۆیی و دوورەدەستیەی مۆدێرنە لە ژیانی گشتی سەرچاوەی وەرنەگرتووە؟**

پرۆسەیەک بە ئەرک و هەناسە درێژییەکی وەهاوە، کە لێرە نەک کاری لەسەر نەکراوە بەڵکو ئاسۆی کار تیا کردنیشی تا ئێستا ڕوون و



دیار نییە، کە بژوانی بزاڤی ڕەخنەیی و بازاڕی هونەریی و زەرورەتی بوونی مۆزە و پەروەردەی هونەریی سەرکەوتووانە تا دەگاتە بەدیهێنانی چێژ و چێژوەرگری هونەریی کە لەوێشەوە بینەری هونەریی جیدی لێ دەئەفرێ، چۆن بینەر و دواتریش بینەری جیدی ئامادەیی دەبێت، کە دوای بارکردنی هونەر نەکەوتبێ بەو پەیامانەی لەدەرەوەی کایەی خودی هونەرەوە ئاراستە دەکرێنە نێو گوتاری دەقێکی هونەریی، چونکە هەر ئەمەش بوو سیمای ئەو بینەرانەی لە قۆناغەکانی پێشوودا هۆڵی نمایشەکانیان جەنجاڵ کرد و دواتریش لەتەک بەتاڵ بوونەوەی پەیامە بارکراوەکەی سەر گوتاری هونەریی، بڵاوەیان لێکرد. کە وەک گرفتێ لەدوا ساڵانی هەشتا خۆی خستەڕو و بە دیاریکراوتریش لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)وە، بە پلە پلە ڕووی لە زیادبوون کرد، چون چیتر هونەری شێوەکاری هەڵگری ئەو وتارە نەما کە لە وتارێکی تابۆ کراوی نێو کارێکی هونەریەوە، کە بینەر/وەرگر عەوداڵی گوزارشت لێکردنی بوو، گواسترایەوە بۆ گوتارێکی ئاشکرا و ڕاشکاوی ڕۆژانە بیستراوی سەرشەقامی تاکی کوردی. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا نە دەسەڵات و نە دامەزراوە فەرمی و نا فەرمیەکانی هیچ کارێکیان نەکرد (تا ئێستاش نەکراوە) بۆ گێڕانەوەی گوتاری بنەڕەتی هونەر (لای بینەر یا بۆ بینەر) بۆ هونەر خۆی، تا بە کۆتاهاتنی زەمەنی تەمەنی پەیامە بارکراوەکان، زویربوون لە نێوان تابلۆ/هونەر و بینەر/ژیان دا ڕوونەدات.

**×لە ئەزموونی کارکردنی هونەریی خۆتدا تا چەند باوەڕت بەڕیزبەندی هەیە، بە جۆرێک خۆت لە کاری هونەرییدا ڕیزبەندیت بڕیووە تا گەیشتویتەتە ئەم قۆناغە؟ چونکە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە پێویستە هونەرمەند بۆ ئەزموونی کارکردن و گەیشتن بە ستایلێکی تایبەتی بە چەند قۆناغێکدا بڕوات تا دەگات بەوەی کە دەبێتە شووناسی کارکردنی ئەو هونەرمەندە، تۆ چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟**

ڕیزبەندی، یان کارکردنی هونەریی بە بڕینی پلە بەپلەی قۆناغەکانی فێربوونی هونەری و ئەزمونکردن، کە بە واتایەکیدی دەوترێت بڕینی خوێندنی هونەر بە شێوازێکی ئەکادیمیانە. ئەمە ناکرێتە هاوکێشەیەک و وەک بنەمایەک بەسەر هەموو حاڵەتێکدا پراکتیزە بکرێ، ئەزموونی ڕیزبەندی شتێکە ڕێژەیی و لە کەسێ بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە پڕۆسێسی ئەو ڕیزبەندییە ئەرێتیانە بکەوێتەوە. چونکە ئەگەر مامۆستا یان خوێندکار یان هەردوو پێکەوە بە ئاگا نەبن لە پرۆسێسی فێرکردن و بڕینی قۆناغەکاندا، ئەوا خودی پڕۆسێسی ڕیزبەندیەکە لە دوا بە ئامرازبوونی دەبێتە ئامانج، ئەمەش خوێندکار وشک دەکاتەوە و دواجار دەیمرێنێ. هەندێ جاریتر بەئاگاییەکەش ئامادەیە ، بەڵام

لە بڕینی قۆناغە باڵاکانی ڕیزبەندیەکەدا خوێندکار شکست دێنێ. دواجار ئەگەر بە کورتەکەی دەرباری ئەم لایەی هاوکێشەکە دواین، دەڵێین: ڕیزبەندی تەنانەت بە دیوە ئەرێتیەکەشیدا چەندێ سوودی هەیە هێندەش گرفت بۆ هونەرمەند دروستدەکات، چونکە هەموو قۆناغی ئەکادیمی پشت بەستە بە پرۆسێسێکی ئەقڵانی لە کارکردن و بینیندا، هەر ئەم پرۆسێسە ئەقڵانیە خۆی گەیاندە بەشێکی باشی تەوژمەکانی مۆدێرنەش. کەوتنە سەر ئەم ڕیتمی کارکردنەش وادەکات پرۆسێسە کارکردنەکانی دووری خوێندکار/هونەرمەند لێوانلێو بن بەو هەژموونە ئەقڵگەرایییە و بێ بەش و بێ توانا بێت لە پرۆسێسە خۆڕەسی و خۆبەخۆیە هەنوکەییەکانی کارکردن، یان هەر دووربکەوێتەوە لەو ستایلە کارکردنانەی پشتبەستن بەو شێوە پرۆسێسانەی کارکردن یان بەشێکی باش لە شێوازی کارکردنیان پێکدێنن. لێرەدا ناڵێم ئەستەمە یان ناکرێت هونەرمەندێکی بە ڕیزبەندی پێگەیشتوو کارکردن لەسەر ئەم سەمتە پرۆسێسانەی تر بکات، بەڵام بە ماندوبوونێکی زۆر دەگەڕێتەوە ، یان دەتوانێ (ئەگەر بتوانێ) بگەڕێتەوە سەر ئەو سروشتە کارکردنە. زۆرجار لەکایەی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم دیاردە هونەریە وتەیەکی (پیکاسۆ) هەیە کە کتومت دەرباری کێشەی ئەم حاڵەتەیە، بەنموونە دەهێنمەوە، کە دەڵێت: (کە منداڵ بووم حەزم دەکرد وەک (ڕافائیل) نیگاربکێشم، کاتێکیش زانیم و توانیم وەک ئەو نیگاربکێشم، ئەمجا حەزم کرد وەک منداڵی نیگاربکێشمێ)

حاڵەتەکە لە بەری ئەوبەری هاوکێشەکەش لە هەمان گرفت بەدەر نییە، زۆرجار تەنها پشتبەستن بەتوانا سەرەتاییەکانی خودی هونەرمەند (لە حاڵەتی هونەرمەندە هاویەکان) شکست خواردن ، یان نەچوونە پێشەوەی هونەریی دێنێتە دی، چونکە وا ڕێکدەکەوێ ئەو هونەرمەندانە نەتوانن کۆنترۆڵ و ئاراستەی ئەو توانا و پەی بردنە بەراییە ئەرێتیانەی خۆیان بەرەو هەڵکشانێکی هونەریی تەندروست بکەن. هەندێ جاریش (کە کەمە) توانا خۆڕەسیەکان هێند کاران بەرەنجامی زۆر بوێرانە و عەفەوی سەرکەوتوو دەئەفرێنن، بە دوور لە زیان پێگەیاندنی ئامادەیی پرۆسێسی ئەقڵیی، ینا نائامادەیی پرۆسێسە ئەقڵانیەکە بە بارێکی ئەرێتیدا دەشکێتەوە بۆی.

لێرەدا بڕوانە ئەزمونی ئەبستراکت ئێکسپرێشنیزمەکان لە دوا جەنگی جیهانی دووەمەوە، چۆن لە کارکردنی هونەریاندا خواستیانە ئەقڵانیەتێک لە نائەقڵانیەتدا بچێنن، و بەرجەستە کردنی ئەم حاڵەتە دەبێتە ڕاگرێکی سەرەکی بۆ سەرجەمی پرۆسێسی کارکردنی هونەرییان.

**لە کاری هونەرییدا ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تۆ یەکێکیت لەو هونەرمەندانەی کە بە کەمی پێشانگەی هونەریی دەکەیتەوە، ئەم حاڵەتەش هەندێ جار لای هەندێ هونەرمەند و ڕەخنەگری هونەریی وا لێکدەدرێتەوە کە تۆ لە ستایلێکی تایبەتدا چەقیووە و ناتوانێت خۆی لێ دەربازکات، تۆ چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنەیە دەدەیتەوە؟**

وا باشترە، بڵێین هەندێ هونەرمەند بیروڕایان وایە، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا و خۆشتان لەوەدا لەتەک من هاوڕان، کە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی نێوەندی هونەری ئێمە نائامادەیی تەواوی(نەک نەبوونی) ڕەخنەیە. لەم بوارەشدا تاکە جێ دەستی دیار ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، کە ئەوانیش سەرجەم بەردەوام نین و ناوبەناو هەندێکیان دەردەکەون و دیارنامێنن و هەموو ئەوەش کە ئەینووسن ڕەخنە نییە و هەموو ئەوەش کە ڕەخنەیە مەرج نییە زانستیانە بێت و ئامانجە ڕەخنەییەکانی خۆی بپێکێت، بەڵام دیارترین و ئەکادیمی ترینیان لە ڕەخنەدا بەتایبەت خامەی هونەرمەند و ڕەخنەگر و توێژەری شێوەکاری (جەزا بەکر)ە، کە بەدڵنیاییەوە ئەمە بیروڕای ئەو نییە.

من ناڵێم ڕەخنەمان نییە، ئەگەرچی کەمیش بێت، ئەگەر ئێمە دوو تا سێ قەڵەمی ڕەخنەییمان هەبێت، ئەمە حاڵەتێکە سروشتیی ، ناڵێم ئەو ژمارەیە زۆرە ، بەڵام بایی ئەوەندەش کەم نییە کە بوترێت ئێمە ڕەخنەمان هەر نییە. تۆ بڕوانە هەموو عێراق بە هەژدە پارێزگەوە بەو بزاڤە شێوەکارییە چالاکەی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوی، ئامادەیی قەڵەمە ڕەخنەییەکانیان بە بەردەوامی ناگاتە پێنج قەڵەم، کەواتە بۆ کوردستان گەر چوار پارێزگەش بێت، ئەوا ئەو ژمارەیە کەم نییە.

ئەگەر لەمە گەڕێین و بێینەوە سەر کرۆکی پرسیارەکە، ئەوا هۆکاری کەمی کارکردنم دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، یەکێکیان من خۆم مەبەستمە کە بەرهەمی هونەریم کەم بێت، دووەمیان ئەرکی من لەچاو هونەرمەندێکی/نیگارکێشێکی ئاساییدا سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندەیە، ئەوە هیچ ئێمە هاوشانی کارکردنی هونەریی خۆمان مامۆستایین لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەریش، کە بەتایبەت بواری وانەکانی کۆلێژی هونەر (کە تیۆرین) ئامادەکاریی و ماندوبوونی تایبەتی و گۆڕانکاریی بەردەوامی دەوێت. جگە لەمە(واتە سێیەمیان) من لە سێ بواری تایبەتدا دەنووسم و نووسیومە و لەو میانەشدا خاوەنی پێنج کتێب و سیانی تریشم کە لە ژێر چاپدان ، یان چاوەڕوانی چاپکردنن، کە هەر کامێک لەو سێ بوارە خۆی لە خۆیدا خۆ بۆ تەرخان کردن و کۆشین و کاتی تایبەتی دەوێت. چوارەمیش ئەگەر تابلۆمان زۆر دروستکرد چی لێبکەین و بیخەینە کوێوە؟ ئێمە لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا دەرباری چارەنووسی کارەهونەریەکان لە ماڵی هونەرمەندەکاندا دواین، وابزانم پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات. ئەمە بەلایەک و بەلایەکی تریش نەبوونی مۆزە و بازاڕی هونەریی و نمایشی تایبەت و جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەت. هەموو پێکەوە وا دەکەن فشارەکان بە دیوە نەرێتیەکەی ئامادەیی هونەریدا

(زیاتر) ئاراسته بگرێت.

ئەگەر دەربارەی ستایلی هونەریش بدوێین، ئەوا ئەو ستایله کارکردنه هونەریەی من کاری پێ دەکەم، له سیستمی پێکهاتەی بونیادیدا پشت بەسته به فراوانیەک له هەمەچەشنەیی ئەو پەیوەندیانەی لەهەر ڕوویەکی تەکنیکیەوە کار له به قەواره بوونی ئەو ستایلەدا دەکەن. بۆ نموونه له لایەنی ڕەنگەوە یان بەکارهێنانی هێماو نیشانەوە یان بوونی مامەڵەی تەکنیکی فلات، ئەستور، زبر، ساف، فۆڕمی شێوە ئەندازەیی، فۆڕمی ئەندازەیی تەواو(وەک فۆڕمی هێلکەیی، یان سێ گۆشه، یان بازنه) که هاوکات دەتوانین بڵێین فۆڕمی دەستنیشانکراویشن لەتەک فۆڕمی تری وەک(چاو، باڵنده، پەڕی باڵنده(پەڕی تاوس)، سەری باڵنده، مرۆڤ)، فۆڕمی نادەستنیشانکراو، تەکنیکی دیاریکراوی هاوشانی تەکنیکی دیاری نەکراوی، ئامادەیی هێڵ و ئامادەیی بارسته/پانتایی، شەفافیەت و ڕووپۆشیی، و..هتد. بوونی ئەم تەکنیکانه سەرجەم (یان زۆربەیان) له یەکەیەکی بونیادی وەک دەقێکی هونەریدا، به ئاراستەیەک کاردەکەن که توانا تەکنیکیەکانی ئەو سەمته کارکردنه وەک تویشوویەک بۆ کاراکردنی بەردەوامی ئەو ستایله، لەبن نەیەن. پێدەچێت له بڕینی قۆناغه ئەزمونیه یەک لەدوا یەکەکانی چوونه پێشەوەی ستایلێکی ڕێزەبەستودا، ناوبەناو دووبارەبوونەوەی لێکتر نزیک یا دابەزینی کێرڤی کارکردن ڕوودات، بەڵام ئەمە شتێکه سروشتیی لای هەموو هونەرمەندێک که خاوەن ئەو حاڵەت و سروشته کارکردنه بێت، و ئەمە ناکاته چەقبەستن.

چەقبەستن زۆر جار لای ئەو هونەرمەندانه ڕوو دەدات که زیاتر به فۆڕمێ/هێمایه /نیشانەیەکی دیاریکراوەو به تەکنیکێکی دیاریکراوەوە دەیگرن و تەنانەت له بازنەی ئەو تەکنیک و فۆڕمەشدا ناتوانن ، یان جورئەت ناکەن یاخود نایانەوێت به ڕەهەندێ ، یان چەند ڕەهەندێ له سەرکێشیدا ئاراسته بگۆڕن، ئەم پابەندبوونەشیان تەنها قۆناغێک ناخایەنێت له کارکردنیاندا، (چۆن ڕەنگه ئەگەر قۆناغێکیش لەو سەمته کارکردنەدا بەسەر بەرن به هەندێ بۆچوون شتێک بێت ئاسایی له پێناو دەرهاویشتن و کەوی کردنی هەموو توانا ئیستاتیکیەکانی ئەو سەمته له تەکنیکی کارکردن) بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ماوەیەکی زەمەنی باش له تەمەنی کارکردنی هونەریاندا، وەک ئاماژەمدا لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو حاڵەته شتێکه قورس (دەق وەک جیابوونەوەی بلیمەتی له شێتیتی)و چاودێری و بەدواداچوونێکی زەمەنی باشی دەوێت تا بگەینه بەرەنجامێک بڕیاردانمان به ئاراستەیەکی دیاریکراویاندا بەلادا بخەین و بەهەڵەدا نەچین.

وەک دوا وتەشم له وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەوەیه، ئەم دیاردەی خۆ دووبارەکردنەوە و بەرەنجام چەقینه زیاتر لای ئەو هونەرمەندانه ڕوو دەدات که زۆر کار دەکەن و بەرهەم دێنن، ئەمەش هەر له



سەرەتاوە لەتەک وتەکەی خۆتاندا لێکدژە، گەر ئێمە هونەرمەندێ بین له بەرهەمهێناندا کز و ئامادەیی هونەریمان کەم بێت.

**یەکێک لەو فیگەرانەی که له زۆرێک له تابلۆکانی تۆدا دەبینرێت فیگەری (دەنووکی باڵندەیه) ئەم دەنووکه باڵندەیه خۆت وەک توێژەرێکی هونەریی چۆن بۆ بینەرەکانی باس دەکەیت؟ ئایا مانەوەی ئەم فیگەره لەو ماوه زۆرەی کارکردنی هونەریی له ناو تابلۆکانتا بینەر تووشی مەلەل ناکات؟ نازانین له دواهەمین تابلۆدا که کێشاوته ئەم فیگەره هەیه، یان نا؟**

× له ڕاستیدا زۆرجار نەک هەر فۆڕمی ئەو دەنووکی باڵندەیه، بەڵکو چەند فۆڕمی تر خۆڕەسانه بەرەنجامی ئاوێته کردنی هەموو ئەو سەمته تەکنیکیانەی ئاماژەم پێدا له نێو دەقەکاندا دروست دەبن و دەئەفرێن، ئەمه پێی دەوترێت فۆڕمی نەگەتیف که بەرەنجامی پۆزەتیف بوونی دوو فۆڕم، یان زیاتر دەردەکەوێ، یان هەندێ جار چاوی وەرگر بۆ خۆی له پرۆسێسێکی ڕامانگەرایدا به دەستیان دێنێت، هەر بۆ نموونه ، ئەگەر ئاماژه به چارەسەرێکی تەکنیکی تایبەت بدەم له یەکێ له دوا کارەکانمدا، من ویستومه هێلکەیەکی بچووک لەنێو هێلکەیەکی گەورەدا بەرجەسته بکەم، بەڵام ساتێ دەڕوانیته پاشماوەی فۆڕمی هێلکه گەورەکه له بەشی سەرووی هێلکه بچووکەکەدا، دەبینی بووەته فۆڕمێک یان شێوه فۆڕمێک که له دەنوکێکی گەورەی باڵنده دەچێت، زۆرجار ئەم بەرەنجامانه دەردەکەون و ڕوودەدەن بەبێ ویستی به ئاگایانەی هونەرمەند.

ئەگەر سەرنج بدەی، من له هێڵدا، هێڵی لار و کەوانەیی بەکاردێنم، له گۆشەدا گۆشەی تیژ و له فۆڕمدا، فۆڕمی بازنەیی ، یان شێوه بازنەیی ، یان هێلکەیی و بەکەمیش سێ گۆشەیی. ئەمانه هەموو له جەستەی باڵنده وەک فۆڕمێکی هەمەکی دەردەکەوێت و تەنانەت له داڕشته بەشەکیەکانی ئەو فۆڕمەدا بۆ جارێکیتر ئاماده دەبنەوە.

هەر ئەمەشه وادەکات ئەم فۆڕمانه لەنێو یەکتردا ئامادەبنەوە.

# شەبەنگی شینی ژمارەکان

هاشم سەڕاج



١١٧
ژیان
شەربەتێکی شینە
قوم قوم
دەینۆشین
مەرگ
شەرابێکی ڕەش
تنۆک تنۆک!

١١٨
هەمیشە
لە سەرەتای سپی
جوانیگەلێک دەگەڕێم
خۆی لەپشت
سەرەتای شینی جوانیی تۆدا
شاردۆتەوە!

١١٩
خەم هەڵمێکی
ڕەشی مەیلە وسپییە
لەزەریا
زەردەکانی زیندەگی
و
چرکەی شادی
هەڵدەستێ
و
ئەتمۆسفیرە شینەکانی
زەین و دڵ
دادەپۆشێ !

١٢٠
زمان
باوکێکی بەنێوسالْکەوتووی
نیگەران وبێزارە
ئاخاوتن
کوڕێکی قۆزی
دڵنیا وبەختەوەر !

١٢١
زمان نیشتەجێی ڕۆحە
ڕۆح نیشتەجێی جەستە
جەستە نیشتەجێی ژیان
ژیان نیشتەجێی زەمان
زەمانیش
شینترین نیشتەجێخانەی جم وجووڵەشینەکانی شوێنە
لە مایا سپییەکانی
درەوشانەوەی عەدەمدا !

١٢٢
ئامادەگیی
ئەو لەوحە ئاهوراییە
بڵێسەی ئاگرێکی شینە
دەڕەقسێ
و
دڵ
دەسووتێنێ
پێواریی
جامێ بەفراوی کەسکی
ناو
کوانووی ڕۆح!

١٢٣
کاتێ بەرامبەر
ڕووخساری شەکەریت
دەوەستم
سەراپای
هاوسەنگیم
لەدەستدەدەم !

١٢٤
پرچی ڕەشی
مانگ
بگوشی
دانە دانە
ژمارەی ئاڵتووناوی
لێ دەڕژێ
قژی قاوەڕەنگی
خۆر
مۆرفیم مۆرفیم
وشەی شیر ڕەنگ!

١٢٥
تامی ماچت
ڤالیۆمێکی نارنجییە
گیانم
بە تیکە ئاگری کەسک
بارگاوی
دەکا
و
زەینی زەردی داخراوم
ڕووەو ڕەنگە شینەکانی جیهان
دەکرێتەوە!

١٢٦
دووکەڵێکی شینی زیکزاکییە
تەمەن
لە هەڵکردن وخامۆشیی
تروسکەی سووری لالەی کەسکی
لبیدۆوە
هەڵدەستێ!

١٢٧
جەستە
هەم چێژبەخشە هەم قێزەون
بۆیە
جوانیی پەتی
بە یاساکانی ڕۆح
سزای نەمانی
بەسەردا سەپاندووە!

١٢٨
ڕۆژی دادێ
لە ژینگەیەکی پڕاوپڕ لە ژاوەژاودا

به بێدەنگی
بەرامبەر یەک
دادەنیشین !

١٢٩
زەمەن بەخێرایی ڕۆیی
جانتایەک مەینەتی
بۆ جێهێشتم
تازە بەم هزری شێواوەم
چۆن دەتوانم
پرشنگە زەینییەکانی
دەقی ڕووخساری برۆنزیت
لێکبدەمەوە!

١٣٠
جەستەت
نۆتەیەکە لە ژمارە
خشتەیەک لە ئاواز
پاپیرۆسێکی سپیش
لە ڕەنگە شینەکانی
کاوسی زمانی!
١٣٢
من بە تێفکرینی ژمارەیی
پرشنگی ڕامانەکانت
لێکدەدەمەوە
بە تێفکرینی پەتیش
جیلوەی جوانیت
جارجارەش
بەغەمگینی
ئاوێتەی ڕۆحی سەلارت دەبم
و
شێتنابم !



١٣٣
زەرییەکان چەنێ  قەشەنگن
هەرگیز لە تۆرەمەی مرۆڤ  ناکەن
لەم مووبەقە نارنجییە دەخولێنەوە
و
گۆرانی پەمەیی دەچڕن وسەمادەکەن
شەرابی شینی ئێرۆتیکی
بەئاوێنەی جەستەی
یەکدی دادەکەن
یەکیان
جەزوەیەک زافەرانی سپی لە دەستە
ئەوی تریان
فنجانێک ئاڵەت وکەوچکێک دارچینی کەسک
منی سەوداسەر
لەنێوان خەفەتێکی شەکەری وخەمێکی ئەبەنویسیدا
دەتلێمەوە
و
بەدوای شادییەکی شینباودا دەگەڕێم!

١٣٤
مۆرفیم
مانا ساردوجوانەکانی جەستەت
لەناوکۆیی ڕووداوەکانی
نووسیندا
دەشارێتەوە
فۆنیم
مانا گەرم وجوانەکانی ڕۆحت
لە ناوکۆیی ڕووداوەکانی
ئاخاوتندا !

١٣٥
تیشکی نیگا غەمبارەکانم
پرشنگی  گۆنا بەختەوەرەکانت
دەشواتەوە
تیشکی گۆنا بەختەوەرەکانت
پرشنگی  نیگا غەمبارەکانم !

١٣٦
ئێستاش نەمزانی
چۆن ئەوکەش وهەوا نارنجییەت
بۆ خودی زمان ڕەخساند
تا ئەو بدوێ و منیش بە بێدەنگی
سەیری ڕووخسارە شین و نادیارەکەی بکەم !

١٣٧
کاتێ
وشە هەستە لێکترازاوەکانی جەستە
دەگوازێتەوە
ڕۆحی زمان
بە ئامراز گەلێکی شین
سەنگەری لێدەگرێ !



# تو..
# ئەوا ددلێ مندا و
# ژ چاڤێ من دوور

د. عارف حیتۆ

١

تو.. ئەو ژنا مینا وەلاتەکی
من دڤیا تە داگیر کەم
تە ژ گۆشەگیریێ دویر کەم
ئەز.. ئەو کەسێ وەک گەلەکی
ما دێ چەندجا من ئەنفالکەی؟!

٢

ئەز رێددەم..
کو شەوقا تە هەمی لەشێ من ڤەگریت
ب هاتنا تە..
وەکی دەنگڤەدانا دەنگی ڤەددەم
ژبو ساتەکێ ل هەمبەری تە
هەمی ژیێ خوە پێ ددەم و
ژ سەر لێڤێن تە..
پرتکێن ژیێ خوە ڤێددەم.

٣

دوهی ب شەڤێ
من خەونەکا ب تەڤە دیتی و بو تە نە گۆت!
هەمی فالچی..
ب تەوتەم و نڤشتۆکێن خۆڤە کۆمبوون
کت کت و جووت جووت
من خەونا خوە کرە هەلبەست
هەلبەست ب گەرمیێڤە سۆت
فالچییان خەونا من گرت و
تو د ناڤ چاڤێن مندا دیتی
لێ خانمێ..
دووراتی یا تە بێی پێ بحەسیێم
هێدی هێدی ژیێ من دخۆت.

٤

وەلاتێ من..
دگەل ئاڤابوونێ دنڤیت و
دگەل ئەلندێ ب گەرمی دهەلێت
دناڤبەرا هەوالەکێ هاتنا تەدا و
ئێکێ دی یێ چوونا تەدا
بیردانکا خوە ژبەر خوە دکەت و
رویس رویس..
سترانەکا سەمایی، ب هاتن و جوانی یا تە دبێت.

٥

ئەڤینی وەک مرنێیە.. هەردوو مژدارن
ژ نشکاڤە دهێن و ل دەسپێکێ هەردوو مژدارن
بێهۆدەنە و مشتی پرسیارن
ئەڤجا وەرە پێکڤە بمرین.
مرن وەک عشقێیە..
بێ هزرێن پێشوەخت و بڕیارن
گەردێن باینە
ل هەردەم و هەر جە ل کارن
خۆشی و لەززەت و ژیارن
ئەڤجا وەرە پێکڤە بژین.

٦

د گەرما ئەڤینی و مرنێدا، ئەم وەکهەڤین
بێ پرسیار و چەک
بێ هەستەکا رویت
بو هەردوو ئاسۆیان دمەشین.

٧

من چ بۆیەر ل پاش خوە نە هێلاینە
ئەز نەوێرم بۆیەران بهێلم
ئوو نەشێم بۆیەران ڤارێکەم و
ئاراستەیان تێک بشێلم
لێ بۆیەران ئەز هێلایمە و من دهێلن.

٨

وەلاتێ من..
وەلاتێ شاعران بوو
لێ شاعرۆک تێدا سەرمیرن
وەلاتێ من..
وەلاتێ فێرسان بوو
لێ ترسینۆک تێدا خەتیرن

٩

ژێیاتی نە شعرەکە
ژ ئەشکێن خامەی بکەڤیت
بۆیەرەکە د مندا د ژیت و
ژ هەردوو چاڤێن من د رەڤیت
وەلات.. نە جهەکە ل سەر عەردی
لێ هزرەکە..
د ناخێ مندا دبیت و دلڤلڤیت.

١٠

ئەز ب دیدارا تەڤە بەلگم و
هزر.. من بەر ب دیدارەکا دیڤە دبەت
شعر، هەلویستەکی ددانتە بەر من و
خامە بشکوژێن شعرەکا دی دکەت
ئەز ل وەلاتەکی ب رێڤە دچم و
پێلاڤا من..
هەست ب ئاخا وەلاتەکێ دی دکەت.

١١

د رۆژ و شەڤەکێدا گولەک بوو
گولەکا بێهن خۆش و جوان
دچاڤ نقاندنەکێدا عەڤرەک،
ژ غوبارێ چێبوو
عەڤرەکێ مشتی تەرزە و باران
ب درێژاهی یا هەمی ژیێ من
خەمەکە.. ژ سینگێ ئاخێ ڤەدبیت
ب دۆزا منڤە گەشە دکەت و
د چاڤێن مندا دبیتە وەلات.

١٢

تو.. ئەو ژنا مینا وەلاتی
من ژ دل دڤێت،
کەنی و گریا خوە دگەل تە ببۆرینم
تو.. ئەو وەلاتێ مینا ژنێ
من ژ دل دڤێت،
دادی و بێدادی یا خوە دگەل تە بئەڤینم.

١٣

ئوو ل داویێ، ژ نوو من زانی
تو ژن نە بوویی
تو خەونەک بوویی
خەونەک خۆش و مەزندە بوویی
تو دهۆک بوویی.

٢٠١٠



# ئەگەر جێگۆڕکێیەک بکەین

زانا خەلیل

بۆ ماوەی یەک ساڵ
ئەگەر زیۆس لە شوێنی
پاپای فاتیکان دانێین
دەعوەتی هەولێری بکەین و
بڵێین: دایرێکت لە ڕێگای چاوتەوە
نەک بە نێو شووشەدا، وەرگرەکانت ببینە.
شوێنی (هو جین تاو) بدەینە ئەفرۆدێت و
ئیرۆس لە شوێنی ئۆباما دانێین و
جێگای ئەپۆلۆن و
(بان کی مۆن)یش بگۆڕینەوە و
دەعوەتی هەولێریان بکەین.

لەو حاڵەدا
ئەگەر زیۆس بێت و
لە نادی نووسەران نێرگیلەیەک بکێشێ..
ئەفرۆدێت مەسبەحێکی تێکەڵاو بکاتەوە و
ئەپۆلۆن ببێتە سەرکردەی بزووتنەوەیەک
کە بیەوێ وڵات بگۆڕێ و
ئیرۆسیش ببێ بە وتاربێژ.

ئەوا شاعیرێک..
شاعیرێکی جددی فشەکەر، دڵنیایە
دوای هەفتەیەک
زیۆس شوێنەکەی پاپا دەداتەوە.
ئەفرۆدێت سوپاسی (هو جین تاو) دەکات و
ئەزموونەکەشی
لەو چەند هەزار دۆلار زەرەرە پێ گرنگترە و
کلیلی مەسبەحەکە قفڵ دەدا.
ئەپۆلۆن دەست لە کارەکەی دەکێشێتەوە و
خەون بە (لۆتۆ و تۆتۆ)وە دەبینێ.
لەو ناوەدا ئیرۆس قەلەقە
نازانێ بچێتە نمایشگەیەک تا نمایشی حیجابی لێبکا
یا بە ئۆباما بڵێ:
بە داپیری تۆش ناگۆڕدرێ.
ئاخر، ئەو وەزعە بە کێ دەگۆڕێ؟





### فەرەیدوون ئەرشەدی :

# ئەگەر شیعر ڕووداوێک بێت لەزماندا، بەدوای ئەو ڕووداوەدا دەگەڕێم

دیمانە: ئیدریس عەلی

**(لەتەنیایی دار زەیتونەکانەوە**
**عەتری سەر پەنجەت بە پرچی چیاو**
**گمەی پەیڤەکانت**
**بەپێستی ئاودا دەپرژێنیت)**

ئەم چەند دێڕە لەقەسیدەیەکی فەرەیدوون ئەرشەدی وەرگیراوە کە بۆ سالیادی بەردەبارانکردنی ( دووعا) نووسیویەتی. بێگومان ناوبراو یەکێکە لە شاعیرو ڕۆشنبیرە جدییەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاتو خاوەنی خەسلەتو تایبەتمەندێتیەکی سەربەخۆیە لە نووسینو دەربڕیندا، ناوبراو بەئاگاییو ئاستێکی ڕۆشنبیریو مەعریفی بەرزەوە دەستی داوەتە نووسینو بەوریاییەوە رێدەکات، سەبارەت بەهەندێک پرسی ئەدەبی بەتایبەت شیعر ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد، ئەگەرچی چاوپێکەوتن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە گەرموگوڕییەکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام ئەم شاعیرە بەهۆی ئەو ئاگاییە ڕۆشنبیریو ئەدەبیو زانیارییە گشتییەی لەسەر شیعرو زمانو ڕەگەزەکانی تر هەیەتی توانیویەتی جدییەتێکی ئەوتۆ ببەخشێت بەم وتووێژە.

**× ئەزموونی نووسینت کەی و چۆن دەستی پێکرد، بەگشتی ئەگەر بەدیدگای ئێستات لەبەرهەمە بەراییەکانت بڕوانیت چ قسەیەکیان لەسەر دەکەیت، پێمان بڵێ ئەو کاریگەریانە کامانە بوون کە لەسەرت درووستبوون بۆ نووسینی شیعر؟**

بوومەلەرزەی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئەو هێز و تەوژمە فیکریی و هزرییەی ساڵەکانی ١٣٥٥ و ٥٦ ی هەتاوی، سەرلەبەری دەسەڵاتی سانسۆری پاشایەتی و نیزام و سیستەمی فیکری و ئەندێشەیی خەڵکی ئێران و کوردستانی هێنابووە لەرزین. زۆربەی گەنجەکان تووشی جۆرە تینوویەتییەک ببوون بۆ خوێندنەوە، بڕوا ناکەم نموونەی ئەو ڕۆژانە دووبارە بێتەوە . چیرۆکەکانی "مەنسووری یاقووتی " و "عەلی ئەشرەفی دەرویشیان "، "نەسیمی خاکسار "، " سەمەدی بەهرەنگی " و " ئەحمەد مەحموود "، شیعرەکانی "کارۆ " و " فەرەیدوون موشیری " و " نادری نادر پوور " و.... لە نێو گەنجان دا دەوریان هەبوو. دۆستێکم هەیە بە ناوی " سیامەک ئەفغانی " خاڵۆی ئەو دۆستەم، ئەهلی خوێندنەوە بوو،

کۆمەڵە چیرۆکێکی " مەنسووری یاقووتی " دابوویە، ئەو کتێبە منی تووشی حاڵەتێکی سەیر کرد. لە شاری مەریوان کتێبخانەیەکی گشتی هەبوو. کتێبی کەم، بەڵام نایابی تێدا بوو. " غوڵامی قاسم نەژاد "لەوێ کاری دەکرد. زۆرهاندەرمان بوو بۆ کتێب خوێندنەوە. باشترین کتێبی بە ئێمەی گەنجانی نەشارەزا دەناساند.

یەکەم پەخشان ، یان چیرۆکم لە سەر ژیانی ژنێکی هەژار و کۆرەکەی نووسی. من و هەڤاڵانم دەچووینە والیباڵ لە لای باخی " حەیبەلاّ عاجز " ( حەیبەلاّ، پیاوێکی تووڕە بوو. باخێکی هەبوو لە خوارووی شار لە لای بیمارستان. خەڵک پێیان دەگوت حەیبەلاّ عاجز..عاجز بە مانای تووڕە). تۆڕی والیباڵەکەمان لە ماڵی ئەو ژنە دادەنا، کوختێکیان هەبوو لە تەنیشت باخی کاک حەیبەلاّ. جارێکیان نێو ماڵەکەیم بینی، زۆرم پێ سەیر بوو دوو ئینسان بتوانن لەو هەژارییەدا بژین، ئەو چیرۆکەم لە مەدرەسە خوێندەوە، هاوکلاس و مامۆستاکەم زۆریان پێ خۆش بوو. هەر ئەو تەشویقانە وایکرد کەم کەم ترسم لە نووسین بشکێ، لەو سەرو بەندەدا بوو، شازدە ، یان هەڤدە ساڵان بووم، وەکو هەمووکوڕانی کورد، عاشقی کچێکی دراوسێمان بووم، ئەمەش هاندەرێکی دەروونی بوو بۆ نووسین، بەڵام بە شیعر و بە زمانی فارسی، لە کلاسماندا دەرسێکمان هەبوو بە ناوی " ئینشا " من باشم دەنووسی. نامەی ئاشقانەی دۆستەکانیشم من دەمنووسی، دەورانێکی خۆش و پڕ لە ئەزموون بوو. ژوورێکمان هەبوو لە خوارووی حەوشە، بەکرێیان دابوو بە ژن و مێردێک، ئاوارەی نسکۆی ١٩٧٥ بوون، پیاوەکە پارێزەربوو، ئەگەر هەڵە نەبم خەڵکی سلێمانی بوون. منداڵیان نەبوو، بەڵام تا خوا حەز بکات میوانیان بۆ دەهات، من لە ماڵی ئەوان زۆر وشەی کوردی دیکەم بەر گوێ دەکەوت و بۆم دەبووە خەزێنە بۆ داهاتوو.

ژنێکی فەرزانی خانوومانی میهرەبان، لە کاتی سەفەری دایک و باوکمدا، دەهات بەخێوی دەکردین، مێردەکەی بانگووش مان بوو، زستانان بەفری سەربانی بۆ دەماڵین و بانگردێنی دەدا، " دادە ئامین " خەزێنەی ڕاز و چیرۆک بوو، ئێستەش بۆنی سمڵ و مێخەکی ژێر سوخمەکەی و سیحری چیرۆکەکانی لە یادمە، ئەو شەوانەی لە لامان دەمایەوە، پڕیدەکردین لە چیرۆک و بەسەرهات و بۆنی سمڵ و مێخەک.

شەوانی جومعەش لە گەڵ باوکم هاتوو چووی تەکیەمان دەکرد، تەکیەیەک هەبوو لە گەڕەکی "تەکیە "سەربە تەریقەتی قادری، ئەو شیعرانەی دەروێشان بە دەف و دووتەپڵەوە دەیانوتەوە کاریگەرییەکی سەیریان هەیە، کەس هەیە پێی هەڵنەلەرزێ ؟ ئەمانە سەرچاوەکانی خەیاڵ و فێر بوونی زمان بوون بۆ من.

لە شەڕی ئێران و ئێراقدا کاتێک فڕۆکەکانی ئێراق، شاری " مەریوان " یان بۆردمان کرد، خەڵک ئاوارەی دێهاتەکانی دەور و بەر بوون، ماڵی باوکم چووبوونە " کانی دینار "، لە گەڵ ماڵی خوشکم لەوێ دانیشتبوون، من لە سنە لە ماڵی خوشکە گەورەکەم بووم، کە چوومە مەریوان، شیعرێکم نووسی، بەڵام بە کوردی، دۆستێکی شاعیری دراوسێمان بوو " فەخرەدین زەڕنشان " ی ناوە، لە سنە دووکانی هەبوو. کە گەڕامەوە نووسینەکەم بەو نیشان دا، زۆری تەشویق کردم، هەمیشە مەدیوونی قسەکانی ئەوم، ئەوە یەکەم نووسینم بوو بە کوردی. دواتر دەگەڵ شیعری( ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر) ئاشنا بووم. کاسێتێکی دەنگیش هەبوو، " عەلی خزری " هەندێ لە شیعرەکانی " قاسمی مویید زادە " و " عەبدوڵلا پەشێو " ی تێیدا خوێندبۆوە. زۆرم بەلاوە جوان بوو. بلاو بوونەوەی گۆڤاری " سروە " بێگومان یارمەتییەکی سەرەکی بوو بۆ هەموو ئێمە ، کە کوردیمان بە ڕەسمی نەخوێندبوو.

بەڵام کاریگەرترین شت، قسەی مام " هێمن " بوو. هێمن دڵنیای کردم کە دەتوانم شیعر بنووسم. " حەمەی خەلیلی فەرد " ئەکتەری بەتوانای شاری سنە، دووکانێکی هەبوو لە پاساژی "ئاشنا. شت و مەکی نەقاشی و خۆشنووسی دەفرۆشت " . زۆربەی هونەرمەندان، بەتایبەت نەقاشان و شانۆکاران هاتووچۆی ئەویان دەکرد، منیش دەچوومە خزمەتیان، پێم وابێت ساڵی ١٣٦٣ هەتاویی بوو، تازە دەگەڵ " حەسەن پارسایی "کۆمەڵە شیعرێکی بچووکی هاوبەشی فارسیمان پێکەوە بە کۆپی بلاو کردبووەوە، لەوێ دانەیەک بە ٥ تمەن دەمانفرۆشت، من لابەلاش شیعری کوردیم دەنووسی، هەر لەو ساڵانەدا بوو کە لەگەڵ محەمەد و ئەحمەد خەلیلی فەرد، پەرویز فازڵ نەژاد، هادی زیائەدینی، حەسەن پارسایی و چەند کەسی دیکە، مانگ ، یان دوو هەفتە جارێک کۆدەبووینەوە و هەر کەسە و لە سەر کتێبێک، ڕۆمان ، یان شانۆنامە یەک بۆ ئەوانی دیکە کۆنفرانسی دەدا.

دۆستێکی کاک محەمەد بە ناوی "سەلاح "، خەڵکی مەهاباد بوو . هاتووچۆی ئەو کۆبوونەوانەی دەکرد، کاک محەمەد پێی وت کە فەرەیدوون موشکلێکی هەیە دەگەڵ نووسین بە کوردی، دەبێ چ بکات ! کاک سەلاح وتی کە چوومەوە بۆ مەهاباد دەچمە ورمێ لە مامۆستا "هێمن "دەپرسم. ( ئەو دەم مام هێمن لە گۆڤاری سروە بوو ).

کاک سەلاح سەفەری کرد و گەڕایەوە، مام هێمن فەرمووبووی باشترین ڕێگەی فێربوونی زمان بۆ کەسانی وەکوو فەرەیدوون، تەرجەمە کردنە. زۆری پێوە خەریک بووم و ئەلحەق کەڵکیشی هەبوو. هێندەی پێ نەچوو کاک " سەلاح " ئاگاداری کردمەوە کە مام " هیمن " بۆ دیدارێکی رادیۆ یی دێتە سنە و من مۆڵەتێکم وەرگرتووە کە تۆ بیبینی، ئەمە خەبەرێکی زۆر خۆش بوو بۆ من. مام "هێمن "لە مێمانسەرای سنە دابەزیبوو. سەعاتی ٩ ی بەیانی دەبوایە لەوێ بام. باران نم نم دەباری، کە بەرەو حەوشەی مێهمانسەرا سەرکەوتم، مام هێمن لەوێ پیاسەی دەکرد، جگەرەی دەکێشا، شیعرێکم بۆ خوێندەوە. کوردی یەکەی پێ باش بوو.

تەشویقی کردم، ئێستە کە بیر لەو ساتانە دەکەمەوە، تێ دەگەم کە ئەو مرۆڤە سادە و ساکارە چەندە ئاشنای دونیای شاراوەی شیعر بوو. گەرچی فۆرمی شیعرەکەی من لە سەر دارشتنی شێوازی تازەبوو، بەڵام ئەو چاکی لێکدەدایەوە، ئاخرین قسەی بەردەوام لە گوێمدا دەزرەنگێتەوە کە فەرمووی : "شیعرێک بنووسە پەیکەرتاش، پەیکەری لێ دابتاشێ. موزیک زان، موزیکی لێ دروست بکات، نەقاش، نەقاشی لێ ساز بکات".

بێگومان بۆ گەنجی کورد، چ کوڕ، چ کچ، لە سەرەتا، ئەشق و دڵداری کاریگەرترین هەوێن و هاندەرە بۆ نووسین یان هەر کارێکی هونەری دیکە. کەسێکت خۆش دەوێ و ناتوانی لە گەڵی بە ئاسوودەیی قسە بکەی. تەنیا بە نیگا و بە ڕەمز و ئیشارە، ئایا ئەم چەشنە دیالۆگە ئاشقانە، لە چۆنیەتی شیعر نووسینی ئێمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە؟ کاتێک زمانی پێوەندی لەگەڵ خۆشەویستەکەت زمانی ئیشارەیە، زۆر ئاساییە کە زمانی نووسینیشت هەر ڕەمزاویی و ئیشارە ئامێز دەبێت. ( مەسەلەی سانسۆری زاڵ بەسەر بڵاو کراوەکاندا لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراوی وەکو ئێران شتێکی دیکەیە کە شیعر و نووسین بەرەو سەمبۆلیزم و کەڵک وەرگرتن لە ڕەمز و سەمبۆلەکان دەبات. ئەو شێوازەی کە شیعری لای ئێمەی ناچار بە بەکارهێنانی زمانێکی ناڕاستەوخۆی ڕەمزاوی کردووە).

خۆشویستنی کچان هەستێکی بێقەراریی وای لە مندا دروستکرد کە زۆرتر بەرەو شیعر نووسین ڕایکێشام، بەڵام ئەو هەستە کرچ و کاڵە و تەنیا بۆ دەسپێکە ، ئەگەر وزەیەکی دەروونی و خوێندنەوەی بەردەوامی ئەدەبیات و شیعر نەبێت، هیچ کاریگەرییەک ناگاتە ئەو ئاستەی کە شاعیر بباتە قۆناغەکانی دیکەوە.

دواتر و لە کاتی ئاشنا بوونم بە شیعری شاعیرانی دیکە، دۆزی ڕەوای نەتەوەکەم و لە هەمان کاتدا کێشە ئەزەلییەکانی مرۆڤی سەر ئەم زەوینە، سەرلەبەری دونیای خەیاڵی داگیر کردم، لە ئاشنا بوونم لە تەک مەسەلەی نەتەوەکەم و شیعری نالی و مەولەوی تاوەگۆزیدا " محەممەدی حەمە باقی " کە ئەو دەم لە شاری سەقز دەژیا، دەورێکی گەورەی هەبوو. پاش ئاوارە بوونی خەڵکی باشوور لە کۆڕەوەکەدا، زۆر یەک لە شاعیران و نووسەران پەڕیوەی کوردستانی لای ئێمە بوون. ئاخافتن و دانیشتن دەگەڵیان کاریگەری هەبوو لەسەر چۆنیەتی بیر کردنەوەم.

ئەو ماوەیەش لە تاران دەژیام و لەوێ کارم دەکرد، ئاشناییم لەتەک شاعیرانی گەورەی فارسی نووس و نزیکبوونەوەی زیاترم لە فەزای زیندووی شیعری فارسی، یارمەتییەکی زۆری دام لە بواری بیر کردنەوە لە چۆنیەتی بەکار هێنانی زمان لە شیعردا، کاری من لە تاران لە ناوەندێکی فەرهەنگی ئەدەبیدا بوو بە ناوی (کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان). خۆت باشتر دەزانی کە ژیان لە ناوەندێکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری لە تاران، چەندە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لە سەر گەنجێکی وەکو من کە تینووی زانین و فێر بوون بووم.

دیارە ئەو بەرهەمانەی سەرەتای نووسینم، هەر هەموویان گۆشەیەکی ڕووناکن لە تاریکی و ڕووناکاییەکانی دەروونی من و هەست و ئەندێشەم، ئەگەر ڕەخنەیەکم هەبێت لەو نووسینانەم، (کە بەداخەوە نە ئەوانە و نە ئەمانەی ئێستاشم بە کۆ و بە چاپکراوی لە کتێبێکدا لە بەردەستی خۆم و خوێنەراندا نین )، ڕەخنەکەم تەنیا لە باری دارشتن و قووڵبوونەوەی زیاترە لە پێوەندیی نێوان دیاردەکان دەبێت. هەست و مەودای خەیاڵ و دۆزینەوەی پێوەندی نێوان شتەکان، لەوێدا ساد و ساکار و کتوپڕن، بەڵام دارشتنەکەیان و بەکار هێنانی زمان، زۆر پوختە نین. کاریگەری دارشتنی کەسانی دیکەیان زۆرتر لەسەرە.

شتێکت بۆ باس دەکەم هیوادارم دۆستانی ڕەخنەگرم بە گازندەی لێک نەدەنەوە : لەبەر ئەوەی کارەکانی من و چەند کەسی دیکە تا ئێستێ لە کتێبێکدا چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە، ئەو پۆلین بەندی و ڕەخنانەی سەبارەت بە ڕەوتی نوێخوازی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیخوێنمەوە، زۆربەیان ناتەواون، ئەوانەی مەسەلەن ناوی من ، یان شاعیرانی دیکە لەو ڕەوتانەدا دەهێنن، کەمترین شیعری من و ئەو هاوڕێیانەیان لە بەر دەست بووە، لە بەر ئەوەی کاتی خۆی دەرفەتی چاپ کردن بۆ من و زۆر کەسانی دیکە نەڕەخساوە و کارەکانمان نەگەیشتونەتە دەستی خەڵک، یەکێک لەو خەسارانەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی لای ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنی و لە داهاتوودا گرفتێکی گەورە درووست دەکات، ئەوەیە کە هەموو بەرهەمی نووسەرانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاپ و بڵاو ناکرێنەوە، بەڵکو ئێستا زۆربەیان لە دام و دەزگاکانی چاپ و پەخشی باشوور، یان گۆڤارەکانی ئەوێ بڵاو دەبنەوە و ڕاستەوخۆ ناگەنە بازاڕی خوێندەواری و کتێبی خۆمان، بۆیە بەداخەوە با بڵێین کاتێک باسی شیعری " وتار " دەکەن، ناوی کەسێک بە نموونە دێننەوە کە من بۆ خۆم لە کتێبێکی ئەو کەسەدا نزیک بە ٢٠ کۆپلە م لە دزینی شیعری خەڵک و بە شێوەیەکی زیرەکانە کۆلاژ کردنیان، دەرهێنابوو کەلە سەر داوای ( مارف ئاغایی و کاک ئەحمەدی قازی و محەممەدی حەمە باقی ) لێی گەڕام و بڵاوم نەکردەوە، زۆر ئاساییە کە هەر کەس هێندە بوێر بێت کارێکی ئەوتۆ بکات، لە کتێبەکان و کارەکانی دیکەیشیدا دووبارەی دەکاتەوە و خۆڵ لە چاوی خەڵکی دەکات و وەکو نوێنەری شاعیران و ڕۆشنبیرانیش ئەم شارو ئەو شار دەیبەن. وتاری وام سەبارەت بە ڕەوتی نوێخوازی بەرچاو کەوتووە ناچێتە هیچ خاڵبەندییەکی ڕەخنەییەوە، نووسەرەکە شیعری خۆی بۆ نموونەی هەرە بەرچاوی شێوازی تازە هێناوەتەوە.

ڕەخنەگرانی ئێمە ئەگەر زۆر وریا نەبن و بە فاکت و نموونەی زەمەنی و تایبەتمەندی پێکهاتەیی شیعرەکانەوە پرۆسەی بەرەو پێش چوونی قۆناغەکانی نوێ بوونەوەی شیعری ڕۆژهەڵات

پێناسە و شرۆڤە بکەن و تەنیا بە ڕیزکردنی چەند ناو و وتنی ئەمەی کە فلانە کەس سەر بە بەرەی ٣ و فیسارەکەس لە بەرەی ٥ ، نابێتە کاری زانستی ڕەخنەیی و نووسینەوەی مێژووی شیعری هاوچەرخ، بێگومان یەکەم زەرەر لەم چەشنە پۆلین بەندی کردنەدا، خودی " ڕەخنە " دەیکات و پاشانیش دەبێتە هۆی ناڕوون بوونی چۆنیەتی ڕەوتی بەرەوپێش چوونی شیعری ڕۆژهەلاتی کوردستان. داخەکە لەوەدایە ئەگەر نەتوانین ئەم قۆناغە شیعرییەی ٢٥ ساڵی ڕابردوو، بە درووستی و کاملی لە هەموو پانتایی داهێنانی قەڵەمە دیارەکانیدا و لەسەر ئەساسی نموونەی کارەکانیان بنووسینەوە و تەئویلی دروستمان هەبێت، کو دەتوانین مێژووی سەرهەڵدانی نوێگەریی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا بنووسینەوە ؟

**× یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی شیعری تۆ ئەوەیە کە لەڕووی زمانەوە هێڵێکی جیاکەرەوەت درووستکردووە لەگەڵ شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئایا جیاوازییە زمانەوانییە تەنها هەستێکە بۆ جیاکردنەوەی فۆرمی نووسینی خۆت، یاخو ئەزمونێکی ئیشکردنە لەناو سیستمێکی دیکەی زمانەوانیدا؟**

-من لە ڕێگەی کایەیەکی زمانەوە دەگەم بە مانا. لە دەرەوەی ئەم شێوازە هیچ شتێک نابینم کە بتوانێ جیاکەرەوەی شیعری شاعیران لە یەکدی بێت ، ئەگەر ئەم کایەیەم پێ نەکرێ، ئەو مانایەی کە دەمهەوێ پێی بگەم، نایەتە بەرهەم. زمان ، یان باشترە بڵێین (دەربڕین)ی ئەو شیعرانەی پێش من و هاوکات لەتەک مندا دەنووسران، نەختێک لەبەردەستتر و سادەتر بوون لەوەی من دەمویست. سادە بەو مانا کە دەستی ئەو دەربڕیینە کراوەیە و خوێنەر بەیەکەم خوێندنەوە هەموو ڕەمزەکانی دەخوێنێتەوە، پاشانیش کەمتر خۆی لە قەرەی تاقی کردنەوەی ئیمکاناتی ڕستەبەندی دەدات. زۆر ئاگاهانە و بە بەرنامەوە بە دوای گەیشتن بە شێوازی داڕشتنی ڕستەکانی خۆمدا دەگەڕام و دەشگەڕێم.

ئەگەر شیعر ڕووداوێک بێت لەزماندا، من بەدوای ئەو ڕووداوەدا دەگەڕێم کە چۆنی بدۆزمەوە و چۆنی بنوێنم. تەجرەبەکانی شیعری فارسی، تیۆرییەکانی "نیما"، مانیفستی شیعری "حجم"، ڕوانگەکانی" یەدۆڵا ڕۆیایی " لە کتێبی " از سکوی سرخ " و خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی دونیا، لە ڕێگەی تەرجەمەوە، ئەزموونێکی گەلێک باش بوون بۆ من.

بەکار هێنانی وشەکان لە ڕستەیەکداو سەرەنجام داڕشتنەوەی فۆرم و پێکهاتەی شیعرەکە بە شێوەیەک کە بتوانێ فەزایەکی وا بخولقێنێ کە خوێنەر تێیدا هەست بە کەش و هەوایەکی دیکە بکات لە بازنەکانی وشە و مانادا، بۆ من کە هیچ سەرچاوەیەکی تیۆری و ڕەخنەیی لە زمانی کوردی دا و لە هەمان کاتدا بیروڕای شاعیرانی کوردی بەرلەخۆمم لە بەردەست نەبوو، ئەرکێکی قورس بوو. ئەم چەشنە کار کردنە و بەدوای شێوازێکی تاقی نەکراوەدا گەڕان، وایکرد تا ڕادەیەک کارەکانم لە باری داڕشتن و مامڵە کردنم لەتەک زمان و وێنەکان دا، لە گەڵ شاعیرانی لای خۆمان جیاوازییەکی هەبێت.

دەمویست بزانم چۆن دەتوانم ڕستەیەک بە شێوەیەکی هەرچی کورتتر و لە هەمان کاتدا پڕ وێناتر و بەستراوەتر بە چۆنیەتی ڕوانینم بۆ دونیا و دیاردەکان و لە هەمان کاتدا گرێخواردوو بە ساختومان و پێکهاتەی شیعرێکەوە داڕێژم.

هەر بۆیەش هەندێ کەس بە هەڵە بە منیان دەگوت "فۆرمالیست " ! من فۆرمالیست نەبووم، هەوڵی من گەیشتن بە فۆرمێکی دڵخوازی خۆم بوو لەو ئان و ساتانەی شیعری لای ئێمەی تێدا دەژیا. لەو کارەی خۆم لەزەتم دەبرد و دەشیبەم. لەزەتێکی جوانیناسانەی دژوار. لە بیرمان نەچێت کە ئەو بارۆدۆخە سیاسی و کۆمەلایەتییەی بەرهەمی هەر نووسەر و شاعیرێکی تێدا دێتەبەرهەم، زۆر گرینگ و کاریگەرە لە سەر چلۆنایەتی بابەت و چۆنیەتی بەکار هێنانی وێنە و ڕەمز و تەنانەت کاریگەریشە لە سەر تەنگ کردنەوە ، یان بەرین کردنەوەی بازنەی بەکارهێنانی وشەکان و ڕستەکان. جگە لەوەش تەنیا بەکار هێنانی زمان نییە کە کاری من لە کاری هاوڕێیانم جیا دەکاتەوە. زۆر شتی تر هەیە لەم بوارەدا کە باس کردنی کرێکی دیکەی دەوێ.

لە لایەکی دیکەوە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت ڕاستە، بەوکارەی کە لە بەکار هێنانی زماندا دەیکەم، ستایل و فۆرمی کاری خۆشم لە دۆستانی دیکەی شاعیرم جیا دەکەمەوە. پێناسی شیعری من، زمانی شیعرەکەمە. داڕشتنیەتی بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی زمان. ئەگەر باشت سەرنج دابێت، شیعری من شیعرێکی شلوق و قەرەباڵغ نییە. لە زۆربەیاندا، کەم ڕوو دەدات شتێکی زیادە لە ڕستەیەک یان کۆپلەیەکدا ببینی. هەست بە شپرزەیی زمان ناکەی. باسی مانا ناکەم کە لە لای من ڕاست بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەکار هێنانی زمانەوە.

ئەمە ئەڵبەتە نیشانەی سەرکەوتنی من نییە بەسەر کەسانی دیکەدا، تەنیا باسی جیاوازییەکان دەکەین. چۆنیەتی بە کار هێنانی زمانە کە بۆ من گرینگترین مەسەلەی فۆرمەلە نووسینی شیعرێکدا. لە ئەنجامی هاونشینی وشەکاندایە کە وشە و ڕستەکان بناسین و وزەی خۆیان دەردەخەن، یەکتر کامڵ دەکەن و تواناکانیان دەنوێنن، لە ڕێگەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوەیە کە مانا و فەزا و ئەتمۆسفێری شیعر، لە خودی شیعرەکەدا و لە چاو و لە زەینی خوێنەردا بلاو دەبێتەوە، یان بەرەو مەرکەزیەتێک دەڕوات.

کۆپلەکانیش کە هەریەکە بۆ خۆی لە نیزامێکی هاوسەنگ و هەندێ جاریش ناهاوسەنگ دا ساز دەبن، بەشێوازێکی ئۆرگانیک، یەکتر بەرەو نیزامی گشتی و هاوئاهەنگی هەموو شیعرەکە دەبەنە پێش، ئەمە ڕوانینی منە بۆ کار کردن لە شیعرێکدا.

لە ڕێگەی چۆنیەتی مامڵە کردن دەگەڵ زمان و بەکار هێنانیەتی

کە فەزای جیاوازتر لە دۆستانی شاعیرم دەخولقێنم، لە بیرمان نەچێت کە ئەوە ڕوانین و چۆنیەتی داڕشتن و شێوازی دەربڕینە کە نووسەران و شاعیران لێک جودا دەکاتەوە.

بۆ من جگە جیاکردنەوەی شیعرم لە شاعیرانی دیکە، ژیان لە نێو لەزەتی کایە کردن بە وشە، کە خۆی پێکهێنەری کایەی گەورەی هونەر و زمانە، زۆر گرینگ بووە و دەشبێ.

هەندێ تەجرەبەشم هەیە و تەنیا بۆ کاری خۆم بووە کە بتوانم ئیمکاناتی شێوازێکی تری دەربڕین تاقی بکەمەوە، ئەو کورتە شیعرانەی کە لەساڵی ١٣٧٥ ی هەتاوی بەملاوە بە ناوی " دڵتەنگیی" نووسیبووم و دواتر، لە کاتی نیشتەجێ بوونم لە باشووری کوردستان (١٣٧٥ ی هەتاوی )، شێوازێکی تریان وەرگرت و بوون بە "نامەکانی غوربەت "، دەسپێکی جۆرێکی دیکەن لە دەربڕین و تەجرەبە کردنم لە نووسیندا.

لەو کورتە مەجالەی دەربڕینەدا، ڕووداوە تاڵەکانی پاش ساڵی ١٣٥٨ م بۆ "یەسنا" باس کردووە، ئەو کاتانەی هێزی پێشمەرگە شارەکانی چۆڵ کرد و ئێمە ماینەوە وهەزاران دەرد و بەدبەختی و تاڵیی ژیانێکی داگیر کراو، ئەو تەجرەبەیە، بە هەندێک جیاوازییەوە، زۆر زوو بەرەو دەربڕینێکی دیکە ڕۆشتن و بوون بە شێوازی نووسینی " نامەکانی غوربەت ".

لەم شیعرانەدا، دەمویست لە باری فۆرم و داڕشتنەوە، بگەم بەو دەربڕینەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت دەگەڵ باوەڕی ئەوکاتم سەبارەت بە ڕەوانبێژی و نزیکبوونەوە لە شێوازی داڕشتنی شیعری فۆلکلۆری کوردی بە تەکنیکێکی تایبەت بە خۆم.

لەو بڕوایەدام کە سیحرێکی سەیر و دوورەدەست لە زمان و فۆرمی شیعری فۆلکلۆریدا هەیە، چ لەباری " وەزن " و چۆنیەتی کارکردی "زمان" ەوە، چ سادەیی و کاریگەری کەم وێنەی ئیماژەکان، تەقەلام ئەوە بوو بزانم چۆن دەتوانم ئەو جۆرە فۆرمەی کە بەڕواڵەت سادەیە، لە پێکهاتەی شیعری خۆمدا بەکار بێنم، سەرەتا وامدەزانی "ئیماژ " سەرەکی ترین کۆڵەکەی شیعرەکانە، بۆ نموونە:

تاڵێ بەن بوایەم بە تەشیتەوە، خولم بخواردای بە خوەشیتەوە

پاشان گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە " مانا " کۆڵەکەی سەرەکی شیعرەکانە، ماوەیەکی دیکە بە خۆمم گوت، وەزن هەموو پێکهاتەی شیعرەکە دیاریدەکات، دواتر قافیەم لا زۆر گرینگ هاتە بەر چاو، ئەمانەم هەموو تاقی کردنەوە، تەنانەت هەر بەو وەزنە و بەو شێوازە شیعرم نووسی و خۆم لە مەحەک دا.

بەداخەوە " گۆران " کە بە دەسپێشخەری شیعری نوێی کوردی دادەنرێ ( وا دەرکەوتووە کە بۆ بنەما نوێخوازییەکانی، فۆرم و شێوازی " بەیت "ی لە بەرچاو بووە ) لەم بوارەدا نووسراوەیەکی ئەوتۆی بۆ ئێمە بە جێ نەهێشتووە تا بزانین داخوا چۆنی ڕوانیوەتە ئەم دیاردەیە و ڕێگەی ئێمەی کەمێک هەموارتر کردبێ، نموونەیەکی دیکەشم لەم چەشنە ڕوانینە و تەئویل کردنیان لە کوردستانی لای خۆمان پێ شک نەدەهات.

لە زمانی فارسی دا و لە لایەن " نیما " وە سەبارەت بە شێوازی کار و بیر کردنەوەی لە سیستەمی نوێ کردنەوەی شیعری فارسی، بابەتی زۆر نووسراوە و نەوەکانی پاش نیما، لە سەرچاوەی تیۆرییەکانی کەلکی زۆر و بەنرخیان وەرگرتووە.

بە باوەڕی من یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی فەقیر بوونی تیۆری ئەدەبیی و ترس لە گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا، هەر ئەم ڕاستییە تاڵەیە .

ئێستەش ئەوەتە هەر بەردەوامم لە سەر ئەو تەجرەبانەم لە سەر گەیشتن بە تایبەتمەندییەکانی کاری خۆم.

**×ماوەیەک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک شاعیر بەناوی شەپۆلی نوێوە جۆرە شیعرێکی نوێیان داهێنا، پێموابێت (ڕەزای عەلی پورو ساڵەح سوزەنی)و چەند دانەیەکی تر، سەرەمەشقی ئەو تەوژمە شیعرییە نوێیە بوون، بەگشتی تۆ راو سەرنجت لەبارەی شێوازی تازەی ئەو شاعیرانە چییەو ئایا لەراستیدا ئەوان بەمانای چەمکی نوێگەری نوێبوون؟**

– لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران و ئەو بزووتنەوە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەی لە ساڵەکانی پاش ١٣٦٤ ی هەتاوی، بە هاتنە ئارای ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و گۆڤار و حەوتوونامەو مانگنامەکان، زەمینەی خۆ خستنە ڕووی نووسینی کوردی فەراهەم کرا، نووسەری کورد، بەتایبەت شاعیرانمان کاری یەکتریان خوێندەوە، بە هاتنی کتێب لە باشووری کوردستانەوە بۆ لای ئێمە، نووسەران و شاعیرانمان زۆرتر دەگەڵ شێوازی کاری شاعیرانی باشوور، ئاشنا بوون، لە هەمان کاتدا تەوژمی نوێخوازی لە شیعری فارسیشدا کاریگەری هەبوو لەسەر دەوڵەمەند کردنی ئەم پرۆسەیەی کە لە پرسیارەکەتدا ئاماژەی پێ دەکەی. ( ئێمە لێرە تەنیا باسی شیعر دەکەین، ئەگینا ژانرەکانی دیکەش گۆڕانیان بەسەر هاتووە و دەشکرێ لەسەری باس بکرێ ).

بە کورتی دەتوانم ئەوە بڵێم کە شێوازی نوێی نووسینی شیعر لە لای ئێمە چڕکرابووەوە لە کارەکانی سوارە و شاعیرانی شێوازی پاش " نیما " دا. حەقیقەتێکی زۆر تاڵ هەیە کە دەبێ باس بکرێ (تا ئەم ساڵانەی دوایی و تا کاتی هاتنە کایەی گۆڤاری " سروە "، کەس لەم شاعیرانەی ئەوڕۆکە پێشەنگی شیعری ڕۆژهەڵاتن، شیعری سوارەیان بە چاو نەدیتبوو). کارەکانی سوارە، هەندێکیان لە "سروە " بڵاو کرانەوە تا دواتر بە هیمەتی " مارف ئاغایی و جەلالی مەلەکشا "کۆی بەرهەمەکانی بڵاو کرایەوە، ئەوانەی (خۆشمی لێ نابوێرم) وا بیر دەکەنەوە کە نوێ بوونەوەی شیعری کوردی ئیدامەی شیعری سوارە و فاتێحی شێخولئیسلام و عەلی حەسەنیانی و... ە، ڕەنگە تەنیا بیانەوێ ڕێچکەو رەوتێک بۆ ئەو

نوێ بوونەوەیە دابتاشن، خۆ لە باشووریش هەر وا بووە. گرووپی " کفری " و " روانگە " بەیانەکەیان نە لەسەر ئەساسی لێکدانەوەی ڕەوتی شیعری پێش خۆیان و تیۆرەکانی پێش خۆیان دامەزراون و کاریان پێ کردووە، ئەوانیش لە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی شیعری عەرەب و رۆژئاوادا، بیریان لە شێوازێکی دیکە بۆ کاری خۆیان کردۆتەوە، مەبەستم ئەوەیە پرۆسەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی، پرۆسەیەک نەبوو کە لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی تواناکانی شێوازێک لە شیعر، شێوازێکی دیکە سەری هەڵدابێ، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو تەوژمە نوێگەراییە بووە کە لەزمانەکانی فارسی و عەرەبیدا وەڕێ کەوتووە و شەپۆلەکانی بەرەو لای ئێمەش هاتووە و شاعیرانمان وەریان گرتووە. لە پاش مردنی سوارە تا کاتی هاتنە مەیدانی کەسانێکی وەکو(جەلالی مەلەکشا و شەریفی حوسێن پەناهی) هیچ بەرهەمێکی کوردی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، ئەگەریش کرابێت نەگەیشتووتە دەستی خوێنەوارانمان لە هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان.

من ناتوانم بڵێم ئەو شێواز و دەربڕینەی سوارە و جەلالی مەلەکشا و عەلی حەسەنیانی و قاسمی موئەید زادە، ئیدی وەڵامدەری خواستەکانی کۆمەڵگەو پەسەندی شاعیرانمان نەبوون، گەرچی لە باشووری کوردستان مەسەلەکە هەندێ جیاوازترە، بەڵام بە گشتی هەر بەو ئاکارەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نوێ بوونەوەی شیعری کوردی لە ژێر کاریگەریی زمانەکانی دیکەدا بووە، لای ئێمەش هەر بەو چەشنە، بۆ نموونە بڕوانە ئەو ڕەمزو سیمبۆلانەی لە شیعری سوارەو جەلال دایە، یان ئەو ڕوانین و سیمبۆلانە لە شیعری ( شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت ) دا چاو لێبکە، شێوازی ئەو چەشنە کەڵک وەرگرتنە لە رەمز و سیمبۆلەکان لە لای ئەم شاعیرانەمان، پێشتر لە شیعری نوێ ، یان کلاسیکی ئێمەدا نەبووە، شیعری مەقاوەمەتی فەلەستین و عێراق، شاعیرانی وەکو ، موعین بسیسۆ، مەحموود دەروێش، ئەدۆنیس، ئەلبەیاتی و پاشانیش ڕوانگەی شاعیران و نووسەرانی گۆڤاری " شیعر " لە بەیروت چاپ و بڵاو دەکرایەوە، زۆر کاریگەرییان هەبوو لە سەر شیعری باشووری کوردستان، لە لای ئێمەش وتارەکانی رەزا بەراهەنی و کارەکانی شاملو، فروغ و بە گشتی نەوەی پاش نیما کاریگەرییەکی دیاریان هەیە لەسەر شێوازی نووسینی شاعیرانمان.

تا پێش هاتنە مەیدانی شاعیرانی جەوانی ئێستامان، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ بۆ پێویستی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لە ئارادا نەبووە، گەرچی ئەمانیش هەمدیسان لە سەر ئەساسی تیۆرییە شیعرییەکانی ڕەخنەگران و شاعیرانی فارسی نووس و تیۆورییە ئەدەبیی و زماناناسانە و جوانیناسانەکانی رۆژئاوادا، بنەمای کاری خۆیان داڕشتووە، ڕەنگە زۆر کەس ئەم بۆچوونەی منیان پێ ناخۆش بێ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، تەوژمی هاتنی تیۆرییە تازەکانی هونەر و ئەدەبیات لە زمانەکانی دراوسێمان و پەروەردە بوونی نەوەیەکی بێقەرار و نەترس و پەیجۆر، بنەماکانی شێواز و دەربڕینی پێش خۆیانی هەڵوەشاندۆتەوە. نەک ئەوەی کە شێوازێکی ئەدەبیی ، یان شیعری، بە ئاکامی هەموو ئیمکانیاتی خۆی گەیشتبێت و لە خۆیدا شێوازێکی دیکەی هێنابێتە کایەوە، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە، ئەم نەوەی نوێیە هەوڵ دەدات ئەو شێوازانە ببەستێتەوە بە خەیاڵی مروڤی کورد و ڕوانیینەکانیەوە.

پێش ئەم کەسانەی ناوت هێناون کەسانی دیکە بیریان لە گۆڕینی مەوداکانی شیعری لای ئێمە کردووەتەوەو بناغەکەیان داڕشتووە، یونس ڕەزایی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا و بەهزاد کوردستانی، لەو شاعیرانەن کە دەسپێشخەرترن، شیعری " شێت " ی یونس ڕەزایی و " چرکانە" کانی بەهزاد کوردستانی و ئەو خەیاڵ و دەربڕینە دەگمەنەی ئیبراهیمی ئەحمەدی نیا، نموونەیان نییە لە شیعری هاوچەرخی کوردیماندا لە لای ئێمە، بەهزاد و ئیبراهیم دوو کەس لە ئیمزاکەرانی بەیاننامەی پرۆژەی " داکار " بوون.

ئەو ڕەوتەی ئێستە بە ناوی نوێخوازی و نوێتر خوازییەوە ناودێر



کراوە، بەڵێ بەڕاستی هەوڵێکی جیدین بۆ گۆڕینی ئیمکانیاتی شیعر، لە گەڵ جارانی دیکە زۆر جیاوازترە، هێندە هەوڵەکە جیدی و ڕاستگۆیانەیە، ئاسۆیەکی زۆر گەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ، گەرچی خۆشت باش دەزانی کە لە هەر تەوژم و لە هەر سەرهەڵدانی ڕەوتێک دا، هەم کاری باش و هەم کاری خراپ دێتە مەیدانەوە، هەندێ کەس پەیدا دەبن پێیان وایە هەرچی لەو کارەدا تیژڕەوی بکەن و زۆرتر بنەما و ڕێساکانی زمان و دارشتن و دەربڕین تێکبشکێنن، نوێخوازترن! لە حاڵێکدا بە بۆچوونی من، نوێخوازی و نوێگەری، پرۆسەیەکی درێژخایەن و لەسەر خۆیە، لەهەمان کاتدا کە دژی مەنتیقی ڕوانین و دارشتنی باوە، خاوەنی پرەنسیبی خۆیەتی و هەوڵ دەدات ئەو پرەنسیبانە دەگەڵ تایبەتمەندی و بنەما ئەساسییەکانی خەیاڵ و وێنە و زمانی نەتەوەکەیدا بگونجێنێ، ئەگەر وانەکات، هەموو هەوڵ و تەقەلاکەی لە درێژخایەندا دەتوێتەوە و ناگاتە نەوەی پاش خۆی.
نووسینی شیعر لای ئیمە جیا لە هەندێ تەجربەی سەربەخۆ، تووشی جۆرێک لە جوینەوە و تیکرار لە دەربڕین و لە ڕوانیندا هاتبوو، ڕوانینی شیعری شاعیرانی ناوداری باشوور، گواسترابووەوە نێو شیعری ئێمەش.
لە ڕاستیدا، لە نێوان هەندێ مەفاهیم و شێوازی دارشتنی گیرخواردوو لە مابەینی شێوازی شیعری لای خۆمان و کوردستانی باشووردا مابوویەوە، دەمێک بوو لە دەرفەتێک دەگەڕا خۆی دەرباز بکات و لە شێواز و سیمای خۆیدا سەرهەڵبێنێ، ئەو کاتانە هیچ سەرچاوەیەکی شیعری کوردی جگە شاعیرانێکی وەکو ( شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و ئەنوەرقادر محەمەد و لەتیف هەڵمەت و نەوزاد رەفعەت ) لە بەردەستدا نەبوون، زۆر ئاسایی بوو کە شێوازی دارشتن و بیر کردنەوەی ئەوان بگاتە نێوئاخنی زەینی شاعیرانی ئێمەش، هەندێ بابەتی وەکو نیشتمان و خۆڕاگری و ئەشقی ئاسمانیی تێکەڵ بە چیا و نیشتمان.. بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێ ڕەمز و سیمبۆلی باو، کە لەو شیعرانەدا بەرچاو بوون، ببونە مەفاهیمی سەرەکی برێ لە شیعری شاعیرانی ئێمەش.
بەرخۆدان و شیعری مەقاوەمەت، بەردەوام لە بازنەیەکی ڕەمزیی داخراودا دەسوڕێتەوە، ئەگەر بیر لە گۆڕینی ساز و کارەکانی نەکرێتەوە، پێموایە ئێستا شاعیرانمان جۆرێکی دیکە دەڕواننە شۆڕش و نیشتمان و چارەنووسی نەتەوەکەمان، دیارە ئەم گۆڕانکارییەش پێویستی بە بەکارهێنانی شێواز و مێتۆدی دیکە هەیە بۆ دەربڕین، ئێستە لە باتی ڕوانینێکی گشتی بۆ دیاردەکان، شاعیرانی بەرەی نوێ، دیاردە هەرە بچووک و گرینگەکانی پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و کۆمەڵگە و مرۆڤ و مرۆڤ، دەکەنە دەسمایەی کارەکانیان، ئێستە ئیدی لە کارەکانیاندا تەنا شاعیر قسە ناکات، دەنگەکانی دیکەش نووێنەرایەتی خۆیان دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە گۆڕانکاری گەورەی بە خۆوە بینیبوو، گەنجەکان لە زانکۆکانی سەرانسەری ئێراندا دەرسیان خوێندووە، لە تەک تازەترین باس و خواس و تیۆرییەکانی ئەدەبیات و ئەندێشەدا ئاشنا بوون. هەر زانکۆیەک و هەر گرووپێکی لایەنگری ئەدەبیات، بۆ خۆی بڵاو کراوەی خۆی هەیە، ئەم نەوە تازەو ئەم کۆمەڵگە نوێیەی کە تامی بڵاو کردنەوەی کتێب و حەوتوونامە و مانگنامەی بە زمانی خۆی کردووە، دەبوایە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەکانی تازەی دەربڕینی خەیاڵ و خولیاکانی بکاتەوە، ئەم ڕەوتە نوێگەرییەی لای ئێمە کە هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵگەکەیەتی، زۆر جیاوازترە لە ڕەوتەکانی پێشتر، هەر بۆیە شوێن پەنجەی لە مێژووی هاوچەرخی شیعری کوردیدا زۆر دیار و نەخشینە.
پرۆسەی نوێ بوونەوەی هونەر بەگشتی و شیعر، لە قووڵاییەکانی خەیاڵ و توێژەشاراوەکانی هەست و ئەندێشەی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێ و هونەرمەند و شاعیر و ڕەخنەگر، وەکو نوخبەی خاوەن هەست و ئەندێشە، هەستی پێ دەکەن و پراکتیزەی دەکەن، کەوابوو نوێ کردنەوەیەکی جیدی و ڕاستگۆیانە، بەربڵاوتر کردنەوەی خەیاڵ و ئەندێشەی نەوەیەکە، هاوکات لە گەڵ هەست کردن بە هەناسەتەنگی و تاریکی، داوای کرانەوەی پەنجەرە دەکات بۆ هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی زۆرتر و هەوای پاکتر، ئەو دەستانەی پەنجەرەکە دەکەنەوە، ئەگەر پێداویستی و تایبەتمەندی خواستی کۆمەڵگەکەیان نەناسن، لە کارەکانیاندا سەرناکەون و لە مێژووی ئەدەب و شیعردا کاریگەرییان هێندە نابێت. هیچ عەیب و شوورەییش نییە ئەگەر مێتۆدی کاریان لە زمانەکانی دیکەوە وەرگرتبێ، گرینگ ئەوەیە بتوانن خۆماڵی بکەن. لە سەردەمی گلۆبالیزاسیۆن دا، کاریگەری زمان و کولتوورەکان لەسەر یەکدتری، خێراتر و گشتگیرترە.
من بە گەشبینی و بە خۆشحاڵییەوە هەوڵ و تەقەلای ئەو شاعیر و ڕەخنەگرە جیدییانە دەبینم و پێموایە کارەکەیان هێندە قووڵ و کاریگەر بووە کە نەوەی خوێندەواری لای ئێمە، بە دڵئاوەڵاییەوە وەریانی گرتووەو پێشوازیشی لێ کردوون، دیارە دەتوانین بە چاوێکی ڕەشبینانەشەوە تەماشای لەنجەی ئەم نۆما یە بکەین و بڵێین، لەنجەو ڕەفتاری خۆرسک و خۆماڵی نییەو تەقلیدێکە لە لەنجینی ئەسپی دراوسێ، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوانینی ئەو گەنجە خوێندەوارانە و ئاستی زانستیی توێژینەوەو ڕەخنەکانیان، دەتوانین کارەکانیان بە ئەوپەڕی دڵخۆشییەوە چاو لێبکەین، ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەو شیعرەی ئێستاکە لە ڕۆژهەڵات باوە، کاریگەریشی هەبووە لە سەر شیعری باشوور.
کاری جیدی و بەردەوامی ئەم کۆمەڵە گەنجە چاوکراوەیە، ڕەوتی شیعری ئێمەی بەرەو کەشفکردنی بەستێنەکانی دیکەی بەکار

هێنانی زمان و شێوازی داڕشتن و کارکردی شیعر بردووە. خاڵێکی هەرە گرینگ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەوڵەکانی پێشوو، ئەمجارە ئەم ڕەوتە، پشتیوانی ڕەخنەگرانی لە گەڵە و بە تەقەلای وردبینانەی رەخنەگران، پێشنیار و بنەمای کارەکانیان تیۆریزە کراوەو پردێکی زانستیی لە نێوان بەرهەمی شاعیران و کۆمەڵگەی خوێندەواری ئێمەدا بەستراوە، بە خۆشیشەوە بە پێچەوانەی سالانی پێشوو، بەرهەمی نوێنەرانی ئەم ڕەوتە بە کتێب بلاو دەبێتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەم لە باری ئاشنا بوونی خەڵک بە بەرهەمەکانیان گرینگە، هەم لە باری ئاسان کردنەوەی کاری ڕەخنەگرانەوە.

**ئەوەندەی تێبینیمان کردووە، لە کوردستانی رۆژهەڵات ناوەناوە بەیانی ئەدەبی تازە دەردەچێت و پڕۆژەی گۆڕینی شێوازی نووسین بڵاودەکرێتەوەو هەوڵی جدی هەیە بۆ ئازادبوون لە فۆڕمە باوو گشتیەکانی نووسین، بەڕای بەڕێزت ئەو هەولو پڕۆژانە تا چ ئاستێک بەئاکام گەیشتوون؟**

-لە پرسیاری پێشوودا تا ڕادەیەک باسی ئەوەم کرد کە ئاکامی ئەو هەولانە بۆ گەیشتن بە ئاسۆی تازەتر لە شێوازی نووسین چی بووە، من بەش بە حالی خۆم بەردەوام و هەمیشە دەگەڵ هەر تەقەلایەکی نوێم بۆ دۆزینەوەی رێگە تازەکانی دەربڕین لە شیعردا، ئەوەندەش پێمکرابێ و بۆم لوابێ پشتیوانیم کردوون و هەولم داوە فامیان بکەم، من یەکێک لەو کەسانەم کە بەیاننامەی شیعری "داکار" یان ئیمزا کرد، هەولی زۆریشم دا بۆ خۆش کردنی زەمینەی شرۆڤە کردن و بلاو کردنەوەی بنەماکانی.

تا پێش بلاو بوونەوەی بەیاننامەی ( پرۆژەی شیعری پێشڕەوی کوردی "داکار" ) لە سالی ١٣٧٧ ی هەتاویدا، هیچ بەیانێک، یان پرۆژەیەکی تایبەت، یان کۆدەنگییەک نەبووە بۆ گۆڕینی ڕەوتی شیعر لە لای ئێمە.

بلاو کردنەوەی ئەو بەیاننامەیە، دەورێکی زۆر گرینگی هەبوو لە هێنانە بەر باسی پێویستی بیر کرنەوە لە شێوازەکانی دیکەی دەربڕین و ڕوانین، کاتی نووسینی پرۆژەی "داکار"، من لە حەوتوو نامەی "سیروان" بەرپرسی بەشی ئەدەبیی بووم، لە گەڵ عەلی دەسمالی "شاعیر و چیرۆکنووس" سەفەرێکی مەریوان مان کرد، شەوێ لە مالی "ئیبراهیم ئەحمەدی نیا" لە گەڵ بەهزاد کوردستانی و ئازاد ڕۆستەمی دانیشتین بۆ باس کردن لەسەر ئەو پرۆژەیە، ئەوان نووسیبوویان و بۆچوونی منیان دەویست، باسێکی زۆرمان کرد لە چۆنیەتی داڕشتنی بەیاننامەکەدا، بۆ بەیانییەکەی چۆینە دەریاچەی "زرێبار" و چەند سەعاتێک کارمان لە سەر کرد و لە ئەنجامدا هەر لەوێ هەموومان ئیمزامان کرد. ئێستەش دەقی دەسنووسی بەیاننامەکە لە لامە، بە پێشنیاری من ناوی عەتا نەهایی و سالح سووزەنی یشمان تێدا گونجاند، من هاتمەوە لە سنە لە "سیروان" دا بلاوم کردەوە، عەتا نەهایی لە نامەیەکدا لەو پرۆژەیە کشایەوە، چونکە ئاگای لێ نەبوو، ئەڵبەتە پێش ئەوەی بلاوی بکەمەوە بە تەلەفوون دەگەڵ کاک عەتا و کاک سالح لە سەری قسەم کرد، کاک سالح ئامادەیی خۆی دەربڕی، بەلام کاک عەتا قەبوولی نەکرد، منیش داوام لێ کرد لە نامەیەکدا بۆچوونی خۆی بنووسێ تا من لە سیروان دا بلاوی بکەمەوە، بەهەر حال، باس کردن لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی پرۆژەی "داکار" زۆری دەوێ، لەم چەند سالەی دواییدا هەندێ نووسراوەم خوێندووەتەوە لەو بوارەدا ، بەداخەوە تەنیا بۆچوونەو هیچ جێگەی متمانە کردن نین بۆ گەیشتن بە سەرچاوەیەکی دلنیاکەر بۆ لێکۆلینەوە لەو بوارەدا.

هەوڵەکانی ئەم دواییانەی بەڕێزان یونس ڕەزایی، بەهزاد کوردستانی، سالح سووزەنی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا بۆ نوێ کردنەوەی دەربڕین و هێنانە ئارای ئیمکانیاتی دیکەی زمان و ڕوانینەکانی شیعری لای ئێمە، هەولی جیدین، خەریکن وردە وردە لە ئاکامەکانی خۆیان و ڕوانگەکانیان نزیک دەبنەوە. لە هەمان کاتدا هەن کەسانێکی وەکوو سالح سووزەنی و ڕەزا عەلی پوور و بەیان عەزیزی و قەرەی ئەحمەد ئاقایی و.. کە کاری جیدی دەکەن و دەوریان هەیە لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لای ئێمەدا، ئەوەمان لە یاد نەچێت کە لە هەر شەپۆلێکی نوێخوازانەدا، زمان و بلاو کردنەوە و ڕاگەیاندن دەورێکی زۆر گرینگ دەبینێ، ئەگەر دەزگاگەلی ڕاگەیاندن و بلاو کردنەوە، بە شێوەیەکی تۆکمەتر هەولی گەیاندنی شێواز و پرنسیبەکانی ئەم ڕەوتەیان دابا، بێگومان کاری زۆرتر و ناوازەترمان لەم ڕەوتە دەدیت، هەروەها ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە لە کۆمەلگەی لای ئێمە، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بە فەرمی ئازاد نییە و ئەمەش وا دەکات کە هەولی ئەم گەنجانە کەمتر لە توێژەکانی نێو کۆمەلگەدا تەشەنە بکات، گەرچی لە ئاستی بلاو کردنەوەی کتێب و وێبلۆگ و لە ئاستی کۆبوونەوە و فێستیڤاڵەکانی شیعرو ئەدەبیات دا، زۆر سەرکەوتوو بوونە، پەیامی ئەم رەوتە، هێندە کاریگەر و بەربلاوە کە بۆ نموونە بەڕێوە چوونی دوو فێستیڤال و کۆنگرەی شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەلات، لەم دواییانەدا و ڕادەی پێشوازی و بەشداری چالاکانەی خەلک، بەتایبەت لاوەکان و خاوەن ڕایانی بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، گەواهی کاریگەری و بەرفراوانی مەودای کارتێکەرییەکەیەتی. چەند مانگێ لەوە پێش، کۆنگرەی شیعری نوێی کوردی لە شاری سنەو فێستیڤالی شیعری هاوچەرخی رۆژهەلات لە شاری پیرانشار بەڕێوە چوو، ڕێژەی بەشداری کردنی شاعیران و ڕەخنەگرانی نوێگەرا و نوێخواز لەم دوو کۆنگرەو فێستیڤاڵەدا زۆر زۆر جێی سرنج و دلخۆشکەرە.

**بێگومان هەر هەولێک بۆ گۆڕین و نوێبوونەوە وبەرهەمهێنانی شێواز و رووئیای تازە پێویستی بە بوونی**

**پاشخانێکی رۆشنبیری و مەعریفی و ئاگادار بوون لەرەهەندی مێژوویی ئەدەبی ئەو وڵات و ناوچەیە هەیە، تۆ پێتوایە ناوەندی ئەدەبی کوردستانی رۆژهەڵات بەم ئاگاییەوە کار لەسەر پرۆژەی نوێبوونەوە بکەن؟**

- وایە لەگەڵتم. زۆرن ئەو پرۆژە نوێخوازانەی تەنیا و تەنیا بە چاولێکەری تەجرەبەکانی زمانانی دیکە، خۆیان دەخەنە بوارێکەوە کە دواتر لە نیوەی رێگەدا دەمێننەوە، بەڵام ئەوەت لە یاد نەچێت کە پرۆسەی نوێ کرنەوەی شیعر بەتایبەت لە رۆژهەڵات، وەکو هەموو ژانرەکانی دیکەی هونەر، کە بە خوێندنەوە و شرۆڤە کردنی پرۆسەی نوێکاری و نوێکردنەوەی رەوتی شیعر لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر دەستی کەسانێک هاتۆتە ئاراوە کە بە پشت بە بەستن بە مێتۆدەکانی زانستی ئەدەبیی و زماناسانانەی نوێ ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، تەئویل و شرۆڤە دەکەن.

بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا، هاوکات دەگەڵ چاپی کتێبی کوردی لە لایەن هەندێ ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوەی وەکوو ئینشاراتی موحەممەدی لە سەقز، ناجی لە بانە، سەیدیان لە مەهاباد، گۆران و سامانی و غەریقی لە سنە و سەلاحەدینی ئەیووبی لە ورمێ، لە هەمان کاتدا، بڵاو بوونەوەی گۆڤارەکانی سروەو ئاوێنە و پاشانیش زرێبار و مەهاباد و.... شاعیران و نووسەرانمان دەگەڵ مێژووی زمان و ئەدەبی زارەکی و نووسراوی لای خۆمان ئاشناتر بوون، لە هەمان کاتدا، سەرنج بدە بزانە زمانی نووسینی شیعر لە کاری شاعیرانماندا چەندە بەرەو زمانێکی " شار"ی هاتووەتە پێش، ئەمە دەستکەوتێکی گەلێک مەزنە، زمانی شیعرو چیرۆکی کوردی تا پێش چەند ساڵێ پێش لە گوند و شاخ دا دەژیا، چاو لە سیمبۆل و کەرەستەکانی بەکار هاتوو لە شیعری ئێستادا بکە و بەراوردی بکە دەگەڵ ساڵانی پێشووتر، دەبینی کە چەندە جیاوازن.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان و کرانەوەی سنووری کولتووری و زمانی و هاتووچۆی ئازادانەی خەڵک، بەتایبەت رۆشنبیران و نووسەران، بەرهەمەکانی چاپکراوی شاعیران و نووسەرانی قەدیم و ئێستامان لە ئەو بەشەی کوردستانیش، گەیشتە دەستی لایەنگرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یارمەتییەکی باش بوو بۆ ئاشناتر بوونی نووسەران و شاعیرانمان بە پێشینەی شیعرو زمانی کوردی. لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە ئەسڵێکی گرینگ بکەم ئەوەش ئەم حەقیقەتە سادەیە کە لە هەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبیات و شیعری هەر دەورەیەکدا، دەبێ کارە جیدی و قەڵەم دیارەکان بکرێنە پێوانە بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی پێشکەوت و پاشکەوتی زمان و خەیاڵ و ناوەرۆکی ئەو دەورەیە، بەڵام لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتەوە دەکرێ بۆ وەدەست هێنانی رێژەکانی پێوەندی دار بە چۆنیەتی و تەنانەت مەودا و بەستێنی بابەتەکانی جێبی بایەخی دەورەیەک، هەموو پانتایی بەرهەمە چاپ و بڵاو کراوەکان لە بەرچاو بگیرێن، (کتێب و رۆژنامەو مانگنامە).

من شکم لەوەدا نییە کە ئەم رەوتەی ئێستە بەردەوام و بەردەوام خۆی تەژی دەکات لەو پاشخانە فیکری - زمانییەی لە شیعر و روانین، یان جیهانبینی کورد دا هەیە، ئەگەر وا نەکات مەودای بەرەپێش چوونی کورت دەبێت.

**کولتوورو رۆشنبیری فارس خەزنەیەکی دوڵەمەندی لەشیعردا هەیە، شاعیرانی کورد تا چەند توانیویانە سوود لەو خەزنە شیعرییەی فارس وەربگرن، بێ ئاگایی ، یان بە ئاگاییەوە کاریگەرییەکانی شیعری فارسی لە کلاسیکەوە تا نیماو دواتر بۆ شاملۆو فەروغو ئێستای شیعری فارسیش بەتایبەت ( موسەوی‌و لەنگرود) چەند ناوێکی دیکەی بەرچاو چییە؟**

-ساڵانێکی گەلێک زۆرە کە شاعیرانی هەموو نەتەوە و زمانەکانی دانیشتووی جوغرافیای سیاسی ئێران، جگە زمانی دایکیان، بە فارسی دەنووسن (نووسین و خوێندن جگە بە زمانی فارسی، بە رەسمی و فەرمی قەدەغەیە). شتێکی سەیر ئەوەیە، زۆر کەس لە گەورەترین شاعیرانی فارسی نووس کە لە نوێ کردنەوەی شیعردا کاریگەرییان هەبووە، بە رەچەڵەک فارس نین، بۆ نموونە (نیما) مازەندەرانی یە، (شاملو) ئازەرییە، یان هەر ئەو " شەمسی لەنگروودی " یەی جەنابت‌ناوت هێناوە، لەدایکبووی شیمالی ئێرانەو زمانی دایکی شتێکی دیکەیە، بەهەر حاڵ مەبەستم ئەوەیە ئەو کولتوورو شارستانیەتەی باسی دەکەی هی " فارس" نییە، بەزمانی " فارسی " نووسراوە !! (باسی بوارەکانی دیکەی هونەر ناکەم کە لەوێدا ئیدی نوخبەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بەراستی کاریگەرییان ئێجگار زۆرە).

کورد لە دێرزەمانەوە لە پێکهێنانی ئەو کولتوورەدا بەشدارێکی گەلێک چالاک بووە و بەردەوامیشە، هەر لەبەر ئەم مێژووە درێژخایەنەی پێکەوە حەوانەوە و دان و سانی کولتوورییە کە لە نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئێراندا، لە رێگەی زمانی فارسییەوە پێکهاتووە، ئەو زمانە لە لای کورد، لە تەنیشت زمانی کوردییەوە (کە بە نارەسمی حزوری هەبووە)، زمانی گەیاندن و خوێندن و نووسین بووە. هەر بۆیە هەموو زەرفیەتەکانی، بەتایبەت لە شیعردا، گواستراوەتەوە بۆ نێو شیعر و زمانی کوردی، گەر بە دیقەتەوە لە شیعری " باوە تاهیر " ەوە تا شیعری " یارسان " و لە " مەلای جزیری و خانای قوبادی " یەوە تا " مەولەوی تاوگۆزی و سالمی سنە و شێخ رەزای تاڵەبانی و نالی و ئەحمەد موختار جاف و... هێمن و هەژار وسوارە و جەلال و...." ەوە بڕوانی، زۆربەی زۆری سیمبۆل و رەمز و وەزن و قافیە و تەنانەت سەبک و شێوازی بەکار هاتوو لە شیعرەکانی " قائانی و ئەنوەری و نێزامیی گەنجەیی و حافز و سەعدی و خەیام و سائیبی تەبرێزی و.. لە دەورانی هاوچەرخیشدا، نادری نادرپوور و موشیری و شاملو و فروغ و

کەسرائی و گولسورخی و..." گواستراوەتەوە بۆ نێو ئەدەبیات و شیعری کوردی.
لە دێرزەمانەوە، بەتایبەت لە زەمانی ئیمپراتووری "سەفەوی"یەوە کە ئەمارەتی ئەردەڵان زۆربەربڵاو و کارا بووە، لە حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی ئێمەدا، شیعر و پەخشانی فارسی، لە لایەن مەلاکانەوە بە فەقێ و سوختەکان وتراوەتەوە و ڕاستەو خۆ کاریگەری هەبوو لەسەر داهێنانی شاعیرانمان لە زمانی کوردیدا، زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی بڵند پایەی کورد، لە حوجرەکاندا خوێندوویانەو بۆ خۆشیان بە دەرەجەی مەلایەتی گەیشتوون.
لە چەند ساڵی ڕابردووشدا کە نووسەرانی سلێمانی و هەولێریش باشتر فێری زمانی فارسی بوون، کاریگەری زمانی فارسی و شیعری شاعیرانێکی وەکو "سوهراب سپێهری و فروغ و..." لە سەر شاعیرانی باشووری کوردستان زۆر بە ئاشکرا دیارە، ئیدی باسی چیرۆک و ڕۆمان و سینەماو نەقاشی و مۆسیقاو شانۆو.. با بمێنێ بۆ کاتێکی دیکە.
لەم ڕوانگەوە شاعیرانی لای ئێمە بەتایبەت نەوەی نوێ، لەو خەزێنە دەوڵەمەندە بە باشی کەڵک وەردەگرن و خۆشبەختانە وای دەکوردێنن و خۆماڵی دەکەن کە ڕەوتی نوێخوازی پێ دەوڵەمەندتر دەکەنەوە.

**بە گشتی بۆچی لەناو میللەتی کورددا شیعر فراوانترین پانتایی ئەدەبی و رۆشنبیری پێکدەهێنێت، واتە رۆشنبیریو مەعریفەی ئێمە زیاتر ئیلهامەکەی لەشیعر وەرگیراوە؟**

ـ تەنیا لە نێو کوردان دا وا نییە، لە هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەدا کە سیستەمی کۆمەڵایەتییەکەی ناتەواوە، هەر بەو چەشنەی جەنابت دەفەرمووی شیعر و زمانی نزیک بە شیعر پانتاییەکی زۆر لە ڕاگەیاندن و نووسین و تەنانەت مەعریفەت، داگیر دەکات.
بە بۆچوونی من ئەوە ئاکامی تاک ڕەهەندی و نەبوونی ئیمکانی دیکەی دەربڕینی ئەندێشەو هەستە، نەبوونی ئیمکانی خوێندن و فێربوون بۆ چین وتوێژێکی دیکەی خوێندەواری جگە مەلایان و بنەماڵەی شێخ و ئاغاکان لە کوردستاندا، دەرفەتی ئەوەی بە نوێنەرانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە نەداوە کە دەربڕی ڕوانگەکانی خۆیان بن، تەنانەت لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدا کە نوخبەکانی ئەرکی گواستنەوەی ڕووداوە ئەشقی و تێراژدی و کارەساتەکانی وە ئەستۆ بووە، هەر بەو زمانی شیعرە، بەڵام لە قاڵب و پێکهاتەی بەیت و لاوک و حەیران و سیاچەمانە کەڵکیان وەرگرتووە. پاش هاتنە ئارای سیستەمی شار نشینییە کە ئیدی وردە وردە بوارەکانی دیکەی نووسین، وەکو مێژوو، چیرۆک، تەنز، ڕەخنە و... لە شیعر جیا دەبێتەوە، بۆ نموونە لە سەردەمی ئەمارەتی ئەردەڵاندا کە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو دەمی کوردستان خەریکە بەرەو بە شار بوون هەنگاو دەنێ، لە دەزگای دیوانسالاریی ئەردەڵاندا، چینێکی خوێندەواری ڕووناکبیری سەر بە بنەماڵەکانی نێو سیستەمی ئیداری ئەمارەتەکە پەیدا دەبن کە دەست دەدەنە نووسینەوەی مێژووی بەشێک لە کوردستان و یەکەم قوتابخانەی مێژوو نووسینی کوردی دادەمەزرێ، کەوابوو یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ئەو باسەی جەنابت دەیکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە لە بەر نەبوونی سیستەمی پێشکەوتووی شار نشینی و دابەشنەبوونی ئەرکەکانی بیر کردنەوە و دەربرین بە سەر توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا، یەک زمانی دەربرین واتا "شیعر"، دەبێتە کەرەستەی نووسینەوەی مێژوو، چیرۆک، تەنز و توانج، نەسیحەت و پەروەردە کردن و ئایین و تا دوایی، بەڵام پاش سەقامگیر بوونی سیستەمی شار و کرانەوەی قوتابخانەو زانستگەو ئیدارەو نیزامی دادوەری و...، ئیدی وردە وردە ئەو ئەرکانەی بە شیعر سپێردرابوون لێ وەردەگیرێتەوەو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیات و دەربڕینی وەکو چیرۆک و شانۆنامەو مێژوو، کتێبی پەروەردەو.. دێنە بەرهەم.
لە لایەکی دیکەوە، داگیرکردنی پانتایی ئەدەب لە لایەن شیعرەوە، تەنیا لە لای کورد نەبووە، فارس و عەرەب و تورکیش هەر وابوون، ئەساسەن لە بەر ئەوەی کە شیعر هەڵگری چڕوپڕترین ڕوانگە و بۆچوون و جیهانبینی هەر نەتەوەیەکە، زۆر ئاساییە کە لە کاتێکی زەمەنیدا سەرچاوەی ئەندێشە و مەعریفەتی ئەو نەتەوەیەش بێت، شاعیرانی گەورە، ئاوێنەی باڵانوێنی بیرو هزرو خەیاڵ و جیهانبینی نەتەوەکانن، پۆشکین و مەندلشتایم و مەیەکۆڤسکی لە ڕووسیەدا، مەلەرمەو بودلێرو ئەرەگۆن لە فەرانسە، گۆتەو هۆلدرین و ڕیلکە لە ئەڵماندا، واڵت ویتمەن لە ئەمریکا، حافزو فێردەوسی و نێزامی و سەعدی و خەیام لە ئێراندا و موتەنەبی و ئەدۆنیس لە عەرەبداو تاگوور لە هیندستان داو... تا ئێستەش و بەدڵنیاییەوە لە داهاتووشدا وەکوو نموونەی هزر و ئەندێشە و خەیاڵ و ڕوانینی نەتەوەکانی خۆیان چاو لێدەکرێن.
هەرچی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرەو مودێرنیزاسیۆن دەڕوات، ژانرەکانی ئەدەبیات و مەعریفەت و هزر و ئەندێشە، لیک جیاتر دەبنەوە و هەر یەک کاری تایبەتی خۆی لە بواری تایبەتدا وە ئەستۆ دەگرێ، سەرەڕای هەموو ئەمانە، قووڵبوونەوەو پەرەسەندنی تیۆرییەکانی ئەدەبیات و زمان، شتێکی دیکە لە شیعر داوا دەکات کە بار کردنی مانا و ئەرکەکانی دیکە، لە زات و نەفسی شیعر دووری دەکاتەوە.

**هەندێک کەس بەناوی ڕەخنەوە ڕایدەگەیەنن کە پرۆسەی نووسینی شیعر ئاسانەو پێویستی بە ئاگابوون نییە لەفکرو مەعریفەو بە زۆر کەس ئەنجام دەدرێت، تۆ چ سەرنجێکت بۆ ئەم بۆچوونە هەیە، ئایا بنراست پرۆسەی نووسینی شیعر سادەیەو شیعر توانای بەشداریکردنی نییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فکرو رۆشنبیری؟**

- ئەگەر ئەو نووسینانەی لە بازاڕدان و لە ڕۆژنامەکان و هەندێ گۆڤارەکاندان، بە شیعر حسێب بکەین، بەڵێ نووسینی ئاسانە ، بەڵام ئەگەر بزانین کە قورسترین کاری دونیا لە نێو سیستەمی زمان و خەیاڵدا شیعرە، ئەودەم تێدەگەین کە نووسینی بەرهەمێک بە ناوی شیعر چەندە گرانە.

بە بۆچوونی من شیعر، دوو ئەرکی سەرەکی هەیە کە خۆی لە خۆیدا کاری بۆ دەکات، یەکەم بەرەپێش بردن و بەرفراوانتر کردنی تواناکانی هەر زمانێکە کە پێی دەنووسرێ، دووەم کەشفکردن و دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی پێوەندی مرۆڤ و ژیان لەم جیهانە دا.

بەدرێژایی مێژووی داهێنان، بەتایبەت لە شیعردا، ئەو کارانە و ئەو ناوانە ماونەتەوە کە لەم دوو بوارەدا سەرکەوتوو بون. ڕۆژانە بە دەیان نووسراو بە ناوی شیعر بڵاو دەبنەوەو لە مانگێکدا دەیان کتێب هەر بەو ناوەوە دێتە بازاڕ، بەڵام ئەوەی تێیدا نایەتە بەرهەم ئەو شتانە یە کە ئاماژەم پێکرد، پرۆسەی نووسینی شیعری جیدی، پرۆسەیەکی زۆر زۆر ئاڵۆز و دژوارە، دژوارە لەبەر ئەوەی لە باڵاترین ئاستی مومکین دا دەگەڵ زمان سەروکاری هەیە، ئاڵۆزیشە چونکە ، دەبێ بە ئەوپەڕی هۆشیاریی و توانای خەیاڵەوە لە کەشفکردنی لایەنە شاراوەکانی پێوەندی مرۆڤ و جیهانی هەستیی نزیک بێتەوە، ئەگەر شاعیری ڕاستەقینە، خاوەنی هێزێکی داهێنەرانەی پشت بەستوو بە خەیاڵ و هۆشیارییەکی پشت بەستوو بە درک و فامی مێژووی داهێنانی مرۆف نەبێت، لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێت.

زۆرن ئەوانەی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون و هەن کە بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو نووسراوانەی لە بازاڕی بەرهەمهێناندا دەوریان هەیە، تووشی ئەو هەڵە کوشندەیە دەبن کە پێوانەکەیان بۆ ناساندنی شیعر، لە تایبەتمەندییەکانی شیعری بازاڕدا دەبیننەوە، لەهەموو سەردەمانێک و لە هەموو زمانەکاندا ئەم کارەساتە دووبارە دەبێتەوە، کەچی دەبێ پووش و پەڵاشی سەر ئەم کانیاوە لابەرن، تا ڕووناکایی قووڵاییەکان ببینن، لە ژێر ئەم پووش و پەڵاشانەوە کە ڕووبەری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی داگیر کردووە، جووبارێکی ڕوونی لە سەر خۆ هەیە کە شیعری ڕاستەقینە لەوێدا دەژیت و هەناسە دەدات.

**دوا پرسیارم ئەوەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت بوونی تەوژمی جیهانگیری و ڕەهەندەکانی تەکنەلۆژیا بوارێکیان بۆ شیعرو خەیاڵی داهێنەرانە نەهێشتۆتەوە، بەڕای تۆ لە دنیای بە ئامێربوونی خێرای شتەکاندا چارەنووس و ئایندەی شیعر چییە و بەکوێ دەگات؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە هێندە ئاسان نییە، پێشبینی کردن هەمیشە کارێکی ئاسان نییە، بە بۆچوونی من هیچ جێگەی نیگەرانی نییە، شیعر ئێستا لە ئاستێکی زۆر باڵادا خۆی خزاندووەتە نێو هەموو ژانرەکانی ئەدەبیات و هونەرەوە، لە سینەماوە بگرە تا ڕۆمان و عەکاسی و تەنانەت ڕیکلام.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر لە ڕۆژئاوادا بۆ وەڵامی پرسیارەکەت بگەڕێین، فەرقێکی زۆر زۆری هەیە تا لای کورد و بەتایبەت ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست، ئێستە بەڕاستی سینەما و ڕۆمان، دەوری گرینگتر دەبینن هەتا شانۆ و شیعر، کەچی کاتی خۆی بۆ نموونە لە لای عەرەب و فارس و کورد و یۆنانیەکان، شیعر دەورێکی باڵای هەبووە، لە سەدەی ١٨ و ١٩ ی زاییندا، شیعری ڕۆژئاوا، هەموو تەقەلای خۆی بەکارهێنا تا لە پرۆسەی مۆدرنیزاسیۆنی ئەورووپادا دەورێکی زۆر زۆر بگێڕێ و سەرکەوتووش بوو ، بەڵام هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، گۆڕدرانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی زانستەکان، ئەو ئەرکەیان لە کۆڵی شاعیر و شیعر داگرت کە دەبێ پێشەنگی ئەندێشەو هزر و تەنانەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بێت، لەلای ئێمەومانان بەڵام تا ئێستەش هەر ئەو ڕەسالەت و ئەرکە لە سەرشانی شیعر و شاعیرە.

پێموایە زۆری ماوە تا لەلای ئێمەی کورد، سینەما و ڕۆمان، بتوانن جێگەی شیعر بگرنەوە، ڕەهەندەکانی تێکنۆلۆژی، بۆ پەرە سەندنیان پێویستیان بە زەمینەیەکی لەبار هەیە، لە ڕۆژئاوادا کە تێکنۆلۆژی سەرلەبەری ژیانی خەڵکی داگیر کردووە، هەوڵێکی جیدی هەیە بۆ کەڵک وەرگرتن لەو ساتانەی کە مرۆڤ بتوانێ دوور لە هەرا و هووریای تێکنۆلۆژیک، خەڵوەتخانەیەک بۆ خۆی فەراهەم بکات. شیعر ئەو خەڵوەتخانەیە پڕ بەهرەتر دەکات.



# شار دڵی کەس ناشکێنێ دڵشکاوە

دڵشاد عەبدوڵڵا

بۆ بورهان جاهید

یاخیبوون هەر بە جوانی دەمێنێ

## ١

شارئاقیقە
کۆنیش بێ دەبریسکێتەوە
شار پڕە لە
شەقامی سیحرباز
ناگەنە هیچ کوێ
مرواریین
ئەبەنووسن
سووتاون بەو هەموو فرمێسکەی
لە گۆرانییە خەمگینەکانەوە دەرژێن
شار . . پڕە لە : ڕەنگ . کیمیاگەرە
هەرچۆنت بوێ
بەو ڕەنگە ئێوارەت بۆ دەنەخشێنن
بە درەختی شینەوە . . ئەو کاتەی شەڕ لەگەڵ تاریکی
شەو دەکا

یا کەسکێکی بەرسیلەیی
کە منداڵی دەسرەوێ لە ژێریدا
درەختی زەردیش. . کە ئەوپەڕی شادمانی دەنوێنێ لە کۆشی پایزدا .
زەردی لە هیچ ڕەنگان نەچوو
بەڵام خۆشی لە بنچینەدا قاوەییە مایل بە خۆڵەمێشی
نەشئەی کامڵبوون دەیباتە لای ڕەشی
ئەو جۆرە ئەفسوون و دەلالەتانە
دارتاشێکیش دەتوانێ هەڵی بکەنێ
لە سندووقی داری جاودا
پڕی بکا لە خولیا بۆ ماڵی ئومێد
ئاسنگەرێک هەندێکی . .
باخچەوان هەندێکی . .
ئەندازیار و دکتۆر و مامۆستا . . . تاد
هەناسە پڕن لە حەسرەت
هونەرمەند و شاعیران
ڕەنگەکان دەگوازنەوە
لە بارێکی ناشادەوە بۆ ئەوپەڕی بەختەوەری
نهێنی کارەکەش لەوەدایە
کەس ئەو ڕەنگانەی پێشتر نەدیوە
کەس نازانێ لە چی بووە خولقانیان
شار پڕە لە : دیمەنی نادیار ، پڕە لە هیچ
گریمانەی دۆزینەوەیان یەکە لە هەزار
کەس بە ئاسانی نابێتە خاوەنیان
کەچی وامەزەندە دەکرێ هی هەمووانیشبن
بەوە نییە ، بەیانیان قاوەی تێدا دەخۆیتەوە
سەموون و کەرەی لۆرباک بە مورەباوە
یا کێکی بە کریم بە چا و شیرەوە
لەسەر مێزی ستیل بە دیار سێبەری ئەکاکیاوە
ژەمێکی باش دەخۆی بە دیار پشیلەیەکەوە
ئەو هەمموو شیرینییە بارتەقای تاڵی نییە
کە ڕۆژەکان خرپیان دەکەنەوە
لە ژێر پێستە تەنکەکاندا
لە چەورییەکی تەمبەڵی ژەهر ڕەنگی لیچدا
دەمارەکان خەریکن دەتەقن بە دەست ماندووبوونەوە
ئەو دیمەنانە حیکمەتیان لە دووبارە بوونەوەدایە
ئەویش کوشتەی وەڕسییە
ئەو مۆتیڤانە بە تەنیشت ڕستەی درێژی هەناسە سوارەوە
بۆشایی پڕ دەکەنەوە کە کرۆکی بوونە
مایەی لێڵبوون و بێزار بوونە
دەرگا لەوپەڕی نا ئومێدیدا وا بەستەیە پێمانەوە
توتکەیەکی ماڵییە
هێندە جوان فێری کرانەوە و داخرانە
کەس فێری نەکردووە خۆی گیرۆدەی کلیلە
چەند خۆش دەبوو شار دەرگای نەبووایە
چۆن هەتاو دەچێتە باخچە
ئێمەش وا چووباینەوە ماڵ
ئەوەی هەمیشە جوانە تەنیا پەنجەرەکانن
کە ڕادەماڵن پەردە لە لەشیان
ساف و لووس دەڵێی کچی بەهەشتن
دەبریسکێتەوە گۆی مەمکیان

## ٢

لە چایخانەکاندا . . لە بارو لا کۆڵان
دەنگی کپ بوونەوەی ئێستایە تلیاک دەکێشێ
شیرینی ئەو دەنگە لە خەرمانەی مەستبوونەوە بە دەوری مردنەوە
کەس خۆی ناگرێ لە بێ دەرەتانی نەوەکان
کە وەکو ئەکرۆپات هەڵدەبەزنە سەر شانۆ بەو پەتە سیحراوییە
بە ڕێکەوت . . شوێنێک دەدۆزمەوە بۆ تەماشایان
لێرەش دۆزەخ بە تەنیشت بەهەشتەوەیە
لاسایی ئەو دنیایە
گەوهەری واتا نووساوە بە پووچییەوە
خوداوەند بە شەیتانەوە
ئەفسوونێک گوڵ دەکا بەرانبەرم
شار هەرگیز هی کەس نەبووە
چۆن دەبێتە هی من ، ئەگەر وا بەستەبم بە ماڵێکی ؟
لە باڵندەوە فێردەبم
لەسەر لکێک ئۆقرە نەگرم
هەندێکجار لە دارستانیش .
تەنیایی سیفەتی زاڵە لە دار ئەگەر چی بوونەوەرێکی گشتییە
سێبەری هەر لە ئەرزە و پەلی لەبەرزییە
من ئەگەر داریش بم ، تەمەن هەر وەرزێکە
ڕەگ بستێکە .
چۆن لەو وەرزە خۆم دەدزمەوە ؟ ئەو ڕەگە دەکەمە کۆڵمەوە
شەو هەتا گەیشتە شار هەر بۆنی خڕ کردەوە
شووشەیەک و دووان بەشی ئەو هەمموو عەشقە ناکا
خەو هەتا گەیشتە چاو هەر شانی بەر بێداری کەوت
بێداری . . باخچەیەکی گشتییە
موعتادێکی ئەو باخچەیەم
تاریک و ڕوون دەنگی سەموون فرۆش بانگم دەکا
بەڵام سەموونم بۆ چییە ؟ ڕوح برسییە.

خوێنی خۆی دەخواتەوە لەش زەرد هەڵگەڕاوە
هەمیشە پێویستی بە هەتاوە .

## ٣

ئەگەر دەتەوێ ئەو شارەی من بناسی هەڵێگێڕەوە دژی خۆی
من هەمووجار ئەو یارییە لەگەڵ دەکەم
هەرجێیە و گەواهی نەفرەتێکە
کتێبێکە پڕ لە لوغز و پەراوێز
یر یلان دیمز
هەناوی بە دیار تاقگەی شیعرمەوە پرووشەی ئاواز تەڕی دەکا
بەو تەڕییە بیبینە قەت لێی تێر نابی
پێشەنگایەکە لە ئیلهامی خودا
بلووره ، کریستاڵە ، گەوهەرە ئەندامی
هەر لە خوارەوە تا سەرێ
بەڵام ساڵانێک ڕابووردو هەر نەبڕاوەتەوە
تۆزوخۆڵی جەهالەت سووری هەڵگەڕاند بوو
دەتووت خەمی نامورادە سەر بڕاوە بۆ قوربانی
تەواو لە یەکتر غەریب بووین بەو سوورییە
هەر دۆست بوو سوور دەچووەوە
هەتا دوژمنیش شانازی بەو ڕەنگەیەوە دەکرد
سەربڕژانگ و کونی کەپوو پڕ بوو لەو تۆزە
گۆی مەمک و ناو دەرپێ
شەرعیش ڕێگای دا بەو سوورەوە جووتبوون حەڵاڵە
گرنگ ئەوەیە سوور بزێ
فەتوا بەو ڕەنگەوە درا
تا ڕۆژی قیامەت کە پێنج و دوو ڕۆژێکی مابوو .
دەزانم شار ئەستێرە نییە مێژووی نەبێ
گوڵ نییە کۆن و نوێی نەبێ
کە هەیبوو هەندێکی تاریک و ئەوەی تر ڕووناک
من دۆستی ئەبەدی ئەو تیشکەم کە تا ئەبەد دەمێنێتەوە
چۆن دەبمە دوژمنی نیوەکەی تری خۆم ؟
جەنگی من و ئەو بێ ئامانە
ئەفسووس ، ئەوەی دەکوژرێ هەرخۆمم !
شار دڵە ، خوێنی پیسی پێدا دەڕوا خوێنی پاکیش
لەنەوەی کامیانم ؟ گومانم کز دەسووتێ بە دیارمەوە .
لە خەوێکمدا . . باوەشم ئاڵاندبوو لە کەمەری
لێوم خستبووە سەر لێوی
ئەو هەمووماچەم دەکرد
هەر بە ئاگا نەدەهات قەڵات .
حەجێکی سەیر بوو

ئەو ڕەوە حاجی لەقلەقە بە جلی سوورەوە
لە دەوری خانەقا
تومەز هەزار ساڵ پێش ئێستا
یەکێکیان لەوێ کوژرابوو .

## ٤

چەند غەریبی منداڵی دەکەم
کە پیرەمێردە پەنیر فرۆشەکە بانگی دەکرد :
جوجوقلر . . .
بۆنی سەلکی پەنیر تێکەڵ خولیای گەنجیشم بوو
سیحری ئەو بۆنە هەر ماوە
بارابر گیدارغ . . .
توووند دەستم دەگرێ
بە ئەسپایی دەمباتەوە ناو قەیسەری
ئەو تابلۆیە توووند دەنێم بە دڵمەوە
باڵندەی کۆچکردوو وادەی هاتنەوەیانە
منداڵی سەر گەردان وادەی هاتنەوەیانە
ئەشقیا و یاخی وادەی هاتنەوەیانە
ئاوی سازگار و لێڵ وادەی هاتنەوەیانە
شەماڵی لە خۆ بووردەیی هەموویان دێنێ
هەرچیم دەست کەوتووە لە ئاوازی دڵگیر و دڵشکاو
لە خولیای دەرەوشانەوە هی ڕاونراو
بەوانەشەوە کە نائومێدن
پەرش و بڵاون لێرە و لە شاران
بە گاڵتەجاڕییەک کە ئیلهامبەخشی ڕوحێکی یاخییە
پێکەوە دوا گۆرانی دەڵێین
هاتنەوە قەدەرە
لەوبەینە لاچۆ دڵشاد !
دنیا چییە و ئێرە چییە ؟
شار پیر بووە بە دەست ئەو عەبەسە .

## ٥

گوێم لە ڕابردووە نووساوە بە گەردووی منارەی چۆڵییەوە
کڵاوی سەخرە جنی لەسەرە
کۆن بەهایە
جوانی لە تازەیی دایە
لە ناو ئەو گوێ شەیتانۆکە دێینە دەرێ
ئەو هەموو ساڵە لە کوێ بووین ؟ دەپرسین
بە دوازدە پەراسووی شکاو بە بڕبڕەی پشتیشەوە
لە شێوەی خشۆک ، ئەو هەموو ئەستێرە بە سەرسوورمانەوە

نەوەی خۆڵین خۆڵ خۆڵ
کێ ئەو شارەی دروستکرد ؟ پاشاو میرەکانی ؟
شارێک نییە لەسەر ڕووی زەمین
بناغەی دانەڕشتبێ ئەڤین
وەستاش کە بەردیان داناوە هەر بەو نەشئەیە بووە
بەڵام بێ چریکەی شاعیر تەواو نەبووە
ئەوجا خوان دانراوە ، جێگا ڕاخراوە
شازادە پاڵ کەوتووە
لانک ڕاژەنراوە
شیر لە گوان فیچقەی کردووە بێدەنگی شکاوە
ئەوجا پاشا و میر حوکمیان تیی دا گێڕاوە .
قەڵا هەربنی بۆش نییە سەریشی ڕووتاوە
بە دەوریدا مشتومڕیانە شارەوانی و شوێنەوار
هەتا ڕۆژی قیامەت
ئەو گێڕانەوە و تەئویلە کۆتایی نایە .

## ٦

نیشتمان سەرمەستە کەوتووە لەبەر دەمی بازاڕی (نیشتمان)
پڕ بە گەرووی دەچریکێنێ
هەورێک لارەلار دێتە خوار
خۆی دەدا لە پرچی ئاڵۆزی
کاسەی چەورە بۆ یاخییان ئەم مەملەکەت و دەورە
ببوورن ، کە ئەو عەشقەی من نامۆیە
دەسخەڕۆیە بەو هەموو تەلبەندە
خەیاڵی کوشتووم ئەم بەندە
دڵ پڕە و هەموو شت بەتاڵ
بۆنی ڕووخان دێ ماڵە و ماڵ
ژنیەک بەتەنیا دەژەنێ
بەرد دەتوێنێتەوە
ئێمە تەقەی سەرمان دێ.
بە نەعلی ئیسفەنج و کراسی فستقی
لەبەر دەرگای سینەمای حەمرا
بۆ فیلمێکی کۆن وەستاوین
گیرفان پڕ لە گوڵەبەڕۆژە
تا کۆتایی فیلمەکە هەر ئەکتەرە و دەکوژرێ
هەر دەنکە تۆیە و دەشکێنرێ .
جێ سێدارەی تێکۆشەران . . کوا پەیکەریان ؟
تۆوی باخچەیەک دەنێژم
سیاسەت نەیکا بە گوفەک
دەمارگیریی نەتەوەیی دەست نەخاتە بینە قاقای

ئەم شارە ڕابردووی جوانترە لە ئێستای .
بنو وەکی گوڵە گەنم لە سێبەری شەماڵ
سترانێکی ئەبەنووسی بە دەنگی شەوێکی سەرخۆش
ڕادەبوورێ غەریبانە
دەبوو ئێرە مەیخانەیەکی ڕوح بوایە
بە هەزاران خەونی عاسی بادەیان لێ پڕکردبا
دەریایەک با پڕ ماسی ڕەنگا و ڕەنگ
دەترسم ئەوسا مەلایەک فەتوای دەرکردبا:
ماسییەکان ڕووت و قووتن کوشتنیان حەڵاڵە .
چەقۆیەک چەقیوە لە دڵی بەیاندا
هەر شەقامە و لەچک فڕێ دەدا
هەرفلکەیە و مانتۆ فڕێ دەدا
شۆڕشی ڕووتبوونەوەیە
هەر گرووپ و ئیتنیک و زمانێک
نەخشی خۆیانی تیی دا دەگێڕن
لە دژی چەقۆ و کودەتا
بەو شێوەیە شار شانازییە
ئەوکاتەی لیوانلێو لە ئازادییە .
ئەتلەسەکە هەڵدەگێڕمەوە
ئەو شوێنەی کەوتۆتە خوار حەسارۆست
بە ڕەنگی مامزێک بە پەڕی کۆتر
ئەو مامزە دەگێڕمەوە ناو سروشت
ئەو کۆترە موژدە دێنێ
لافاوەکە نیشتۆتەوە
ئەو شوێنەی کە دادەبەزین
هەولێرە .

# سیحربازە بچکۆلەکە



ڕێبین ئەحمەد خدر

دەرگای سەرەکی نییە
هەموو دەرگاکانی وەک یەکن
ئەم کۆشکە خەوتووە،
ئەم کچەش دەزانێ
ئەو کچەی لە ئاسمانی کۆڵانەکە دەڕوانێ
دەمێکی تر پەرداخێک ئاگر دەخواتەوە.

شەقامەکان کتێب بۆ یەکتر دەخوێننەوە
پیرەمێردی داماو گوێ لە تایەی ئۆتۆمبێلێک دەگرێ
نوقمی داستانی لاس و خەزاڵ
غەریبی هاوسەرەکەی دەکات
پۆلیسێک جگەرە دەکێشێ
دایکی دارتاشەکە دەچێتەوە ناو تابووتەکەی.

دڵ وێنەی ڕێخۆڵە کوێرە بێکارە
هەر سێوێک فڕێدەداتە ئاسمان بۆ خۆی دەگەڕێتەوە
دەنگێک نا چەکوشێک پێم دەڵێ
١ قەفەسی سینگم بچووکە
پڕە لە باڵندەی بێ دەنووک
٢ قەفەسەکان کراوەن و مرۆڤەکان داخراو.
گەردەلوولێکی شاراوە لەم گۆڕەپانە دەژی
کوڕێکی دەنگ گڕ لە شانۆی گەڕۆک
چەقۆ لە دەستی خۆی دەدا، مۆسیقا دەڕژێ:
سیحربازە بچکۆلەکە ڕازیم
هەرچی شتی دونیا هەیە ونی بکەیت،
تەنها خۆت نەبێ.



خانووەکان بێ دەنگ
چاوەڕێی خەڵکی تازە دەکەن، نەخشەی کۆن،
مەترێک بۆ ژووان شک نابەیت
دڵدارەکان خۆیان نەخۆش دەکەن
لە نەخۆشخانەدا بە ڕەنگ و ڕوویێکی ترەوە
نامە بەیەکتر دەدەن، یەکتر ناناسنەوە.

قەڵا لەم شوێنە بەرزەوە
لەچی دەڕوانێ، دڵی بەچی خۆشە
بە سوارو شمشێرەکانی خۆی، بە تاجی هەورەکان؟
لەنێو نزاو پاڕانەوەکان، گۆرانی پیریم دەبیسم:
"هێشتا کاتی مەمک کوشینە، گۆچانەکەم بێزارە
هێشتا دڵ بۆتۆ دەسووتێ، سپێدە بۆ ئێوارە"

دڵۆپ دڵۆپ وشە ون دەبێ
نووسین وەک کیسەڵێکی ترساو چۆتەوە ناوخۆی
وێنە وێنەی وێنە دەکێشێ
هەموو سندووقەکان بەپڕی دروستکراون
ئەو کاتەی بەیانی لە بێدەنگی تۆ دادەگیرسێ
ئەو کاتەی لەخەو هەڵدەستم و نازانم چ وەرزێکە

کاڵەکی حەوتەمین دەخۆم
هاو هەنگاوی تاریکی دەچمە
دیداری ماسییەکانی نیوەی شەو
پەیکەر و دیمەنەکان لە – هەتاو – دەگرم
کەمێک بیر دەکەمەوە بۆ هەمیشە سەفەر بکەم
چەند ئاڵۆز و سەرگەردانە خەون

لە ژێر پەیکەرێکدا کتێبێک خۆی دەخوێنێتەوە
ژنە مەمک ڕەشەکان خۆر دەدۆشن
ڕووناکی پەرتەوازەبووە،
ڕادیۆیەک بە دار تووێکەوە هەڵواسراوە
هێشتا تۆ ونیت سیحربازە بچکۆلەکە
هیچ دەرگایەکی سەرەکیش نییە

هەموو دەرگاکان وەک یەکن
ئەو کاتەی لە خەو هەڵدەستم و نازانم چ وەرزێکە.



# لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا

سەباح ڕەنجدەر

گا بۆ ئاوخواردنەوە ملی درێژ دەکات
کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان
تووتی بێ چاوورووو دەم دەکاتەوە
لە نزیک
ڕەگ و
گۆپکە و
خونچە
دەوەستێ و پێی لە زەوی دەخشێنێ
نەخشی بۆ دروست نابێ
کرانەوەی دەمی خۆی
بە کرانەوەی دەمی

ڕەگ و
گۆپکە و
خونچە
بەراورد دەکات
پوولی پۆستە لە بن باڵی دەدەن
گوێرایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات
بۆ کام لا هەڵی دەن
سەر لە ڕێیە و ڕووگەنمای دادەخا
خەڵات و بەراتی درۆفرۆش
یان پیسی و پۆخڵی و بۆنی ورچی گەمەنەکەر
دەمە بۆڵەی جادووبازان لە قاوغی کیسەڵێکدا دەمێننەوە
نادیارییمان دەبینێ
مژدە و بینینێک
بۆ هەڵهێنانی چاوی ئەفسانەی گیای چوار وەرز
بەختەوەری و دروودی سەر زەمین
ڕووداو و دیمەنی دڵتەزێن و تاسێنەر نین
بانگی باڵندەی ئاویم کرد
بۆ وشکاییی کە ڕەگی بەهات و بیرەوەری تەڕ و پاراوە
بانگی باڵندەی وشکاییشم کرد
بۆ قەراغ گولاوی سەر بە شەختە
شاڵێک بۆ شاژنی ژیان بچنن
دیار بوو کتێبێکیان خوێندبووەوە
بەرژەوەندیی دارێک نووسیبووی
باڵندە دەستی ڕەش و سپی
درێژی مرۆڤ دەناسێ
ڕووخۆشی سروشتیش
دڵنیایە لەو زەوییەی کە هێلکەی لەسەر دادەنێ
زەوی گەف لە زەوی پەروەر ناکات
هەموو شتێک لەبارەی ئێمەوە دەزانێت
تەنیا لە دەمەدەمی مەرگدا
خۆ بینین بە ڕوخسارمانەوە دەردەکەوێ
دەزانێت پاش چەند ڕۆژ کرم لە جەستەمان پەیدا دەبێ
سەرەتاش کامە بەشی دەخوات
لە ناو دڵ و دەروونی زەمیندا
ژیان بە دڵخۆشی درەختی تازە ئاودراو
دەمانلاوێنێتەوە و دەجریوێنێ
ئەو پیاوەی
لەسەر سینگ خۆی داوە بە زەویدا
بۆنی هەڵووژەی ترش و مزر
چاوی تێرخەوی دەبریسکێنێتەوە و دڵی بەهێز دەکات
دڵم پڕ بوو لە گریان

گریانی خۆم لە گۆرانییەکی میللیدا دۆزییەوە
شەپۆلی دەدا
ئای خەڵووەتی دڵ
تەماشای هەر کوێیەکت دەکرد
سەرنجی ئەوێم دەدا و سەرنجم دەڕسکا
دڵ ڕێنماییم دەکات و ئەوەی ئەو پێم دەڵێت
ئەو دەنووسم
چەتەی پێڵاو گەورە لە خەودان
ڕێگاوبان هێشتان
دڵیان باش لێ دەدا و تۆزاوی نەبوونە
دەرگای کێڵگەی پەرژینکراو
بە پەنجەی فریشتە و خوداوەند مۆر کراوە
پووشی قەراغی ڕێگا خەواڵوون
ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەڕوات
بیر دەکاتەوە و سێبەری مافووری نەخش دێرینی شارە
نادیار نەبووە و نادیار نییە
تەمەنی جوانوویی لە ناو دڕکی دەم تیژ و نزیک گورگ
گوزەراندووە
سەر ڕادەوەشێنێ و چاو هەڵدەبڕێ
دەموچاوی کاروانچی
وەک لافیتەی هەواڵێکی ناخۆش دەبینێ
پووشیش خەواڵوویی بەری دەدا
گەرمایی دەمی ئەسپ هێزی دەداتێ
هەموو ناخی بە پیتی زەوی دێتە کوڵ
بەس نەبوو
حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو
بەس نەبوو
قومری دوا شاعیری ترپە و هەست و تاسە بوو
بەس نەبوو
ئاو و خۆڵ و با خۆکوژی کەوتە نێوانیان
ئاگر دوا ناوبژیوانیان بوو
بەس نەبوو
هێزی ئاگر کوژێنەوە دژی پەتاتەی بەراز بوون
بەس نەبوو
شەوی پێش هەڵبزرکاندنی کولێرەکەم
زانیارییەکم دەربارەی تالانی چاڵە گەنمەکان خوێندبووەوە
پرچی لەبەر باران خوساوم ڕێک خستەوە
ئەسپی ڕاویشم بە ملوانکەی کیژی کافرۆش بەستایەوە
فروفێڵ لە نێوان کڕیار و فرۆشیار
ئاڵۆزیی بازاڕی پاش جەنگ
هیچ شتێک لە بەرهەتاو ناتوێتەوە

بەفریش دۆخی دەگۆڕێ
دڵە خورپێیەکی مات و ترسناک سەرتاپێی لەرزاندووە
هەتاوی پێش ئاوابوونیش ئەو هەستەی بۆی هەبوو
تووتی کە حەزی لە خواردنی پەپوولەی وشکبووەوەیە
چاوی لە هەنگاوەکانە ئاخۆ ڕێگا ون دەکەین یان نا
تێی ناڕوانین و فەرامۆشی دەکەین
خۆی دەخواتەوە و دەروونی قوڵپ دەدا
پەڕ لە کلکی دەردەکێشێ و هێلکەی دەشکێنێت
ڕێگای خۆڵ باراناوی تێدا کۆدەبێتەوە
شەقامیش ترووسکەی چاوهەڵخەڵەتێنەر
ژیان ڕووی خۆشکرد و بزەیەکی نواند
هەندێک دەڵێن سەرەتای ڕێگا فەڕ و جوانییە
هەندێکیش دەڵێن کۆتایی
ڕێبواری سەرەتا و کۆتایی بووم
کۆتاییش وەک سەرەتا
هەمان هەستی بۆم هەبوو
سەرنجی درەختە بەرزبووەکانی ئەم دەست و ئەو دەستیشم داون
ئەی گیانەوەر و ڕووەک
سەوڵ و هێزی دەست
هێڵ و وێنە
باڵکۆن و سەکۆ
فەڕ و جوانی ڕێگا هی کێیە کێ
یاداشتی خۆی نەنووسیوەتەوە
تیشکی ڕۆژیش بەدەوری خۆیدا
دەسووڕێتەوە و نازانێت کۆتاییەکەی کەیە
یان کوێندەرە
زەردەخەنە پاشماوەی تیشکی نیانە و ئەوەندەی چاو و دەم بگرێ سۆزپژێنە
وەختێکی زۆری ویست
تا درەختی بەختم لە قۆپەنە خۆڵی چارەنووس ڕواند
دڵ ناتوانێت فێڵ لە گیان بکات و شتی لێ بشارێتەوە
دڵ و گیان لەگەڵ یەکدا تەرازوون بە دەستی فریشتەوە
باڵندە پێ و باڵی
بە چیکڵدانەیەوە گرت
ئێمە لە برسییەتییەکەی نەگەیشتن
لە ناو دڵبەردی و نامەردی درۆفرۆش خنکاون
هەڵفڕن بۆ سەر درەختی بەختم
بەچکەکان دابەش ببنە ئاسمان
لە ئەستێرە و
مانگ و
خۆر
نزیک ببنەوە



شێوازی گفتوگۆ ئاسانە
داکانە و بابانەش درەختی بەخت
دەپارێزن و چاودێریی کرانەوەی قۆزاخەی پەمۆن
ئەستێرە لە ناو گەڵا و بۆنی خودایيدا
بە پرشنگی بڵندمان دەکاتەوە
بۆ نزیک
میوەی سەرلک و
هەوری ئاواز نەرم و
خۆری پشوو خۆش
دەنگی ئاسمان هەموو بەختەوەریەکانی بۆ زەوی دەگەڕێنێتەوە
خوداوەند ئاماژەیەکی بۆ کردم
درەختی بەختت حیکمەتی پێغەمبەران
بۆ سمۆرە و باڵندە دەخوازێت
ئاوات خواستن نیگای لە ناو شکۆ روون دەبێتەوە
چرای بەهێزی چاو
دەمودووی نەرمی دیوان
هۆگربوونی باڵندەی کۆچەری
کرانەوەی گوێچکەماسی
بەشە هەتاوی نەشونمای بۆ دەهێنن
بەدوای ئەو بەشە هەتاوە چووم
وەک ئەوەی بەدوای تەرم و تابووتی دوا کەسمەوە بم
مانگ لە ناو دەستمدا خۆی خزاندە تەنکایی ئاو
لە دڵم دەچوو
دڵم لە ناو سینگم بێت
یان لەسەر زەوی وەک یەک وایە و یەک کێشیشی هەیە
دەکەوێتە ئەو شوێنەی زەوی
کە خۆر تێیدا هێز دەداتە
ڕەز و
باڵ و
گوانی ئاژەڵ
برادەرانم بابا تاهیر و هوما
لە ئاسمان مەیەنە خوارەوە
چاوی کوشتن و برین هێشتان نەنوستووە
دڵتان نەیەتە سەرلێوانتان
زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە و ئەسپ بەو ناوەدا تێدەپەڕن
خۆریش بە ئاڵۆزی لە دایک نابێ و لە سواران نادا
باباتاهیر مووروویەک لە نێوانماندا بزر بوو
مووروویەکیش لە مشتووی خەنجەری هوما کەوت

کانوونی دووەمی ٢٠١٠ هەولێر



# ئەوە تۆیت ئەی كات

## خوێندنەوەیەک بۆ یاداشتیی شیعریی و ڕۆشنبیری ئەدۆنیس

عەبدە حەقی

و: عیسا چیایی



چامەی عەرەبیی بەو جەستەیەی كە بەكارلێكی لێدان و هەڵلەرزینی تەكتۆنیەوە درزی تێكەوتووەوەو ئەو ڕۆحەشی كە لە مێژە بارگاویە بە هەناسەبڕكێ وهەناسە دانەوەی بەدووایەكدا هاتووی لەمێژینەی شاعیران .ئەم چامەیە دەرگای كەونیەتی نەدەكوتی ئەگەر ئەو ڕۆحە یاخی وسەركێشانە نەبان كە بەلای هەندێكی كەمی كوڕ و كوڕەزاكانی ئەبی تەمام وموتەنەبی وئەوانی ترەوە هەبوون ،بەلایەكی تریشدا ئەو نیگەرانیی ڕابوونە نەبایە كە لەناوەوەی ئەو بوونەوەرە شیعرییانەوە هەڵ دەبوون كەبڕوایان وا بوو، ئاگری بنیاد نانەوە پێویستە بەربێتە هەموو بوارەكانی ڕامیاریی ،ئابووری ، ڕۆشنبیریی بەهەموو پێكهاتەكانیەوە . بێ گومان كتێبخانەی عەرەبیش ژمارەیەكی زۆری لەو كەلەپوورانەی لە خۆ گرتووە ، ئەو ژێدەرانەی كە ئەو قۆناغە یەكلاكەرەوانەی مێژووی عەرەبی وبەتایبەتیش سەدەی نۆزدەیەم تا شەستەكانی سەدەی ڕابردووی لەخۆ دەگرت . ئەم كەلەپوورە فكریانە ویستویانە دەست لەو بەرجەستە بوون وپیش خواردنەوە هۆشیاریانە وەربدەن كەلەبواری ئەو بەریەک كەوتنانەی لەگەڵ ڕۆژئاوای فێڵباز وداگیركاردا ڕوویان دەدا . بەڵام كەم بوون ئەو نووسەر وداهێنەرو ڕەخنەگرانەی كە دەستیان شل كرد بۆ ئەو گۆڕانكاریانەی لە منالّدانی چامەی عەرەبیدا ولەسەر ئاستی هەموو بونیادە كاندا ڕوویان دەدا ، لەنێوان ئەوانەشدا ئەو پرۆژە پرشنگدارانەی ئەدۆنیسە كە لەبواری گەشتی شیعری خۆیەوە خستویەتیە ڕوو بەناونیشانی ((ئەوە تۆیت ئەی كات ) لە (دەزگای ئاداب /چاپی یەكەم بەیروت 1993 وایكردوە بەو ژێدەرە سەرەكییە دابنرێ كەهەست بەهەمان ئەو ئێش و ژانە بكەین كەچامەی تازەو ئەو مەعریفە قوول وئەو ڕێگریە فیكریانە وئەو پاڵنەروسرِینەوانەی لێوەهاتە بەرهەم ، ئەوەی بەسەر دەنگی

شیعری عەرەبیدا سەپاند کە خۆی لەو چێوار چێوە وبونیادە باو وناوەڕۆکە بەبەردبووەی ئازاد بکات . ئەدۆنیس لەو یاداشتە شیعریی ورۆشنبیریەیدا ئەو واقیع و ڕۆشنبیریەی ڕۆژهەڵاتی چاو کردوە کەلە بزاوتی فەرهەنگیدا بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەبێ .لەڕاستیدا قاهیرە یەکەم سەنتەری ڕۆشنبیری بووە کەئەگەر بکرێ بە ((ململانێی مانا))ی ناو بنێین ، ئەوەش ململانێیەک بووە تژی بووە بە دالغەی ئازادییەک لەپێناو بونیادنانی شوناسدا ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ سەرەتای پەنجاکاندا بەیروت جێگای ئەوی گرتۆتەوە بەوەش نیگەرانیی گەڕان بەدوای شوناسدا بووە بەجیاوازی لەنێو شوناسدا لەئەنجامی ئەوەشدا بەیروت بوو بە تاقیگەیەک بۆ ڕەوتگەلێکی زۆر لە بواری ئابووری و ڕۆشنبیری تێزە کۆمەڵایەتیی وسیاسی وکێبەرکێی لیبرالی و دیمۆکراسیی. بەوەش ڕژێمێک لەنێو ڕژێمێکی تردا دروست بووە ، ڕۆشنبیریش لەلای خۆیەوە بووە بە کردارێکی ڕۆشنبیری سەنگین و ئەفسانەی ڕۆشنبیری بەیروتیش بەهەژموونی ئەو سیاسەتە هەڵوەشاوەتەوە، ئەو سیاسەتەی کە جیاوازی وفرەیی وتەنانەت لایەنی ڕۆشنبیریشی پلیشاندۆتەوە .ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپی کردۆتە سەر ئاستی زمان و شیعریش، هەربۆیە بەهۆی بڕوابوون بە جیاوازیی شوناس وجیاوازی زمانیش بانگەوازێک هاتۆتە گۆڕێ بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیریەک کەلەبری تایبەتمەندی عەرەبی خاوەنی تایبەتمەندیەکی لوبنانی بێت ، بۆیە هەموو نووسراوەکان لەشێوەی (کەشکۆلێکی شت و وشەدا هاتن هەروەکو جۆرێک بێت لە درومانی دەستی ) ئەمە هەروەکو ئەدۆنیس دەڵێ: (ڕەوتێکی ڕۆشنبیرییە بەقەدەر ئەوەی گەڕانێکە بەدوای شوناسدا چونکە گوزارشت لە قەیرانی شوناس دەکات،ئەو شوناسەی کە زادی خود و شوناسی مرۆڤیشە )کە بەلای ئەوەوە تەنیا لەجیاوازبوونەوە نییە لەوی تر ،بەڵکو لە جووڵەی ئەو جیاوازیەوەیە لەناوەوەی خۆیدا،لەنێوان ئەوەی کەلەئێستادا هەیە ولەنێوان ئەوەی کەلەداهاتوودا ئەبێ .چونکە شوناس لە حاڵەتی یەکەمدا جیا بوونەوەو تێربوونە و لەحاڵەتی دووەمیشدا پەیوەندی گرتن وبزاوتە ،کە ئەوکاتەش شوناس دەبێتە گۆڕانکاریەک یان جگەلە زیندانییەک نابێتە هیچ شتێکی تر .و لێرەوە ئیتر ئەو جیاوازیەی کە بەهای مرۆیی دەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ لەم هەستەبەهێزەی ناوەوەی مرۆڤدایە کە هەمیشە لەسەروی هەموو گۆڕانیکەوەیە لە دنیادا وهەر ئەمەشە کە شیعر فێرمان دەکات .

لەبارەی ئەزمونی شیعری خۆشیەوە ئەدۆنیس ساڵی (1945) لە ڕووی هەستیاری شیعرەوە بەساڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەزانێ،ساڵێکە کە دیدگای ئەوی بۆ کۆمەڵگا و کەون گۆڕی و دانیش بەوەدا دەنێ کە دروست بوونی ئەم کارە سیحریە بەلای ئەوەوە لە بواری ئەو خوێندنانەوە هاتۆتە گۆڕی کە لەڕووی ویژدان و جوانکاریەوە بەهاوکاری شاعیرانی قۆناغی تازەگەریی وەکو نەزار قەبانی ،بەدەوی جەبەل ،عومەر ئەبو ڕیشە ،نەدیم محەمەد سەعید، و سەعید عەقل و لە شاعیرانی فەرەنسی وەکو بۆدلێر لەو چەپکە بێ هاوتایەی (گوڵی بەد)ـە کەیدا ، ڕۆنێ شار و هنری میشۆ و ماکس جیکۆب )ـەوە دروست بووە،بەڵام بەلای منەوە بەتەنیا ئەم خوێندنەوە شیعریانە کاریان لە توانستی شیعری ئەدۆنیس نەکردوە چونکە پێش هەموو شتێک بە ڕێنمایی باوکی (مەبەستی ی باوکی ئەدۆنیسە ..چیایی )چاوێکی بە گەنجینەکانی شیعری عەرەبی کۆنی (موتەنەبی و ئەبی تەمام و شەریفلرەزی و بوحتری و معەڕی ،،تد ..)ـداخشاندوە . هۆشیاری پێش وەختی ئەدۆنیس بە پێویستیی تازەکردنەوە و هاتنە ڕیزەوەی لە پرۆژەی تازەگەرییدا وای لێکردوە کەلەسەرەتادا هەڵشاخێ بە بەرنامەکانی خوێندنی زانکۆ دیمەشقدا ئەوەی هەروەکو لە یاداشتنامەکەیدا بە (کوشتنی شیعر )ـی ناو دەبات ،ئەو بەرنامانەی کە ملکەچن بۆ ئەو کەرەستە و تێزە ڕەخنەییە کلاسیکیی وپێش وەخت ئامادەکراوانەی کە ڕووخێنەری هەموو هەوڵ و پەیوەندیەکن لە گەڵ چامەدا . ئەمانە کۆمەڵە میکانیزمێکیکی مەنهەجین کە شیعری تازەگەری لە سەر ئاستی بونیاد و مانادا بەجێی هێلاون ، بەجێی هێلاون بۆ ئەوەی نەخشە بۆ پەیوەندیەکی دیاریی دووانەیی دابمەزرێنێ (بە گۆڕینەوەی هەڵلەرزینەکان ،ئەو دەمەی کە پێویستە جەستە زمان بهەژێنێ ،هەروەکو چۆن زمانیش جەستە دەهەژێنێ) .

لەنێوان ئەدۆنیس و یوسفلخالدا بێ گومان کرداری ئەدەبی بەگشتی دەرەنجامی کەڵەکە بوونێکی مەعریفی و ڕۆشنبیریە ، چامەش بەپێکهاتە وپێکهێنەرە ڕەمزی و ستاتیکی و ڕەزمیی و ..تاد..لەهەردوو ڕەهەندی ڕووکەش وقووڵی بەخەیاڵدا هاتووی ئەنجامی تێکەڵیەکە لەگەڵ چامەکانی تردا . چامەش لەدوا فۆرمیدا وەرگرتن و بەخشینە .دەقی من و دەقئاوێزان دەبێ لەگەڵ ئەوی تردا ، ڕووخان و بونیادنانیشە .هەموو چامەیەکیش وەکو نەیزەکێ لەبۆشاییەکی سەدیمیەوە ناکەوێت بەڵکو وەکو گەڵایەکە کە هەر دەبێ سەرەتایەکی داری هەبێ ، ئەو (دارە مەزنە) ی کە هەموو شاعیران بە پێشینان و جێگرەوەکانیان بە ئارەقەی هەوڵەکانیان ئاویان داوە ، دەگمەنن ئەو داهێنەرانەی کە بە سێبەر وبەروبوومەکانیان سوپاسگوزاربن .دەگمەنن ئەوانەی دان بە شوێن پەنجەی ئەوانی تر دەنێن بە سەر ئەزموونەکانیانەوە .

لەیاداشتەکەی ئەدۆنیسدا بوێرانە و ڕاستەخۆ دان نراوە بە کارلێکی لیستێک لەوناوانەی کە کاریان لە ڕێڕەوی داهێنانی ئەو کردوە و لەسەروی ئەو شاعیرانەشەوە شاعیری گەورە (یوسفلخال) ،کە هەردووکیان پێکەوە دوو کەس بوونە هەمان دالغەو کێشەی گەورەیان هەبووە ئەویش نەخشەدانان بووە بۆ نووسینێکی شیعری تازە و هەروەکو ئەدۆنیس دەڵێ (وەکو دوو کەس بن کەپەیوەندیەکی کۆن بەتەمەنی شیعر پێکەوەیان دەبەستێتەوە)

چاوپێکەوتنی  یەکەمیان بە پرۆژەدانان بۆ دەرهێنانی گۆڤارێکی تەنیا بۆ شیعر ولەهەمان کاتیشدا کراوە بێت بۆ هەموو بەشداریە ڕەخنەییەکانی تر کە هاوشانی بزووتنەوەی شیعری تازە بێت کۆتایی پێهاتووە . ئاوەها و دوای چەند یەکتر بینینێکی تر پێچەوانەی هەموو ئەو ئەگەر و بۆچوونانەی کە دوواتر ئەم لەدایک بووە نەوەکامە ڕووبەڕووی دەبێتەوە . گۆڤاری (شیعر) ساڵی (١٩٥٧) بڵاو بووەوە و ئەم پرۆژە ڕۆشنبیریە هەر لەباڵوەشاندنی یەکەمیەوە بە سێ ڕێگری ڕۆشنبیریدا هەڵشاخا :

١-/ئەو کەلەپوورەی کە بەو وەکیەکیـ(نمگ)ـە باوەی لە زانکۆکاندا دەخوێندرێ .



٢-/بەرهەمە کانی ڕێنیسانس (شەوقی ،مەتران ،حافز ئیبراهیم ..)

٣-/ ئەو شیعرە تازەیەی کەبەناوی شیعری سەربەست و پێشکەوتن و چەپڕەویەوە دروست دەبوون . ئۆپۆزسیۆنیش لەهەموو هەڵوێستە نیشتمانیی و ئایدیۆلۆجیەکانیدا توندوتیژ بوو ئەگەرچی نەدەگەیشتنە ئاستێکی ڕەخنەیی ویسترا وبەڵکو بریتی بوون لە تۆمەتبارکردن بە( ڕەجعیەت ،موئامەرە ،تەبەعیە ،خیانەت) ئەمانەش تۆمەتگەلێکن وەکو ئەدۆنیس دەڵێ نمایشی جۆرە کوشتنێکی مەعنەوین . ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ((شیعر )) چامەیەکی تیابوو لە شاعیرێکی سەرخۆشەوە کە سەعدی یوسف بوو، هەروەها چامەیەکی نازکەلمەلائیکەیشی تیا بڵاو کرایەوە و چەند چامەیەکی ئەدۆنیس و دانەیەکی یوسفلخالیشی تێدابوو ، هەروەهاچامەی وەرگێڕدراوی چەند شاعیرێکی ڕۆژئاوایی نموونەی عەزرا پاوەند و ئیمیلی دیکسۆن ،ئەم هەڵبژاردنانەش چارەسەرێکی کێشەکانی مرۆڤ  بوون لە بواری ژیانی واقیعیی ڕۆژانە و خەباتێکی بەکردەوە زیندوودا، وەکو ئەوەی چامەکەی سەعدی یوسف لە بارەی بێ هیوایی وناماقووڵیی واقیعەوە دەریدەخست.بەوەش گۆڤاری شیعر گرەوی لەسەر وازکردنی ئاو وهەوای پەیوەندیەکی جیاوازی دەکرد ، پەیوەندی نێوان شاعیران ورەخنەگرانی عەرەب. بەڵام ئەم ئاو وهەوایە ئەدۆنیس و یوسفلخالی خستە زۆنگاوی زۆر کێشەوە کە هەمووان دەیانویست بیخەنە ئاشی (ئایدیۆلۆجیاوە) . لەڕاستیدا گۆڤاری (شیعر)زۆر پرسیاری نیگەرانی ورووژاند سەبارەت بە سەرئێشەکانی خودی عەرەبی لەڕێگای گەڕان بەدوای چەمکەکانی وەکو (نەژاد) و(تازەگەریی)و(چاولێکەری)و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان . لێرەدا ئەدۆنیس لە ئاستی کێشەکانی کەلەپوور هەڵوەستە دەکات ، بەوەی کە یەک سەرەتاو لەهەمان کاتیشداسەرەتایەکی جۆراوجۆریان هەیە ولە ڕەگەزەکانی شیعری جاهیلی و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە کۆ دەکرێنەوە . خەمی گۆڤاری شیعریش لە کێشەی تازەگەریدا خۆی دەبینێتەوە ، تازەگەریەک لەچوار چێوەیەکی ڕۆشنبیری پراوپڕدا ئەوە تێدەپەڕێنێ کە تەنیا گۆڕینێک بێت لە ڕەوتی کێشی شیعردا و ئەوەش تێدەپەڕێنێ کە تەنیا دەرچوونێک بێت لە شێوەیەکەوە بۆ چەند شێوەیەکی پەخشانیی کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە تێزێکی تازەوە هەیە بۆ بوون و ئینسانیش . کە هەر ئەمەیە ئەدۆنیس ویستی لە چامەی (فراغ/بۆشایی)ـدا بیورووژێنێ. ئەو چامەیەی کە بەلای خۆیەوە قەڵەمبازێکی جۆرایەتیە جائەو قەڵەمبازە لەسەر ئاستی ئەزموونی تاکیی خۆیەوە بێت یان لەسەر ئەو ئاستەوە بێت کە ئەو دەم باو بووە . چامەیەکی بارگاویە بە زمانی خەباتێکی دڵنیا و تووڕەییەکی ڕەخنەییە بۆ ئەو بۆشاییەی کە نیشتمانی عەرەبی تیا دەژیا . ((بۆشایی ، لێرەدا مەبەستی بۆشاییە وەکو چەمک نەک

ناونیشانی شیعرەکەی ئەدۆنیس ..چیایی ))..          لەنێوان ئەدۆنیس و سەیابدا  لە بەهاری ساڵی (1957) دا گۆڤاری شیعر بەدر شاکر سەیابیان داوەت کرد کە ئەو دەم یەکێک بوو لە هێما درەوشاوەکانی ئاسمانی شیعر، لەجەنگەلەکانی جیکۆرەوە هاتبوو هەموو ئازارەکانی چامەی هەڵگرتبوو ئەو ڕێککەوتە ڕووداوێکی شیعری ڕۆشنبیری جیاواز بوو، وبەیروتیش خاڵی یەکگرتن بوو لە نێوان ئارەزووی دەرچوون لەو ڕۆشنبیریە عەرەبیەی ڕژێمە ئایدیۆلۆژیەکان ولەنێوان ئارەزووی ئاشکراکردنی شتە تابوەکانی بواری ڕۆشنبیری ،هەوەکو چۆن دیمەشق پایتەختی کۆتاییەکان بوو بەیروتیش پایتەختی سەرەتاکان بوو. ئالەو فەزایەدا گفتوگۆی شیعری لەگەڵ سەیابدا دەستی پێکرد .کێشەی شیعری عەرەبی بەدیدگایەکی فراوانەوە خرایە بەر باس و تیزەوە، ئەو کاتە سەیاب وتی: (گەر ویستبام نمایشی شاعیرێکی تازەبکەم هیچ کەسێکم نەدەبینی وێنەکەی لەو وێنەیەوە نزیکتر بێت ،کەلە هزرمدا چەسپیبوو.وێنەی قەدیس یۆحەنا کە چاوانی پڕبوو بوو لەنیگا ئەو دەمەی حەوت تاوانە گەورەکە وەکو ئەختەبوتێکی گەورە دەستی بەسەر دنیادا دەگرت) .ئەدۆنیسیش ئاوا قسە لەسەر ئەو هەڵوێستەی سەیاب دەکات :  لەم پێشکەوتنەدا پێشبینیی شیعریی هاوتای پێشبینیی ئاینییە ..چونکە شیعر وئاین بەلای سەیابەوە دووانەیەکن هەروەکو چۆن جیاوازییەکانی نێوان فاکتەر ومەرام لە ئایندا نەما لەشیعریشدا ئاوایە چونکە ئێمە شیعر دەخوێنین و دەینوسینەوە نەک وەکو ئەوەی بەدووای سوودێکی مەتریالدا بگەڕێین .بەڵام دەشزانین کە ئاین مەرامێکی خاوێنی هەیە و شیعریش هەروەها. چامەیەکە جیاوازە چ لەڕووی مانا و چ لەڕووی بونیادەوە ،لەو ڕژێمە کۆنەی  هەڵبەستنی شیعر دەرچووە کە ڕژێمێکی دوو دێڕیی یان ڕژێمی یەک دێڕیی بێت.  ((لێرەدا مەبەستی لە دوو دێڕی ، بەیتی شیعری عەرەبیە کە پێک دێ لە لدر.و.عجز. لەڕژێمی یەک دێڕیش مەبەستی لە شیعری ئازادە کە هیچ دووبارەبوونەوەیەکی پیتی نایبەستێتەوە بە دێڕەکانی دووای خۆیەوە .چیایی))، جۆرێک بوو لە ئاژاوەیەکی هەڵقولاو بەبێ هیچ نەخشەبۆ دانانێکی هزری پێش وەخت کەسەرکەوتنێکی گەورەشی بەدەست هێنا، بەدوای ئەویشدا چەند چامەیەک هاتن کە بەوەفا و دڵسۆزبوون بۆ هەمان پرۆژە وچەند گفتوگۆیەکی گەرم و ماقوولیان تەقاندەوە سەبارەت بە بونیادی بەیتی شیعریی بەهەڵوەشاوەیی و بە برگەبرگە کراوی  و بە دابەشکراوی وسەربەستیەک بێت لە هۆنینەوەدا. کەواتە ئەم چامانە هەوڵیاندا ئەو مەودایە بگێرنەوە لە نێوان ساختومانی تازەو مانای تازەدا، بەتاڵبونەوە لەوتێزە پێچەوانە شیعرییەی کەچامە تازەبێت لە شێوە و کۆن لەناوەڕۆکدا یان بەپێچەوانەوە ،بەڵام سەرسامیی وەرگرانی ئەم ئەزموونەجیاوازە لەپڕ نەمان. ئەدۆنیس ئەوە بۆ دیدی وەرگرانی ئەو وەرگرانە دەگێڕێتەوە، بۆ ئەو سەرچاوە شیعریەی سەدەی نۆزدەی شیعری فەرەنسی بەهەردوو شێوەی برناسی ، هەروەها بۆ ڤالێریش کە نیگایەکی بەش بەش بوو هیچی لەو شیعریتییەو ئاراستە و ڕەهەندە فکری وبابەتیەکانی وەرنەگرتبوو بەڵکو تەنها لەبەها فۆرمیەکەی سوود مەند بوو بوو بەتایبەتیش لایەنی وتنەوەی زارەکیی .  یاداشتە شیعرییەکەی ئەدۆنیس تەنیا بەوەوە نەوەستاوە کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی دیاریکردبێ کەلەمنداڵدانی چامە وئەو ئاو وهەوا ڕۆشنبیریەی کە هەواکەی هەڵمژیوە. بەڵکو لەو پاڵنەرانە دووور تر کەوتۆتەوە لەو یادوەریەیدا کەبە ئازارەوە ئەو پەیوەندیە تەنکەی نێوان ڕۆشنبیرانی وێناکردووە،بە بەراوردێک لەنێوان ئەوان وهاوتا ڕۆژئاواییە پێشکەوتووە کانیان و کۆمەڵگا جیاوازەکانی دنیا ئەوانەی کە هەوڵەکانیان لەسەر هەڵکۆڵین و دۆزینەوە و ئەزموونیی بەردەوام چڕ دەکەنەوە،لەکاتێکدا لە کۆمەڵگای عەرەبیدا گرنگیپێدان بۆ هەر کەسێک لە شێوەی بوختانی ڕۆشنبیریی وهەڵسەنگاندنی ڕووکەشدایە، کە بەمەرامی دەستبەسەرداگرتن و بەرتەسک کردنەوە و نەفیکردنن ،ئەمە جگە لەو ئاماژانەی کە بۆ بەدبەختیی زمانی عەرەبی کاتی نووسینەکان دەبنە زۆنگاوێک ژیانی عەرەبی تیا بۆگەن دەکات. ئەدۆنیس بە حەسرەت و ئازارەوە دەپرسێ کە ئاخۆ ئەو وێرانەیەی لەجەستەی ڕۆشنبیری عەرەبیداڕووی دەدەن،دەکرێ بە دیاردەیەکی تایبەت بە عەرەب ناوببرێن ..؟چونکە ئەم دیاردانە لە هیچ ولاتێک لە ولاتانی دنیادا بەم پەرپوتیە نیین. ئەدۆنیس دیسانەوە لە یاداشتنامەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ وەلامدانەوەی ئەو ئاژاوەیەی  چەقبەستووەکان کەلەبارەی چامەی پەخشانەوە نابوویانەوە،ئەوانەی هێشتا ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە شاعیرانی گۆڤاری (شیعر) و ئەوانەش کە شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرتووە چامەی پەخشانیان لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواوە دزیوە. بەڵام ئەم بەوە وەلامیان دەداتەوە ،ئەی بۆچی هەموو شانۆکار وسینەمایی و نیگارکێش ورۆماننووسەکانیش دز و جەردەی ئەو ژانەرە داهێنانانە نەبن کە نەخۆیان ونەپێشینانیان دایان نەهێناون ..  لەکۆتاییدا ئەدۆنیس نامەیەک ئاراستەی یوسفلخال هاوڕێی ڕێگای شیعریی خۆی  دەکات لە هەندێ دێڕیدا ئاراستەی هەندێ لەو تێکشکان و جەنگانە بەکورتی دەردەبڕێ ، هەروەها لەئێستادا هەندێ داییسان و (تەواو کردن))ی چامەی پەخشانییش دەردەبڕێ ئەوەی کە ڕووناکییەکی دەبەخشی بەهۆی کێشکردن  وجیاوازیی و سەرکێشی داهێنانەوە، لەپێناوی مێژووی ئاشنابوونی  هۆکار وکێشەکانی تێپەڕاندن، ئەو مێژووە بە کار و هەڵچوون و پێشکەوتنەوە چەند پێویستیمان بەم جۆرە یاداشتە ئەدەبیانەیە.

ژێدەر: موسوعە بیر علیوی الثقافیة.

beer.elawe@yahoo.com




# جیهان وەک شوێنپێی فرایدەی

عەزیز رەئووف

رۆمانی رۆبنسون کروزۆی دانیاڵ دیفۆ، سەرباری ئەوەی بە سەرەتایەک بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی رۆمان لە ئەوروپا ئەژماردەکرێت، بەڵام رووداوەکانی ناو ئەم رۆمانە ناکرێت تەنها وەک گێرانەوەیەک لە کتێبێکدا هەژمار بکەین. ئەم کتێبە چەندە وەک رۆمانێک نووسراوە، بەڵام لایەنە ئابووری و سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانی بوونەتە سەرەتایەک بۆ چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی گرنگ لە خۆرئاوادا.

ئەم رۆمانە لە ساڵی ١٧١٩ نووسراوە و باس لە دابڕانی مرۆڤێک دەکات بەناوی رۆبنسۆن کروزۆ و گیرسانەوەی لە دورگەیەک بۆماوەی ٢٨ ساڵ، هەموو ئەم رووداوە گرنگانە لە دوورگەیەکدا روودەدەن و هەموو هەوڵ و کەوتن و هەستانەوەکان پابەندن بە کروزۆی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە.

زمانی گێڕانەوە و ئاستی تەکنیکی نووسین لەم رۆمانەدا یەکجار سادەیە، ئەوەی گرنگە لەم رۆمانەدا سەرباری ئەوەی بوعدێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوەکان لە هەر کۆتەیشنێکی ئەم نۆڤڵەدا دیراسەیەک دەکەن، بەگشتی ئەوەی ئەم نۆڤڵەی بە زیندوویی هێشتۆتەوە ئەوەیە کە بارتەقای کتێبخانەیەک کتێب لەسەر رۆبنسۆن کروزۆ نووسراوە.

## ئایین و بێدەنگی

ئەوەی دانیاڵ دیفۆ لەم رۆمانەدا بۆمان باس دەکات لەڕووی ئایینیەوە ئەوەیە کە مرۆڤ لە تەنیاییدا بیر لە بوونی خودا God دەکاتەوە، بە مانایەکیتر مرۆڤ وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی لەبەردەم دیالۆگ و مشتومڕێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەویتردا، بەڵام تەنیایی وا لە ئینسانەکان دەکات هەمیشە لە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامدابێت، بیرکردنەوە لە جیهان، بیرکردنەوە لە خودا و لە ئاسمان، راستە کارەکتەرێکی وەک رۆبنسۆن کروزۆ بە ناسنامە ئایینی بووە و لە بنەماڵەیەکی تەواو ئایینی پەروەردە بووە، بەڵام هەڵهاتنی لە ماڵ وەک تاوانێک و دوورکەوتنەوە و ژیانی لە دوورگەیەکدا بەتەنهایی وای لێدەکات بەشێوەیەکی فراوان باس لە خودا بکات.

پشتبەستنی کروزۆ بە خودا، لەو روانگەیەوەیە کە ئەو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە. بەڵام کە ناتوانێت بەلەمەکەی لە سەر رۆخی دەریاکەوە بباتە نێو دەریا، ئەوا پەنا بۆ خودا دەبات. ئەمەش لەو روانگەیەوەیە کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ئایین، لەلایەکەوە بێدەسەڵاتی ئەوە لە سروشتدا و هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کە هێزێک هەیە ئەم هەموو دەریا و دوورگە و بیابانەی دروستکردووە.

سەرباری ئەوەی مرۆڤ لەتەنهاییدا دەبێت پەناباتە بەر مۆنۆلۆگ و بۆئەمەش قسەکردنی تاکلایەنە لەگەڵ خوادا باشترین رێگەیە بۆ قوتاریوون لە تەنهایی ( بەبۆچوونی دانیاڵ دیفۆ).

ماڵ وەک سەرەتایەک بۆ مانەوە

ئەوەی ئەم نۆڤڵەی دانیاڵ دیفۆ پێمان دەڵێت ئەوەیە کە ( پێداویستی دایکی داهێنانە)، واتە مرۆڤ بۆ بە دەستخستنی پێداویستیەکانی پشت بەخۆی دەبەستێت. کروزۆ مادام لە دوورگەیەکدا بەتەنها ژیان دەگوزەرێنێت، ئەوا هیچ رێگەیەکی تری نییە دەبێت پێداویستیەکانی خۆی دابین بکات. مانەوەی کروزۆ لە دورگەکەدا وەک هاتنی ئادەم و حەوایە بۆسەر زەوی.

ئەوانیش کە بەدەستی خاڵی دێنە سەر زەوی دەبێت ژیان بگوزەرێنن و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کار بکەن.
کارکردنی بەردەوام لەم ڕۆمانەدا یەکێکە لە مەبەستەکانی دانیاڵ دیفۆ بەوەی کە مرۆڤ بۆ ئەوەی بژێت دەبێت لە کارکردنێکی بەردەوامدابێت، خاڵێکیتر کە دانیاڵ دیفۆ لەم ڕۆمانەدا باسی دەکات مەسەلەی مانەوەیە لە شوێندا.
کروزۆ مادام لە دوورگەکەدا دەمێنێتەوە، ڕێگەی تری نییە جگە لەوەی کە خانوو دروست بکات، چونکە ئەو کارەکتەرێکی کۆچەری نییە، سروشت سەپاندویەتی بەسەریدا کە دەبێت لەم شوێنەدا بمێنێتەوە. سەرباری ئەوەش کە کروزۆ مادام دەمێنێتەوە ئەوا دەبێت نان پەیدا بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر چاندنی گەنم. چاندنی گەنم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بریتیە لە مانەوەی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراودا. چاندنی گەنم واتە گواستنەوەی مرۆڤ لە سەردەمی ڕاوکردن و پەیداکردنی خواردندا بە بەردەوام لە گۆڕینی شوێنەکاندا بۆ مانەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا. دانیاڵ دیفۆ لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت لەسەر ئەو پنتە گرنگە بوەستێت کە مرۆڤ بۆ مانەوەی لە شوێنێکی دیاریکراودا دەبێت پشت بە دوو شت ببەستێت: خانوو دروستکردن و جێهێشتنی ئەشکەوتەکان، چاندنی گەنم و دارودرەخت بۆ ئەوەی هەم پارێزگارییان لێبکات و هەم ژیانی لە بەربەریەتەوە بگوازێتەوە بۆ شارستانیەت، هەم دەبێت لەم ڕێگەیەوە سروشت ڕام بکات.

شوێنپێ وەک بوون

ئەم تەنیاییەی کروزۆ لە دوورگەکەدا وای لێدەکات کە هەم بەم جۆرە لە ژیان ڕادێت، هەم وەک ئیمپراتۆری دوورگەکە خۆی ببینێت. هەندێ جار کروزۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو وەک مرۆڤێک خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهایە لە دوورگەکەدا و زۆر جاریش فەخر و شانازی بەم جۆرە لە دەسەڵاتیەوە دەکات.
بەڵام ڕۆژێک سەرجەم شتەکان لە دوورگەکەدا دەگۆڕێت، بەوەی لەسەر ڕۆخی دەریاکە شوێنپێ prent-foot ی مرۆڤ دەبینێت. ئیدی ئەمە کلایماکسی ڕۆمانەکەیە و سەرجەم شتەکان بۆ کروزۆ دەگۆڕێن بەوەی کە ئیدی بەتەنها کروزۆ لەم دوورگەیەدا ناژێت و مرۆڤی تریش هەیە.
دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ مرۆڤخۆرەکان canibals ، کروزۆ کەسێک ئازاد دەکات بەناوی فرایدەی. ئیدی لێرەوە ژیان بۆ کروزۆ بەتەواوی لە ژیانی پێشتری تەنیایی جیاوازە، ئەمەش لەبەر چەندین هۆی گرنگ. هاتنی فرایدەی خۆی لەخۆیدا بەمانای گەڕانەوەی قسە بۆ دوورگەکە. مادام فرایدەی هات ئیدی قسەکردن دروستدەبێت. کروزۆ زیاد لە دوو دەیە بەتەنها لە دوورگەکەدا بەبێدەنگی ژیاوە، بەڵام لەمەودوا ئیدی قسەکردن هەیە، پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەویتردا. هەرچەندە زمانی فرایدەیی و کروزۆ جیاوازن، بەڵام ئەو دەنگەی کە لە زاری هەریەکەیان دێت بۆ تەعبیرکردن لە خۆیان و شتەکان، سەرەتایەکە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە ئەوی ترەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییەو دەبێت لە پەیوەندییەکی بەردەوامدابێت بە ئەویترەوە.

## هەڵکردن لەگەڵ ئەویتر

ئیدی کروزۆ دەبێت لەگەڵ ئەویتردا هەڵبکات. فرایدەی چ لەڕووی زمانەوە، چ لە ڕووی ئایین و تەنانەت ڕەگەزیشەوە لە کروزۆ جیاوازە ، بەڵام ئەوەی هەیە کە کروزۆ دەیەوێت هەرچۆنێک بێت لەگەڵ فرایدەیدا هەڵبکات. ئەمەش بۆ چرکەساتی ئێستەشمان لەبارە کە کۆمەڵگە پڕە لە مرۆڤی ڕەگەز و مەزهەبی جیاواز و مەحکومیشین دەبێت بەیەکەوە هەڵبکەین.
چەمکی هەڵکردن بەندە بە ئەویترەوە ، واتە پێش ئەوەی کروزۆ فرایدەی ببینێت شتێک نیە بەناوی هەڵکردنەوە. تەنانەت ئەوەی کروزۆ بیری لێدەکاتەوە هیچ نییە جگە لە بێدەنگییەکی کوشندە و بیرکردنەوە لە بوونی سروشت و خودا و ئاسمان ، بەڵام بە هاتنی فرایدەی بۆ سەر دوورگەکە وا لە کروزۆ دەکات کە دەبێت لەگەڵیدا هەڵبکات، هەرچەندە ئەم هەڵکردنە گرانە، چونکە لەسەرەتاوە کروزۆ دەیەوێت زمانی خۆی فێری فرایدەی بکات. واتە ئەو دەیەوێت هەردووکیان کۆک بن لەسەر زمانی کروزۆ بۆ قسەکردن. بۆیە دوای ئەوەی فرایدەی ئەمە ڕەتدەکاتەوە و تەنانەت هەندێ جار شەڕیش لەنێوانیاندا دروستدەبێت، بەڵام دواجار مەحکومن بە پێکەوە ژیان قبوڵکردنی جیاوازییەکانیان.
دەرئەنجام ئەم ڕۆمانەی دانیاڵ دیفۆ یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی جیهان، بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە مرۆڤ بە چەمکەکانی وەکو خودا و کارکردن و هەڵکردن و دەسەڵات و چەندین چەمکیتر ئاشنا دەبێت. گرنگی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە کە بەردەوام چەمکی تر بەرهەم دەهێنێت و بەردەوام بە خوێندنەوەی هەست بکەین کە ژیان هیچ نییە جگە لە شوێنپێکانی فرایدەی.

سەرچاوە:
<http://en.wikipedia.org/wiki/Daniel_Defoe> , 1982
Robinson Crusoe. Daniel Defoe
mind? Leslie Brothers. Oxford University press 1997.
Fridays footprint, how the society shapes the human

# ڕاوەبەران

## دکتۆر کاوس قەفتان



دکتۆر کاوس قەفتان (١٩٣٣-٢٠٠٩سلێمانی) لە چیرۆکی کوردیدا، دەکەوێتە نەوەی پەنجاکان ، ئەو نەوەیەی چیرۆکی کوردیان لە چیرۆکی میللیەوە گواستەوە بۆ چیرۆکی هونەری .
سێ کۆمەڵە چیرۆکی چاپکراوی هەیە .
١- ١٠ چیرۆک ،
٢- ڕاوە بەران ، بریتییە لە دە چیرۆک و نەوەد و دوو لاپەڕەی قەوارە گەورەیە ، ساڵی ١٩٧١ چاپکراوە .
٣- نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ ، بریتییە لە دوازدە چیرۆک و سەد و پەنجا و دوو لاپەڕەی قەوارە ناوەندییە ، ساڵی ١٩٧٩چاپکراوە .

پاش ئەم سێ کۆمەڵە چیرۆکەش چیرۆکی دیکەشی لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان و کاروان و . . . . هی تریشدا بڵاوکردووەتەوە .

هەموو ئەدیبێک لە درێژبوونەوەی کردەی نووسینیدا شاکارێکی ئەدەبی بەرهەمهێناوە ، شاکار بەو مانایە نا کە لە ئاست تەواوی ئەدەبی کوردی و جیهاندا ، بەڵکو لەناو کارەکانی خۆیدا، دەتواندرێت ئەم چیرۆکەی کە ( ئاینده ) وەک هەڵبژێردراوێک هەڵیبژاردووە و لە گۆشەی ( دەقی دوێنێ ) بڵاوی دەکاتەوە بە شاکاری نووسەر دابندرێت . لە شێوازدا شێوازی گێڕانەوەی پەیڕەوکردووە و داڕشتن و زمانیشی لە باری بەکارهێنانەوە بێ گرێ و گۆڵ و بەهێزە ، بەڵام لەباری هونەری زمانەوە یەکئاستە و خوێنەر دووچاری چاوگواستنەوەی کتوپڕ و سەرسامی ناکات .
لەم ژمارەیەڕا دەقێک لە دەقی دوێنێ بە تایبەتی چیرۆک هەڵدەبژێرین و بەنەوەی نوێی ئاشنا دەکەین تا پێوەندی لە نێوان نەوەکان بەردەوام بێت و بمێنێت ، یان دروست ببێتەوە . وەک دەستپاکییەکی مێژوویی و ئەدەبیش دەستکاری پیتێکی ناکەین ، تەنیا ڕێنووسەکەی دەخەینە سەر شێوەی ئەو ڕێنووسەی کە گۆڤارەکەمان پەیڕەوی دەکات . بەو هەڵانەوەش کە لە کاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەمیدا تێی کەوتووە هەوڵی ڕاسکردنەوەیان دەدەین .

ئاینده

شاخێکی ڕووت و قووت بوو ، لە هەژارە ڕووتەڵەکانی دێیەکی بەرامبەری ئەکرد . برە دەوەنێکیشی پێوە نەمابوو ، خۆریش لە ئاسماندا کە سەری لێدەر ئەهێنا ، لە هەڵهاتنیدا و لە ئاوابوونیدا تەنیا سێبەر کە بۆی بەجێ ئەهێشت هی تاشە بەردەکانی بوو، کە وەکو لە پەڵە گژوگیا وردەکاندا کۆرپەیێکی دۆزیبێتەوە خێرا باوەشی پێدا ئەکرد و دای ئەپۆشی .

سروشت کە لە ئادەمیزاد تووڕە بوو کلک ، یان شاخی لێ ئەڕوێنێ . دڵی لە هەردیش شکا ئەوە کۆلکە دارێکی پێ نابەخشێت . بەڵام سروشت بۆچی ئەم شاخەت هەتا لە زرە دەوەنێکی کرماویش بێ بەش کرد . هەتا بە شەوانی هاوین هەزار تەرحە ئاوازی بە گوێدا هەڵدا و بە زستانیش تارای بەفری سپی بتەکێنێتە سەر ڕووی و هەمیشە وەکو منداڵێک گرۆگاڵی لەگەڵدا بکات . ئەوە سروشت خۆی ئەیزانێت ، ڕووتە و برایەوە گرنگ ئەوەیە ، ئەو ڕۆژە دەستەیێک بەسەر ئەم شاخە قووچەدا هەڵئەگەڕان ، بریتی بوون لە سێ پیاو و دوو ئافرەت . یەکێک لە ئافرەتەکان منداڵێکی بە کۆڵەوە بوو . قەدپاڵەکەیان وەها بە هێواش و لەسەرخۆیی ئەبڕی لەوە ئەچوو بن پێیان لسترابێتەوە . سۆفی حەمەوەیس و کوڕە هەرە منداڵەکەی و کوڕەزا و ژنی کوڕە گەورەکەی خاتوو وەنەوشی ژنی بەو جۆرە وەکو نەشارەزاییێک ئەبزوانەوە ، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، باش سەیری بەر پێی خۆیان ئەکرد . چونکە شوێنەکە ئێجگار سەخت بوو . نیمچە ترازاندنێک مل شکانی بەدوادا ئەهات .

-لاوێتی ئێمە وەکو هی ئێستەی ئێوە بوو . نا بەخودا . کە بە شاخێکی هەزار بە هەزاردا سەربکەوتمایە لەبەر خۆمەوە گۆرانیم ئەوت . وەکو ئاسک لەم تاشە بەردەوە بۆ ئەو تاشەبەردە بە قەڵەمبازەوە ئەفڕیم . جارێک لە پڕ پێم هەڵنووت و هەر هێندەی چاو بترووکێنی لە چاڵێکدا ناڵەم ئەهات ، دوو سێ مانگ لەسەر پشت بۆی کەوتم ، ئاواتم بۆ ئەوە ئەخواست ساتێک لەسەر لا بۆی بنووم . دوایی چاک بوومەوە و هەستامەوە سەر پێ . حای . بڕوابکەن هەتا مەرگیش بە لاوێتی ناوێرێ بەس لەوساوە فێربووم سەیری بەر پێی خۆم بکەم . تۆش هەتیوەکە گوێ لە قسەی باوکی خۆت بگرە ئەوسا دوو سێ مانگ لەسەر پشت بۆی ناکەوی .

سۆفی حەمەوەیس ئەمەی بە هەناسکە برکێوە وت ، خیزەی سنگی و ترپەی پێشی ئاوازێکی یەکسانیان پێک هێنابوو، وەکو لە کۆنەوە بەیەک ڕاهاتبن و پێکەوە مەشقیان کردبێت . هێندەش نوشتابووە ئەوەندەی نەمابوو لووتی لە ئەژنۆی بسوێت ، ئەلەی کوڕە بچووکیش لە پشتییەوە ملی نابوو . هەرچەندە تەنگاوی ئەوە بوو بە ناچاری لە دوای باوکییەوە بەو هێواشیە بڕوات ، بەڵام بە ناچاری دانی بە خۆیدا گرتبوو . بە نابەدڵیش گوێی بۆ شل کردبوو . هەستی لە لایێکی تر بوو . داڵغەی بۆ ئەو شوێنە فڕی بوو کە بۆی ئەچوون . لەوێ فاتەی کوێخا فەرەجی لێیە . ئەوەندەی بەسە بۆ ساتێکیش بێت . بە بینینی شاد بێت . دوو چاوبازی لەگەڵ ئەکات و چاوێک بەو سینگە پڕەیدا ئەهێنێ کە مەمکە هەراشەکانی لە سەری چاوەڕانی پەنجەیێکی نەوسنە تێرتێر هەڵیان گلۆفێت . بەڵکو ئەمە خودایە هەوڵ و تەقللاکەیان سەربگرێت و بیخوازێت . هەر پێی بگات ، ئیتر چش خودای ئەکرد پاش ڕۆژێک وەکو باوکی پشتی ئەچەمییەوە . ساتێک دەست لە ملانی بێت ئیتر هیچی تری ناوێت . بەس ئای لە باوکی ، لەم پیرە قۆڵترە ، خۆ ئەوەندە ئەڵێ و ئەڵێتەوە ماوەی ئەوەی نادات ساتێک بە تێر و تەسەلی بیر لە فاتە بکاتەوە .

-ئەوەتا .

باوکی ئەمەی وت و ئەمیش گورج چاوی گێڕا تا بزانێ ئەم ئەوەتایە چییە ، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە ئەم ئەوەتایە سەرەتای دەست پێ کردنی وتارێکی ترە کە ئێشی و ئازاری مێشک و ماسوولکەکانی پێ دائەپۆشێت .

ئەوەتا برازاکەت لە پشتەوە ئەڕوات . ئەوەندە لەسەرخۆ ئەڵێی لە پشتی کیسەڵ کەوتبێتە خوارێ . نم . . نم وەکو نەرمە بارانی زستان پێ پێ لە زەوی ئەنێ . دەوەرە لە داخاندا شەق مەبە و ورگی خۆت مەدڕە ، ئەمانە پشتت و هەڵگری ناوت بن . بەو شێخانەی هەزار جار دەستم بە کێلەکانیانەوە گرتووە و گیانم شەو و ڕۆژ لە دەوریان ئەگێڕم لە تەمەنی ئەم زۆڵەی برازایەتدا بووم منداڵم لە کۆشی دایکدا ئەفڕان . دەی فەرموو ڕۆژێک بێت چاوی لێک نێیت و ئەم بێ فەڕانە بت نێژن .

باشە ویستم بڵێم چی . . ها . . بیرم کەوتەوە ، وتم ئەوە برازاکەتە لە پشتەوە ئەڕوات . هەر تۆ ماوی ژنم بۆ نەهێنابیت . ئەزانم هەی زۆڵی لە باوکی خۆت نەچوو دڵت بەو کچەتیوەدا چووە . بەس ڕاوەستە ، ماوەیێکی تریش لێم ڕاوەستە ئەگەر بۆم نەهێنایت و نەمکردە باخەڵت پیاو نەبم .

هەناسەیێکی ساردی هێلاکەوەبووی قووت دایەوە ، وەکو ئەم وشانە لاوێتی خۆی هێنابێتەوە یاد ئاخ بۆ باوەشێکی نوێی گەرم بخوات ، ئێسقانە پواوەکانی گەرم بکاتەوە تینی تێ برژێنێتەوە . لە پشتیشیانەوە خاتوو وەنەوش سنگی دەرپەڕاندبوو سکی بەرە و پێشەوە هێنابوو ، لەوە ئەچوو ئامادە ببێ خۆی پێشان بدات کە تا لەم تەمەنەشیدا بە سکی پڕەوە بەم کێوە سەختەدا هەڵگەڕێ لەبەر خۆشیەوە ئەیوت .

قوربانی تۆزی بەرپێت بم ئەلە گیان . خۆزگە پێش ئەوەی ئاوارەی گۆڕی تەنگ و نسرم ئەکرام تۆشم بە زاوایی بدیایە و منداڵتم بخستایە کۆشم ئیتر . سۆفی کە لە ورتە ورتەکەی خێرا گەیشت ، بە تووڕەیییەوە هەڵی دایە :

-ها . . بۆ ئەوەی ئەو مرازەشت بێتە دی ، پەنجە بکەیت بە چاوی دوا بووکیشدا ، بەویشدا هەڵشاخاندن تاقی بکەیتەوە . دەی سا مووی پیاوەتی لە سۆفی حەمەوەیس نەڕوابێت ئەگەر بۆت

نەهێنمە دی . بەس دەمت داخە و هەناسەی سوارەوەبووت بخۆرەوە ، ئەڵێم دایخە و بە ورتە ورت قسەم پێ مەبڕە ئەگینا خودا بەو سەرەوە ئاگادار بێ ژنت بەسەر ئەهێنم .
وەستاو بە مۆڕییەوە تێی ڕوانین ، ئەمەش بیانوویێک بوو بۆ پشوو دانێک ، ئەوسا وتی :
-پێتان لێکردمە کەوشەوە کە ژن بۆ ئەم هەتیوە سەر بزێوە بێنم . بەم سبای ساڵحانە خستانمەڕێ . باشە . . یەک دوو ڕۆژ لای کوێخا ئەمێنمەوە ، دەم و دووانی چێشکە ئەکەم ، بەس .
-لەسەر تاشە بەردێک دانیشت و دەستی خستە سەر ئەژنۆی و لەسەری ڕۆیشت :
-بەس خودا بکا وەستاندنی ئەم شەڕە تا سەر بێت . وا دوو سێ مانگە نەختێک حەساوینەتەوە . زەوی خەریکە دەم ئەکاتەوە و سەری گەنم و جۆی لێ بێتە دەرێ . بە خۆشی ببڕێتەوە ، کوردەکەش دەستخەڕۆ نەبێت و چی ئەوێ بیدەنێ . ئەگینا نامەردی ئەم دنیا و ئەو دنیا بم ئەگەر دەست نەدەمەوە ماوزەڕە کۆنەکەم . وا چاوی کوشتن و بڕین نووستووە ، بە ئیزنی خودا و پیاو چاکان قەت نایکاتەوە ، ئەوسا بێ سێو و دوو فاتە ئەخەمە با خەڵی ئەم زۆڵەوە ئەلە کە گوێی لەمە بوو ، تاسێک بردییەوە . تۆ بڵێیت ئەو ئاواتەی بێتە دی و فاتە بگرێتە باوەش . باوکی لەو پیاوانە نییە قسەی خۆی نەباتە سەر . ویستی بەسەر دەست و پێیدا بکەوێت ، بەڵام تەریقی لە لایێک ، ترسی ئەوەش باوکی کەللەیی ببێت پاشگەزی کردەوە . هەستی کرد دڵی لەناو سینگیدا وەکو دەهۆڵ لێی ئەدا . گومانی لەوە نەبوو ، کەلە هیلاکییەوە نییە .
-ئای هەر ئەمە تا سەر بێت ، فاتە ببووایە بە بووکم ئیتر بە سەرفرازی چاوم لێک ئەنا . کەمێک بێ دەنگ بوو ، چاوێکی بە تاشە بەردەکاندا گێڕا و بە هێواشی وتی :
-لە بیرتانە لەگەڵ مام ئەولادا لەسەربستێک زەوی دەستمان نایە بینی یەک ، بەڵام دوو ڕیش سپی کەوتنە ناوەوە ، بە دوو وتەی خۆش و بە جێ بڕیمانەوە . خۆزگە ئەمەش وەهابن بڕ ئەکرا . بەس بەڵای خودا لەم دەور و زەمانەدا قسەی باش و دەروونی پاک پارە ناکات . ڕیش سپیش هەر باس مەکە ڕۆژیان نەماوە . لە پڕدا ڕووی کردە خاتوو وەنەوش و وتی :
-ئەوە بزانە لەگەڵ ئەمیاندا نایکەی بە شەڕ و ماڵم لێ ناکەی بە دۆزەخ . بە لچ هەڵقورتاندن و بۆڵە و خوتە جەرگی من و ئەویش ناخوێت .
-خاتوو بڕێک لێی وردبووەوە و لە دڵی خۆشیدا ئەیوت :
-ئەم گەماڵە پیرە لە گەنجەفە و زمان درێژی خۆی ناکەوێت ، ئێستەش وا ئەزانێ لە من بەولاوە کەسی تر هەیە لووتی پیا داژەنی.
-ئەوە بۆ دانانیشن . دەی پێی لێ ڕاکێشن و بڕێک بحەوێنەوە .
ئەمەی وت و بە تیلایی چاویشی لە ئەلەی ڕوانی . بینی کامەرانی لە ڕوویدا ئەتکێ و هەمووگیانی پێ ئەکەنێ . زەردەخەنەیێک لێوە

وشکەوەبووەکانی کشان ، سەری شۆڕکردەوە و ڕوانییە دەشتەکەی ئەوبەری ، کەلە دوورەوە ڕاکشابوو سەربازی میری وەکو مێرووڵە ئەهاتن و ئەچوون .
هەر لەو ساتەشدا ، لەو دەشتە ، سەربازەکان لەجم و جووڵابوون ، شەڕ وەستاوە لەناو سەنگەردا پێ نەتەزیوە و گوللەش بەسەریاندا نابارێت . ڕۆژەکەشی خۆش بوو ، ئاسمان بەسەریانەوە قووڵ و شین کشابوو لەناو تیشکی ڕۆژدا ئەبریسکایەوە و ڕووناکی ئەرژانە چاویانەوە . لەوە خۆشتر هەیە بنویت و ترسی ئەوەت نەبی گوللەیێکی وێڵ سنگت بسمێ . یان نەوێرێ چاولێکبنێت نەوەکا دەستی مردن وەکو ژیان لە ئاستیدا موویێک بێت بە مووکێشێ بە ئاسانی هەڵی کێشێ . هەموویان ئامادەن، قۆپچەکانیشیان ئەبریسکانەوە ، بە دەماخەوە بەرچاییان کردبوو . خەریکی مەشق کردن بوون . ئەوە هەر چۆنێک بێت لە بێ کاری و شەڕ باشترە . پێکەنین لە دەروونیانەوە هەڵئەقولا . بۆنا . . . بخۆ ، بڕۆ گەمە بکە ، بنو لە گوللەی وێڵ و هێرشی ناکاو مەترسە .
لە چادرێکەوە ، ئەفسەرێکی لاو هاتە دەرێ . لە بێتاقەتییدا شانی خوار ببوو لەوە ئەچوو شەوی ڕابردوو مووچەی چەند مانگێکی دۆڕاندبێ . بە ڕوویێکی ترش و تاڵەوە ڕوانییە هەموو لایێک ، چاوێکی هاری بە سەربازەکاندا گەڕاند .کە هیچی نەدۆزییەوە جێی ڕەخنە و ڕق پێهەڵڕشتنبێت ، ڕووی کردە سروشتی دەوروپشتی لەوێشدا هیچی بەدی نەکرد داخی خۆی پێ بڕژێت . هەر دەپەنجە گرژەکانی خستە کەمەری و بە دانەیێکیان یاری بە دەمانچەکەی ئەکرد کە بە بێ نیاز شۆڕببووەوە . لە پڕ قیڕانی :
-دەی بۆ مەشق .
وەکو کارخانەیەکی ئامادە ، ئەوەندەی بەس بێ دەست بە دووگمەیێکدا بهێنێ ، خێرا هەموویان ڕیز بوون . یەکەیەکە بەسەریاندا گەڕا ، لە خودای ئەویست یەکێکیان چاوی بترووکێنێ . لەبەرخۆشییەوە ئەیوت :
– ئەم شاخ و داخە ڕەقە سەختە ، ئەم سەربازە لاوازانە ، ئای خۆزگە خودا دەستی ئەدام ئەوسا ئەبینرا چیم ئەکرد . بۆ کێ داگیرسا . نازانم ، بەڵام بۆ کێ ئەبێ بکوژێتەوە ، ئینجا نازانم . ئاو بکە بە ئاگردا . کە ئاگریش نەما ڕەق ئەبینەوە ، ئاخ خۆزگە .
چاوی ئاگری ئەکردەوە ، سەربازەکان متیان لە خۆیان بڕیبوو . کەسیان نەیئەویست دۆزەخی ئەو دەروونە پڕ لە ڕقەی بەسەردا بڕژێت . بە دەنگێکی بۆڕی لە ڕقدا لەرزیوەوە نەڕاندی :
-مەشق .
دەستێکی هیلاکی فیزاوی ڕاوەشان ، دوو سێ تۆپی زلحورت هاتن و لایەوە قوت کرانەوە . بە وردی چاوێکی بەهەر چوارلادا گەڕاند . شاخە ڕووتەکەی بەدی کرد . دوو سێ شت وەکو بەرانە کێوی بن بەسەریەوە دیاربوون ئادەمیزادن ، بەرانەکێوین ، بەلای ئەمەوە گرنگ نییە و وەکو یەکن . سەربازەکان بە شوێن چاوی



ئەودا گەڕان و شتێکیان بەدی کرد دەستی برد دووربینەکەی هەڵگرت ، چەند زەلامێکی بە شاخەکەوە بەدی کرد . هەستی کرد هەوای ئەو شاخ و هەردە وەکو بەردەکانی قورس و ناقۆڵایە . تیزاب لە چاوی ئەتکا ، ئەگەر بڕژایە سەر بەردەکان ئەیتوانەوە ، بکەوتایە سەر شاخەکان تەختی ئەکرد .

-ئاخ .

بە تاڵییەوە ئەمەی وت ، بە چاوێکی لێڵی وڕەوە سەیری هەمووانی کرد لەوە ئەچوو ئەو پرسیارەی لێ بتکێ ( بۆچی من لێرەم ) . بە سستییەوە وتی :

-لەوبەرەوە ، بەو شاخە ڕووتەوە چی ئەبینن .

یەک دووانێک بەیەکەوە وتیان .

-گەورەم شتێک ئەجووڵێتەوە .

-ئەجووڵێتەوە . ها . کەواتە چییە .

-خودا ئەزانێ . ڕەنگە بەرانە کێوی بن .

ئەمەی بە دڵ نەبوو .

ها بەرانە کێوی . گوێ درێژینە ئەڵێن بەرانە کێوی . باشە ئێستا پیشانتان ئەدەم . پەنجەیەکی هەڕەشاوی بۆ تۆپچییەکان ڕاوەشاند و وتی :

-هەتا ئەمڕۆ ئەموت کە ئەم تۆپە نوێیانە هەتا مێروولەش ئەپێکن . ئێستەش بە چاوی خۆتان ئەبینن .

یەکێک لە تۆپچییەکان ویستی بڵێ :

-گەورەم خۆ شەڕ نییە . کێ ئەڵێ ئەمانە ڕێبواری کورد نین . بەڵام ئاگری ناو چاوی ئەفسەرەکە وشەکانی لە گەروویدا خنکاند . بە ڕاهاتنەوە خێرا تۆپەکان ئامادەکران . بە دەستێکی دووربینەکەی بە چاوییەوە گرتبوو . بە دەستەکەی تریش نیشانەکەی بۆ ڕاست ئەکردنەوە . زەردەخەنەیێکی ئاگراوی سەر لێوی گرت . بە ڕقێکی بێ شومارەوە نەڕاندی .

-ئاگر .

سێ تۆپ بەیەکەوە تەقین ، زەمین لە تاواندا لەرزی ، شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ دەنگی ئەدایەوە ، وەکو گفتوگۆیێکی خوێناوی بەیەک بگەیێنن . تاشە بەردەکانی شاخە ڕووتەکە لەوە ئەچوو بهەژێت .

سێبەرەکانیش لەگەڵ بەردە ورد و خاش بووەکاندا پەرش و بڵاوبوونەوە . بە دەستێکی لەرزۆکەوە ناوچەوانی سڕی و وتی :

-ئەم وت لە تفەنگ باشتر نیشان ئەشکێنن .

شوباتی ١٩٧٠ بەغدا

لەم سەرچاوەیەوە گواستراوەتەوە :

ڕاوە بەران ، دکتۆر کاوس قەفتان ، کۆمەڵە چیرۆک ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، ساڵی ١٩٧١ . ل : ٦٥ تا ٧٢ .



# وەرەبا پیاو بکوژین

ئاریان ئەبوبەکر

## یەکەم

ئێستا
ئەو کاتەی لە سووچەکانی ژیانی مندا
من پشیلەیەکی حەوت ڕۆحم و تۆش دوانزدە جار دەمکوژیت
من نامەوێت بت کوژم
بەڵام دەبێت بڵێم قابیلتە بکوژرێیت
هەر ئێستا
ئێستا
سێ ژن خەریکی فیکلانکۆن
چوار پیاو خۆیان شاردۆتەوە
لەسەر یەک دیوار نوسراوە شار
(جۆ )ئێمەش بە یەک زمان دەزانین بڵێین
ئێستا هیچ مەڵێ
هەر هیچ هیچ مەڵێ
زمانت بگرە
دڵت داخە و وەک گوڵە یەخەیەکی پلاستیکی بیدە لە یەخەت

من  فیلمێکی دیکۆمێنتی نیم
کە وێنەکانی ڕوونترن لە ئێستا
ئێستا جنینی کلتوورە ؟
لەسەر ڕنەیەکی مۆدێل تازە
بە ئەندازەی خەم خواردنی بەرد
هەر ئێستا
چیت لە ژێر هێڵەکانی خەیاڵتدا شاردبوونەوە دۆزرانەوە
چی شەقامەکانی تەمەنتە
بە چەوەکانی ساتی من چەوڕێژ کران
من هەموو کیلۆ مەترەکانیم بڕی و تۆ لێت نەپرسیم پێڵاوەکانت ڕەقەم چەندە؟
هەر لێشت نەپرسیم کەرێک بە چەندە
ئاخر ئەم کۆڵانانە پڕن لە دڵپاکی من و چۆڵن لە خۆشەویستی تۆ بۆ من
هەر بۆیە
هەر بۆیە شەمەندەفەرەکەی خەیاڵمم  لە ناوەڕاستدا بڕییەوە
ئەو بەشەی کە منی تیا بووم، بۆ من
ئەو بەشەی کە چۆڵ بوو، بۆ تۆ
وام بڕیار دا
WC بڕیارم دا لە دەرگای ژووری میوان بنوسم
بڕیارم دا
خەو لە چۆڕاوگەی بارانی وەرزێکی تردا بشۆرمەوە
ئەوسا بە دوای خەونامەیەکی یەک ملیۆن لاپەڕەییدا بگەڕێم
بڕیارم دا
چەترێک دروست بکەم
بۆ وەرزی بەرد بارین
بڕیارم دا
دوو باڵ لە داڵە کەرخۆرە قەرز بکەم بۆ فڕین
بڕیارم دا
پێوانەی ئۆکسجینی بەکارهاتووم
لە سەرەتای ئەم تەمەنەدا حساب بکەم
بڕیارم دا
مۆنتاژی زاکیرەم لەناوەڕاستی ڕۆژێکدا بکەم
کە ئەسڵەن تۆ نەزانیت چەند شەمەیە
بڕیارم دا بڕیار بدەم
بڕیارم دا و بڕیارم نەدا
بڕیارم نەدا



خۆم فێری فیشەک تەقاندن بکەم
لە بەرچاوی شەتڵێک هەوادا
بڕیارم نەدا
لە هێنانی تابووتێکی کتوپڕدا دەستم هەبێت
بڕیارم نەدا
ئەو چاوێلکەیە لە چاو بکەم کە توانای بینینی تۆی هەیە بە ڕووتی
بڕیارم نەدا
بزمارەکانی ئەم کێشەیە لە گێژاوەکانی ئەم هەڵەیەدا بکەمە برغوو
بڕیارم نەدا
و
بڕیارم دا
و
بێ بڕیار بووم
کە تۆم بینی لە ناوەڕستی شاردا خەریکی سێکس بوویت و
منیش لە قەراغ شاردا سەیرکردنم خستبووە ناو کاتژمێرەکەمەوە
بێ بڕیار بووم
کە شەوێک نا هەزار شەو نا
یەک تەن شەو
دەستم خستە ملی خۆم و
هەرچۆنێک بێت دڵنەوایی منم دەکرد
بەڵام خۆ بڕیار نەدرابوو
بەرد ڕەق بێت کە شووشە نەشکا
بڕیار نەدرابوو
تەنها ئاوماڵی ماسی بێت
جۆگە قەراغی پڕ نەبێت لە ڕێحانە
بڕیار نەدرابوو
شەو هەر بۆ خەو بێت
بڕیار نەدرابوو
کە زەوییەک لە غەدری تۆ ڕووخا بە سەرما، تۆ شۆفڵ نەبیت
بڕیار نەدرابوو
لە کاتی خۆکوشتنی ئاودا
لە کاتی دڵڕەق بوونی ئیسفنجدا
لە کاتی تەلەفۆن کردندا
لەو کاتەی شووشەیەک دەشکێت و ناشکێت
هەر ئەو کاتەی زلەی مەراقێک ڕوومەتم دەگرێت
تفێکی تێکراو دەرژێتە دەمم



و
سەتڵێک لە ئایندەم پێ قلّپ دەکرێتەوە
و
هێندەی پڕ تەنکییەک لە سیقەم
دەخەیتە ڕادانی پاشەڕۆکانت
قێزم لەم ئەزموونەم دەبێتەوە
نەمزانی کە وتت ئەلوو
منت کوشت و خۆم نەمردم
لە ناوەڕاستی بلۆکەکانی هەستما بەپێوە وەستام
تۆ نامرۆڤانە تووشی بلۆک خواردنت کردم
ژیانی کۆڵانەکانی ماسیت رنییەوە و ئەم هەموو بینینەت بەدرۆ خستەوە
دەفتەرەکانت حەرام کرد لە نوسین و دەستەکانت بڕی
کە تۆ ئاشێک بوویت
بۆ هاڕینی تایەی ئۆتۆمبێلەکانی خەونی من
کە تۆ ئوتویەک بوویت بۆ گرنج گرنجکردنی زاکیرەی من
من ئێستا کارگەی دروستکردنی تایەم هەیە و
زۆر بەباشی فێری ئوتوکردن بووم و
کارەباکەم مەحکوم نابێت بە دادانەوە
ئێستا لە جامی درێژترین پاسەوە
بای بای لە هەموو ئەوانە دەکەم کە بە قۆندەرەوە هاتنە سەر شۆستەکەم
هەموو ئەرشیفم قەد دەکەم
یەک شتم هەیە
ئەویش ئێستایە
بەس ئێستا
ئیستا خەریکم بە دەستدان لە جوولەکانی هەواوە
خەریکی سەیرکردنی ئاراستەی گوڵەبەڕۆژەم
خەریکی لەبەرکردنی وشەی، (خودا) حافیزیم
خەریکی لەبەرکردنی وشەی سلاوم
خەریکی ڕواندنی گێزەرم لە کێڵگەکانی چاوما
خەریکی خەریک بوونمم
ئیتر مەیە
مەیە
تا زمان لە زێرابی ئەم تەمەنەدا تەنک نەبێتەوە
مەیە
وتم مەیە
ئێستا
پیاوێک بە ڕووتی

لەبەر دەرگا دانیشتووە و
ڕوانینی کردۆتە ناو جادەوە
پیاوێک بەرگ دەگرێتە دەفتەرە مسۆدەکانی ژیان
پیاوێک وەک سێو پرتەقاڵ دەخوات
پیاوێک بە بنێشتی کوردی
لە شەوی عاتیفەدا گڵۆپ دەکات
پیاوێک لە لای دایکییەوە دەخەوێت و خەو بە باوکییەوە دەبینێ
پیاوێک چیرۆکی خۆی بۆ مێشولەیەکی کەر دەگێڕێتەوە
پیاوێک بە مووکێشەکانی فیراق
ناشت بوونەوەکانی هەڵدەکێشێت
پیاوێک لە فیلمێکی ڕووتا
باسی خەتەنەکردنی کات دەکات
پیاوێک لە سەربانی هاوینێکەوە
نوکتە لەسەر ڕۆژەکانی زستان دەکات
پیاوێک بە جلی کوردییەوە
ئارەزووی سێکسێکی نادروست دەکات
پیاوێک بە تاتوو لەسەر زمانی دەنوسێت ژن
ژنێک،
ژنێک لە تووڕەییدا میزڵدانێک دەتەقێنێت
هەمان کات گوێ بیستی مۆسیقایە
ژنێک لە سەر سیسەمێکی دوو قات
لە کاتی سێکس کردنا کارەبا دەیگرێت و بەر نابێتەوە
ژنێک بە ددانێکی شکاوەوە یێزوو بە خواردنی بەردەوە دەکات
ژنێک هێندە دۆستانە دەڵێت چۆنیت؟
وەڵامێک کەمە
زۆر زۆر کەمە بۆ ئەم باش بوونە
ژنێک خولێک بۆ بەهێزکردنی پاسکیلەکانی خۆشبەختی دەکاتەوە
ژنێک لە ئایندەدا بەگەورەیی لە سەر دیوارێکی بچووک دەنوسێت رابردوو
ژنێک تاقەتی نییە ناونیشانی ئەم نووسینە بخوێنێتەوە
مادام وایە مەیە
ئیتر مەیە
تا هەموو گوێزەکانی بەدبەختی
بە ددانەکانی من نەشکێنرێن
مەیە
شۆفێرییەکەت



هێندەی سکێتێکی پێ ناکرێت
لە ناو کێڵگەیەکی چیمەنتۆدا
ئیتر مەیە
من دڵم نایەت ئاو بخەمە پەرداخەوە
دڵم نایەت کەر لە ڕستەدا بکەم بە بکەر
دڵم نایەت دار لە باخەکەما بڕوێنم
کە جورئەت ناکەم لەم بێ ئاوییەدا تینوویەتی گەڵا ببینم
دڵم نایەت دڵم بێت
هەر ئێستا
چەقۆکە هەڵگرە
دەمانچەکە بێنە
چ بەردی سەر زەوییە کۆی بکەرەوە
مشارەکان ئامادە بکە
تەورەکە تیژ تیژ بکەرەوە
چی قسەی رەقە
لە زمانتا شتێکی لێبکە
وەرە
وەرە با شەڕ بکوژین
ئیتر مەیە
مەیە
با پیاو نەکوژین

سلێمانی
2008_2009

aryan_abubakr@yahoo.com

# دەستی من بووە بە شاعیر

حسێن ئەحمەد



من کەبووم بەشاعیر
وادەکەم تیشک شاعیر بێت،
وادەکەم تاڤگەکان لەسینەی خۆیاندا شاعیر بن،
وادەکەم تفەنگ شاعیر بێت.

من کەبووم بەشاعیر
لەناو فەنابوونی خۆمدا فەنابوونی دڵت دەپارێزم
لەناو جەهەنەمی خۆمدا
دۆزەخیت دەکەم بەشیعر
غەزەلت بۆدەڵێم باسی ساردی زەمهەریرەکانت بکات
باسی کەوتنی تکێ ئاو کەلەسەر وجوودت نوێژ دەکات
باسی کەرامەتی خونچە کەدەستی خۆی بۆ ئاورنگەکانت دەبات
کەسەری خۆی بەسپێدەکانت دەسپێرێت
فڕینت بۆ دەگوازمەوە
وەک گواستنەوەی مردن لەدەمی موشەکدا
وەک گواستنەوەی برین بەهەناوی فیشەک

ئەی ئەوەی بەشاعیر نام بینیت
من دەبم بەشاعیر! !
لەناو شیعریەتی مندا بەکیتابێک باوکم قەناعەتی هەیە
لەناو شیعریەتی مندا
باخچەکەمان فەلسەفە دەخوێنێت
ماڵەکەمان خشت بۆ عادەبوونی خونچە درووست دەکات
دەرگاکەشمان
فێر دەبێت کەبا دڵی شکاند
دەست بنێت بەسینگی خۆیەوەو مەنفا بەوجودیا هەڵواسێت

کەمن بێکەسیم وەک شووشە دەکەوێتە سەر خاک
لەجێی من خوا شیعر دەنێرێت
لەجێیّ من بەرد دەبێت بەشاعیر

من دەبم بەشاعیر
تا بەوشە یاری لەزمانتا بکەم

تاهۆشیاریت بەدرووستی بانگی مەرجان بکات
بەتەریبی سینەی ئاو بخاتە لەنجە

مەنفات بۆ دەخەمە دێڕەوە
ڕستەت لەمانگ بۆ دەکەم بەشیعر
لەئاژاوەکانتا بەخوێن دەڵێم نەگری
بەگوللە دەڵێم قسەبکات
پێش ئەوەی بچێتە دڵەوە
پێش ئەوەی لەسینەوە بڕوات .

من شاعیر نیم وەلێ وەک شاعیران دەژیم
وەک سەدەف لەناو بێقەراریی ئاودا
وەک زەخمی ئاسمانێک کەبازێکی وەیلان
بەفڕین برینداری دەکات
بەباڵی بەهای دەشێوێنێت.

چونکە ئەەریمەنەکان شاعیر نین
چونکە دۆزەخ ماڵی لەخەیاڵدانییە
چونکە هەوا ناتوانێت شاعیر بێت
من دەبم بە شاعیر

من بەخەیاڵ دەژیم
بەخەونم کەلەگەڵ بێخەونی سەرابدا جووت دەبێت
بەڕۆحم کەلەگەڵ ڕۆحی شەونمدا تیلاوەتی هەیە
من بەخەیاڵ دەژیم ،
خەیاڵی من بۆ ئەوەیە فەلسەفە بکەم بە شیعر
ناکۆکی جەهەنەم و بەهەشت لە شیعرا یەکلایی کەمەوە
تەنهایی دادگایی بکەم کاتێک بەسەر زاکیرەی خونچەیەکدا
دەڕوات
کاتێک خۆمم لێدەکات بە دوژمن .

تۆ لەکوێی ئەی یاقووت،
ئەی نقێمی سەر پەنجەی مەلەکە دوورەکان
ئەی نوتفەیەک لەئاودا بۆ پەنجەم دەگەڕێیت
دەستی من بۆتەوە بەشیعر
دەستی من سەراب ودڵ
خاک و ناخاک
ئاسمان و نا ئاسمان پێکەوە سواری یەک دەکات و
دەیانکات بەشیعرت

دەستی من بێماڵەو لەبێشوێنی خۆیدا
تۆ دەکات بەشیعر

ئەندێشەت بۆ دەجوڵێنێت
کەتۆ خاک نیت لەخاکدا تۆ دەدۆزێتەوە
کەتۆ خوا نیت، لەخوادا تۆ بەرهەم دەهێنێت

دەستی من بۆتەوە بەشیعر
هەر بۆیە دەتوانم گۆزەکان پڕبکەم لەتەبیعەتی خۆیان
لەجەرگەی سەرابدا بیر لێبەم
تەنهایی بەکەشکەلانی فەلەکدا بەێنم
ئومێد ڕازی بکەم سەربنێت بەخولیاکانمەوە
کە ئەسەف دێت لە دڵما خۆی بتلێنێتەوە
کەغەم دەگات سێبەری خۆی
بە بۆیەی سەر پەنجەرەکانمەوە جێبێڵێت

دەستی من بۆتەوە بەشیعر
هەر بۆیە دەتوانم گوڵ بکەم بەتفەنگی خۆم
کەهاوار لەسەراب دەکەم، لەدەمیا ئاو وەڵام باتەوە
کەتووڕەبووم لەبا، لە دڵیا شەماڵ نازم باتێ
کە گوڵم کوشت لە ڕۆحیا جوانی هەستێتەوە
شکۆفە دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی غەمەکانی مندا بگەوزێنێت

من تەماشای ئاو خواردنەوەی مانگ دەکەم
تەماشای ئاو خواردنەوەی هەتاو کە دەمی خۆی خستۆتە دەمی
شەونمەوە
کەسەری خۆی بە سەفای تاڤگەدا دەکێشێت
من تەماشای هەتاو دەکەم، تەماشای گیا
تەماشای ئەو خونچە دیلانەی باخچە ئازادییان نییە
چونکە وەک دەستم شاعیرن...

کە باغێکی دیکە نییە،
کە نیلۆفەر دڵی خۆی بەئاودا دەکێشێت
کە نەسیم بوونی خۆی دەباتە شوێنێ تر
کە شەهید شەهید نابێتەوە
خوا دەبێت بە شاعیر

چونکە شاعیرەکان تەنیان
شاعیرەکانی وەک دەستەی هەنگ تەنیان
وەک دەستەی فڕیوی کەنارییەک کە ئاسمان بەئازادی ناژین
کەهەوا بەرەهایی پێوەری قەفەزەکانیانە
کە مەودای بچووکی دوو ئاو، مەودای جیای دوو بین
وەک قەفەز مومارەسە دەکەن .
وەک قەفەز دەبینین .

# کار لەکار ترازا

## ڕۆمانێک بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لە ژیانو لە مەرگ

ئیدریس عەلی

لەڕاستیدا بیرکردنەوە لە مەرگو دنیای دووای ژیانی سەر زەمین، هەمیشە بۆ مرۆڤەکان لەسەرەتاوە تا ئێستا پرسیار بووەو فیکرو زەینی زۆرێک لەبیرمەندانو فەیلەسوفانی داگیر کردووە، بێگومان ئەم چەمکە پێناسە نەکراوە، لەیەک فەزای دیاریکراودا نەوەستاوەتەوە وەک پرسیارێکو گومانێکی ئەزەلی، کە لەگەڵ ژیانو بیرکردنەوەی مرۆڤدا گەشەی کردووە، پەلوپۆی خۆی بۆ نێو ڕەهەندەکانی ئەدەبو هونەریش هاویشتووە، ڕۆمانی ( کار لەکار ترازا) یەکێکە لەو تێکستە فرە ڕەهەندو ماناو تێگەشتنە فەلسەفیانەی، کە بەقووڵی ئەم پرسی مردنەی شرۆڤە کردووەو لەچەند ڕەهەندو لایەنێکەوە ڕایەڵێکی توندو پتەوی لەنێوان ژیانو مەرگو مرۆڤدا دروستکردووە.

بەشێکی سەرەکی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی ( کار لەکار ترازا) بریتییە لە پرسی گەڕانەوە بۆ ئەبەدیەت، واتە گەڕانەوە بۆ دۆخێکی دیاریکراوی ڕابردوو کە تێپەڕیوە، ئەم بیرۆکەیە لەلای نیتچەش بوونی هەیەو زۆرجار فەیلەسووفەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووە بەوەی ( بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان شتەکان وا دووبارە ببنەوە کە پێشتر ڕوویانداوە) ئەو گومانیشی هەیە لەوەی کە شتەکان وەک خۆیان لەڕابردوودا چۆن بوون دووبارە ببنەوە، ئەمە گریمانەیەکە و لەناو چوارچێوەی میتۆدە زانستی و شیکارییە سەلمێنراوەکانی گەردوون و سرووشتی ژیانی مرۆڤدا ناتەبایە، بەڵام ناکرێت وەک پرسێکی ئینسانی لەچەمکی فەلسەفەدا کە کار لەسەر شتە نەسەلمێنراوەکان دەکات قبوڵ نەکەین، لێرەوەیە ( سارتەر) ی فەیلەسووف بێشک و گومان ئەم پرسی گەڕانەوەیە دەکاتە ستوونێک لە ستوونەکانی ڕۆمانەکەی و لەڕەهەندگەلێکی ژیاندۆستییەوە دووبارە بەشوێن دۆزینەوەی چەمکو مەفاهیمە ئینسانیەکاندا دەگەڕێت کەلەسایەی شەڕو مەیلی دەسەلاتخوازانەی مرۆڤەوە خەریکن کاڵ دەبنەوە.

کەسایەتیەکانی ناو ئەم ڕۆمانە هەریەکەو خاوەنی سروشت و سایکۆلۆژیەتێکی سەربەخۆن و هەریەکەیان سەربەجیهانێکی داخراون، بەڵام بوونی خەونی ژیانکردن لەلای کارەکتەرەکانی جۆرە نزیکایەتییەکی بۆ پێکهێناون کە خوێنەر وشیارانە دەتوانێت خاڵی هاوبەشیان تێدا بدۆزێتەوە، بەتایبەت لە بوونی چەمکی یەکێتی بابەتو ڕۆیشتن بەشوێن ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانو سوڕانەوە لەبازنەیەکدا کە دواجار کەسایەتییەکان لەزۆر شوێنی جیاجیادا تووشی یەکتر دەبنەوە، بەحوکمی ئەوەی سارتەری بلیمەت کۆی وردە چیرۆکەکانی ناو ئەم تێکستەی لەناو چیرۆکێکی گەورەو گرنگدا کۆکردۆتەوە کە ئەویش بوونی ژیانو مەرگو خەونو خولیاو بەرژەوەندی کەسایەتییەکانە لە پێناو یەک ئامانجی دیاریکراودا.

(ئیف) لەژووری نووستنەکەیدا خەوتووە، بێئاگایە لەوەی ( ئاندرە شارلی) هاوسەری لە هەوڵی ئەنجامدانی خیانەتێکی هاوسەریدایە و پیلانی کوشتنی بۆ داناوە، سەرەتا ئاندرە بۆیە ئیڤی خواست چونکە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و خاوەنی سەروەت و سامان بوو، ئەو بەهیچ شێوەیەک ژنەکەی خۆی خۆشنەدەویست، بەڵکو عەشقی بۆ (لوست) ی ژن خوشکی هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش نەخۆشیەکەی ئیف دەقۆزێتەوەو لەوماوەیەدا گرنگی بەخۆشەویستی لوست دەدات کە لە ئیف جوانترو مندالترە ، ئاندرە سەرۆکی پاسەوانەکانی ڕژێمە و دیدێکی شەڕانخوازانەی بۆ مرۆڤ و ژیان هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئیف کەسایەتییەکە لێوانلێو لەژیان و مرۆڤدۆستی، ئامادەیی تێیدایە لەپێناو گەیشتن بەحەقیقەت و جوانیدا قوربانی زۆر بدات، بەتایبەت کاتێک هەستدەکات مێردەکەی مەیلی بۆ خوشکەکەی هەیە، هەوڵدەدات ڕێگری بکات و نەهێڵێت دەستی ناپاکی بگاتە خوشکەکەی، چونکە ئیدی ئیف دەزانێت چ مرۆڤێکی بەدخو و پیس و تەماحکار لەناخی پیاوەکەیدا نووستووە.

لەدیمەنێکدا ئیف نەخۆشەو لەسەر جێگە کەوتووە، ئاندرەی مێردی ژەهر ڕۆدەکاتە ناو پەرداخێک ئاو و لەنزیک سیسەمی نووستنی ژنەکەیدا دایدەنێت، ژنەش بێئاگایە لەم پیلان و خیانەتەی

هاوسەرو خوشکەکەی، پەرداخە ژەهراوەکە دەخواتەوە و دەمرێت.
پیەریش هاوشێوەی ئیڤ لەژووری پیلانگێڕەکاندا لەگەڵ دەستەیەک لە هاورێ شۆڕشگێڕەکانی خۆی سەرقاڵی دارشتنی بەرنامەی بەرپاکردنی شۆڕشن، پیەر سەرۆکی کۆمەڵەی ئازادیخوازانەو کرێکاری کارگەی ئاسنە، بەم پێیە مەیلێکی چینایەتی و فیکری چەپانەی هەیە، هاوکات لەخۆئامادەکردندایە بۆ رابەرایەتیکردنی راپەڕین، بەڵام یەکێک لە دۆستەکانی خۆی کە بەکرێگیراوی دەوڵەتە پیلانی کوشتنی بۆ دادەنێت بەمەبەستی سەرنەگرتنی شۆڕشەکەیان، پیەریش وەک ئیڤ بێئاگایە لەو پیلانە و سەرەنجام رۆژێک بەر لەراپەڕین بەسواری پاسکیلەکەیەوە بەر فیشەک دەدرێت و دەکوژرێت.
لەسەرەتای رۆمانەکەدا هەست بە نزیکی چارەنووس و ژیانی تاڵی پیەرو ئیڤ دەکات، ئەم دوو پاڵەوانە بەبێ ئەوەی یەکتریان دیبێ و ناسیبێت بەیەک چارەنووس لە دوو فۆرمی جیاوازو لەیەککاتدا دەبنە قوربانی دەستی غەدرو خیانەت لەلایەن کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە.
ئیڤ بەژەهری هاوسەرەکەی دەمرێت و پیەریش کە هاوشێوەی ئیڤ رەمزی خەونبینینە بە ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەرانەوە بەگوللەی دۆستێکی باوەرپێکراوی دەمرێت، لەراستیدا چەمکی خیانەت و شۆڕش و مەرگ و ژیان و ئازادی، لەم رۆمانەدا مرۆڤ دەبەنە ناو ململانێیەکی سەخت و دژوارەوە، دیدی سارتەر لەم رۆمانەدا سەبارەت بەژیان و مەرگ و مرۆڤ و شۆڕش، زیاتر لە جەوهەری ئینسان و حەقیقەتی بوون و گومان لەژیان و وجود نزیکمان دەکاتەوە، ئەو بەشێوەیەکی ورد مرۆڤی ناو کێشەو ململانێ و بەرژەوەندییەکانی نیشانداوە و زۆرجاریش بەهۆی رەشبینییەوە لە ئاست درندایەتی مرۆڤ وا نیشاندەدات کە ژیان هێندە ناهێنێت قووبانی بۆ بدرێت.

ئەم رۆمانە بەشێوەی سیناریۆی فیلمێک ، یان دەقێکی شانۆیی نووسراوە، کە ئەمەش جۆرە تەکنیکێکی نووسینە کە کارئاسانی سارتەر نیشاندەدات بۆ خوێنەرەکانی بۆ بە ئاسانی و سادە گەیشتنی بیرۆکە و فیکری خۆی بۆ خوێنەر، بۆ نموونە گرنگی زۆری بە ناونیشانی فەرعی داوە لە گواستنەوەی دیمەن و رووداوەکاندا و بەشێوەیەکی زیرەکانە گرێی داون بەیەکەوە، بەتایبەت لەوەسفی دیمەنەکاندا زۆر جوان موفرەدەو ئیسکسوارەکانی دیاریکردووە و بەهۆی کورتی لەوەسف و روونی و سادەیی زمانەوە خوێنەر بەزوویی دەباتە ژێر کاریگەریی فەزای گشتی رۆمانەکەوە.
سارتەر بە کوژرانی دوو پاڵەوانەکەی دەستبەرداری ژیانیان نابێت و تەواو نائومێدیان ناکات، بەڵکو لەژیانێکی دیکەدا رۆڵیان دەداتێ کە دیسانەوە خزمەت بەرەوتی رووداوەکان دەکەنەوە، ئیڤ لەکاتێکدا دەمرێت ئیڤێکی تر لەسەر سیسەمی نووستنەکە هەڵدەستێت و چاودێری رووداوەکانی پاش مردنی خۆی دەکات، لەکاتێکدا دەستی ئیڤە مردووەکە لەناو دەستی خوشکەکەیدایە، ئیڤەکەی تر بەناو ژوورەکاندا دێتو دەچێت، بەڵام کەس نایبینێت و دەنگیشی نابیستن، یەکەم شت ئیڤ تەماشای ئاوێنەکەی ژووری میوان دەکات، بەڵام رووخساری خۆی نابینێت ئیدی تێدەگات کە ئەو مردووە، بەڵام مردوویەکی جیاواز، مردوویەک گوێی لەهەموو شتێکەو هەموو کەسێک دەبینێت، بەڵام کەس ئەم نابینێت و نایبیستن تەنانەت خزمەتکارەکەشی دەبینێت کە بەهۆی مردنی ئەمەوە شپرزە بووە، هەرچەند بانگی دەکات وەڵامی ناداتەوە.
پیەریش لەکاتی کوژرانەکەیدا کە کۆمەڵێک کرێکار و سەرباز بەسەر سەریەوە وەستاون و مشتومڕیانە پیەرێکی تری لێدەبێتەوەو وەک ئیڤ هەست بەهەموو شتەکانی چواردەوری دەکات بەڵام هیچ کام لە زیندووەکان هەست بەم ناکەن.
چارەنووسی ئەم دوو مرۆڤە زۆر لەیەکترەوە نزیکن، هەست بە



مردنی خۆیان دەکەن و ئاگایان لەهەموو شتێکە، دوو مرۆڤی مردووی جیاواز بەناو شارو پارکەکاندا هەر یەکەیان بەرێگەیەکدا دەڕۆن بەبێ ئەوەی بزانن چییان بەسەر دێت و بۆ کوێ دەڕۆن، لەم ساتەدا دەنگێکی غەریب و نائاشنایان بەر گوێ دەکەوێت کە یەکبەخۆ دەڵێت: لاگنزی.. لاگنزی.. لاگنزی، پیەر لە وێستگەیەکی پاسدا پیاوێک دەبینێ کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە، لێی دەپرسێت کە شەقامی لاگنزی لەکوێیە، بەڵام ئیدی پیاوەکە ئەم نابینێت و ناشیبیستێ بۆیە وەڵامی ناداتەوە، لەدیمەنێکی دیکەی هاوشێوەدا ئیڤ لەناو پارکێکدایە ژنێک دەبینێت کە خوری دەچنێت و بە قاچێکی منداڵەکەی ڕادەژەنێت، ئەویش پرسیاری هەمان شەقامی لێدەکات، بەڵام ئەویش پیاوی وێستگەی پاسەکە ئیڤ نابینێ و هەستی پێناکات، سەرەنجام خۆیان بەهۆی گەڕانێکی زۆرەوە دەگەنە کۆڵانێکی بنبەست کە لەسەر پارچە قیتعەیەک نووسراوە ( بنبەستی لاگنزی) دەبینن لەبەردەم دوکانێکدا چەند کەسێک سەرەیان گرتووە، ئەوەی لەڕۆمانەداکەدا پێماندەڵێت شەقامی لاگنزی گوزارشتە لەو دنیا کە مردووەکان بەپێی بۆ چوونە ئاینیەکان بۆی دەچن، دوکانەکەش شوێنێکە بۆ تۆمارکردنی ناوی تازە مردووەکان و ڕێنوێنی کردنیان بە دنیای تازەی مرۆڤە مردووەکان کە لەوێ پیەر خۆشحاڵ دەبێت هەموو کەسێک یەکتر دەبینن و دەتوانن هەست بەیەکتر بکەن، ئەو دوکانەی کە وەک نووسینگەیەک کاروباری مردووەکانی لێبەڕێوە دەچێت، ژنێکی عەینەک لەچاوی لەسەرەو کاتێک پیەر دەچێتە بەردەمی ژنەکە ناوی پیەر لەدەفتەرەکەدا دەدۆزێتەوە و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئیدی ئەو بەرەسمی مردووە و پێشی دەڵێت کە سەرۆکی کرێکاران بووە لەکارگەی ئاسن، دواتر پێشی دەڵێت کە لەچ شوێن و ساتێکدا کوشتوویانە، پیەر تا ئەو کاتەش بێئاگایە لەوەی کێ کوشتوویەتی هەتا ژنەکە پێی ڕادەگەیەنێت کە (لوسین درژو) کوشتوویەتی، (ئیڤ) یش لەهەمان نووسینگە چۆنیەتی کوشتنەکەی پێ ڕادەگەیەنن و ئیمزای بەڕەسمی مردنی پێدەکەن، دواتر لەنووسینگەکە نازانێت کوێوە بچێت، بۆیە پیرەژنەکە دڵنیای دەکات لەوەی کە مردووەکان ئازادن بۆ هەر شوێنێک بچن.

ئیڤ و پیەر هەر یەکەیان بەجیا تێکەڵ بە جیهانی مردووەکان دەبن، مردووەکان لەناو یەکتردا هەست بەهەموو شتێکی یەکتر دەکەن و ژاوەژاو و پەلەپەلی دنیای زیندووەکان دەبینن، بەڵام ئەوە زیندووەکانن کە ئەمان نابینن و هەستیان پێناکەن، تەنها شتێکیش کە مردووەکان یەکتری پێدەناسنەوە و لەزیندووەکانی پێ جودا دەکرێنەوە ئەوەیە کە مردووەکان بەهێمنی و لەسەرخۆ ڕێدەکەن و دەجوڵێنەوە لەکاتێکدا زیندووەکان بەردەوام پەلەیانەو بەخێرایی دەجوڵێنەوە.

پیەر وردە وردە بەهۆی پیاوێکی بەتەمەنەوە کە زووتر مردووە ئاشنای دابونەریت و شێوازی ژیانی مردووەکان دەبێت، لەکاتێکدا پیەرو پیاوە پیرەکە تەماشای پاڵەوانبازییەکی دنیای زیندووەکان دەکەن ئیڤیش لەوناوە دەبێت، ئیڤ چاوی دەچێتە سەر کچێکی گەنج کە کوڕێک خەریکە پارەی ناوجانتاکەی دەدزێت، ئیڤ هاوار دەکات و دەیەوێت کچەکە لەوە ئاگادار بکاتەوە کە دزیی لێدەکەن، بەڵام ئیدی ئەوان زیندوون و گوێبیستی مردووان نابن، بەڵام پیەر زوو دەنگەکە دەژنەوێت و ئاماژە بۆ پیاوە پیرەکە دەکات کە ئەو ئافرەتە تازە هاتووەتە ناو جیهانی مردووەکانەوە، هێشتا لە شتەکان حاڵی نەبووە، پاش ئەوەی پیەرو ئیڤ بۆ ساتێک تەماشای نێو چاوانی یەکتر دەکەن ئیدی سەرەتای ئاشنایەتییەکی قووڵ دەستپێدەکات.

پیەر بەو گۆڕانکارییە خۆشحاڵە کە بەهۆی مردنیەوە بەسەریدا هاتووە، لەگەڵ پیرە پیاوەکەدا بەڕێدەکەون و ئیڤیش ڕێگەیەکی تر دەگرێتە بەر.

لەیەکێک لەدیمەنەکانی ناو جیهانی مردووەکاندا کۆشکی خاوەن شکۆ نیشان دەدرێت، پیەر دەمێکە حەز دەکات کۆشکی دەسەڵاتدارو خاوەن شکۆ ببینێت، تەنانەت ئەوە یەکێک بووە لەخەونەکانی ئەو کاتانەی کە زیندووە بووە، پیەرو پیاوەکە دەچنە ناو کۆشکەکەوە چەند مردوویەک بەجلوبەرگی زەمانی خۆیانەوە دەبینن، چاویشیان بە خاوەن شکۆ دەکەوێت کە بەرگی سەربازی لەبەردایە، لێرەدا گاڵتەجارییەکی زۆر بە خاوەن شکۆ دەکات و وەک شتێکی قێزەون وەسفیان دەکات کە هەموو شتێکیان ڕووکەش و دەستکردە، بۆ نموونە باس لەجگەرە کیشانی خاوەن شکۆ دەکات کە بۆ ئەوەی سمێڵەکانی زەرد نەبن پارچە پەڕۆیەکی کردووە بەسمێڵیەوە، سارتەر لەم دیمەنەدا ڕاشکاوانە پەردە لەسەر نابووتی و ناشرینیەکانی دەسەڵات هەڵدەماڵێ و ئەوە ئاشکرا دەکات کە خولیای دەسەڵاتداری لەناخی مرۆڤی گڵاودا مەیلێکە ڕەگوڕیشەی داکوتاوە، تەنانەت لەناو جیهانی مردووەکانیشدا ئەو مەیلە هەر زیندووە.

لەناو ئەوکۆشکەدا هەواڵی ئەوە دەبیستێت کە پیلانی شۆڕش گێڕان ئاشکرا بووە و سبەینێ پێش ڕاپەڕین هەموویان قەتلو عام دەکرێت، پیەر کە هێشتا دڵی بۆ شۆڕش و هاوڕێکانی دەسووتێت لەخەمی ئەوەدایە چۆن بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێکانی و لەو پیلانە ئاگاداریان بکات بۆ ئەوەی ڕاپەڕین دوا بخرێت و قەتل و عام نەکرێت، لەکاتێکدا پیەرو ئیڤ لەناو پارکێکدا عاشقی یەکتر دەبن و خۆشەویستی دەگۆڕنەوە ئاواتیان ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ناو جیهانی زیندووەکان بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی پێکەوە بژین، خەونی گەڕانەوەی پیەر ئاشکرایە بەخاتری هاوڕێکانیەتی، پێکەوە سەردانی نووسینگەکەی شەقامی لاگنزی دەکەن و داوای گەڕانەوە دەکەن، پیرەژنی نووسینگەکە پێیان ڕادەگەیەنێت کە بەماددەی سەدو چل دەتوانن بگەڕێنەوە، بەمەرجێک بتوانن پێکەوە بژین و سەرکەوتووبن لەژیانی هاوسەرێتیاندا، کارەکەیان




بەجۆرێک بۆ ڕێدەخرێت کە هەردووکیان دەگەڕێنەوە هەمان ئەو دۆخەی کە تێیدا کوژران، پیەر هێشتا تایەی پاسکیلەکەی دەسوڕێنێتەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڕوات، ئێڤیش وەک ساتی مردنەکەی دەستی لەناو دەستی خوشکەکەیدایە کاتێک هەڵدەستێتەوە، خوشکەکەی سەراسیمە دەبێت و پێی دەڵێت: وامزانی مردوویت.

ئەگەرچی ئەم دوو کەسایەتییە بەو مەرجە گەڕاونەتەوە ناو ژیان کە پێکەوە بژین، بۆ ئەمەش کاتێکی دیاریکراویان بۆ دادەنرێت کە ئەگەر لەوادەی خۆیاندا سەرکەوتوو نەبن ئەوا دیسان دەمرنەوە، سەرباری هەر هەوڵێکیان بۆ پێکەوە ژیان، سەرەنجام مەرگ سەردەکەوێت، چونکە هەر لەساتی گەڕانەوەیان بۆ ناو زیندووەکان تووشی چەندین کێشەو گیرو گرفت دەبنەوە، لەوانەش ئێڤ ژنێکی خانەدانەو ژیانێکی شاهانەی هەیە، بەڵام پیەر کرێکارەو ژیانێکی هەژارانە دەژی، ئەم ڕەهەندەی چینایەتییە ناکۆکییەکی قووڵ لەنێوانیاندا دروستدەکات، ئەمە جگە لەوەی کە پیەر بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە هاوڕێکانی لەپیلانی پاسەوانەکانی ڕژێم ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەچێتە ماڵی ئاندرە بەشوێن ئێڤدا هاوڕێکانی بەخیانەتکار ناوزەدی دەکەن و دەیخەنە ژێر چاودێرییەوەو باوەڕ بەقسەکانی ناکەن، بەتایبەت کە پێیان دەڵێت بەیانی شۆڕش بەرپا مەکەن هاوڕێکانی وادەزانن خۆی فرۆشتووە بە دەسەڵات، بۆیە ئەمان لەڕاپەڕین پاشگەز دەکاتەوە، پیەر بەمە حاڵەتێکی دەروونی سەختی بۆ دروست دەبێت، کاتێک هاوڕێکانی متمانەی پێپەیدا دەکەنەوە کە ئیدی کار لەکار ترازاوەو قەتڵوعامەکە ڕوویداوە، یەکەم کەسیش پیەر خۆی دەبێتەوە بەقوربانی، لەکاتێکدا ئێڤ لەسەر هێڵی تەلەفون چاوەڕێی پیەر دەکات بۆ ئەوەی لەوادەی سەرکەوتن و بەیەکگەیشتنیان دوا نەکەون، بەڵام پیەر لەنێوان عیشقی ئێڤ و شۆڕش و هاوڕێکانیدا بە ئێڤ دەڵێت: تۆشم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام ناتوانم دەستبەرداری هاوڕێکانیشم بم.

دواجار پیەرو ئێڤ لەدنیای مردووەکاندا یەک دەبیننەوە، دوو مرۆڤی تێکشکاو لەژیان و عیشق و شۆڕشدا، لەوێش بۆ دواجار ماڵئاوایی لەیەکدی دەکەن و هەریەکەیان لەجیهانی غەیبیدا ئاوارەو وێڵ دەبن.

ئەوەی ئەم ڕۆمانە پێشکەشمان دەکات، هیچ نییە جگە لە جەوهەری ئینسان و حەقیقەتی ژیان، ئەو ڕەهەندە ناکۆکانەی کە مرۆڤی گیرۆدەی جۆرەها دەردی سەری و نەهامەتی کردووە، خەونی گۆڕان و تێکۆشان و ململانێ هێڵێکی بنەڕەتی ئەم تێکستە پێکدەهێنێت، ئەو بنەماو ڕەهەندە جوانانەی کە مرۆڤ لەژیاندا قوربانیان بۆدەدات لەیەک ساتدا تێکدەشکێنرێت، ئەو شەڕە دەستەو یەخەیەی ڕۆژانە لەسەر مەیدانی ژیان ئەنجامدەدرێت، دواجار جگە لەوەهمێک بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن و ئاسوودەیی شتێکی دیکە نییە.

لێرەوە سارتەر هەمووو شتەکان و هەوڵەکان بە بنبەست دەگەیەنێت، بەڵام ئەم بنبەستە لای سارتەر کۆی چارەسەرەکان نییە، بەڵکو لەڕوانگەی ئەودا کاتێک ڕێگەیەک بە بنبەست دەگات مرۆڤ دەبێت بەشوێن ڕێگەیەکی تردا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە.

بەبڕوای سارتەر خۆشەویستی پڕۆژەیەکە ناکرێت بێتە دی، چونکە پێیوایە خۆشەویستی ئەو بۆ کەسێکی دیکە هیچ نییە جگە لەو تەقەلایەی ئەو کەوا لەکەسی بەرامبەر دەکات بۆ ئەوەی خۆشی بوێت.

بێگومان ئەدەب و دیدی فەلسەفی سارتەر لە فەزای ڕۆشنبیری ئێمەدا، پێگەیەکی بەهێزی هەیەو بەهۆی جیهانبینیە فراوانو فرە ڕەهەندەکانیەوە بۆ سروشتو مرۆڤ و ژیانو بەرهەمە ئەدەبیو فەلسەفیەکانیەوە لە ڕابردوو ئێستاشدا، سایەی بەسەر بەرهەمو بیرکردنەوەی زۆرێک لەنووسەرانو ڕۆشنبیرانمانەوە دیارەو کاریگەری لەسەریان هەبووە.

بەوپێیەش کە سارتەر کەسێتییەکی بوونگەرا بووە، گرنگییەکی زۆری بەشێوە نووسینێکی دیکەی جیاواز داوە بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە سادەو باوەکانەوە، بەتایبەت ئاڕاستەی دیدی ئەو بۆ ئەدەب و نووسین تەواو جیاواز بوو، ئەمەش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی ( ئەدەب چییە) دەردەکەوێت.

# پێوەری وەرگێڕانی چاک

## ئەو پێوەرانە کامانەن وەرگێڕانێکی چاکی پێ دیاری دەکرێن ؟ وەرگێڕێکی پسپۆڕ چۆن دەزانێت ئەو دەقە وەرگێڕانێکی خراپە ؟

هەر یەک لە ( د . بدرالدین عرودکی ) و ( سمیر جریس ) و ( د . خالید رەووف ) وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە دەدەنەوە ، یەکەمیان لە زمانی فەڕەنسیەوە ، دووەمیان لە ئەڵمانیەوە سێیەمیان لە یۆنانیەوە کۆمەڵی کاری ئەدەبیان بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە . .
بۆ ئەوەی پرسیارەکە سنووردار بکەم ، چوار بابەتمان لە پێشیان دانا :
گەڕانەوە بۆ دەقە ئۆریجینالەکە ، وەرگێڕانی دەقێک زمانێکی کەوتبێتە نێوانەوە ، جیاوازی دەربڕینی دەقە ئەسڵیەکە لە وەرگێڕانەکە ئازادی بەکارهێنانی پەراوێز لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا و هەڵوێستیان لە پێداچوونەوەدا . .
( د . بدرالدین عروکی ) حەکایەتێک لەمبارەوە دەگێڕێتەوە : خوێنەرێک لەوەی ئاگادار دەکاتەوە کەوا وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی ( خوسیه ساراماگو ) بەناوی
– ئەوی دیکە وەکو منە ، وەرگێڕانێکی خراپە ! ! . ( عروکی ) دەڵێ : ئەو خوێنەرە دەقە ئۆرجینالەکەی نەخوێندۆتەوە بۆیە ناتوانێت بڕیار لەسەر وەرگێڕانەکەی بدات تاکو لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەیدا بەراوردی نەکات . . وادیارە ئەو خوێنەرە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانی ( تەقلیدیدا ) ڕاهاتووە ، کەوا دیالۆکی نێوان کەسایەتیەکان سادە و ڕەوانن ، بەڵام ئەم ڕۆمانە ، لەسەر چەند ئاستێک دامەزراوە . دایالۆگەکان

لە دەنگێکەوە دەردەچن بەڵام بە چەند چینێک دەردەبڕێن ئەم چینانە لە چەند کەسایەتیەکەوەن وا دەزانرێ و دەردەکەوێ لە دیالوگدان ، وادیارە ئەو خوێنەرە ، پیشەکی کتیبەکەی نەخوێندۆتەوە ، ئەوەم تێدا ڕوونکردۆتەوە کەوا ئەو دێرانەی بە ( ڕەش ) نووسراون ، چینێکی جیاواز لە دیالۆک دەردەبڕن . ( عرودکی ) دەڵێ : ئەگەر ڕۆمانەکە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدا ، لەسەر ڕێبازی کلاسی نەنووسرابێ ، ئەوا ئاساییە بڵێی وەرگێڕانێکی خراپە . . ئەوە بڕیاری خوێنەرێکە و بە وەرگێڕانێکی خراپی دادەنێ چونکە شێوازی نووسینەکەی ( ساراماگۆ ) تێناگات . .

سەبارەت بە پێوەری دیکەی وەرگێڕانی خراپ و هەرس نەکردنی نووسینی نوێ لە لایەن هەندێ خوێنەرەوە دەڵێ : بڕیاردان لەسەر چاکی و خراپی وەرگێران دەبێ پسپۆران بڕیاری لەسەر بدەن ، چونکی بڕیاری وا پێویستی بەوە هەیە بۆ دەقە ئەسلییەکە بگەڕێینەوە . . لەم حاڵەتەدا ، دەبێ ئەو بڕیارە بدەین : ئایا وەرگێڕ توانیویەتی لە دەقی دووەمدا بیپارێزێ و دەری بخات . . .

( سمیر جریس )ی وەرگێڕ دەڵێ : ڕەوانی دەقە وەرگێڕاوەکە بێ گرێ و گولی زمانەکەی ، پێوەری بنەڕەتی بڕیاردانی چاکی وەرگێڕانەکەیە . . دەبێ بە زمانێکی ڕەوان ، شێوازێکی جوان ، هەروەک لە بنەڕەتدا بەو زمانە نووسرابێ خوێنەر هەست بکات کە دەقێک بە زمانی خوی دەخوێنێتەوە ، بۆیە من ئەم لایەنە بە پێوەری وەرگێڕانی چاکی دادەنێم . . بەڵام ئەمە بەتەنها ئەوە ناگەیەنێ وەرگێرانەکە کامڵە و بێ کەم و کورتیە ، بۆ دڵنیا بوون دەبێ بۆ دەقەئەسڵییەکە بگەڕێینەوە و بەراوردی بکەینتا بزانین چی لە خۆڕا زیاد کردووە و چی لێ قرتاندووە ، تا چەند دەستپاکی نواندووە .

( د . خالد ڕەووف ) لەبارەی ڕای خوێنەرەوە بە جۆرێکی دیکە دەدوێ : زۆربەی خوێنەرە جدیییەکان هەندێ وەرگێڕ و وەرگێراویان لە لا پەسەندە هەرچەندە زمانە ئەسڵییەکەی دەقەکەش نازانن ، لە ڕێگای زمانی وەرگێرانەکەوە بڕیاری خۆیان دەدەن ، ئێمە دەبێ ڕای ئەو دەستەیە بە هەند وەربگرین ، ئێمە زۆرجار دەقێکی وەرگێراومان پێ باش نییە ، ئەویش خەوشەکە لە وەرگێرانەکەدایە . . بۆیە دەبێ دەقە وەرگێڕاوەکە پارێزگاری لە بیرۆکەی دەقە ئەسڵییەکەبکات ، بێ زیادکردن یا دەستێوەردانی وەرگێڕ ، ئەگەر ڕەچاوی ئەم لایەنە نەکرێ ئەوا وەرگێرانێکی خراپە . ئەی پێوەری ئەمە چییە ؟ ڕەوانی وەرگێڕانەکە و گەڕانەوە بۆ دەقە ئەسڵییەکە ، کە دوو جومکن ناتوانین دەستیان لێ هەڵبگرین بۆ دیاریکردنی چاکی و خراپی وەرگێڕانەکە . . .

ئەگەری بوونی وەرگێڕانی خراپ لە وەرگێڕانی ئەو دەقانەدا دەبێ کە سەر بە کولتوور و ڕۆشنبیرییەکن ، وەرگێڕمان تێدا نییە کە شارەزابن لە ئەدەبەکەیاندا ، بۆیە وەرگێران لە زمانە ئەسڵییەکەیەوە پێوەرە بۆ وەرگێڕانی چاک . . بەڵام ( د . عرودکی ) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە دەڵێ : گرنگ نییە ڕاستەوخۆ لە زمانە ئەسڵییەکەوە کاری وەرگێڕان بکەین یان زمانی دیکەی کەوتبێتە نێوانەوە گرنک ئەوەیە دەقێک بگوازینەوە بۆ زمانێک ، خوێنەری ئەو زمانە بەوردی وەکو بۆ خوێنەری زمانە ئەسڵییەکە ڕەخساوە . . هەروەها مەرجیشی نییە کە زمانێک کەوتە نێوانەوە ئەو وەرگێڕانە خرپ بێت ، هەر چەندە وا چاکترە ڕاستەوخۆ لە زمانە ئەسڵییەکەوە وەرگێڕانەکە ئەنجام بدرێ ، بەڵام کە وەرگێڕمان نەبوو ، ناچار پەنای بۆ دەبەین . .

( سمیر جریس ) لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەوە دەڵێ : دەبێ ئەوی شیعر وەردەگێڕێ شاعیر بێت . یان لانی کەمەوە شارەزایی شیعری هەبێ .

بەڵام ( د . خالید ڕەووف ) دەڵێ : من بە توندی لایەنگیری ئەوە دەکەم لەزمانی یەکەمەوە کاری وەرگێڕان بکەین ، چونکە لەگەڵ خەوش و کێشەی وەرگێڕانمان دوور دەخاتەوە گەلێ نمونەمان لەبەر دەستدایە کە چەند زمانێک کەوتۆتە نێوانیانەوە تۆ بڕوانە ، دەقێک لە پۆلەندیەوە بە ئیسپانی کراوە ، لێرەوە بە عەرەبی کراوە ، ئەم گەشتە درێژە زیانێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە ، باجی ئەو زیانەش خوێنەر دەیدا .

وتەی برادەرێکم لە یادە دەڵێ : ئێمە قوربانی دەستی ڕەخنە و وەرگێڕانی خراپین . . . ئەگەر لە دەقی ئەدەبییەوە دووربکەوینەوە و بچینە سەر وەرگێڕانی هزر و ڕەخنە و زانستەکان ، ئەوا لە وەرگێڕانی خراپدا زیانەکان زۆرتر دەبن چونکە لیرەدا بیرۆکە و زاراوە و زانست دەگوازیتەوە دەبینین ژمارەیەکی زۆر زاراوەی هەڵە و نا ڕاست کەوتوونەتە ئاراوە و بە هەڵە بەکار دەبرێن ئەمە کارەساتێکە و لە ڕێگای وەرگێڕانی خراپەوە کەوتۆتە ناوەندەکانە .هەندی دەربڕینی نامۆ ، یان وێنەی بەلاغی و جوانناسی لە زمانە ئەسلییەکەدا ، ڕەنگە جۆرە تێنەگەیشتنی لەو زمانەدا بخولقێنێ کە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕێ .

( د . عرودکی ) دەڵێ : وەرگێڕان دەبێ وەرگێڕان بێ ، واتە بەلاغی و وێنە جوانناسیەکان وەکو خۆیان بگوازرێنەوە . ڕەنگە ئەمە لەو زمانەی دەقەکەی بۆ وەردەگێڕین نامۆ بێ ، پێی ڕانەهاتبێتن ، بەڵام بە گواستنەوەیان و کەڵکە بوونیان شێوازی بەلاغی و جوانناسی جیاواز بۆ ئەو زمانە وەرگێڕاوەکە دەگوازینەوە و جێ گیر دەبن تیایدا خوێنەر شارەزای لایەنێکی دیکەی ئەو ڕۆشنبیریە دەبن ، گرنگ لەوەدایە کەش و هەوای ڕۆشنبیری دەقە ئەسڵیەکە بگوازرێتەوە ئەمەش پێوەرێکی دیکەی وەرگێرانی چاکە کە خوێنەر بە کەش و هەوای ڕۆشنبیریەکی دیکە بناسێنێ و لەبەر دەستی بنا . .

( خالد ڕەووف ) ئەوە بە پێویست دەزانێ وەرگێڕ پێویستە شارەزاییەکی باشی لە مێژوو و نهێنی هەردوو زمانەکە هەبێ بۆ مەسەلەی پەراوێز و ڕوونکردنەوە ، هەندێ جار پێویستە هەندێ ڕوونکەدنەوە و پەراوێز دابنێ تا خوێنەر هەندێ کەسایەتی و ناو بە خوێنەر بناسێنێ . .

دەربارەی پێداچوونەوە ، ( عرودکی ) لەگەڵ ئەوەدا نییە وەرگێڕێکی دیکە بە دەقە وەرگێڕاوەکەدا بچێتەوە ، بەڵام ئەگەر بۆ پێداچوونەوەی زمانەوانی بێ ئەوە کارێکی باشە .

( أخبار الادب )

ژ : ٢٠١٠/٤/٤/٨٧٢

و : ئاینده

# شەڕی سێ وڵات لە سێ ڕۆماندا

شەڕ ژیان دەژاکێنێ ، کاری وێرانکردن و کوشتنە ، خێزان و کۆمەڵەکان دەترازێنێ ،بە ڕێگای ئاوارەیی و تەنیاییدا پاڵ بە هەموانەوە دەنێ . شەڕ کارێکی هەنوکەیی و کاتی نییە ، بەڵکو کودەتایەکی سەرتاپاگیرە، دابڕانە لەگەڵ ئەوەی هەبووە و سەرەتای دیمەنێکی نوێیە لەسەر شانۆی گوزەران . هەموو شتێک تیایدا وروژێنەرە ، دواکەوتوانەیە ، هەر لە هەست و هزر و بیرۆکە و ئومێدەوە تا دەگاتە خەونەکان ، کەچی ڕابردوو لە یەخەی ئەوانە نابێتەوە لە ژیان دەمێننەوە ، بۆ کوێ بڕۆن لێیان نابێتەوە تا خەونەکانیشیان لێ زەوت دەکات . .

مرۆ هەروا بە ئاسانی ناتوانێ لە کاریگەرییەکانی شەڕ خۆی ڕزگاربکات  ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش بەلایاندا گوزەری کردبێت یاخود بە تەنیشتیدا تێپەڕیێ . کاریگەرییەکانی لە مێشکدا لە یادەوەرییەکانیدا دەمێننەوە ، دەیشارێتەوە ، بە قولای ناخیا رووەدەچێ ، دایدەپۆشێ ، بەڵام لەوێدا دەمێنێتەوە ، دەبزوێ ، دەجوولێ تا ڕێگایەک دەدۆزێتەوە ئەوجا سەردەکا و دێتەوە بیر و سەر لە نوێ دەتەقێتەوە . لە ڕۆماندا شەڕ کەسایەتیەکی سەرەکییە ، چارەنووسی کەسەکان و خەڵکانێک دیاری دەکات و ژیانێکی نوێیان بۆ دەستنیشان دەکات تا بیچێژن . دەستێکی بە هێزە گرانیەکی بێ ئەندازە دەخاتە سەر پشتیان و بەرە و ڕێگا و ئاراستەیەکی دیکەیان دەبات، تاقیکردنەوەیەکە بۆ توانا و هێز و بێ دەسەلاتی و خۆگرتن و کەوتن و لەرزۆکی و ورە لە دەست نەدان .

سێ ڕۆمان لە سێ شوێنی جیاوازەوە، بێ ئەوەی ئاگایان لەیەک بێ و تەکبیریان بەیەکەوە کردبێ ، خوێنەر بۆ سەر شانۆی شەڕ دەگوازنەوە، بەشێک لە تابلۆ گەورەکەی ( ژێرنیکا ) دەنەخشێنن ، گورنیکا، دەنگەکان ، چپە چپ و هاوار بە دەوری خۆیدا بلاودەکاتەوە . .

سێ ڕۆمان لە پاکستان و تورکیا و سیرالیونەوە سەبارەت بە شەڕ کە درۆینەی ڕۆح دەکا و چاو هەڵدەکۆلێ و زامی قوڵ لە ڕووی زەمەن بە جێ دێڵێ کە گوشتەزین ناهێنێتەوە . . . ژنە ڕۆماننوسی پاکستانی ( کاملە شمسی ) ڕۆمانی ( سێبەرە سووتاوەکانی ) بە ئیگلیزی نووسیوە، ساڵی ٢٠٠٩ خانەی بلومسری بلاویکردۆتەوە .

ئەم ڕۆمانە سەر بە گەلێ نەوە و ڕۆشنبیری جیاواز و خاوەن زمان و ئاینی تایبەت لەگەڵ یەکدا بە تەبایی دەژین تا ئەو کاتەی شەڕ هەڵدەگیرسێ ، ناچار لێک دەترازین و جیادەبنەوە و هەریەکە و بە لایەکدا ڕێگای کۆچ و ئاوارەبوون لەبەر دەنێن . وێرانکاری هەموو لایەک دەگرێتەوە، رق و کینە جێگا بە خۆشەویستی و تەبایی لەق دەکەن ، رابوردوویەکی کوشندە دەست بەسەر ئێستادا دەگرێ و ڕێڕەوی دیاری دەکات . ڕۆمانەکە شەڕی نەگریسی نێوان هیند و پاکستانمان بۆ دەخاتە ڕوو ، ئەو شەڕەی کە بە هۆی دین و لە پێناوی دیندا هەڵگیرسا ، بەڵام نووسەرەکەی ، بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەڕوا ، دەگەڕێتەوە بۆ بوردومانەکەی ( ناکازاکی ) و سوتاندنی ئەو شارە بە بۆمبی ئەتۆمی . .

کەسی یەکەمی ڕۆمانەکە بەناوی ( هیروکو ) کچێکی یابانییە ، یەکێکە لە قوربانییەکانی هێرشە ئەتۆمیەکەی ئەمریکا بۆ سەر ئەو شارە، لە ٩ ئابی ١٩٤٥ دا . . هیروکو لەگەڵ ( کونراد ) ی ئەڵمانیدا خۆیان بۆ زەماوەند ئامادە کردووە بەلام لەو ڕۆژەدا و لە پڕ، ئاسمانی شار پڕ دەبێ لە دووکەڵ ، دواجا ئاگر و خۆڵی ژەهردار دەبارێ ، هەموو شتێک لە چاوتروکانێکدا وەن دەبێ ، دوای چەند مانگێک (هیروکو ) بە ئاگادێتەوە ، جەستەی خۆی دەبینێ بە ئاگر سووتاوە ، سووتان لەسەر جەستەی خەریتەیەکی سەیری نەخشاندووە ، گولی ( کیمونەکەی ) بەری لەسەر جەستەی ڕەش هەڵگەڕاوە . ( کونراد ) ی دەزگیرانیشی شوێنەواریشی دیار نییە ، ( هیروکو ) خێزانەکەشی کەسیان نامێنێ . دوای چەند ساڵێک ، لەگەڵ ( هیندیەک ) دا یەکتر دەناسن ، دێتە نیودەلهی ، بەڵام لەبەر شەڕی پاکستان و هیند ناتوانێ بمێنێتەوە ، هەردوو دەوڵەتەکەش لە کێبڕکێی ئەتۆمیدان ، بۆیە ترس دایدەگرێ ، ئیتر بە دوای جێگایەکی هێمن و ئارامدا دەگەڕێ ، ئەوەی سەیرە ، ئەمریکا هەڵدەبژێرێ، کە مایەی تێکدانی ژیانی ئەو بوو . . .

ڕۆمانی (دەنگی مۆز)  muz sesleri ، بە تورکی لە خانەی ( ئیڤرست ل ساڵی ٢٠١٠ ) دا بلاوبۆتەوە . ئەم ڕۆمانەش ژنە ڕۆماننوسی تورک ( ئەجە تەملەک وران ) یەکەم تاقیکردنەوەیەتی لە بواری ڕۆماننووسیندا ، بەڵام چەندین دیوانی شیعری بلاوکردۆتەوە . .

ئەم ڕۆمانە سێ بەشە : تۆز، ئێمە، ئێوە . . باس لە کاریگەرییەکانی شەڕ دەکات وەک ڕووداوێکی نائاسایی کە دەبێتە مایەی هەژاندنی چارەنووسی گەلێ کەس ، کە هیچ شتێک خۆی لەبەری ڕاناگرێ تەنها خۆشەویستی نەبێت ، چونگە عەشق موعادەلەیەکە بەرامبەر

شەڕ بەڵام بە ئامرازی جیاواز . بەڵام ئەو شەڕەی ئەم نووسەرە تورکە باسی لێوە دەکات ، شەڕێک نییە لە تورکیا ڕوویدابێ ، ئەو شەڕە زۆرانەی تورکیا نییە کە لەگەڵ دراوسیەکانیدا یان دژی کورد ئەنجامی داوە ، نووسەرەکە باسی ئەو کوشتار و جەورانەی تورکیای نەکردووە کە لە یادەوەری تورکیادا ماوەتەوە لە شەڕەکانیدا لە مێژووی کۆن و نوێیاندا . ئەو شەڕەی لەسەر لاپەڕەکانی ( دەنگی مۆزدا ) دەیخوێنینەوە سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی لوبنانە ! خانمە ڕۆماننووسێکی دیکە لە سیرالیتەوە لەبارەی بابەتی شەڕەوە ڕۆمانی ( بەردەکانی پێشینان ) دەنووسێ ، کە بە ئینگلیزی لە خانەی ( بلومسری ) چاپ و بڵاوبێتەوە . .

لەسەر زاری چوار ژنەوە چیرۆکە لە بن نەهاتووکان دەنووسێتەوە ( ئەسانا ، ماری ، حەوا ، سەرا ) بەشێک لە ژنەکانی سەرەک هۆزێکی دەوڵەمەند کە ناوی ( جیری عومار خەلیفە ) یە ( بەردەکانی پێشینان ) ئەو بەردانە کەڵەک چن دەکاتەوە کە شەڕی وێرانکاری لە سیرالیون لە جێگای خۆی جێ لەقی کردبوون ( ئەمیناتا فورنا ) ی ڕۆماننووس ، ئاهو نزوڵە و هاواری خنکێنراوی قووڵایی ڕابردوو دێنێتە دەنگ و دەدوێنێ لە حەکایەتەکانی ئەو چوار ژنە ئازاری ئەوانە دەچنێ کە لە پڕێکدا شەڕ ڕاپێچیان دەکا و ڕایان دەماڵی و جەستە و ڕوومەتیان بە پاچ و ڕم خوێناوین . .

مردن لە هەموو قوژبنێکی ئەم زەمینەدا یەکە ، شەڕیش مردن هێنەرە ، بۆیە هەمووی هەر لەیەک دەچن ، هەموو شەڕەکان کۆپی ئەوی تریانە . شەڕ هەڵدەگیرسێ دواتر ڕادەوەستێ تا جارێکی کە هەڵگیرسێتەوە ، کۆتاییەکیش بۆ شەڕەکان دیار نییە . . هەریەک لەو ڕۆماننوسە لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی خۆیەوە لە بارەی شەڕەوە دەنووسێت . . ( کامله ) لە ڕووداوەکانی پاکستانەوە تراجیدییەکی ترسێنەری کچە یابانییەکە ( هیروکو ) دەخاتە ڕوو وەکو ئەوە وابێ ، لەو ئەگەرە ترسناکە بترسێ : ئەی چی ئەگەر بۆمبە ئەتۆمیەکە بە ( کراتشی ) دا بکەوێت ، چی جیاوازییەکی لەگەڵ ناگازاکیدا ) دەبێ . .

( ئەجە ) بۆ بەیروت دەڕوات تا بڕوانێتە قەدەری ئەوانەی لەو شەڕە ناوخۆییە نەگریسەدا ڕۆحیان هەڵوەری . ئەوەی لە لوبنان ڕوویدا ، لە تورکیاش ڕوویدا و دەیان جار دووبارە بووەتەوە ، شەڕ ژیانی هەزاران یونانی و ئەرمەن و کوردی سووتاند دەیان چیرۆکی ترس و کۆڵەمەرگی لێ کەوتەوە .

( ئەمیناتا ) پێشتریش لەبارەی شەڕی سرالیونەوە ڕۆمانێکی دیکەی نووسیوە بە ناوی ( ئەو شەیتانەی لەسەر ئاو سەمای کرد ) .

ئەوەی ئەم سێ ڕۆمانە لەیەک نزیکیان دەکاتەوە و پێکەوە دەیان بەستێتەوە ( شەڕە ) . ئەو سی ژنە ڕۆماننووسانەش خەمی مرۆوایەتی و دوورخستنەوەی شەڕ یەکیان دەخاتەوە .

(ڕۆژنامەی الحیاه )
ن/ نەزار ئاگری
١٨ نیسان ٢٠١٠
و: ئایندە





# گوتاری خوێن لە نێوان لارش نۆرین و ئەسخیلۆس دا

## لە نمایشی ئۆریستین

دلێر محەمەد تاهیر

ئۆریستین لە پانتاییەکی نائاسایدا لە دەرەوەی جوگرافیاکی باوی شانۆی نمایش کرا لە فۆلک تیاتەر لە شاری ئۆتۆبۆری سەرجەم ڕووداوەکان لە نێوان بینەراندا ڕوودەدات بانتاینمایش لەهاوشێوەی شەقامێکدابوو کە لەم بەر و ئەوەبەری شەقامکەوە بینەر جاودێری ڕێبوارانی دەکرد کە بەدەم قەدەرەکانەوە دەتلانەوە و ڕاپێچی ژیانێکی نوێیان هەڵبژاردنێکی نوی دەکران ..قەدەر لە نمایشەکەدا ..ڕۆلی سەرەکی دەبینێت لەنیوان ئاگامەنوون و الکترا سەرجەم کارەکتەرەکانی تر...

هەموو ڕووداوە میتۆلۆژیەکانی ناوە دەقکەی ئەسخیلۆس لەریگای چنین و سیستەمێکی کارکردنی چڕوپڕی لارش نورینەوە خزێنربوە ناو سەردەمی ئەم ڕۆماندا بەهاوجەرخ کردنی کارێکی کلاسیکی گەلێکجار لە سەرشانۆکانی جیهاندا کاری بۆ کراوەوە بەرجەستە کراوە، بەڵام لەم بەرهەمەی لاش نوریندا گەیشتەبووە ئاستیک کە بەتەواوەتی دەمناخاتە ئاستی تێڕامانێکی قووڵ ڕنگە پرسیار گرنگ لەم کارەدا بۆم ئەوەبێت ئایا لارش نۆرین ئێمەی بردە ناوە دنیای تێکستەکەی ئەسخیلۆسەوە، یان سەرجەم تێکستەیەک ئەسخیلۆس و ڕۆحی چیرۆکەیەک هێنایە ناو ئێمەوە؟

- بێگومان دۆخی دووهەمی ئەم کارکردنەی زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات ..قەدەر و چارەنووس لەم نمایشەدا ڕەهەندە خواوەندیەکەی کاڵ دەبیتەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناوە مرۆڤی ئەم سەردەمە و گوتاری خوێن و مەرگ و توونددووتیژی زالترین گوتار و هێڵی ئەم نماشە بوو ..خوێن ئەوە تاڵە دەزوەبوو کە سەرجەم کە سییتەمێکی دەلای پێچنرابوو ..بوونی خوێن لەسەرەتاوە

داکۆتای نمایش بوونێک بوو کەندەکرا فەرامۆش کرێت لە ڕوانینی بینەردا ..بۆیە من پێموایە ئەم نمایشە لەسەر گوتاری خوێن بنیاد نراوە لەپاڵ ئەوە کەرەستانەی ئەم گوتار پێکدەهێنن ..کەبریتی بوو لە لە تەوەرێکی خوێناوی جلوبەری خوێناوە فیچقکردنی خوێن لە سەر جەستە ی کارەکتەرەکان لە چاوی پاسەوانەکە لە مناڵەکانی ئەگامەمنوون ئیسقانی وردی مرۆڤ کە لە ساتێکی جواندا هەموو پۆشای شانۆ داگیر دەکات بە لاشەی هەڵواسراوی سەگ و ئاژەڵی راوکرا و..باڵندەی کوژراو بوون شمشێر و چەقۆ کە بەبەردەوامی لە ئامدەبووندا بوون تا داواستی دادگای کردنی هەموو بکوژەکان ...

بەم شێوەیە گوتارێک لە شەقامی ئەم نمایشەدا دارێژرابوو کە دەکرا لە ناوە هەرشەقامێکی ئەمرۆی جیهاندا بوونی هەبێت لە هەر شارو گونجێکی جیهاندا ئەم ڕووداوانە دەکرێت هەبن و دووبارە ببنەوە .

ئەگەرمرۆڤ لەڕووی بایەلۆژی سایکۆلۆژیەوە بوونەوەرێکی نائارم بێت بە بەردەوامی بورکانەکانی ناوەوەی لە ئامادەیدابن بۆ هەڵچوون لە پێناوی خواست و پێداویستیدا ..ئەو هێزێک هەیە لە دەرەوەی کە دەتوانی ئەم هەڵچوون و داچوونانەی ناوەوەی مرۆڤ ئەکتییڤ بەکەن و ئاراستەی کەی ..لە میتۆلۆژیا کۆندا ئەم ئاراستە کردن و ئەکتیڤ کردنە لە خاوەندەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو لە فۆرمی قەدەروو چارەنووسدا .. بەڵام ، لەمرۆدا سییستەمی ژیانی بەرێوەبردن ئەم ڕۆڵەی لە خواوەندەکانەوە وەرگرتووە ..

.لارش نۆرین پێمان دەڵێت چارەنووس و قەدەر و ئاراستە کردنی مرۆڤ بەردەوامی هەیە کە بێ ئیرادەی خۆی هەڵدەسوورێنرێت ئاکامی نەخواستراوی بۆ دیاری دەکات .

لارش نۆرینی ئەفسوونگەر .. لەم کارەیدا پەیامێکی دیاری کروای نەیە ئامۆژگاریمان ناکات ..هێندە نەبێت لە تۆپە خرەشووشە ئەفسووناویەکەی بەردەستیەوە ..پێمان دەڵێت وەرە تەماشاکە کە ئێمە لە کوێدان و لە چ دۆخێکدا ..

ئەوەی ماوەتەبیلێم کۆمەڵی ئەکتەری ناسراو بەتوانی سویدا لەم کارەدا بەشدار بوون .. بە بەرگی مۆدێرن و ڕووخسارێکی مۆدێرنەوە نمایشیان دەکرد ..پەنا نەبرابوو بۆ کۆستیم و سینۆگرافیا کریک ..ئەوەند نەبێت هەندێ جار عەبایان بە شاندا دەدەدا ..لەم نیماشەدا مۆزیک کاری پێنەکرابوو ئەکترەکان خۆیان لە ڕێگەی دەنگی خۆیانەوە ریتم و ئاوازیان دروست دەکرد کە گەڵێک جار دۆخێکی سیحریان دروست دەکر لە کاتێکدا یەکێکیان کاری نواندی دەکرد .ئەوانی تر بەدەنگیان بۆشیای و دۆخیکی گونجاویان بۆ دروست دەکرد کە ئەتمۆسفێرەکەی تەوە دەکرد ....بەفربارینێکی بەردەوان هەبوو ...لەگەڵ گرژی دراماکەدا بارینی بەفر زیادی دەکرد ..ماسکیان بەکاردەهێنا هەرلەبەرچاوی بینەراندا ماسکەکانیاندادەکەن لە روخساریاندا ..سەرەتا سروشیان دروست دەکرد دواتر کار بۆ بەتاڵ کردنەوەی دەکرا ئەم چەند جارێک دووبارە دەبویەوە . . .

لەدواستای نمایشەکەدا دەچنەوە دۆخی ئاسای خۆیان ..کەم تازۆر لەم کارەدا سوود لە شانۆی مەلحەمی و برێشت وەرگیرابوو لەرووی تەکنیکە وە ...وەک خۆناساندی ئەکتەرەکان لەدەرەوەی هۆڵێ نمایش ..بە بینەران و هەریەکەیان ناوی خۆی و کارەکتەرەکەی دەناساند هەروەها دواتر بەکورتی باس لە چیرۆکی ئۆریستین کارا ...ئەوجا بینەران و ئەکتەرەکان بەیەکەوە جوونە هۆڵی نمایشەکەوە ..لە کۆتایشدا بە کۆرسێک کە بانگەشەی بۆ خۆشەویستی و ئازادی و دیمکراتی دەکرد ..بەردەوام بوو لەهەمان کاتدا ئەکتەرەکان ترێیان دەبەخشەیەوە بە بینەراندا کە بریتی بوو لە ترێی سپی و رەش لە سەر دەفریکی بچووک دەیان گێرا ...بەم شێوەیە گەشتی لاش نورین کۆتای هات لە شەقامێکی پر لە خوین و خۆشەویستی و تووندوو تیژییوە ...کە ئوریستینی ئەسخیلۆس تێیدا گزەری دەکرد.

لارش نۆرین لەسالی ١٩٤٤ لە ستۆکهۆلم لەدایک بووە . یەکێکە لە شانۆکارە ناودارەکانی جیهان ،لەبواری نووسین و دەرهێناندا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە لە ناو سوید و دەرەوی سویدا ..چەندین تیکستی بۆ شانۆ رادوێ و تەلفیزۆن نووسیوە ..خاوەنی چەندین خەلاتە کەدوارینیان خەلاتی ئەکادیمای سویدی بوو لە ساڵی ٢٠٠٣

لەرێگای دانا رەئوف و دلاوەرقەرەدەخیەوە ئەم نووسەرە ئاشانکراوە بە خوێنەری کوردی ئەوەیش لە وەرگیرانی دەقەکانی نووسەرو لێکۆلینەوە لەسەرژیانی لارش نۆرین رەنگە کەسانیکی تر کاریان لەسەر لارش نۆرین کردبێت من نایانم لەیاد نەبیت ..ئەوەی شایەنی باسکردنە لارش نۆرین وەک نووسەرێک ناساراوە لە لای ئێمە بەلام کارەکانی لە بواری دەرهێنادا گەلیک زیاترە لە تێکستەکانی ..بۆیە من هەولیکی متوازعم دا بۆ ئەوەی لەم داو کارەیدا کە بیناسێنم وەک دەرهێنەرێک . .

هەموو ئەم نووسینە لە بینینی نمایشی ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٣٠ سەرچاوەی گرتوە لە لەسەر شانۆی گەل لە شاری یۆتۆبۆری نمایش کرا.

ئوریستین

نووسینی ئەسخیلۆس

دەرهێنای لارش نۆرین

سینۆگرافیای ستێفان ئەرفینگ

نواندی

ئەندەرش گرانلی ..ئەلیسابیس گرین سۆن..نیکلاس هیولیستروم...سانا هۆلتمان...کیم لانتز....لارش ماگنوس لارشون..

کۆمەلی ئەکتەری تر

# بۆ نەرمین مستەفا

## هونەرمەندە پەنجە وردیلەکە

تاقانەکەی ئایندە

ماوەی هەشت نۆ ساڵ ئەم گۆڤاری ئایندەیە لە ڕووی نەخشەسازی سەربەرگەوە بە دەست و خەیاڵی تیژی هونەرمەندی خۆشەویست نەرمین مستەفا دەڕازایەوە ، هەموو جارێکیش پێم دەوت ، کچە تاقانەکەی ناو ئایندە .

نەرمین خان یەکێکە لە شێوەکارە دیارەکانی هونەری تازە و خاوەنی چەندین کاری دەگمەن و جوانە و ڕەنگە ئەوەی ئایندەش ماوەی ئەم چەند ساڵە یەکێک بووبێ لەو کارە جوانانەی ئەو . بەڵام بێ شک هونەری ئەو زۆر لەوە هەورازتر و بە پیت ترە بەو شێوەیە و لە جێیەکدا لەنگەر بخوا . .

ڕۆژگار بەو شێوەیە هات و شەپۆلی باری نا هەموار کەشتی ئەم گۆڤارەی لەو کەنارە دوورخستەوە بۆ کەنارێکی تر . .

نەرمین لەوێ دەست هەڵدەشەقێنێ و لێرەش ئێمە بە ڕوحییەتی وەفا و ئەمەک و پێزانین دەستی بۆ ڕادەشەقێنینەوە و زمانی دابڕان لەیەکتر ئاوهایە .

سوپاس بۆ نەرمین ، بۆ ماندووبوونی ئەو چەند ساڵە . دڵنیام خەڵکانی دڵسۆز دووریش بن لەیەکتر هەست دەکەن هەردەم بەیەکەوەن .

سەرنووسەر

لە ژمارەی داهاتوودا:

مەلەفێک دەربارەی ئەدەبی سریانی لە لایەن هەر یەک لە نووسەران:

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی،**

بابەتەکانی ئەم مەلەفە کروان بە کوردی

# فەلسەفەی بوون و مردن لە شیعری (قەراغەکان)ی (سەلام محەمەد )دا

حەمە مەنتک



گومان لەوەدا نییە کە تاکە جیاوازی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتر عەقڵ و بیرکردنەوەیە. واتە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و عەقڵی لە هەرچی بوونەوەریتر جیادەکاتەوە. کەواتە دەبێت مرۆڤ ئەو عەقڵ و بیرکردنەوەیەی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت خۆی کێیە؟ هەردەم لەبیرکردنەوەشدا بووە و بەدرێژایی مێژوو دەیان و سەدان پرسیاری کردووە، وەکو: من کێم؟ لەکوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟ کێ دروستی کردووم؟ بێجگە لەو بوونە دەبێ بوونێکی تر هەبێت؟ مردن چییە؟ بۆ دەمرین؟ دوای مردن چی هەیە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تری لەخۆی کردووە. بەدرێژایی مێژووش بیرمەند و فەیلەسووفان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تریان داوە. چەندان تیۆری فەلسەفی و قوتابخانەی فەلسەفی دروستبوون. لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم قوتابخانە و تیۆرانە وەڵامی هەندێک پرسیاری سادەیان داوەتەوە، چەندان پرسیاری تریش بی وەڵام ماونەتەوە. تەنها لە شێوەی گریمانە وەڵامەکانیان دراوەتەوە و ئەویش بەپێی بیروڕای فەیلەسووفان و زانایان هەریەکە و وەڵامێکی جیاوازی هەیە. بوون و مردنیش یەکێکن لە چەمکە هەرە سەرەکییەکان کە پرسیاری زۆریان لەبارەوە وورووژێندراوە، بۆیە ئەم دوو چەمکە لەمێژووی فەلسەدا وەک کێشەیەک سەیرکراوە. هەر سادەترین نموونە بۆ ئەمە، چەمک و پێناسەی بوون لای ماتریالەکان جیاوازن وەک لای ئایدیاڵەکان. ماتریالەکان بوون

لەهەموو فۆرم و بیرکردنەوەیەکی ئایدیالّی دەکەنەوە و ئەوەی ماتریالّ نەبێت بەبوونی دانانێن. بەپێچەوانەوە ئایدیالەکان ڕۆڵی ماتریال بۆ بوون کەم دەکەنەوە و بوون وەک ئایدیالّ سەیر دەکەن. من لێرەدا مەبەستم نییە باسی لەو کێشەیە و کێشەی بوون لای فەیلە سووفان و قوتابخانە فەلسەفییەکان بکەم.

ئەوەی گومانی تێدا نییە فەلسەفە و ئەدەب پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەنێواندا هەیە، هەروەها کاریگەریشیان لەسەر یەکتر هەیە و دەبێت. هەموو شاعیرەکان، چیرۆکنووسان، ڕۆماننووسان ڕەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان بیرکردنەوەی فەلسەفیان هەبووبێت و بیرکردنەوە و تیۆرە فەلسەفییەکان کاریان تێکردبن و ڕەنگدانەوەی لەناو بەرهەمەکانیاندا هەبووە، تا وای لێهاتووە ڕۆمانی فەلسەفی هاتۆتە ئاراوە. ڕەنگە بۆ ئەمە باشترین نموونە ڕۆماننوس (یۆستاین گاردەر)ە. کە چەندان شاکاری نوسیووە مێژووی فەلسەفە و بوون و پرسیارە فەلسەفییەکانی بە ڕۆمان بۆمان باسکردووە کە چێژێکی جوانمان پێدەبەخشێت وەک ڕۆمانی (جیهانی سۆفیا)، (نهێنی یاری کاغەز)، (مایا)، (کچەی پرتەقاڵ)، (لەئاوێنەیەکدا، لەنهێنییەکدا). ئەمانە و چەندان ڕۆمانی تر. ئەمانەی سەرەوە کە ناوم هێنان لەلایەن (بەهرۆز حەسەن)ەوە وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی. ڕۆمانی (نهێنی یاری کاغەز) و (مایا) هەریەکەیان بەشێوەیەک باسی بوون دەکەن، ئەوەی یەکەمیان باسی بوون دەکات بەشێوەیەکی گشتی، دووەمیان باسی بوونی گەردوون و زەوی دەکات.

من لێرەدا هەوڵدەدەم بچمە نێو کەلێنە شاراوەکانی شیعری (قەراغەکان)ی (سەلام محەمەد) کە لەدیوانەکەیدا لە لاپەڕە (١٨٨)دا بڵاوکراوەتەوە. شاعیر وەکو زۆربەی مرۆڤەکان هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەم شیعرەوە پرسیاری بوون و مردن بکات و بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێت. من بەیارمەتی بیروڕای فەیلەسووفان هەوڵی شیکردنەوە و کردنەوەی کۆدەکانی ئەم دەقە شیعرییە دەدەم، هەروەک لەنووسینی تریش گوتوومە ئیشی ڕەخنە هەر ئەوە نییە کەموکوڕی و جوانی دەست نیشان بکات، بەباوەڕی من هەموو دەقێک چەندان کۆدی هەیەن کە زۆر بابەت خۆیان لەپشت ئەم کۆدانەوە خۆیان حەشارداوە پێویستییان بەکردنەوە هەیە، بەبڕوای من ڕەخنەی نوێ ئەرکی کردنەوەی ئەو کۆدانەیە.

ناونیشانی شیعرەکە (قەراغەکان) واتای کەنار دەگەیەنێت، کەواتە لێرەدا ڕێگایەکمان هەیە و ئەو ڕێگایەش بێگومان دەبێت کەناری هەبێت. شاعیر ژیانی چواندووە بە ڕێگایەک، ئەو ڕێگایەش دوورو درێژە، بۆیە قەراغەکانی ئەو ڕێگایە پڕیەتی لە پاشماوەی ئەو بوونەوەرانەی کە لەسەرەتای دروست بوونی ئەم زەوییەوە ئەوانیش ئافریندراون و مردوون. کەواتە شاعیر نێوانی سەرەتای دروست بوونی ژیان و گەردوون تا کۆتایی ژیان و لەناوچوونی گەردوون بە ڕێگایەک دادەنێت، قەراغەکانی ئەو ڕێگایەش بە شوێنی پاشماوەی هەرچی شتێک کە کۆتایی دێت و دەمرێت دادەنێت. گەردوون و ڕۆژگار بە دەیناسۆرێک دەچوێنێ وەکو دەستاڕێک هەرچییەکی بکەوێتە پێش دەیهاڕێت و بەرەو قەراغەکانی خۆی توڕی هەڵدەدا. شاعیر لێرەدا بوونی هەرە گەورە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژگار، واتە ڕۆژگار لای شاعیر بوونی سەرەکییە. چونکە وەکو لای فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی (ئاوگۆستین) و هاوڕایەکانی، بوونی سەرەکی و بنەڕەتی خودایە، بوونی دووەم و لاوەکی ئەو بوونانەن کە خودا ئافراندوونی " لەلای ئاوگۆستین خودا بوونی یەکەمە ، ئەم ماتریالی ئافەریدە کردووە کەوابوو ماتریالّ هەمیشەیی نییە و دروستکراوە و لە (نەبوون)ەوە (عەدەم) پەیدابووە. ماتریال نابێت بەسەرچاوەی خراپە، ئەوەی خودا دروستی دەکات جوانە و چاکە. خراپە بەستراوە بە گێلی و نەزانی مرۆڤەوە و ویستی مرۆڤ دەیهێنێتەکایەوە" ئەم بیروڕایەی قەشە(ئاوگۆستین) شیکردنەوەیەکی ئایینی- فەلەسەفییە. شاعیر هەر لەسەرەتاوە تەنها گرنگی بە بوونی سەرەکی دەدات و بوونی تر کە ئافەریدەی خودایە وەک مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتر بەلاوە دەنێت، لەبەشی



دووەمی شیعرەکە دێتە سەر بوونی مرۆڤ. وەک گوتمان شاعیر ڕۆژگار وەکو بوونی سەرەکی بەکاردەهێنێت هەرچەندە بەپێی گوتەی ئاوگۆستین ڕۆژگار و گەردوونیش دەکەونە ناو چوارچێوەی ئافریند ێنراوەکانی خودا (وەک بوونی سەرەکی و هەمیشەیی):

ڕۆژگار وەکو دەیناسۆرێکی
هاروهاج
بە دوو تایەی ئاسنینەوە بێ
ڕاوەستان
ڕێگا ئەبڕێت
کەس نازانێ لەکەیەوە ئەم دەعبایە
ڕێی گرتووە و
بۆ کوێ ئەڕوا و کەی ئەوەستێت

شاعیر لە ڕێگای شیعرەکەیەوە دوو پرسیاری فەلسەفی ئاڵۆزمان ئاراستە دەکات، لێ بەزمانێکی زۆر سادە، ئەویش پرسیاری ئەوەی ئەم گەردوونە کەی دروستبووە و کەی کۆتایی دێت؟ ئەم پرسیارانە تاکو ئێستاش بیرمەندان و فەیلەسووفانی سەرقاڵکردووە، ئەوەی هەیە تەنها تیۆر و گریمانەن. وەک ئەو تیۆرەی کە دەڵێت: گەردوون و زەوی لەئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورە دروستبووە. شاعیر ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تاکو ئێستا کەس نازانێت ئەم زەوییە کەی دروستبووە. پرسیاری دروستبوونی گەردوون و ژیان پرسیارێکی مێژوویی دورودرێژە و تا ئێستاش نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک و وەڵامێکی دروست. پرسیاری ئەوەی ئەم بوونە چۆن دروستبووە؟ ئایا لەناو ئەم بوونە بوونی تر هەن؟ بەلای فەیلەسووفانی وەک : (دیکارت) و (مالبرانش) هەموو بوونەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای بوونی ڕاستەقینە کە خودایە، (دیکارت) بەم شێوەیە پێناسەی خودا دەکات: " ئەو جەوهەرەی بەکامڵ و ڕەهای دەزانین و لەودا بەهیچ شێوەیەک شتێ نابینینەوە کە نیشانەی کەموکوڕی و سنوورداری ئەو بێت، پێیدەگوترێت خودا" دیکارت پێناسەی خودا وەک بوونێکی ڕەها و بێ کەموڕی دەکات، هەر خودایەکی لەم چەشنەش دەتوانێت گەردوون و ڕۆژگارێک دروست بکات بەو شێوە فراوانە، کەواتە هەر شتێک سەرەتای هەبێت بێگومان کۆتایشی دەبێت، لێرەدایە کە دیکارت لەگەڵ مالبرانش یەک دەگرنەوە، چونکە مالبرانش پێیوایە هەموو بوونەکان بۆ یەک سەرچاوەی ڕاستەقینە دەگەڕێنەوە ئەویش بوونی خودایە، ئەمە دەکرێت پێچەوانەی دوالیزمەکان بێت کە پێیان وایە بوون دوو جەمسەرە. لێرەدایە شاعیر دەستەوەستان دەوەستێت بەرامبەر ئەو پرسیارانەی کە لەناو شیعرەکەدا کردوونی، ئەمەش هەوڵ و گەڕانی شاعیرمان بۆ بەدیار دەخات کە هەمیشە وێڵی دوای زانینی بوونی خۆیەتی و لەوێوە دەیەوێت بوونی خۆی و بوونی هەموو گەردوون ئاشکرا بکات. ورووژاندنی ئەم پرسیارانە لەلایەن شاعیرەوە پێمان دەڵێن کە لەسەر هەموو مرۆڤێک پێویستە بیر لەبوونی خۆی و هەموو گەردوون بکاتەوە، چونکە ئەوە ئێمەین کە خاوەن عەقڵین نەک بوونەوەرەکانیتر ، ئەمە ڕێگایەک دەبێت بۆ ئەوەی هەمووومان بەرەو ڕاستی ببات، چونکە کاتێک مرۆڤ پرسیار دەکات بێگومان لەهەمان کاتدا بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت تاکو ڕاستی و دروستی و بنج و بنەوانی ئەو شتەی بۆ دەرکەوێت کە پرسیاری لەبارەوە کردووە.

قەراغەکان... پڕن لەکەللە سەر
قەراغەکان... گۆڕستانی بێ ژمارەن
قەراغەکان... پاشماوەی سەدان و
هەزاران جەنگن
هەر لەجەنگی تیر و کەوانەوە بۆ
جەنگی نەوەویی
قەراغەکان ... پڕن لە لاشەی مرۆڤ
و مێرووله و
پووش و پەڵاشی یادگاری و
بیرەوەریی
پڕن لە وردە ئاوێنەی شکاوی
بەسەرهات
قەراغەکان... بەتۆز و گەردی (کات)
ڕوخساریان ژەنگی مێژووی
لێنیشتووە





شاعیر قەراغەکانی ئەم دونیایەی بە زبڵدانی مێژوو داناوە کە بەدرێژایی مێژوو هەرچی پاشماوەی جەنگی مرۆڤەکان هەیە لەگەڵ هەرچی بوونێک کە مردووە.کەواتە تاکو ئێستا شاعیر بۆی روون نەبۆتەوە کە ئەو بوونانەی بەدرێژایی مێژوو لەناوچوون بۆ کوێ رۆیشتوون و ئەنجامیان چیبووە لەدوای نەمانیان. هەوەرک ( مەحوی ) لەدێرە شیعرێکدا ئەم پرسیارە دەکات کە ئەوەی دەمرێت و دەڕوات کەس نایەتەوە خەبەرێکمان بۆ بێنێ ئاخۆ لەودیو چی هەیە. شاعیریش هەمان شت بیرکردنەوەی داگیرکردووە. ئەو خەڵکانەی بەدرێژیی مێژوو لە جەنگەکاندا کوژراون بۆکوێ رۆیشتن و هەواڵێکیان نییە، لێ تاکو ئێستاش بنەچەی مرۆڤ نەبڕاوەتەوە. کەسیش بیر لەبوونی کەس ناکاتەوە بەتایبەتی سەرکردەکان تەنها بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە، هەزاران کەس لە پێناو بیروباوەڕە پووچەکانیان بەکوشت دەدەن، کەواتە ئەوان بوونی خۆیان بەلاوە گرنگە، لێ بوونی کەسانیتریان بەلاوە گرنگ نییە، ئالێرەدایە گرنگی وروژاندنی ئەو پرسیارانەمان لەلایەن شاعیرەوە بۆ بەدیار دەکەوێت. بۆیە دەبێت ئێمەش لە ڕێگای نەمانی کەسانی ترەوە بیر لەبوونی خۆمان بکەینەوە، چونکە ڕۆژێک دێت ئێمەش ئاوا دەمرین و بوونمان نامێنێت. لێرەدا چەند پرسیارێکی تری فەلسەفی سەرهەڵدەدەن وەک: ئایا ئەم ژیانە بەیەکجاری کۆتایی دێت؟ ئایا بوون و ژیانێکی تر هەیە دوای نەمانی ئەو ژیانە؟ لێرەدا چەند بیروڕایەک هەن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیانەی سەرەوە. ئەوانیش زیاتر بیروڕای ئاینیین، لە ڕیگای کتێبە پیرۆزەکانەوە پێمان دەڵێن بەڵێ ژیانێکی تر دوای نەمانی ئەم ژیانە بوونی هەیە.لێ ئەمە بەلای (فاروق رەفیق) جۆرێکە لەپەنابردنە بەر ئۆتۆرەتیەکی باڵا بۆ سەلماندنی خاڵێک. هەروەها پێیوایە پەنا بردنە بەرئۆتۆرەکی هەندێکجار هەڵەی لۆژیکی لێدەکەوێتەوە. وەک دەڵێت :" ئەمە جۆرێکە لەکارخستنی عەقڵ و لەجیاتی عەقڵ جەخت کردنە لەسەر ئیمان تەنیا لەڕێگای ئیمانەوە دەتوانین لە هەبوونی ژیانێکی دیکەی دوای ئەم ژیانە دڵنیا بین" ئەمە تیۆرێکی عیرفانییە بۆ سەلماندن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەوە. چونکە عەقل تا ئەو ڕادەیە بڕ ناکات. ئەرکی ئەم شیعرە وروژاندنی پرسیارە فەلسەفییەکانە، لێرەوە ئەم شیعرە لەهەموو ئەرکێکی تر دوردەکەوێتەوە، چونکە چیتر ئەرکی شیعر لاواندنەوە و سۆزداری و نیشتمانی نییە ، پێدانی ئەرکێکی وا بەشیعر وا دەکات شیعر ئەو قاڵبانە تێپەڕێنێت کە پێشتر پێوەی دەناڵاند. هەرچەندە ئەم شیعرە هەڵگری ئەو پرسیارە فەلسەفیانەیە، لێ زمانەکەی زمانێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو زمانێکی سادە و مەوداداره، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانی ساڵی (٢٠٠٨) کە نوسیویەتی بەزەقی دیارە، بۆیە دەکرا شاعیر زیاتر بایەخی بە شیعرییەتی شیعرەکە بدابایە تاکو شیعر ئەوەندە سادە نەبوایە لەڕووی زمانەوە. هەرچەندە فەلسەفەیەکی قووڵ خۆی حەشارداوە لەپشت شیعرەکەوە.

**ئەگەر یەکێک لە پڕێکدا هات و وتی:**
**نۆرەی تۆیە**
**سبەینێ ڕێک لە سەعات دوانزەدا**
**ئەمریت**
**چیت بەخەیاڵدا دێت و چی دەکەیت؟**

یەکێک لەخاڵە هەرە جوانەکانی ئەم شیعرە ئەوەیە دروستکردنی پرسیارە. پرسیار بۆ بەئاگا هێنانەوەی ئێمە، چونکە ئەو پرسیارانەی کە لەم شیعرەدا کراون زۆربەی ئێمەومانان بیری لێناکەینەوە. ئەمەی سەرەوەش یەکێکە لەو پرسیارانەی کە کەم کەس هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان نیوەشەوێک لەخۆی کردبێت. ئەرێ بەڕاست ئەگەر یەکێک هاتوو ئەو هەواڵەی

بە ئێمەدا چی دەکەین؟ کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی فانییە، لێ بێ ئاگایە لەوە هەمیشە پرۆژەی هەیە، ئەگەر ئێمە پرسیارێکە وەها لەخۆمان بکەین ئەو کات دەتوانین بیر لە گەردوونیش بکەینەوە ئەی ئەگەر ژیان بەوجۆرە بوایە پێش مردن هەواڵی مردیان پێدابای ڕەوتی ژیان چۆن دەبوو. شاعیر هەر لەدوای ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەروە دەداتەوە، لێ وەڵامەکەی پەیوەندی بەدەوروبەرمانەوە هەیە نەک بەخودی ئەو کەسەی کە دەمرێت.

تۆ بمریت یانەمریت...ئەو ئەڕوا
تۆ هەبیت یانەبیت... ئەو ئەڕوا
کە تۆیش ئەمریت
چەند دڵۆپە فرمێسکێکت بۆ دەڕێژن
و
ژیان بەردەوام دەبێت
هیچ دایرەیەک لەکار ناوەستێت
هیچ ئێزگە و تەلەفزیۆن و گۆڤارێک
مان ناگرێت و داناخرێت

کەواتە بوونی هەریەکێکمان لەسەر ئەم زەوییە تەنها گرنگی بۆ خۆمان هەیە، ئەگەر نا بۆ کەسانی تر بوون و نەبوونمان هیچ لەژیانی ئەواندا ناگۆڕێت، ئەگەر سەیری خۆمان بکەین کەس وکارە نزیکەکانمان مردن و لەبیریشمان کردن. ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە سەیری ئەم شیعرە بکەین هەست بە بیرکردنەوەی شاعیر دەکەین کە زۆر بیر لەژیان و بوون و مردن دەکاتەوە. ئەم پرسیارانە بیرکردنەوەی تەواوی ئەو داگیرکردووە، ئەمەش کارا بوونی ئەم شاعیرەیە لە ڕووی ئێشپێکردنی بیرکردنەوەی ، چونکە لەسەر هەموومان پێویستە هەمیشە لەبیرکردنەوەدا بین لەبوونی خۆمان و گەردوون، لێرەدا دەتوانین هەمیشە لەسەفەردا بین بەدوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان و بوون، لێ مرۆڤی کورد لەم ڕووەوە زۆر کۆڵەوارە سەیری ژیانی هەر تاکێکی کورد بکە هەموو ڕۆژەکانی هەر دووبارەن و لەیەکدی دەچن. بۆیە کاتێک دەمرێت هیچ شتێک لەدوای خۆی جێناهێڵێت، مێژوویەک بۆ خۆی و میللەتەکەی دروستناکات.

شاعیر هانمان دەدات هەمیشە ئەو پرسیارانە لەخۆمان بکەین، تاکو گۆڕانکاری لە ژیانمان بکەین، چونکە تاکو ئێمە بیر لەبوون و گەردوون نەکەینەوە ناتوانین بچووکترین پرسیار دروست بکەین لەهەمان کاتیشدا بەدوای وەڵامی ەو پرسیارانەشەوە بین کە ژیانمان دەگۆڕن. لەلایەکی تر دەتوانین خوێندنەوەیەکی تر بۆ بیرکردنەوەی شاعیر بکەین. ئەو وا دەڕوانێتە بوونی مرۆڤ کە مردنی هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە، چونکە ژیان بەشێوەیەکی گشتی ناوەستێت و بەردەوام دەبێت ، لێ لێرەدا دەپرسین لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەم و دووەمی گێتیدا بە ملیۆنان مرۆڤ کوژران و ژیانیش بەردەوام بووە، شاعیر ڕەشبینانە دەڕوانێتە ژیان، ئەو پێیوایە ژیان مانای نییە، ئەگەر نا مرۆڤ بۆ دروستکراوە و دەمرێت و نرخی نییە. ئەگەر سەیرێکی ئەو چاوپێکەوتنە بکەین کە لەگەڵ شاعیر سازکراوە دەبینین شاعیر چ لەژیانی ئێرە و چ لەژیانی مەنفادا ژیانێکی سەیر ژیاوە و بەشێوەیەکی سەیر بیریکردۆتەوە، زیاتر خەریکی مەی خواردنەوە بووە، ئەمەش لەئەنجامی بیرکردنەوەی هەمیشەی لە هەموو بوارەکانی میللەتەکەی، لێ دواتر بیریکردۆتەوە کە ژیان بەو جۆرە نییە، واتە هەر مەی خواردنەوەی نییە. بۆیە هەوڵی ئەوەی داوە کە بەدوای بوونی خۆیدا بگەڕێت و بیر لە بوون بکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی شاعیر زۆری بیر لەمردن کردۆتەوە وەک دەڵێت: " ئایا نووسین وەڵامی مردنی پێدەدرێتەوە کە وەک بارابۆس دەڵێت: مردن گەورەترین بیرە، ئەگەر مردنیش گەورەترین بیر بێت، ئەوا نووسین تەنیا خۆ مەشغولکردنە و هیچیتر، کاتی پێدەکوژین تا کات دەمانکوژێت"کەواتە بیرکردنەوەی شاعیر لە مردن بیرکردنەوەیەکە هەمیشە لەگەڵیەتی ، لێ ئەوەی شاعیری سەرقاڵکردووە و بێئومێدی کردووە. نەبوونی بایەخی مردنی مرۆڤە، بۆیە ناچارە وەڵامێکی ئایینی بدۆزێتەوە کە تۆبەکردنە وا لە مرۆڤ دەکات پاک بێتەوە لە هەموو گوناهەکانی و بچێتە بەهەشتەوە، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە:

سبەی سەعات دوانزە تۆ ئەمریت
چۆن ئێمشەو بەسەر دەبەیت و بیر
لەچی دەکەیتەوە
بشێ بۆ مزگەوت بچیت و لەدڵەوە
تۆبە بکەی؟

ئەمەش وەڵام و بیرکردنەوەیەکی ئایینییە، بۆیە کاتێک مرۆڤ دەمرێت هەموو خەون و ئاواتەکانی لەگەڵیدا دەمرن. کەواتە مردن بیرکردنەوەی دەوێت و فەلسەفەیەکی قووڵی هەیە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی شاعیر دەڕوانێتە مردن و بوون کە دوو چەمکن دەبێت هەمیشە بیرکردنەوەمان پێیانەوە سەرقاڵ بێت. تاکو مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگای بیرکردنەوە لە مردنەوە پەی بە نهێنییەکانی ژیان و بوون ببات. شاعیریش لەهەوڵی ئەوەدا بووە خۆی لەم بیرکردنەوە لەمردن بپارێزێت . بۆیە تاکە ڕێگاش بۆ ئەوە نووسینە زۆرن ئەوانەی نوسین وەکو هۆکارێکی قەربووکردنەوەی دەروونی بەکاردێنن تاکو لەو جیهانە تایبەتییەی خۆیان بێنە دەرەوە، هەروەها شیعرەکە بەزمانێکی سادە نوسراوە ، لێ پرسیارگەلی قووڵ و فەلسەفی پێدەربڕاوە. ئەم زمانە سادەیە تایبەتە بە ( سەلام محەمەد ) ، چونکە لە شیعرەکانیتریشیدا هەمان زمانی بەکارهێناوە، لێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پرسیارگەل و کێشەیەکی گەورەی باسکردووە، ئەویش گەڕان بەدوای بوون و مردنە.

# منارەی ئاوەدانی

کاروان عومەر کاکەسوور

پێشکەشەبەو هاوڕێ یاریکەرەم، کەبەهاری ١٩٨٢ لەستادیۆمی هەولێر لەبەرچاوی دەیان کەس گاڵتەی پێ کردم و پێی وتم: ((بڕۆ واز لەتۆپ بێنە، چونکەتۆ نەلەتۆپ تێدەگەیت و نەدەزانی شووتی لێ بدەیت))... هەر بەڕاستی لەو کاتەوەمن نەمتوانی یەک شەقی دیکەلەتۆپ هەڵبدەم و وازم لەتیمەکەمان هێنا، بەڵام ئەو وای لێ نەکردم لەخەیاڵی خۆمدا دەست لەیاریی فوتباڵ هەڵبگرم.



لەکاتێکدا دەستت لەناو قوڕەکەدایەو دەتەوێت ئەسپێک بۆ (ئالان)ی خوشکەزات دروست بکەیت، خۆشت نازانی بۆچی بیر لەوەدەکەیتەوە، کەتۆ ئەوەتا وا تەمەنت لەچل تێدەپەڕێت و هێشتا منارەی چۆلیت لەنزیکەوەنەبینیوە... ئەو ترسە چییە لەناکاو دەخزێتەگیانتەوە...؟! نازانیت... ئەوەندەت لا ڕوونە بە منداڵی چیرۆکی سەیر سەیرت لەبارەی منارەی چۆلییەوە بیستووە... هەمووشیان ترسناک، بەڵام چێژبەخشن... تۆ تاکەکەسی گەڕەکیت، ئەگەر نەڵێم تاکەکەسی شاریت، کەهەر لەدوورەوەمنارەی چۆڵیت دیوە... هیچ لەوەتێنەگەیشتوویت ئەو شتەچییەبەردەوام ڕێی لێ گرتوویت، کەڕۆژێک لەڕۆژان بەتەنیا بێت، یان لەگەڵ هاوڕێکانتدا بەپیاسەهەتا ئەوێ بچیت و چاوێ بەبەرزی و بەتاق و بەنەخشونیگارەکانیدا بگێڕیت... هەر لەچیرۆکی یەکەمەوەزانیوتەدوو دەرگای هەیە، چونکەکاتێ ئەندازیارەکەنەخشەی دەکێشێت و بەمەبەستی کۆکردنەوەی

زانیاریی زیاتر دەچێتەهەندەران، شاگردەکەی دەرفەت دەهێنێت و هەر خۆی هەڵیدەچنێت... کاتێک ئەندازیار دێتەوەو لەدوورەوەدەیبینێت، سەری سوور دەمێنێت... هاوکات شێت و هار دەبێت... دەیەوێت بچێت شاگردەکەی بکوژێت، بەڵام ئەو دوو دەرگای بۆ کردووە، هەتا کاتێ وەستا ئەندازیارەکەی لەیەکێکیاندا دێتەژوورێ، ئەو لەوی دیکەیاندا بچێتەدەرێ... تۆ بەمنداڵی نەتدەزانی لای کامیان بگریت... ئایا کێ لەسەر هەقە...؟! ئەو ئەندازیارەی دوای ئەوەی ناتوانێت شاگردەکەی بکوژێت و لەداخان دەستبەجێ گیانی دەردەچێت، یان ئەو شاگردەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و بۆ هەتاهەتایەدەربەدەر دەبێت...؟! ئەگەرچی لەچیرۆکەکەدا ئەندازیارەکەلەداخان گیانی دەردەچێت، بەڵام تۆ وەک بڵێی ڕووداوەکەت بەچاوی خۆت بینیبێت، سوور بوویت لەسەر ئەوەی ئەو خۆی کوشتووە... هەمیشەوات زانیوەیەکێک لەو دووانەباپیرەگەورەی تۆیە، بەڵام لەلایەک ئاسان نەبووەبزانیت کامیانەو لەلایەکی دیکە نەکراوە لەوە تێبگەیت ئاخۆ باپیرەگەورەتەبەلای دایکتەوەیان بەلای باوکتەوە... چ خۆکوشتن و چ سەرهەڵگرتن بە درێژاییی مێژووی هەردوو بنەماڵەکەشتێکی ئاسایی بووە... بەشێکیان خۆیان کوشتووەو بەشێکیشیان سەریان هەڵگرتووەو جارێکی دیکەکەس نەیبینیونەتەوە... شتێکی دیکەهەیە، کەئەمەیان ڕەنگەلەتۆ زیاتر بەخەیاڵی کەسی دیکەدا نەهاتبێت... ئەویش ئەوەیەبەدوورت نەزانیوەیەکێ لەئەندازیار و شاگردەکەی ژن بووبێت، ئەوەئەگەر نەڵێی باوەڕت وایەهەردووکیان ژن بوون... زۆربەی کات ئەوانت لەشێوەی ژن هێناوەتەبەرچاو، بەڵام ئەوەهیچی لەوەنەگۆڕیوە، کەتۆ خۆت بەنەوەی یەکێ لەو دووانە بزانیت، جا ئەوەیان داپیرەگەورەت بێت یان باپیرەگەورەت... باشەلەم کاتەدا ئەمەت بۆ بیر کەوتەوە...؟! (ئالان) بەسەرسوورمانەوەلێت ڕادەمێنێت و نازانێت بۆ تۆ لەناکاو ئەسپەکەت بە نیوەچڵی جێ هێشتووە... ئەوەتا هەر بەو دەستەقوڕاوییانەتەوەلەدەرگای حەوشەئاودیو دەبیت و بۆ یەکەمجار بەرەو منارەی چۆڵی بەڕێ دەکەویت.......

لەڕێگا لەگەڵ برادەرێکدا یەکتر دەناسنەوە، کە هەردووکتان لەسەردەمی هەرزەکاریدا ئەندامی یەک تیمی فوتباڵ بوونە... بیرت نەماوەدەستەکانت قوڕاوییین و تۆقەی لەگەڵ دەکەیت... تەریق دەبیتەوە، کەچی ئەو هیچ ئەمەی بەلاوەسەیر نییە... ڕاستییەکەی تۆ ئەوت ناسیەوە، چونکەبە یاریکەر (Player)یکی دیاری تیمەکەتان دادەندرا، بەڵام تۆ ڕیزێرڤ (Reserve) بوویت و کەم کەس دەیناسیت... یەکەمجار بوو ئەو وشەیەبیبستیت، کەدواتر زانیت مانای ئەوەیە تۆ یاریکەرێکی سەرەکی نیت، بۆیەتەنیا لەحاڵەتێکدا، کە یەکێک لەیاریکەرەسەرەکییەکانی تیمتان شوێنێکی بریندار ببێت و نەتوانێت درێژەبە گەیم(Game یاری) بدات، یان ئەگەر ڕۆژی (ماچ) یانزەیاریکەری سەرەکی ئامادەنەبن، ئەوا تۆی ڕیزێرڤ چانسی ئەوەت هەیەبێیتەناو ستادیۆم (Stadium یاریگا) و یاری بکەیت... بەڕاست...!! مەبەست لەوشەی (ماچ)یش (Match)ی ئینگلیزییە، کەمانای یاریی نێوان دوو تیم دەگەیەنێت، کەچی لای تۆواتایەکی دیکەی تەواو جیاوازی دەبەخشی و چێژت لێ دەبینی... ئەگەرچی تۆ تاکەڕیزێرڤ نەبوویت، بەڵام ئەو ناوەتەنیا بەسەر تۆدا بڕا و هەر ئاوا بانگ دەکرایت... سەرەتا واتدەزانی لەبەر ئەوەیە،

کەوشەکەهەندێک لەناوی خۆتەوەنزیکە، یان با بڵێین لەنێوان (ڕیزێرڤ) و (زێریڤان)دا زۆربەی پیتەکان هاوبەشن، بەڵام دواتر بۆت دەرکەوت مەسەلەکەشتێکی تەواو جیاوازە... ڕەنگەهەندێک وا بزانن وشەی (زێریڤان) لە(زێڕ)ەوە هاتووە بەتایبەتی باوکت بازرگانی زێڕ و ئەڵماس بووە، بەڵام ئەو ناوەدوور و نزیک پێوەندیی بەزێڕەوەنییە، بەڵکو مانای کەسێکی چالاک دەگەیەنێت، کەبەداخەوەتەواو پێچەوانەی وشەی (ڕیزێرڤ)ە... کاتێکیش ئەو ناوەیان لێ ناویت، باوکت فەرمانبەر بووە... دوای ئەوەی باپیرت خۆی کوشتووەو ئەو سامانێکی زۆری بۆ جێ ماوە، ئینجا بەتەگبیری هاوڕێیەکی وازی لەئیشەکەی هێناوەو دەستی داوەتەبازرگانیی زێڕ و ئەڵماس... تیمەکەتان لەناو سەرجەم تیمەکانی شاردا بەوەدەناسرایەوە، کەزاراوەکانی یاریی فوتباڵی بەئینگلیزی بەکار دەهێنا... هۆکارەکەشی بۆ (کۆچ)ی ئێوەدەگەڕایەوە... ئەو (کۆچ)ەتان ئەمەی بەسەردا دەسەپاندن... ڕەنگەوا بزانن مەبەستت ئەوەیەئێوەبۆ لایەک کۆچتان کردبوو... نا، نا، ئەوەنییە، بەڵکو (کۆچ Coach) واتەڕاهێنەر... ناوی (دڵشاد ڕەمزی) بوو... کەم کەس دەیزانی پوورزای دایکتە... ماوەیەکی تەمەنی خۆی لەلەندەن بە سەر بردبوو... ناوماڵەکەیشی لەسەر شێوازی ماڵێکی ئینگلیزی ڕێکخستبوو... بەتەنیا دەژیا، بەڵام دەیانوت لەگەڵ (ست ساماڵ)ی دایکی ئەو هاوڕێیەتدا پێوەندییان هەیە، کەئەوەتا وا دوای تەمەنێکی زۆر لەڕێگای منارەی چۆڵیدا بینیتەوە... ئەو ژنەچ لەکاتی ترەینینگ (Training مەشق) و چ لەکاتی ماچەکاندا دەهاتە ستادیۆم... دەیوت نایەوێت لەتاقەکوڕەکەی دابڕێت، بۆیەلەگەڵی دەهات و دەگەڕایەوە... بەهۆی ئەوەی تۆ ڕیزێرڤ بوویت، زۆربەی کات پێکەوەلەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشتن... دەتویست بزانیت ئاخۆ ئەو شتانەی لەبارەیەوەدەیلێن، تا چ ڕادەیەک ڕاستن، بۆیە بەدیقەتەوە سەرنجت لەهەموو هەڵسوکەوتێکی دەدا... ئەگەرچی بەردەوام کراس و تەنوورەیەکی ڕەشی دەپۆشی، بەهۆی ئەوەی مێردەکەی لەسێدارەدرابوو، بەڵام زۆر بایەخی بەستایلی قژی، ماکیاژ و بۆیەی نینۆکەکانی دەدا... ڕەنگەهەندێک وایان زانیبێت ئەو ژنەبۆیەهێندەسەرنجڕاکێشە، چونکەتاقەمێینەیەکە، هیچ نەبێت لەکاتی ترەینینگەکاندا، کەلەو ستادیۆمە، لەناو ئەو هەموو نێرینەیەدا دەبینرێت، بەڵام تۆ لەو باوەڕەدا بوویتە، کەهەر بەڕاستی جوانیی ئەو ژنەبێوێنەیە... باڵایەکی بەرز و ڕێکی هەبوو... لەوەدەچوو ئەویش بەشێوەیەک لەشێوەکان خەریکی سپۆرت بێت، چونکەزۆر گورجوگۆڵ دەهاتەبەرچاو... تۆنی دەنگیشی تا بڵێی سەرنجڕاکێش بوو... کاتێ دەدوا و گوێت لەو وشانەی دەگرت، واتدەزانی کەنارییەیەک لەناو قوڕگیدایە... بۆنی عەترەکانی تەفرەیان دەدایت، کەدوایی بۆت دەرکەوت ئەو هەرگیز عەتر لەخۆی نادات، بەڵکو ئەوەبۆنی ئارەقەی بنباڵ و نێوان مەمکەکانیەتی... ملوانکەیەکی جوانی دەکردەملیەوە... سەرەتا واتدەزانی ناوی خۆیەتی لەسەر نقێمەسوورەکەیدا هەڵکەندراوە، کەدەگەیشتەنێوان هەردوو مەمکی و لەشێوەی دڵ دروست کرا بوو، بەڵام دوایی دەرکەوت هیی کوڕەکەیەتی، کەتەنیا پیتی کۆتاییان جیاواز بوو... بۆیەزۆرجار (دڵشاد ڕەمزی) لەجیاتی بڵێ (سامان)، دەیوت (ساماڵ)، بەتایبەتی ئەو جارانەی (سامان) شتێکی بکردایە، کەلای ئەو پەسەند بووایە... ئەوسا

پێی دەوت:

- ئافەرین سامالْ گیان... گوڵی منی سامالْ.
خۆ لەو کاتانەی (سامان) گۆڵی دەکرد، (دڵشاد ڕەمزی) هەڵدەستایەوە سەر پێ و یەک بەدەنگی خۆی دەیوت:
- قوربانت بم سامالْ... دڵەکەی منیت سامالْ گیان.
ئەمەش زیاتر ئێوەی دەخستەسەر ئەو باوەڕەی، کەپێوەندییەکی نهێنی لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە... تۆئەوت بە(ست سامالْ) بانگ دەکرد، بەوەی بەشی ئینگلیزیی لەزانکۆی بەغدا خوێندبوو و لەیەکێ لەدواناوەندییەکانی کچاندا دەرسی دەوتەوە... ئەویش وەکو ئێوەزاراوەکانی بەئینگلیزی بەکار دەهێنا، بەڵام زیاتر وەکو ئینگلیزێک دەنگی پیتەکانی دەردەبڕی، کەئەمەبەدەوری خۆی ئەوی سەرنجڕاکێشتر نیشان دەدا... هەروەها زۆر بەوەش سەرسام بوو، کەئێوەنەک هەر زاراوەکانتان بەئینگلیزی بەکار دەهێنا، بەڵکو بەزمانی کوردییش کۆمەڵێک ماناتان بۆ کردارەکان داتاشی بوو... بۆ نموونە((ورگیم هەڵدڕی))، واتەبەهێزێکی گەورەوە تۆپەکەم‌لەتۆڕەکەدا... بەمەیان تا بڵێی سەرسام بوو، بەڵام تۆی ڕیزیرف یەک جاریش نەتوتبوو: ((ورگیم هەڵدڕی))، بەڵکو هەمیشەدەتوت: ((ورگی هەڵدڕی))... (ست سامالْ) زوو زوو بەتۆی دەوت:

- هیوادارم وەکو هاوڕێکانت پێش بکەویت و لەماچەکاندا بەشداری بکەیت... پڕ بەدڵ حەز دەکەم ورگی هەڵدڕی.
یان دەیوت:
- حەز دەکەم لەماچێکی گەرمدا گۆڵی خۆت بکەیت و من هەلهەلەت بۆ بکێشم.
بەو قسانەی هەم دەیشکاندیت و هەم هەوەسی دەبزوواندیت...

وشەی (ماچ)ی بەشێوەیەک دەردەبڕی، کەدەترسایت یەکێ لەو جارانەخۆتت بۆ دابین نەکرێت و پەلاماری بدەیت، چونکەلەگەڵ وتنەوەیدا دەنگی ماچێکی قووڵی دەردەکرد... بەڵێ، دەترسایت لەو ستادیۆمە، بەبەرچاوی ئەو هەموو سپێکتاتەر (Spectator جەماوەر)ەوەڕووتی بکەیتەوەو تێر تێر ناو دەم و گۆی مەمکەکانی بمژیت... ئەگەرچی ئەوان وایان دەزانی تۆ لەداخی ئەو نازناوەت وازت هێنا، بەڵام ڕاستییەکەی هۆکاری سەرەکیی ئەو ژنەبوو، کەدەترسایت تووشی گۆبەندێکت بکات... ئاگات لەهەواڵیشی نەما، چونکەلەوساوەبڕای ببڕای دوو پێت نەخستەوەناو ئەو ستادیۆمە... تەنانەت سەردانی ماڵی (دڵشاد ڕەمزی)ی پوورزای دایکیشتت نەدەکرد... لە هەمووی سەیرتر وردەوردە لەناو خەڵکدا (ڕیزیرڤ) شوێنی ناوەڕاستەقینەکەتی دەگرتەوە، بگرە باوکت هەتا مرد ودایکت هەتا ئەو ڕۆژەی لەپڕ دیار نەما و کەس نەیزانی بۆ کوێ سەری هەڵگرت، هەر (ڕیزیرڤ)یان پێ دەوتیت... ئەگەرچی لەفایلەکانی قوتابخانەدا ناوەڕاستەقینەکەت نووسرابوو، کەچی مامۆستاکان هەر بە(ڕیزیرڤ) دەیانخوێندەوە... ئێستاش، کەلەڕێگای منارەی چۆڵیدا (سامان)ی کوڕی (ست سامالْ)ت بینیوەتەوە، ناوە ڕاستەقینەکەتی بیر ناکەوێتەوە، بۆیە زۆر ئاساییەهەر بە(ڕیزیرڤ) بانگت دەکات... نازانی بۆچی دیسان مەیلت بۆ زانینی هەواڵی دایکی پەیدا کردووەتەوە، بگرەدەتەوێت ڕێگایەک بدۆزیتەوەو پرسیاری ئەوی لێ بکەیت... ئەگەرچی لەوساوەیەک جاریش نەتدیوە، بەڵام‌زوو زوو خەونی پێوەدەبینیت... هەر ئەو خەونانەپاڵیان پێوەناویت بە دوایدا بگەڕێیت و بەهەر شێوەیەک بێت بیدۆزیتەوە، بەڵام خێرا ئەو هەستەی خۆتت سەرکوت کردووە... لەم دواییەبۆت دەرکەوت بۆیەناتەوێت بەدوایدا بگەڕێیت، چونکەترسی ئەوەت هەیەوێنەکەی تێکەڵی ئەوەی دایکت بێت... ڕوونتر بڵێیت دەترسی لەناکاو وا بزانیت لەدایکت دەگەڕێیت، کەزۆر لەپڕ دیار نەما و کەس نەیزانی بۆ کوێ سەری هەڵگرتووە... مەحاڵەلەوەتێبگەیت، کەبۆچی هێندەلەوەترساویت بەدوای دایکتدا بگەڕێیت... ئەوەی ئەمڕۆت سەیرە... حەز دەکەیت بزانیت ئێستا (ست سامالْ) دوای ئەو هەموو ساڵە، کەتەمەنی لەشەست تێپەڕیوە، چی بە سەر هاتووەو شێوەی لەچاو ئەوسادا چەند گۆڕاوە... لەناکاو (سامان) لێت دەپرسێت:
- تۆ کێ لەگەڵ خۆت دەهێنیتەوە؟
دەڵێیت:

- تێناگەم... مەبەستت چییە...؟!
بەسەرسووڕمانەوەلەسیمات ڕادەمێنێت:
- تۆش ناچیتەمنارەی چۆڵی...؟!
- با، بەڵام مەبەستت چییەلەوەی دەڵێی کێ لەگەڵ خۆت دەهێنیتەوە...؟!
- مەبەستم ئەوەیەکامەمردووی خۆت دەهێنیتەوە...؟
هێندەی دیکەسەرت سووڕ دەمێنێت و دەپرسیت:
- مردوو...؟! مردووی چی...؟!
هەندێک بەتووڕەیی سەیرت دەکات، وەک بیەوێت لێت بپرسێت: ((بۆچی ئاوا خۆت گەمژەنیشان دەدەیت...؟!))... ئینجا بەتۆنێکی هەندێک تووڕەوەوەڵامت دەداتەوە:
- مردووی خۆت... ئەدی خەڵک ئیشیان لەمنارەی چۆڵی چییە...؟!
بەسەر گردۆلکەیەک دەکەون و لەوێوەدەڕواننەدەوروبەری منارەکە... هەزاران کەس دەبینن... گیانت دەلەرزێت، بەڵام ناکرێت بگەڕێیتەوە، بۆیەناچار لەگەڵ ئەودا لە گردۆلکەکە دێیتەخوارێ و لەوێوەبەرەو ئەوێ هەنگاو دەنێیت... ئەگەرچی هێشتا تەواو قسەکانی (سامان) نەچوونەتەئەقڵتەوە، بەڵام بیر لەوەدەکەیتەوەئاخۆ ئەو کام مردووەی خۆی دەهێنێتەوە... تۆ بڵێی (ست سامالْ)ی دایکی......، ........؟! نازانی چی بڵێیت... لەڕێگا لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا پیاوێکی دیکە دەناسیتەوە، کەلەگەڵ کوڕەکەیدا قۆڵیان لەقۆڵی یەکتر هەڵکێشاوەو بەرەو ئەوێ دەچن... ئەو پیاوەباڵابەرزەلەسەرەتایی مامۆستای نیگارتان بوو... بەهۆی ئەوەی تۆ بەهرەی سیرامیکت هەبوو، ئەو خۆشی دەویستی... ساڵانەبەشداریت لەپیشانگای قوتابخانەکاندا دەکرد... یەکێ لەو شتانەی زۆر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، منارەی چۆڵی بوو... تەنانەت وای زانی تۆ لای منارەڕاستەقینەکەدا دروست کردووە... کاتێ پێت وت لەژیانتدا لەنزیکەوەمنارەی چۆڵیت نەدیوە، ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر لێت ڕاما، کەپێشتر هەرگیز هیچ کەسێک ئاوا بەسەرسووڕمانەوەلەو چاوانەتی نەڕوانیبوو... واتدەزانی ئێستا نا ساتێکی دیکەشتێکت لەو بارەیەوە پێ دەڵێت،

چونکەسیمای ئەوەی دەگەیاند، بەڵام وەک بڵێی زمانی شکابێت، هیچی بۆ نەدەوترا و بەردەوام گرێی ملی دەجووڵایەوە، بەڕادەیەک دەترسایت بخنکێت... هیچ لەو حاڵەتە تێنەدەگەیشتی، کەئەوسا لەپڕ لەودا هەستت پێ کرد......

ئەو تاکەمامۆستای سەرەتاییتە، کەهەتا ئێستا پێوەندیت لەگەڵیدا مابێت... هەر جارێ یەکترتان بینیبێت، پرسیاری ئەوەی لێ کردوویت ئاخۆ لەگەڵ هونەرەکەتدا بەردەوامیت و بەرهەمی نوێت هەیە... لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ترسەتەواو شپرزەی کردوویت، بەڵام ناکرێت سەڵاوی لێ نەکەیت... یەکەمجار لەگەڵ کوڕەکەیدا بەگەرمی تۆقەدەکەن، کەچی کاتێ دەستت بۆ دەستی خۆی دەبەیت و دەڵێیت:

- مامۆستا گیان چۆنی...؟!

ئەو دەستی ناهێنێت، بگرەهەر سەیریشت ناکات... قۆڵی لەقۆڵی کوڕەکەیدا هەڵکێشاوەو بەرەو لای منارەدەچێت... دەڵێی بە دەم خەوەوەهەنگاو دەنێت... تۆ تەریق دەبیتەوە، بەڵام کوڕەکەی خێرا پێت دەڵێت:

- ماوەکەی تەواو بووە.

- چی...؟!

- ئەمڕۆ ماوەکەی تەواو بوو... ئەم دەبەمەوەو بەنیازم ئەمجارەدایکم بهێنمەوە... لەوەتەی مردوون، ئەوەیە کەمجارە بیانهێنمەوە... ڕاستییەکەی کچەکەم هەراسانی کردووم، هێندەی بڵێ دەمەوێت دایەگەورەو بابەگەورەببینم، ئەگینا من لەم دەساڵەی دواییدا هیچ کاتێ تاقەتی هێنانەوەیانم نەبووە.

ئینجا دەپرسێت:

- تۆ کێ دەهێنیتەوە...؟!

ناتوانی وەڵامی بدەیتەوە... باوەڕیش بەقسەکانی ناکەیت، چونکە چاکدەزانی تۆ لەو دەساڵەدا لانی کەم بیستجارت لەبازاڕ بینیوە... لەگەڵی وەستاویت و باسی هونەری سیرامیکتان کردووە... کاتێ ئەمانەبەکوڕەکەی دەڵێیت، ئەم قاقایەک لێ دەدات و ئاوا وەڵامت دەداتەوە:

- ئەوەسازانی خوشکم دەیهێنایەوە، کەخۆیشی شەش مانگ لەمەوبەر مرد.

کەواتەئەو چەند جارەی یەکترتان دەبینی، ئەو مردبوو و لەگۆڕستان گەڕابووەوە... ئینجا بیرت کەوتەوە، کەهەندێک لەپرسیارەکانی بەڕاستی سەیر بوون، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەهونەری سیرامیکەوەهەبوو......

پێ بەپێی ئەوان هەنگاو دەنێیت و تا دێت زیاتر دەترسیت و سەراسیمەدەبیت... بیر لەوەش دەکەیتەوە، ئەو کوڕەش وەکو (سامان) بەلایەوەسەیر نییە، کەتۆ بەو دەستەقوڕاوییانەتەوەهاتوویتەدەرێ... زۆر ئاسایی تۆقەی لەگەڵدا کردیت......

(سامان) لەناکاو قۆڵ بەقۆڵتدا دەکات و تۆ دڵت دادەچڵەکێت... ئەوسا دووبارەسەرنج لەدەستەقوڕاوییەکانی خۆت دەدەیتەوە... هێشتا بەلاتەوەسەیرە، کەئەو هیچ گوێ بەمەنادات... لەوەش سەیرتر، ئەو جاران هەمیشەبەچاوی نزم لەتۆی دەڕوانی و زۆر زۆر کەم قسەی لەگەڵدا دەکردیت... هەر ئەمەوای لێ کردبوویت هێندەشەیدای ببیت و حەز بکەیت بیکەیتەهاوڕێیەکی نزیکی خۆت، بەتایبەتی ئەم نەک هەر ناوی، بگرەشێوەیشی بەشێوەیەک لەشێوەکان لەهیی دایکی دەچوو، بەڵام هەمیشەلەنێوان تۆی ڕیزێرڤ و ئەوی سکۆرێر (Scorer گۆڵکەر)ی تیمدا بەربەستێکی گەورەخۆی قوت دەکردەوە... کەچی ئەوەتا ئێستا قۆڵی لەقۆڵت هەڵدەکێشێت و بەڕووی خۆشەوەلەگەڵتدا دەدوێت... ئەگەرچی ڕووی خۆش و کات و شوێنێکی ئاوا لای تۆ مایەی گەورەترین سەرسووڕمانە... لەوەدەچێت پاش ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ کوڕی مامۆستادا داتمەزراند، باوەڕی تەواوی هێنابێت، کەتۆ درۆت لەگەڵدا نەکردووە، کاتێ وا خۆتت نیشان داوەدوای چل ساڵی تەمەن هێشتا نازانیت خەڵک دەتوانن مردووی خۆیان بهێننەوە... یان ڕەنگەوای زانیبێت تۆ لەئەنجامی شۆکێکەوەئەمەت لەبیر نەماوە... بەزمانێکی هێمن کۆمەڵێک زانیارییت لەو بارەیەوەپێ دەگەیەنێت: ((مرۆڤ دەتوانێت هەر جارێ یەک مردووی خۆی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بهێنێتەوە، بەمەرجێ ئەو مردووە بە شێوەیەکی یاسایی گیانی لەدەست دابێت... ئەو مردووەی هاتووەتەوە، تەنیا لای ئەو کەسەدەخوات و دەخەوێت و خۆی دەشوات، کەئەرکی هێنانەوەکەی لەئەستۆ گرتووە... ڕوونتر ئەگەر کچێک باوکی بێنێتەوە ماڵی خۆی، ئەوا خوشک و براکانی نایبینن، بەڵام ئەو مردووەدەتوانێت سەردانی خەڵک بکات و بچێتەشوێنەگشتییەکان، بەمەرجێ دەم لەنان و ئاویان نەدات.....، .........، ..........)).

(سامان) بەردەوامە، بەڵام تۆ وردەوردەتوانای گوێگرتنت نامێنێت... بیر لەو مامۆستایەدەکەیتەوە، کەهەر جارێ لەبازاڕپێت بوتایەبا شەربەتێک بخۆینەوە، یان لەپاقلاوەخانەیەک دابنیشین و بەدەم گفتوگۆ لەبارەی هونەری سیرامیکەوەپاقلاوەبخۆین، ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەیوت ناتوانێت، کەچی هەرگیز جارێک پێی نەدەوتیت مردووەو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گەڕاوەتەوە......

وا وردەوردەباوەڕ بەمەسەلەکەدەهێنیت، بگرەدەگەیتەئەوەی بڵێیت پێشتر هەموو ئەو شتانەت زانیوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت بیرت چوونەتەوە... بەخۆت دەڵێیت ڕەنگەکەسانی دیکەش هەبن وایان بەسەر هاتبێت... هەقی خۆشتەوا بیر بکەیتەوە... لەوانەیەسبەینێ ئەم بەسەرهاتەت بکرێتەچیرۆک، خوێنەری وا هەبێت هەمان شتی تۆی بە سەر هاتبێت، کەچی وا بزانێت ئەمەئەفسانەیەکی پووچە، کەمرۆڤ مردووی خۆی بهێنێتەوە... ئەگەرچی ئەمەزۆر دەگمەن ڕوو دەدات، مەگەر ئەو خوێنەرەهەر تەواو ئەقڵی خۆی لەدەست دابێت و ڕابردوو لەمێشکیدا سڕابێتەوە... ئینجا بیر لەوەدەکەیتەوە، کەکێ لەگەڵ خۆتدا بهێنیتەوە... ئایا مرۆڤ دەتوانێت وەکو مردووەکان ئەوانەش بهێنێتەوە، کەسەریان هەڵگرتووە، یان بەهەر هۆیەک بێت، دیار نەماون...؟! ئەم پرسیارەبۆ دوایی هەڵگرە...!! خەیاڵت بۆ دایکت، باوکت، مامت و زۆر لەهاوڕێیانی گەڕەک و قوتابخانەش دەچێت... ڕاستەتا ئێستا ئەو ترسەڕێگرەلەوەی تۆ هیچ مردوویێک لەگەڵ خۆتدا بێنیتەوە، هەتا ئەگەر ئەو مردووەدایکی خۆشت بێت، بەڵام دوور نییەلەوێ ئەو ترسەت بشکێت و بڕیارێکی ئاوا بدەیت... هەست دەکەیت شتەکەیەکجار بەو ئاسانییەش نییە... بۆ نموونەتۆ ئەگەر دایکت بێنیتەوە، هەرچەند لات ڕوون نییەدایکت مردبێت، بەڵام با بڵێین مردووە، یان وای دابنێ، کەدەتوانیت ئەویش وەکو یەکێک لەکەسەرهەڵگرتووەکانت بێنیتەوە، ئەوەدڵنیایت شێت و هار

دەبێت، کەبەتەنیا ئەوت هێناوەتەوەو باوکتت لەوێ جێ هێشتووە، چونکەدوای ئەوەی باوکت بەسەرخۆشی لەگەڵ سۆزانییەکی ناسراودا لەشەقڵاوەدەگەڕایەوەو ئۆتۆمۆبیلەکەی لەلۆفەکانی مەسیفدا هەڵدێرا... ئەنجام خۆی و سۆزانییەکەپێکەوەگیانیان دەرچوو... دایکت هەمیشەهیوای دەخواست ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێت باوکت زیندوو ببێتەوە، بۆ ئەوەی بەچڕنووک پێستی لەشی دابماڵێت و وەک پەیکەرەئێسقانی ئاژەڵی کێوی بەڕەڵلای کۆڵانی بکات... ئەمەدەقی قسەکەی خۆیەتی: ((ئاخ چۆن وەک پەیکەرەئێسقانی ئاژەڵی کێوی بەڕەڵلای کۆڵانم بکردایە...!!))... ئەو بەحوکمی ئەوەی لەیەکێک لە سەرەتاییەکاندا وانەی زانستی دەوتەوە، هەمیشەشتەکانی بەباڵندەو ئاژەڵ دەچوواند... هەتا ئەو ڕۆژەی دیار نەما و کەس نەیزانی بۆ کوێ سەری هەڵگرتووە، داخی بۆ ئەوەهەڵدەکێشا، کەباوکت دەستبەجێ گیانی دەرچوو و ئەم فریا نەکەوت بەنینۆکەتیژەکانی ئەو پێستەی وەکو کراسی نایلۆن لەئێسقانی داماڵێت... دایکی خۆتەو چاکی دەناسیت، کەهەتا ئێوارەپێی بڵێیت مرۆڤ بۆی هەیەتەنیا یەک مردووی خۆی، یان تەنیا یەکێک لەو کەسانەی سەری خۆیان هەڵگرتووە، بێنێتەوە، ئەو گوێت لێ ناگرێت... بەردەوام لەگەڵ باوکت شەڕیان بوو... یەک ڕۆژ نەتبینی ئەوانەپێکەوەئاشت بن و دوو قسەی خۆش بەیەکەوەبکەن... نیوەڕۆیەکی مانگی مەیە ودایکت جلێکی نوێی پۆشیوە... لەسەر کورسیی بەرئاوێنەی ژوورەکەی دانیشتووە... قژی دادەهێنێت و ماکیاژ دەکات... باوکت لە دواوەدەستی لەملی دەئاڵێنێت و چەند جارێ لێوی بەپشتملی رووتیدا دەهێنێت... ئینجا سەری دەخاتەسەر شانی و بۆنی بنباڵی هەڵدەمژێت... دایکت بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، قۆڵ و باسکەڕووتەکانی لەقاچەکانی ئەو دەئاڵێنێت و دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەنوێنن... تۆ و (تابان)ی خوشکت لەهەیوان چاوەڕێیان دەکەن، هەتا ئەوانیش وەکو ئێوەخۆیان بڕازێننەوەو بچنەئاهەنگی چەند گۆرانیبێژێکی ناسراو لەهۆڵی گەل... ئەوەیەکەمجارتەئەوان ئاوا بەتەبایی ببینیت... لەگەڵ (تابان)دا لەسیمای یەکتر دەڕوانن و نازانن ئەمەتان پێ خۆشەیان ئازارتان دەدات... باوکت بەهێمنی پێی دەڵێت:

ـ ئەرێ نابێت هەر ئاوا بەیەکەوەڕێک بین دڵارام...؟!

دایکت وەک بڵێی مار پێوەی دابێت، هەڵدەستێتەوەو شانەکەی دەستی بەئاوێنەکەدا دەکێشێت... لەبەرانبەریدا دەوەستێت و تا هێزی تێدایە دەڵێت:

ـ بۆلەمن دەپرسی موفید...؟! لەخۆت بپرسە... ئەوەهەر تۆیت شەڕ هەڵدەگیرسێنیت.

باوکت پاڵێکی قایمی پێوەدەنێت و پشتی بەدیواردا دەدات... لەماوەیەکی کەمدا چ سیمای خۆیان و چ سیمای ژوورەکەتەواو دەشێوێنن... خوێن بەمەچەکی باوکت و بەمل و سنگی دایکتدا دەچۆڕێتەوەو یەک کەلوپەلی ئەو ژوورەلەشوێنی خۆیدا نامێنێت... نیوەشیان دەشکێن... هەمیشە(تابان) لایەنی باوکت و تۆ لایەنی دایکتت دەگرت، بۆیەئێوەش لەنێوان خۆتاندا دەتانکردەشەڕ......

ئێستا شتێکی سەیر بەخەیاڵتدا دێت... وای بۆ دەچیت (تابان) لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا زیاتر لەدەجار (موفید)ی باوکتی هێنابێتەوە، چونکەلەزۆربەی گفتوگۆکانتاندا باسی هەندێک شتی ئەو دەکات، کەدوای مردنەکەی ڕوویان داوە... تۆ هەمیشەئەمەت وا لێک داوەتەوە، کە(تابان) ئەوی لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست، بۆیەزۆر لەتۆ زیاتر بەمەرگی ئەو تێکچوو، تەنانەت چەند جارێک ویستی خۆی بکوژێت و ژنان نەیانهێشت... بەردەوام بەزەییت پێدا هاتووەتەوە، کەناتوانێت باوکت لەبیری خۆی بباتەوەو بەشێوەیەک باسی دەکات، وەک بڵێی هێشتا لەژیاندا مابێت... (ئالان)ی خوشکەزاشت زوو زوو بۆت دەگێڕێتەوە، کەچۆن (بابەموفید) بۆبازاڕی بردووەو ئەسپ و تراکتۆر و لیگۆی بۆ کڕیوە... یان پێکەوەچوونەتەشاری یاری و پارکی ئاژەڵان و لەوێ کاتێکی خۆشیان بە سەر بردووە... پشتت بەو زانیارییەکەمەی خۆت بەستووە، کەلەبارەی سایکۆلۆجیاوەهەتەو ئەمەت وا ڕافەکردووە، کەمنداڵ لەم قۆناغەی تەمەنیدا ناتوانێت دنیای ڕاستەقینەو دنیای خەون لەیەکتر جیا بکاتەوە، بۆیەزۆر شت هەن ئەولەخەوندا دەیانبینێت، کەچی وا دەزانێت بەڕاستی ڕوویان داوە... بەڵام ئێستا دەگەیتەئەو باوەڕەی، کەئەوەتەنیا تۆیت دنیای خەیاڵ و ڕاستیت لێ تێکەڵ بووە، تەنانەت بیرت نەماوەخەڵک دەتوانن مردووی خۆیان بهێننەوە... ئاخر کەس هەیەئەمەی بیر بچێتەوە...؟! بەڕاستی ئەمەتەنیا لەچیرۆک و میتۆلۆجیادا روو دەدات... باوەڕ ناکەیت (تابان) یەک جاریش (دڵارام)ی دایکتی هێنابێتەوە... بەڵگەشت ئەوەیەنەخۆی و نە(ئالان)ی کوڕی هەرگیز باسی ئەوناکەن... بەڵام ئایا مرۆڤ وەک چۆن دەتوانێت مردووی خۆی بهێنێتەوە، ئاواش دەتوانێت هەر لەو شوێنە، لەو منارەیە، ئەو کەسانەی بدۆزێتەوە، کەلەبەر هەر هۆیەک بێت دیار نەماون و کەس نەیزانیوەبۆ کوێ سەریان هەڵگرتووە...؟!

بەو دەستەقوڕاوییانەتەوەهەنگاو هەنگاو لەگەڵ (سامان)دا ڕێ دەکەیت و لەو خەڵکەدەڕوانیت، کەهەندێکیان لای منارەکەدێنەوەو هەندێکیان بەرەو ئەوێ دەچن... خەریکەمردوو و زیندوو لەیەکتر جیا دەکەیتەوە... مەبەستم لەومرۆڤانەن، کەلەشارەوەدەگەڕێنەوە، چونکەمردووەکان بەدەم ڕۆیشتنەوەتەنیا لەمنارەکەدەڕوانن و بەهیچ شێوەیەک سەریان بەملا و بەولادا نابزوێنن، بۆیەدەتوانی ئەوان لەو کەسانەجیا بکەیتەوە، کەئەرکی هێنانەوەیانیان لەئەستۆ گرتووە... ئەوانیش وەکو مامۆستا دەڵێی بەدەم خەوەوەهەنگاو دەنێن... سەرنجیشت داوەهەر مردووێک و زیندووێک قۆڵیان لەقۆڵی یەکتر هەڵکێشاوە، بەڵام تۆ و (سامان) تاکەدوو کەسی زیندوون وەکو ئەوانتان کردبێت... ئەمەهەر خۆی لەخۆیدا ترس و سەرسامییەکەت گەورەتر دەکات، بەڵام ناشتوانی قۆڵت لەقۆڵی ئەودا دەربهێنیت...

هەرچی ئەوانەن، کە لەمنارەکەوەدەگەڕێنەوە، ئاسان نییەبزانیت کامیان زیندووەو کامیان مردوو... ڕەنگە(سامان) سەری لەوەش دەربچێت، بەڵام تۆ پرسیاری لەوەگرنگترت هەیەلێی بکەیت......

ورد ورد لەسیمای دەڕوانیت، وەک بڵێی هەقی ئەو کاتانەبکەیتەوە، کەپڕ بەدڵ حەزت دەکرد ئاوا لەنزیکەوەسەرنج لەو چاوەسەوز و لێوەپڕتەقاڵییانەی بدەیت و نەتدەوێرا... لەوەتێگەیشتوویت، کەمرۆڤ کاتێ دەزانێت لەنێوان زیندوو و مردوودا، یاخود لەنێوان ژیان و مەرگدا جیاوازییەکان

سڕاونەتەوە، شتێک نامێنێت بەناوی شەرم، بەڵکو ئەوەی هەیەهەر سەرسوورمان و پرسیارە:
- تۆ باوکت دەهێنیتەوە...؟!
خۆشت نازانی چۆن ئەمەت بەسەر زماندا هات... ئەو وەک بڵێی قسەیەکی زۆر ترسناکی بیستبێت، خێرا بەچواردەوری خۆیدا دەڕوانێت و دوایی بەچپەپێت دەڵێت:
- ناوی باوکم مەهێنە، چونکەخۆت دەزانی ئەو بەشێوەیەکی یاسایی نەمردووە.
ئێستا زانیت مەبەست لە(مردن بەشێوەی یاسایی و نایاسایی) چییە، چونکەئەوسا، کەئاوای پێ وتی بەچاکی لێی تێنەگەیشتیت... بەڵام بڵێ ئەگەر تۆ سوور دەزانیت ڕێگای هاتنەوەی باوکت نادرێت، ئەدی بۆچی دەچیت و کێ لەگەڵ خۆتدا دەهێنیتەوە...؟!
- من دایکم لەگەڵ خۆمدا دەهێنمەوەڕیزێرڤ گیان.
- دایکت...؟! ست ساماڵ...؟! بۆ ئەویش مردووە...؟!
- ئەدی تۆ ڕۆژی کوژرانەکەیت بیر نییە...؟!
هەر خێرا، پێش ئەوەی تۆ وەڵام بدەیتەوە، ئەو پەنجەکانی بەناوچەوانیەوەدەگرێت و دەڵێت:
- ئۆهـ...!! نا...!! تۆ ئەوسا وازت لەتیمەکەمان هێنابوو...!!
- تێم بگەیەنە سامان، دایکت کەی کوژرا و کێ کوشتی...؟!
- دەزانی بیرم چووبوو، کەتۆ ئەو ڕۆژەلەستادیۆم نەبوویت...؟!
- لەستادیۆم کوژرا...؟!
- بەڵێ، دوای ماچ (Match)ێکی گەرم.
- بۆ کوژرا...؟!
- چونکەدەرکەوت لەگەڵ هەموو ئەندامانی تیم ڕایبواردووە، تەنانەت لەگەڵ ڕیزێرفەکانیش...؟! ئەمەش بۆ ئەو.........، ........
- چۆنت زانی...؟!
- چی چۆنم زانی...؟! بۆ دایکی خۆم نییە...؟!
- بەڵام دەیانوت تەنیا لەگەڵ کاک دڵشاد ڕەمزیی کۆچمان پێوەندیی هەیە.
- نەخێر، بەبەڵگەوەدەرکەوت، کەلەگەڵ هەموویاندا ڕایبواردبوو.
- باوەڕت بێت من بەدرێژاییی ئەو ماوەیەک ماچیشم لێی نەکرد، ئەگەرچی زۆر حەزم لێی بوو... شێتی باڵای بەرزی و قژی کاڵ و چاوەسەوزەکانی بووم، بەڵام لەڕووم نەدەهات........، ........
- دەزانم، پێویست ناکات پێم بڵێیت... لەسەرنجەکانتدا ئەوەم دەخوێندەوە... دایکم خۆیشی زوو زوو پێی دەوتم ڕیزێرڤ زۆر حەزی لێمە، بەڵام شەرم دەکات... دەزانم چەند جارێکیش دایکم کاتێ بەمەبەستی ئینکورێگیمێنت (Encouragement هاندان)ی من هەستاوەتەوە، تۆ دەستت لەسەرشوێنەکەی داناوەو ئەو لەسەری دانیشتووە، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوتووەئەمەت بەئەنقەست نەکردووە و خێرا پەنجەکانت لەژێر سمتی دەرهێناوە.
جا هەر بەڕاستییش وابوو... دەستت بێ هیچ مەبەستێک دەگەیشتەئەوێ، بەڵام کاتێ قنگی لەسەر دادەنا، هەستت بەچێژێکی بێئەندازەدەکرد، ئەگەرچی خێراش لەژێریت دەردەهێنا... هاوکات بیرلەوەش دەکەیتەوە، کەتۆ جاران مەحاڵ بوو بوێریت گوتەی وا لەدڵی خۆشتدا بەکەسێک بڵێیت، کەچی ئەوەتا زۆر ڕاشکاوانەئاڕاستەی(سامان)ی دەکەیت، ئەو (سامان)ەی پێشتر لەڕووت نەدەهات لەچاوەکانیشی بڕوانیت... دەگەیتەئەوەی بڵێیت مرۆڤ تەنیا لەبەر ئەوەشەرم دەکات، چونکەنەیزانیوە، یاخود زانیویەتی و بیری نەماوە، کەدەتوانێت مردووی خۆی بهێنێتەوە... هەموو ئەمانەبخەرەلاوە، بەڵام دەبێت کێ (ست ساماڵ)ی کوشتبێت...؟!
- من کوشتم ڕیزێریڤ گیان.
- تۆ...؟! چۆن...؟!
- بەچەقۆ... سکیم هەڵدڕی.
- چۆنت توانی...؟! ئێوەیەکترتان زۆر خۆش دەویست... کەم کوڕ و دایکی وەک ئێوەم لەژیانمدا بینیوە، بۆیەناتوانم باوەڕ بکەم.
- هەمیشەدەمویست ئۆپەرچەنیتی (Opportunity دەرفەت)ێکی باش بدۆزمەوەو بەئاسانی بیکوژم... ئەوەبوو دوای ئەو ماچە گەرمەئینزوزیازم (Enthusiasm حەماس)ێکی سەیرم پەیدا کرد، بەرادەیەک دەتوت کەسێکی دیکەم... نەمویست ئەو ئۆپەرچەنیتییەلەدەست خۆم بدەم... خۆشبەختانەش لەسەر عەرەبانەی شێلمفرۆشێکدا چەقۆیەکی تیژم دەست کەوت و ئەتاک(Attack هێرش(م بۆ برد... لەبەرچاوی ئەو هەموو سپێکتاتەرەورگیم هەڵدڕی.
- ئەدی دوایی چۆن پەشیمان بوویتەوە...؟!
- کوا پەشیمان بوومەتەوە...؟! وتم پەشیمان بوومەتەوە...؟!
- نا، وات نەوتووە، بەڵام ئەدی ئەوەنییەدەچیت بیهێنیتەوە...؟!
قاقایەکی بەرز لێ دەدات، بەرادەیەک قوڵی لەقوڵت دەترازێت و رووی دەکەوێتەدواوە... ئەم جووڵەیەی هەمان ئەوەیانە، کاتێ لەستادیۆمەکەلێیت دەبینی و پێی سەرسام دەبوویت... هەرکەتۆپەکەلەشێوەی کەوانێک، یان با بڵێین لەشێوەی پەلکەزێرینەیەکەوەدەهات، ئەم بەخێراییەکی سەرسووڕهێن رووی لێ وەردەگێرا و بە هەمان خێراییش بۆی دەگەڕایەوە... کەس نەیدەزانی چۆن بەسنگ دەیگرتەوەو دەیخستەژێر قاچییەوە... لەوێوە ئەتاک(Attack هێرش(ی ڕاستەقینەدەستی پێ دەکرد... دایکی لەخۆشییان هەڵدەستایەوەو هەلهەلەی دەکێشا... دەیوت:
- بڕۆ... بڕۆ... ئەو ئۆپەرچەنیتییە لەدەست خۆت نەدەیت... لێی دە... ورگی هەڵدڕە.
کەواتەخەتای ئەم هونەرەی (سامان) و ئەو هەڵسوکەوتەی دایکی بووە، کەتۆ هەموو جارێک دەستت دوور لەخواستی خۆت گەیشتووەتەئەوێ و ئەویش لەسەری دانیشتووە... بەڵام واز لەمەبێنە... ئەوە(سامان) بۆچی قاقا لێ دەدات...؟! ئایا هەقی خۆت نییەبەلاتەوە سەیر بێت، کەئەوێک دایکی خۆی بکوژێت و دواییش بچێت بیهێنێتەوە...؟! پێشت بڵێ ئەمەمانای ئەوەنییەئەو لەکوشتنەکەی پەشیمانە...؟!
- نا، بەهیچ شێوەیەک پەشیمان نیم.
- دەتوانی پێم بڵێیت بۆچی کوشتت و بۆچییش دەیهێنیتەوە؟
- کوشتم، چونکەویستم ڕزگاری بکەم... دەزانم ئێستا دەپرسی لەچی ڕزگاری بکەم، بۆیەبا لەئێستاوەوەڵامت بدەمەوە... من دایکمم لە ژیان ڕزگار کرد... تۆ وا دەزانی ئەو زۆر ئاسوودەدەژییا و هیچ خەمی نەدەخوارد، چونکەتۆ تەنیا لەو ستادیۆمەدەتبینی و بەچاوی نێرینەیەکیش لێیت دەڕوانی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو

ڕۆژانەبەقەدەر دنیا خەفەت و ئازاری دەچەشت... هەر لەبەر ئەوەش بوو دەهاتەئەوێ... وتم تۆ بەچاوی نێریینەیەک لەوت دەڕوانی، بۆیەوات دەزانی ئاسوودەیە... ڕەنگەلەمەبەستم تێنەگەیت... تۆ لەودا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕایت، کەچێژیان پێ دەبەخشییت و ئەمانەشت بەئاسانی لەژنێکی جوان و ناسکی وەکو ئەودا دەست دەکەوت، بۆیەوات دەزانی ئەم خۆیشی وەکو تۆ لەخۆی دەڕوانێت... واتەتۆ لەڕێگای ئەو شتانەوەئەوت دەهێنایەبەرچاو، کەخۆتیان ئاسوودەدەکرد و وات دەزانی ئەو لەناو ئەو ئاسوودەییەدا نغرۆ بووە، بەڵام هەر من دەزانم چ ئازارێکی گەورەبەردەوام ئەوی دەتلاندەوە.

– ئەگەر وایەچۆن دەیتوانی لەگەڵ تیمێک رابویرێت...؟! ئایا چێژی لەورابواردنانەی نەدەبینی...؟!

– ڕەنگەسەرەتا هەندێک چێژی بینیبێت، بەڵام دوایی کاتێ کار گەیشتەئەوەی پەنا بۆ ئۆراڵ کۆنتراسێپتیف Oral Contraceptive بەرێت، تووشی خەمۆکی بوو، بۆیەبەردەوام ئەنتیدیپرێسنت Antidepressant ی بەکار دەهێنا، کەئەمەدایکمی خستەبارێکی زۆر دژوارەوە.

ئەوساش سێ چوار جار لەو ستادیۆمەگوێت لەو دوو زاراوەیەبووبوو، بەڵام وات دەزانی ئەمانەش وەکو ئەوانی دیکەهەر پێوەندییان بەسپۆرتەوەهەیەو تۆیەکی ڕیزێرف لێیان تێناگەیت... ئێستا هەر ئەوەندەلە(سامان)ی دەپرسی، ئەو خێرا پێت دەڵێت:

– (ئۆراڵ کۆنتراسێپتیف) حەبی ڕێگرتنەلەسکپڕبوون و (ئەنتیدیپرێسنت)یش حەبی دژی خەمۆکییە.

– نازانم بڵێم چی، بەڵام ئەو کاتەی من دەمبینی، زۆر جوان و کەشخەبوو... دەبێ دوایی ئەو شتانەی تێدا دەرکەوتبێت.

– وەکو پێم وتی تۆ لەو شوێنانەی ئەودا دەگەڕایت، کەجوانی و ئاسوودەییان تێدا بوو، وەکو ماکیاژی دەموچاو و ستایلی قژی و جلەکانی، بەڵام من دەمتوانی تەنانەت لەو ستادیۆمەو لەکاتی پێکەنین و هەلهەلەکێشانیشیدا چینێکی ئەستووری خەم و ناسۆر بەسیمایەوەببینم، کەبەڕاستی ئەمە زۆرئازاری دەدام.

– باشەدایکت بۆ لەگەڵ ئەو هەموو کوڕەدا دەخەوت...؟! خۆ وەکو من بزانم ئێوەلەڕووی داراییەوەکەموکوڕییتان نەبوو.

لەگەڵ ئەم قسەیەتدا سیمای تەواو دەگۆڕێت و بەتۆنێکی تووڕەوەدەڵێت:

– دایکی من لەهەموو ژیانیدا لەپێناوی پارەدا لەگەڵ هیچ پیاوێک نەچووەتەناو جێگاوە... لەکەسی قەبووڵ ناکەم تۆمەتی وای بداتەپاڵ.

ئینجا کەمێک هێمن دەبێتەوەو دەڵێت:

– دەزانم تۆ باوەڕ ناکەیت وای کردبێت و پرسیارەکەشت بەو مەبەستەنەکردووە، بەڵام........

نایەوێت قسەکەی تەواو بکات و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت... تۆ پێی دەڵێیت:

– من تێناگەم ئەمڕۆ چیم بە سەر هاتووە سامان... ئەوەندەدەزانم هیچ شتێک ئاسایی نایەتەبەرچاوم.

– ئاگام لێتەڕیزێرف گیان، بۆیەناهەقت ناگرم، ئەگەر هەرچی بڵێیت... خۆ کەسێکی دیکەئەو قسەیەی بکردایە، ..........، ........

– بەڵام تۆ ئێستاش بەمنت نەوت بۆچی دایکتت کوشت.

– پێم وتی، بەڵام وا دیارەتۆ تێنەگەیشتوویت.

ماوەیەک هەردووکتان بێدەنگ دەبن و دوایی ئەم خۆی دەڵێت:

– من پێم وتی بەو مەبەستەکوشتم تا لەژیان ڕزگاری بکەم... ڕاستییەکەی ئەو خۆی زۆر هەوڵی خۆکوشتنی دەدا، بەڵام سەری نەدەگرت... تۆ نازانی چ ئازارێکی گەورەیە، کاتێ مرۆڤ لەکوشتنی خۆیدا سەرکەوتوو نابێت... وەکو ئەوەوایەمیوانێک دەیان جنێوی سووک و ناشیرین بەخانەخوێیەکەی دەدات و پێی دەڵێت من لەتۆکەمترم، ئەگەر یەک ڕۆژی دیکەت لا بمێنمەوە، کەچی هەر ئەوسا بۆ لای دەگەڕێتەوە... ئەوەی هەوڵی خۆکوشتن دەدات و سەرکەوتوو نابێت، هەمیشە بەشەرمەوەلەژیان دەڕوانێت.

– تۆ ئەمەچۆن دەزانیت...؟! ئایا هیچ جارێک هەوڵت داوەخۆت بکوژیت و سەری نەگرتووە...؟!

– بەڵێ، زیاتر لەجارێکیش... ئەدی تۆ...؟!

– من لاکەی دیکەم کردووە... زۆرجار دەیان جنێوی سووکم بەدایک و باوکم داوەوماڵم جێ هێشتووە، بەڵام دوایی بەناچاری بۆ لایان گەڕاومەتەوە.

– کەواتەتۆ هەرگیز بیرت لەخۆکوشتن نەکردووەتەوە... ئەوانەی دەتوانن وەکو تۆ لەئاستی دایک و باوکیاندا بوەستنەوە، پێویستییان بەخۆکوشتن نابێت.

ئەگەرچی چاک لەمەبەستی تێناگەیت، بەڵام وات لێ دەکات بیر لەوەبکەیتەوە، کەتۆهەر بە ڕاستی لەهەموو ژیانتدا بۆ یەک جاریش نەتویستووەخۆت بکوژیت، لەکاتێکدا چەند کەس لە بنەماڵەی ئێوە چ بەلای دایکت و چ بەلای باوکتەوەخۆیان کوشتووە... تەنانەت هەندێک وایان دەزانی مردنەکەی باوکیشت ئاسایی نەبووە، بەڵکو بەئۆتۆمۆبیلەکەیەوەخۆی لەو لۆفانەدا هەڵداوەتەخوارێ، بەڵام هاوڕێ نزیکەکانی ئەمانەیان بەدرۆ دەخستەوە... دەیانوت ئەگەر بەتەنیا بووایە، ڕێی تێ دەچوو، بەڵام ئەو سۆزانییەکی ناسراوی لەگەڵدا بووە... ئەویش بەوەدەناسرایەوە، کەسۆزانییەکانی لەهەموو شتێک خۆشتر دەویست، بۆیە شتێکی ئاوایان بەمەحاڵ دەزانی... (تابان)ی خوشکیشت چ ڕۆژی مەرگی باوکت و چ پێشتر و دواتریش هەوڵی ئاوای داوەو سەری نەگرتووە، تەنانەت بەردەوام پێشبینیی ئەوەدەکەیت، کەئەو ڕۆژێک هەر دێت بەپەت خۆی بخنکێنێت، یان هەندێک ژەهری پشیلەبخوات... بۆیەدەڵێیت ژەهری پشیلە و هیی شتێکی دیکەنا، چونکەئەو هەر لەخۆیەوەشەڕێکی گەورەی لەگەڵ پشیلەدا هەڵگیرساندووە... زۆرجاریش گوتوویەتی:

– هەر ڕۆژێکەو من لەداخی پشیلەخۆم دەکوژم.

سەرەتا واتدەزانی بۆیە هێندەڕقی لەو گیاندارەیە، چونکەئەو شێت و شەیدای مشکە، بەڕادەیەک ماڵەکەی پڕ کردووەلەڕەگەزەجیاوازەکانی مشک، بەڵام دوایی گەیشتیەئەو باوەڕەی ئەمەشی تەنیا لەڕقی پشیلەکانە، ئەگینا ئەو هەرگیز مشکیشی خۆش نەویستووە... هەموو ئەو کونوکەلەبەرانەی شار پێ دەزانێت، کەژەهریان لێ دەفرۆشرێت، بەتایبەتی ژەهری پشیلە... ڕۆژانەپشیلەلەکۆڵان و سەربانی ماڵان و بەردووکانەکاندا دەمرن و لاشەیان بۆگەن دەکات... دراوسێکان ئەگەرچی لەهۆی مردنی ئەو هەموو پشیلەیەتێناگەن، بەڵام لەگەڵ ئەو بۆنەڕاهاتوون... هەر کەسێک بەسەردان

چووبێتەئەوێ، خێرا هەستی پێ کردووەو لووتی خۆی توند توند گرتووە... ڕێستۆرانتەکەی نزیک ماڵیان داخرا، چونکەلەبەر بۆنی ئەو هەموو لاشەیە، کەس بێزی نەدەهات لەوێ نان بخوات... تۆ زۆر کەم سەردانی دەکەیت... خۆ ئەوەندەی لەوێشیت دەم لەنان و ئاو نادەیت... هەندێجار بەخۆت دەڵێیت، کەبەهۆی دیمەنی مشک و بۆنی پشیلەی مردووەوەخوشکێک و خوشکەزایەکت لەدەست چووە... باشەئەو چەند جارەی باوکتی هێناوەتەوە، دەبێت چی لەو مشکانەکردبێت...؟! ئەو دوژمنی مشک و جرج بوو، بەبێ ئەوەی لایەنگری پشیلەکانیش بێت... ڕاستییەکەی ئەو ڕقی لەبۆنیان بوو، نەوەک لەخۆیان... بەو لووتەهەستیارەی‌دەیتوانی بۆنی هەموو گیاندار و بێگیانێک بکات، تەنانەت لەدەستی دەهات بۆنی ئەو شتانەش بکات، کەمرۆف هەرگیز باوەڕی نەکردووەبۆنیان هەبێت، بەڵام لەهەموویان زیاتر بەبۆنی پشیلەو مشک تێکدەچوو... دەستەکانی دەلەرزین و چاوەکانی شلەیەکی سەیریان پێدا دەهاتەخوارێ... دەیوت ئەو دوو گیاندارەئەگەر لەهەموو شتێکدا لەیەکتر جیاواز بن، ئەوا لەبۆندا وەکو یەک وان... بەڵێ، هەمان بۆن بەبێ جیاوازی لەهەردووکیان‌دێت... زوو زوو ئەم قسەیەی بەگوێی ئێوەدا دەدا... لەبیرتەئێوارەیەکیان دایکت ماسیی لەفڕندا سوور دەکرەوە، کەئەمەخۆشترین خواردنی باوکت بوو، نەک لەبەر تامی، بەڵکو لەبەر بۆنی، چونکەوەکو خۆی دەیوت بۆنی ماسی نەک هەر خۆشترین بۆنە، بەڵکو دەتوانێت بۆنەناخۆشەکانیش لەناو ببات... هەر بۆیەبەو بۆنەگەشبین دەبوو... لەدەرگای حەوشەوەبەدەم چڕینی گۆرانییەوە دەچووە ناندین، بەو مەبەستەی سەرنج لەدیمەنی ماسییەکەبدات و لەنزیکەوەبۆنەکەی هەڵمژێت... لەوێ شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا، کەچ تۆ و چ (تابان)ی خوشکیشت واقتان وڕما... سەرەتا هیچ لەوەتێنەگەیشتن چۆن ئاوا لەپڕ باوکتان لەوپەڕی هێمنی و دڵخۆشییەوەبۆ ئەوپەڕی تووڕەیی و بێزارییەوەگۆڕا... بەقژ دایکتانی بۆ ژووری نووستنەکەیان ڕاکێشا، کەئێوەژووری زۆرانبازییتان پێ دەوت... ئەوسا تۆ خۆت، ئینجا نازانی (تابان)یش، گوێت لێ بوو بەدایکتی وت:

- ڕەفعەتی حەسیب بەگ...؟!

دایکت قیژاندی:

- ڕەفعەتی حەسیب بەگی چی...؟! تۆ خەونت دیوە...؟!

- بۆنی ئەو لەگیانت دێت.

دوایی دایکت پێی وت، کەژنەکەی (ڕەفعەت) حەفتەی پێشوو کاتێ بۆئاهەنگێک چووە، ئەم جلانەی ئەوی قەرز کردووە... لەمەوەباوکت هەندێک هێمن بووەوەو وتی:

- مەحاڵەلووتی من بەهەڵەدا بچێت.

لەهەمووی سەیرتر باوکت زۆرجار بە(ڕەفعەت پشیلە) ناوی ئەو پیاوەی دەهێنا... تۆ هەرگیز لەوەتێنەدەگەیشتیت، چونکەنەبیچمی لەپشیلەدەچوو و نەهیچ شتێک ئەوەی دەردەخست، کەئەو پیاوەبەشێوەیەک لەشێوەکان پێوەندیی بەو گیاندارەچڕنووکتیژەوەهەبێت... هەرچۆنێ بێت (تابان) لە دوای مردنی باوکتەوەخووی دایەبەخێوکردنی مشک و دژایەتیی پشیلەوە... ڕەنگەئەو مردووانەی دەگەڕێنەوە، هەستەکانیان گۆڕابێت، ئەگینا باوکت چۆن توانیوویەتی لەماڵی (تابان)دا هەڵبکات...؟! دەکرێت بڵێیت (سامان) باسی ئەوەی بۆ کردیت، بەڵام تۆ ئەوسا بەرگەی بیستنی ئەو شتانەت نەدەگرت، بۆیەنەتدەتوانی گوێی لێ بگریت... بەهەرحاڵ هەتا دێت زیاتر باوەڕ بەهێنانەوەی مردوو دەهێنیت... یاخود بەمانایەکی ڕاستتربۆ دۆخی جارانی خۆت دەگەڕێیتەوە، ئەو دۆخەی‌تێیدا زانیوتەمرۆف وەک چۆن نان دەخوات، ئاو دەخواتەوە، پێدەکەنێت و فرمێسک دەڕێژێت، ئاوایش دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مردووی خۆی بێنێتەوە، بەمەرجێ ئەو کەسە وەکو باوکی (سامان)بەشێوەیەکی نایاسایی گیانی لەدەست نەدابێت... ئەوەتا (سامان) خۆیشی لەخەیاڵێکی قووڵدا ڕۆ چووە... بێگومان ئەویش بیر لەهێنانەوەی دایکی دەکاتەوە... تۆ لەو زیاتر بۆ بینینی بەپەرۆشیت... ئاخۆ شێوەی لەچاو ئەوسادا چەند گۆڕا بێت...؟! ئایا ڕووەخۆشەکەی و تۆنەدڵگیرەکەی دەنگی وەکو خۆیان ماون...؟! ئەرێ هەمان جلی جارانی پۆشیوە...؟! باشەتۆ دەناسێتەوە...؟! هەموو ئەمانەبخەرەلاوە، بەڵام ئایا سەیر نییەکوڕێک دایکی خۆی دەکوژێت و دەچێت دەشیهێنێتەوە...؟! ئەمەش بەهەرحاڵ، کەچی دەڵێت بەهیچ شێوەیەک لەکوشتنی پەشیمان نییە... ئەمەئەو نهێنییەیە، کەتا ئێستا لەتۆی نەگەیاندووە، یاخود تۆ نەتتوانیوەلێی تێبگەیت... من دەزانم ئەوەی سەری لەتۆ شێواندووە، ئەوەیە، کەئەم لەلایەک دەڵێ بۆیەدایکی کوشتووە، چونکەبەبەڵگەوەبۆی دەرکەوتووەلەگەڵ سەرجەم ئەندامانی تیمدا ڕابیواردووە، کەچی لەلایەکی دیکە بەلایەوە ئاساییەڕایبواردبێت، بەڵکو تەنیا بەوەتێکچووە، کەئەم پەنای بۆ ئۆراڵ کۆنتراسێپتیڤ Oral Contraceptive بردووەو ئەنجام تووشی خەمۆکی بووە، بۆیەبەردەوام ئەنتیدیپرێسنت Antidepressant ی بەکار هێناوە... بێگومان تۆ لەدەرفەتێکدا هەموو ئەمانەشی لێ دەپرسیت، بەڵام لەوساوە سیمای‌کچ و کوڕێک دەکەونەبەر دیدەت و هەر زوو لەناو ئەو حەشاماتەشدا لێت ون دەبن... ئەمەتەواو سەرنجت ڕادەکێشێت... ئێستا ئەگەر هەندێک واز لە(سامان) بێنیت و بەدوای ئەواندا بگەڕێیت، ئەوەدوور نییەبیاندۆزیتەوە... لێرە، لەنزیک ئەو منارەیەشتەکان لەسەر شێوازی خەون دەجووڵێن... زوو ون دەبن و خێراش دەردەکەونەوە، بەڵام بەشێوەی جیاواز... بەلای چەپدا ئاوڕ بدەرەوەو بڕوانەلای گومبەزەکە... بەڵێ، ئەوەتا خۆیانن... نا، بەهەڵەدا نەچووبوویت... (ڤیان) و (دلاوەر)ن و قۆڵیان لەقۆڵی یەکتر هەڵکێشاوە... وا لەوێوەبەرەو منارەهەنگاو دەنێن... ترسی ئەوەت هەیە(سامان)ت لێ ون ببێت، ئەگینا هەر ئێستا دوایان دەکەویت و پێیان دەگەیتەوە... ئاخر لەپاش ئەو ڕووداوەوەهەرگیز جورئەتت نەکردووەلەخەیاڵی خۆشتدا لێیان نزیک بکەویتەوە، بەڵکو لەوێش هەر خۆیان لێ دەشاریتەوە... زۆر پرسیاری دیکەت ماون‌لە(سامان)یان بکەیت و دەشتەوێت (ست ساماڵ)ی دایکی ببینیت، کاتێ دەیهێنێتەوە، ئەگینا پێت باشەبچیتەلایان... (سامان) لەوساوەوەک پەیکەر لەشوێنی خۆی وەستاوەو جووڵەناکات... وای بۆ دەچیت دوای ئەوەی پێت وت بۆچی دایکی لەگەڵ ئەو کوڕانەدا ڕابیواردووە، خۆئەوان لەڕووی داراییەوەکەموکوڕییان نەبوو؛ ئەم زۆر تێکچووە... تۆ تازەجێی ناهێڵیت، بەڵام هیوا دەخوازیت لەوێ (ڤیان) و (دلاوەر)یش بدۆزیتەوە، ئەگەرچی سوور دەزانیت (ڤیان) ناتوانێت قسەت لەگەڵدا بکات، چونکەماوەکەی تەواو بووە،

بەڵام هەرچۆنێک بێت (دلاوەر) ئاشت دەکەیتەوەو زۆر شتی تێدەگەیەنیت، کەپێشتر نەیزانیون... خۆ ئەگەر ڕاستیت دەوێت لە(ڤیان) ناگیرێت، کەنەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات... پێت خۆش بێت یان نا، بەهۆی تۆوەخوێنی ڕژا... بەڵێ، کوشتنەکەی دەکەوێتەئەستۆی تۆوە... بۆچی ئاوا سەیر لێم دەڕوانیت...؟! دەستمان پێ کردەوە...؟! دیسان دەتەوێت نکوولیی لێ بکەیت و لەسەر خۆتی لابەریت...؟! بەڵام ئێستا لەهەر کاتێکی دیکەجیاوازە... ناتوانیت گوێم لێ نەگریت... وا من لەنووکەوەئەو چیرۆکەت بیر دەخەمەوە، کەپێشتر هەرچەند هەوڵم دابێت بیرتی بخەمەوە، لێم تووڕەبوویت و نەتویستووەبیبیستیت، بەڵام ئیتر ناتوانیت لەژێر دەستم دەرباز ببیت... من بۆت دەگێڕمەوەو تۆش ویژدانی خۆت بکەبەدادوەر... ئەوسا بزانەکێ بەبکوژی ئەو کچەدادەندرێت... یەکەمجار کەلەگەڵ باوکەباخەوانەکەی هاتەماڵتان، تەمەنی حەوت هەشت ساڵ بوو... وا باشترەبڵێم هاتەناو باخەکەتان، چونکەئەو هەرگیز ناو چیمەن و درەختەکانی جێ نەدەهێشت و قاچی نەدەخستەهەیوان... لەوێش تەنیا یاریی لەگەڵ زیندەوەرەکاندا دەکرد، وەک بڵێی لەو ڕێگایەوەویستبێتی پێتان بڵێت لەم ماڵەگەورەیەتان هەر ئەو زیندەوەرە وردوردانەگیانیان لەبەرەو هەر ئەمانەشم بەلاوەگرنگن، کەخۆتان نەدەیانبینن و نەدەیانناسن... هێلکەشەیتانۆکەکانی کۆ دەکردەوە... چمکی عەزییەکەی هەڵدەبڕی... دانەدانەدەیخستنەناو ئەو چاڵەی لەعەزییەکەیدا دروستی کردبوو... ئەوسا لەگەڵ بەرزبوونەوەی عەزییەکەیدا هەتا نزیک ناوکی دەردەکەوت... دایکی لەماڵەوەقژی بۆ دادەهێنا و لە دواوە وەک کلکی ئەسپ بەقردێلەیەکی سوور بۆی دەبەست، بەڵام نەمایۆ و نەبیجامەی لەبەر دەکرد، چونکەنەیدەزانی ئەم لەوێ خەریکی هێلکەشەیتانۆکەکان دەبێت و ئاوا گیانی دەردەکەوێت... سەرنجت لەشەنتووزی دەدا، کەبەشێوەیەک لەشێوەکان لەهێلکەشەیتانۆکەدەچوو... ئەو دیمەنەبۆ کوڕێکی حەوت هەشت ساڵانی وەک تۆ سەرنجڕاکێش بوو... (ڤیان) لەشوێنێکدا هەموویانی ڕۆ دەکرد... دوای کەمێک کرمی نەرم و لینج ((سەرەتا بەچاو دەتزانی وەهان، ئەگینا بێزت نەدەهات دەستیان لێ بدەیت))، لەو قاوغەسپییانەدەهاتنەدەرێ... ڕەنگیان لەپێستی شەبزووزت دەچوو و بەشێوەیەکی سەیر لەسەر ئەو زەوییەدەخشین... ئەو دوو شاخەی سەریان لەگەڵ خشیندا دەلەرینەوە... نەتدەزانی بۆچی هەوەست دەبزووا... هەر ئەمەش وای لێ دەکردی بیانگریت و بیانخەیتەسەر لەپتەوە، بەڵام ئەوان دەترسان و دەچوونەوەناو قاوغەکانیان... باوکی لەناو درەختەکان خەریکی ئیش بوو و (دلاوەر)ی کوڕیشی بەردەستیی دەکرد... هێلکەشەیتانۆکەکان ختووکەی ناولەپیان دەدایت... لەگەڵ ئەوەشدا (ڤیان) دوای ڕۆکردنیان، عەزییەکەی دادەدایەوە، بەڵام هێشتا دیمەنی ڕانەڕووتەکانی و شەنتووزی لەبەرچاوت ون نەدەبوون... سەری دەهێنایەپێشەوە، بەو مەبەستەی سەرنج لەو کرمەنەرم و لینجانەبدات، کاتێ لەناو ئەو قاوغەسپییەدا دێنەدەرێ، بەڵام ئەوان هەرگیز سەریان دەرنەدەهێنا... پێی دەوتی:

ـ نا، نایەنەدەرێ... دەترسن... خۆ ئەوان دەزانن ئێستاماڵیان لەسەر دەستی تۆیە.

قژی خاوی بەر دەموچاوت دەکەوت و زیاتر ختووکەت دەهات... دیسان لەباوک و براکەیت دەڕوانی، کەهێشتا هەر خەریکی ئیشی باخەکەبوون... (ڤیان) بەپەنجەباریکەکانی هێلکەشەیتانۆکەکانی لەسەر دەستی تۆ هەڵدەگرت... ئەمەزیاتر ختووکەی دەدایت... دەیبردنەپەنادیواری ژووری زەخیرەوە، کەدەکەوتەلای خوارووی باخەکە، گوایەلەوێ دەیانداتەبەرهەتاو و ئەوانیش لەگەڵ گەرمبوونەوەدا دێنەدەرێ... تۆ ئەمەلەو فێر بوویت... ئەو زۆر شتی لەبارەی ژیانی ئەو زیندەوەرە وردانەوە دەزانی، کەتۆ ئەگەر ئەو نەبووایەهەر نەشتدەبینین و نەتدەزانی ئەوانەلەباخەکەتاندان... لەوێ کرمەنەرم و لینجەکان لەو قاوغەسپییانەدەهاتنەدەرێ و بەو ناوەدا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام ئەو هەمدیس چمکی کراسەکەی هەڵدەبڕی... دانەدانە دەیخستنە ناو ئەو چاڵەی دروستی کردبوو... جارێکی دیکەهەتا نزیک ناوکی دەردەکەوتەوە... هێزێکی پەنهان لەناوەوەپاڵی پێوەدەنایت، کەتۆش بیجامەکەت دابکەنیت... خەتاکەیشیت دەخستەئەستۆی هێلکە شەیتانۆکە کانەوە... کاتێکت دەزانی وا لەو پەنادیوارەلەسەری پاڵ کەوتوویت... ئەگەرچی هەتا گەورەتر دەبوو، باوکی کەمتر لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا، بەڵام تا هەردووکتان گەیشتنەپۆلی شەشەمی سەرەتاییش ئەو یارییەبەردەوام بوو... جارێکیان لەگەڵ قیژەی دایکت بەئاگا هاتن... هەر دەتوت خەون دەبینن... کاتێکتان زانی وا باوک و برای ئەو و دایک و باوکی تۆ بەسەر سەرتانەوەوەستاون... ئەوان بەبێدەنگی کچی خۆیان بردەوەو تۆیان بۆ دایک و باوکت جێ هێشت... ئەگەرچی لەو بارەیەوە نەقسەیان لەگەڵدا کردیت و نەزللەیەکیان پێدا کێشایت، بەڵام دەتزانی لەنێوان دایک و باوکتدا شەڕێکی گەورەهەڵگیرساوە... ئەوان دەرگای ژووری نووستنیان داخستبوو و بەردەوام دەنگیان لەسەر یەکتر بەرز دەکردەوە، بەبێ ئەوەی تۆ شتێکی ئەوتۆیان لێ تێبگەیت... دەتویست بزانیت (ڤیان)یش چیی بە سەر هاتووە... ئاسان نەبوو جارێکی دیکەبیبینیتەوە... هەر خێرا باخەوانێکی دیکەجێگای باوکی گرتەوە... بەدزییەوەدەچوویتەلای ماڵیان، بەو مەبەستەی بیبینیت، ئەگەرچی لەڕووت نەدەهات ئیتر لەو چاوەسەوزانەی ڕابمێنیت... خانووەکەیان بچووک بوو، بەڵام زۆر سەیر دەهاتەبەرچاو... تاک و تەنیا لەو دەشتە دەیڕوانیە ئاوەدانییەوە... دەتوت بەخشتی پلاستیک لەو بەرزاییەدا دروست کراوە... دەبووایەسێ چوار پایەی قادرمەببڕیت، ئینجا بگەیتەدەرگای حەوشەیان، بەڵام تۆ هەرگیز نەتدەوێرا پێ بخەیتەسەر ئەو پایانەوە... هەرچەند لەدوورەوەلێت دەڕوانی، وەکو هێلکەشەیتانۆکەدەهاتەبەرچاوت، بۆیەگوتەکەی (ڤیان) لەگوێچکەتدا دەزرینگایەوە: ((نا، نایەنەدەرێ... دەترسن... خۆ ئەوان دەزانن ئێستا ماڵیان لەسەر دەستی تۆیە))... ئینجا هەر بەڕاستی خانووەکەیان دەتوت لەسەر دەستێکی لەرزۆکدا هەڵچنراوە... هەمیشەوا دەهاتەبەرچاو، کەئێستا نا ساتێکی دیکەدەڕمێت... ڕەنگی لەکرمی ناو قاوغەکان دەچوو و نەتدەزانی بۆچی ئەمەئازارت دەدات... بەهۆی ئەوەی دایکی خەریکی ترشیات بوو، بەردەوام ئاوێکی سوور، کەهەر لەخوێن دەچوو، بەجۆگەیاندا دەهاتەخوارێ و لەو بەرزاییەوەدەڕژایەناو جۆگەگەورەکەی بەردەمیەوە... حەزت دەکرد جارێک (ڤیان) دەرگا لەوانەبکاتەوە، کەبەمەبەستی کڕینی ترشیاتەوەدەهاتن،

بەڵام ئەوەهەر دایکی بوو بەڕوویەکی خۆشەوەلەو درزەوەدەردەکەوت و جام و قاپەقووڵەکانی لێ وەردەگرتن... هەر خۆیشی بەپڕی بۆی دەهێنانەوە... لەو کاتەوەلەو تیمەوەرگیرایت، ویستت وردەوردە(ڤیان) بیر خۆت ببەیتەوە، بەڵام نەتدەزانی کارێکی ئاواڵەو ستادیۆمەدا چەند زەحمەتە... هەر کاتێ باسی سنایڵ (Snail هێلکەشەیتانۆکە) دەهاتەگۆڕێ، تۆ دادەڕووخایت... ڕاستییەکەی نەتدەزانی بۆچی ئەوان زۆرجار بۆ هێرشی ناوەڕاست (Centre Attack) سنایڵیان بەکار دەهێنا... ئایا لەبەر ئەوەبوو، کەدەبووایەیاریکەرەکان وەکو کرمەنەرم و لینجەکان بزانن کەی لەو قاوغانەدێنەدەرێ و بەرەو گۆڵ هێرش دەبەن...؟! جارێکیان ئەمەت لە(ست ساماڵ) پرسی، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی زۆر سەیر لێت ڕاما، بەبێ ئەوەی وەڵامت بداتەوە... لەوەدەچوو لەڕێگای ئەو سەرنجانەیەوەپێت بڵێت: ((ئەک داوەشێیت...!! ئاخر بۆیەنەک هەر ڕیزێرفی تیمیت، بەڵکو ڕیزێرف بووەتەناو و نازناویشت))... تۆ تەریق بوویتەوە... ئارەقت دەردا... لەمەوەنەتوێرا نەلەم و نەکەسی دیکەی بپرسیت... زۆرجار تۆپەکەلەبەرچاوتدا وەکو هێلکە شەیتانۆکەیەکی گەورەخۆی نیشان دەدا و تۆ خەیاڵت دەڕۆیشت... ئیتر لەوەدەردەچوو تۆ یاریکەر بیت و بەمەبەستی یاری بۆ ئەو ستادیۆمەهاتبیت... ئەوەشت دەزانی، کەلەیاریی فوتباڵدا گرنگترین شت ئەوەیەکاتێ لەو تۆپەدەڕوانیت، خەیاڵت تەنیا لای ئەو بێت و بەهیچ لایەکی دیکەدا نەڕوات، بەمانایەکی دیکەنابێت ڕێگا بدەیت شێوەو جووڵەو بۆنەسەیرەکەی زەفەر بەزەینت ببەن، چونکەوەکو لە(دڵشاد ڕەمزی)ی کۆچتانەوەبیستت تۆپ هێزێکی گەورەی هەیەلەوەی خەیاڵی مرۆڤ پەرت بکات، بۆیەئەوانەی بەئاسانی خەیاڵیان دەڕوات، هەرگیز نابنەیاریکەری لێهاتوو... ئەو دەیوت مەحاڵەشاعیر و چیرۆکنووس ببنەیاریکەری باش، چونکە تۆپ زۆر بەئاسانی خەیاڵی ئەوانەوردوخاش دەکات... ئەوانەی لەیاریی فوتباڵ سەرکەوتوو نابن، هۆیەکەی بۆ نەبوونی توانای ڕاکردن و فێڵ و شتی دیکەدەگێڕنەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەو سەرنەکەوتنەیان تەنیا خەیاڵیانە، کەلەبەرانبەر هێزی شێوەو جووڵەو بۆنی تۆپدا خۆیان ناگرن... بەڵێ، ئەو سێ شتەگەورەترین هێزیان هەیەو پێویستەبەرگەیان بگریت... (دڵشاد ڕەمزی) دەیوت وەک چۆن قوتابی دوای دەوام دەبێت کتێبەکانی بخوێنێت، یاریکەریش ئاوا دەبێت لەخەیاڵی خۆیدا بەردەوام خەریکی ڕاهێنان بێت لەسەر ئەوەی چۆن لەو تۆپەزیاتر هەست بەهیچ شتێکی دیکەنەکات... هەڵەی گەورەئەوەیەوا بزانیت تۆیت تۆپ هەڵدەسووڕێنیت، لەکاتێکدا ئەوەتۆپەئەو توانایەی بەسەر تۆدا هەیە... چۆن ئەو توانایەی دەشکێنیت...؟! بەردەوام دەیپرسی و خۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوە: ((خەیاڵت لەسەر ئەوەڕابێنە، کەتۆپ هیچ شێوەیەکی نییە، هیچ جووڵەیەک ناکات و هیچ بۆنێکی لێ نایەت... هەستی پێ دەکەیت، بەڵام نازانی چۆن و لەچ ڕێگایەکەوە))... ئەوان بێدەنگ دەبوون و گوێیان دەگرت، دەتوت لەم دنیایەدا نەماون، تومەز دەیانویست ئەو ڕاستییانەلەخەیاڵی خۆیاندا بچەسپێنن، بەڵام تۆ بەتەنیا ئاگات لەجووڵەو هەڵسوکەوتیان دەما، بگرەگاڵتەت لەو گوتانەدەهات و دەترسایت لەقاقای پێکەنین بدەیت... (دڵشاد ڕەمزی) درێژەی بەقسەکانی دەدا: ((هەر کاتێ ئەم سێ شتەت توانی، ئەوا تۆپ هیچ دەستەڵاتێکی نامێنێت و تۆ بەئارەزووی خۆت دەیجووڵێنیت))... ڕێک پێچەوانەی ئەوانەی ئەو دەیوتن، لەتۆدا هەبوون... هەمیشەتۆپت لەشێوەی هێلکەشەیتانۆکەدا دەبینی و جووڵەی کرمەنەرم و لینجەکانیشی بیر دەخستیەوە، کاتێ بەدوو شاخی هەستیارەوە لەقاوغەکان دەهاتنەدەرێ ولەسەر ئەو زەوییەدەخشین، بەڵام بۆنی تۆپی فوتباڵ هەر لەزووەوەهەستێکی سەیری پێ دەبەخشیت... نا، نەتدەتوانی لێی تێبگەیت... ڕاستییەکەی بۆنەکە لە دایکت دەهات، بەڵام هەمیشەوای بۆ دەچوویت هیی پیاوێکی نەناسراوە، کەنازانیت کەی و چۆن گەیشتووەتەسەر جێگاکەی... لەوساوە بەئاسانیلەوەتێدەگەیت، کەچ ئازارێکی گەورەیە، تۆبڵێ چ نەهامەتییەکەلووتێکی هەستیارت هەبێت... هەر ئەمەش پاڵی پێوەدەنایت هەندێجار بەزەییت بەباوکتدا بێتەوە، بگرەچاو لەهەڵەو گوناهەکانیشی بپۆشیت، بەوەی ئەویش بەدەست لووتێکی ئاوا بڵحدا دەتلایەوە... تۆی ڕیزێرف لەو ستادیۆمەبیر و هۆشت لەو شتانەدەئاڵا... لەکاتێکدا دەبووایەبەهیچ شێوەیەک ئاگات لەتۆپەکەنەبڕێت و خەیاڵت لەو زیاتری تێدا نەبێت، کەچی ئەو تۆپە هەر خۆی وەک بڵێی بەڕاستی پۆڵا بێت، نەوەک چەرم و بەر خەیاڵی شووشەییت بکەوێت، ئاوا بەهێزێکی گەورەوەبەری دەکەوت و دەیکردەهەزاران پارچەی ورد ورد... وێنەی پەڕی کەناری و پووش و گەردی خۆڵ بەئاسمانیدا دەبردن... نەخێر، تۆ بەو لووتەهەستیارەو بەو ڕابردووەپڕ لەئازارەتەوەنەدەکرا خەیاڵت لەسەر ئەوەڕابێنیت، کەتۆپ هیچ شێوەیەکی نییە، هیچ جووڵەیەک ناکات و هیچ بۆنێکی لێ نایەت، بەڵام هاوکات ئەمەمانای ئەوەنەبوو تۆ شاعیر و چیرۆکنووسیت... هەموو ئەو هەوڵانەی لەبواری شیعر و چیرۆکیشەوە دەتدان، کورتیان دەهێنا... گوناهەکەشت دەخستەئەستۆی لووتتەوە... ئەگەر بایەخت بەهونەری سیرامیکیش داوە، ئەوەشیان هەر پێوەندیی بەو لووتەتەوەهەیە... لەمنداڵی هەمیشەوات دەزانی ڕایەڵێک لەنێوان بۆنی قوڕ و ئەو بۆنەسەیرەداهەیە، کەلەدایکتدێت و وایشی بۆ دەچوویت هیی پیاوێکی نەناسراوە... دەتویست لەقوڕئەو پیاوەبخولقێنیت... هەتا دەهات زیاتریش لەئەقڵت دەچەسپی، کەهەر کاتێ شێوەی ڕاستەقینەی ئەو پیاوەت بەرجەستەکرد، ئەوا گیانی دێتەبەر و دەتوانی هەموو شتێکی لێ بپرسیت... ((ئەوەی توانای هەبێت لەقوڕ گیان و جەستەبخولقێنێت، توانای ئەوەیشی دەبێت بیهێنێتەقسەو لەنهێنییەکانی تێبگات، بەڵام ئایا ئەوەهەتا بڵێی سەیر نییە، کەگیانێک خۆت خالقیتی و لێی تێناگەیت، هەتا ئەو خۆی زمان نەگرێت و بۆت نەدوێت...؟! بڕوانەزمان چ هێزێکی سەرسووڕهێنە...!! دەستەڵاتی بەسەر خالیقی خۆشیدا هەیە...!!))... بەردەوام دەستت لەناو قوڕدا بوو... ڕۆژانەپیاو لەدوای پیاوت دەخولقاند، بەڵام هەرکەدەتزانی هیچ یەکێ لەمانەئەوەنییە، کەتۆ بۆی دەگەڕێیت، هەڵتدەوەشاندنەوە... بۆت دەرکەوت خولقاندنیش شێوەیەکی دیکەی کوشتنە، مادام تۆ بەدوای کەسێکی دیاریکراودا دەگەڕێیت و هەرگیز ناشیدۆزیتەوە... مردن بۆیەهەیە، چونکەئەو وێنەدیاریکراوەمەحاڵەبدۆزرێتەوە... چۆن بدۆزرێتەوە، ئەگەر لەشێوەی تارمایی بێتەبەرچاو، یان تەنیا لەناو خەیاڵدا

سەرەتاتکێ بکات...؟! ڕێگایەکی دیکەت گرتەبەر... هەر لەقوڕ شوێنەدێرینەکانت دەخولقاند... سەرەتا بەگۆڕستانەکان دەستت پێ کرد... لەناو ئەو باخەدا دەیان گۆڕت قوت دەکردەوە... دایکت تووڕەدەبوو و دەیرماندن... نەدەکرا پێی بڵێیت لەو پیاوەدەگەڕێیت، کەلەگەڵ ئەودا دەخەوێت و کەسیش نایبینێت... بۆنەکەی جێ دەمێنێت و تەنیا لووتی تۆ (ڕەنگەهیی باوکیشیت) هەستی پێ دەکات... ئەمجارەیان پشتت لەگۆڕستان و ڕووت لەقەڵا و گومبەزەکان کرد... لەوێشەوەبۆ منارەی چۆڵی... ئەمەیان لەوانی دیکەزیاتر بووەشوێنی بایەخی تۆ... هەستت دەکرد هەموو نهێنییەکان لەو منارەیەدا خۆیان حەشار داوە، بەڵام هەرگیز وەک ئێستا نەدەچووەئەقڵتەوە، کەمرۆف دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مردووی خۆی لەوێ بێنێتەوە، بەمەرجێ ئەو کەسەبەشێوەیەکی یاسایی گیانی لەدەست دابێت... یان وەک گوتمان ڕەنگە زانیبێتت و بەهۆی شۆکێکەوەبیرت چووبێتەوە... وەرەبا لاکەی دیکەی ئەو مەسەلەیەت نیشان بدەم:

بیرۆکەی خەڵقکردن و کوشتن، کەلای مرۆف گەڕانەبەدوای وێنەیەکی پەنهان و تەڵخدا و دۆزینەوەی مەحاڵە؛ سەرەتا وەکو یاریی منداڵان وایەو دوایی وردەوردەلەگەڵیدا گەورەدەبێت... ئەوسا بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، یان ویستبێتی ئەو بیرۆکەیەلێیەوەدزەدەکات و بەدنیادا بڵاو دەبێتەوە... هەتا زیاتر خەڵک باوەڕی پێ بهێنن و ئامادەبن بەرگریی لێ بکەن، پتر دەچێتەباری جیدییەتەوەو کەمتر سیمای یاریی منداڵانی پێوەدیار دەمێنێت... ئێستا هیچ بەدووری مەبینەبیرۆکەی هێنانەوەی مردوو لەم منارەیەوەلەتۆوەداکەوتبێت و ئەوانی دیکەباوەڕیان پێ هێنابێت، چونکەتۆ بەو لووتەهەستیارەو بەو ئەقڵەساوایەتەوەلەپیاوێکی نەناسراودا دەگەڕایت و دەتویست بیهێنیتەوە... دواجار باوەڕت هێنا لەو منارەیەدا خۆی حەشار داوە... بەڵام ئاسان نییەئەمەبەخۆشت بڵێیت، چجای بەوانی دیکە... بۆ ئەوەی گەورەترین سەرسامی لەپەلوپۆت نەخات، دەبێت هەر خێرا بەلاوەی بنێیت، بگرەدەبێت وا بزانیت ئەمەغایەلەیەو هەرگیز بیرۆکەی وا لای تۆوەسەری هەڵنەداوە......

دوای هەموو ئەمانەوەرەپێم بڵێ ئەگەر هەر بەڕاستی لەڕێگای قوڕەوەئەو پیاوەت بدۆزیایەتەوە، دەتوێرا لەچاوانی ڕابمێنیت...؟! توانات هەبوو لەگەڵیدا بدوێیت...؟! ئایا ئەوەچەند بڵێی سەیر نییە، کەخالیق نەوێرێت لەگەڵ مەخلووقی خۆیدا بدوێت...؟! پرسیاری دیکەم زۆر ماون و ئەمانەش هەندێکیانن: ئایا تۆ ڕقت لەو پیاوەبوو...؟! دەتویست بیخەیتەشوێنی باوکتەوە، یان مەبەستت بوو لەجیاتی ئەو بیکوژیت...؟! دەزانم (لەجیاتی ئەو بیکوژیت)، مانایەکی دووسەرەی هەیە... لەلایەک واتەلەجیاتی ئەوەی باوکت بەدەستی خۆی بیکوژێت، تۆ دەیکوژیت و لەلایەکی دیکە مانای وایە تۆلەبەر هەر هۆیەک بێت، لەدەستت نایەت باوکت بکوژیت، بۆیەلەجیاتی ئەم، ئەو پیاوەدەکوژیت... من هەردوو لایم مەبەستە... باشەتۆ ئەوانت بەدوژمنی یەکتر دەزانی...؟! مەبەستم باوکت و ئەو پیاوەنەناسراوەیە... ئەگەر ئەوان دوژمنی یەکتر بوون، تۆ لایەنی کامیانت دەگرت...؟! ئێستا باوکتی لێ دەربکە، بەڵام ئەگەر بتدۆزیایەتەوە، دەتکوشت...؟! چ

حیکمەتێک لەوەدایەتۆ وەکو خالیقێک بەو نموونەیەبگەیت، کەلەوەتەی هەیت لەخەیاڵتدا خۆی حەشار داوەو دواییش دەیکوژیت...؟! کەواتەجیاوازیی نێوان ئەم نموونەڕاستەقینەیەو ئەوانی پێشوو چییە، ئەوانەی هەرکاتێ هەستت دەکرد بەهەڵەخەڵقت کردوون، خێرا دەتکوشتن...؟! ئایا پیاوێک خۆت خەڵقت کردبێت، بۆی هەیە ئەویش وەک باوکت‌لەگەڵ دایکتدا بخەوێت...؟! بۆی هەیەببێتەباوکی منداڵی، یان منداڵەکانی...؟! ئەو منداڵانەدەبنەچی تۆ...؟! ئایا پیاوێک تۆ خەڵقت کردبێت و بەفەرمانی تۆ هەڵسووڕێت، دەتوانێت حەزی بچێتەسەر دایکت و لەگەڵی ڕاببوێرێت...؟! کێ لەم گوناهانەبەرپرسیارە...؟! پێویست ناکات وەڵامم بدەیتەوە، چونکەمن زۆر چاکت دەناسم ڕیزێرڤ ... لەوساوە، کەنەتزانی دایکت چی بەسەر هات و بۆ کوێ سەری هەڵگرت، بەیەکجاری دەستت لەوەهەڵگرت بەدوای ئەو پیاوەشدا بگەڕێیت، بگرەویستووتەبەهەموو شێوەیەک لەخەیاڵی خۆتی دەربکەیت... ئایا دایکت لەگەڵ ئەودا ڕۆیشت...؟! دەزانم ناتەوێت ئەو شتانەت بیر بکەوێتەوە، بەڵام‌من بیرت دەخەمەوە... وا نەزانی چیرۆکی (ڤیان)یشم بیر چووەتەوە... نەخێر، بیرم نەچووەتەوە، بەڵام ئەوەتەکنیکی گێڕانەوەیەئەمەم بە سەردا دەسەپێنێت، کەبابەتەکەبەسەر دەیان پارچەی ورد ورددا دابەش بکەم، ڕێک وەک ئەوەی تۆپەکەبەر خەیاڵی تۆ دەکەوت و وردوخاشی دەکرد... پەیتا پەیتا بیرتی دەخەمەوەو ناهێڵم لەژێر دەستم دەربچیت... مادام باسی تۆپەکەش لەئارادایە، ئەوا ئێمەلە ناوجەرگەی چیرۆکەکەداین، چونکەلەلایەک شێوەی لەهێلکەشەیتانۆکەدەچێت و لەلایەکی دیکەبۆنەکەی هەمان بۆنی دایکتە، یان با بڵێین بۆنی ئەو پیاوەیە، کەکەس نەیدەزانی چۆن دەگەیشتەسەر تەختی نووستنەکە... خانووەتەنیاکەی ماڵی (ڤیان)یش لەبەر دیدەتدا قوت دەبێتەوە، کە هەرچەند لەدوورەوەلێیت دەڕوانی، وەکو هێلکە شەیتانۆکە دەهاتەبەرچاوت، بۆیەگوتەکەی لەگوێچکەتدا دەزرینگایەوە: ((نا، نایەنەدەرێ... دەترسن... خۆ ئەوان دەزانن ئێستا ماڵیان لەسەر دەستی تۆیە))... ئینجا هەر بەڕاستی ئەم وەکو کرمەنەرم و لینجەکان لەناو قاوغدا دەژیا، بەڵام هەرگیز نەتدەبینی بێتەدەرێ... ئێستا منیش بەم تۆپەی دەستم تۆم خستووەتەقاوغەوەو هەردوو سەرم لێ گرتوویت... ناتوانیت بەهیچ لایەکدا ڕا بکەیت... ئەگەر چاوت دابخەیت و نەتەوێت لەشێوەی هێلکەشەیتانۆکەدا ببینیت، خۆ ناتوانیت لووتیشت بگریت و بۆنەکەی هەڵنەمژی... چ بینین و چ بۆنکردنی ئەو تۆپەدەتباتەوەناو ڕابردووت... هەتا ئێستا هەر خۆت بۆ ڕابردووی خۆت دەگەڕایتەوە، خۆت ئازاد بوویت بچیتەکوێی ئەو ڕابردووەت و نەچیتەکوێیشی، بەڵام لەمەودوا منم بەئارەزووی خۆم هەڵتدەسووڕێنم... دەتبەمەئەو شوێنانەی، کەبەیەکجاری پشتت تێ کردوون و هەرگیز ناتەوێت بیانبینیتەوە... بەڵێ، تۆ ئێستا لەناو قاوغێکدایت... ئەگەر نەیەیتەدەرێ، ئەوا لەوێ ڕەق دەبیتەوە... لەناو ئەو سەرسامی و ترسەدا زەندەقت دەڕژێت... لەهەر کاتێکی دیکەزیاتر هەست دەکەیت، کەنەوەی یەکێک لەئەندازیار و شاگردەکەیت، چونکەئەوەتا هەمان چارەنووس دووبارەدەبێتەوە... ئەگەر شاگردەکە توانیی لەدەرگای دووەم بێتەدەرێ و سەری خۆی هەڵبگرێت، ئەوا تۆ وەک ئەو چانسی

دەربازبوونت نییە، بۆیەدەبێت وێنەی ئەندازیارەکە، بەڵام بەهەندێک جیاوازییەوەبمریت... چاوەڕێیش نەکەیت بەمۆڵەت بگەڕێیتەوە، چونکەتۆ کەست نەماوەبتهێنێتەوە... خوشکێکی شێتت هەیەو لەبەر مشک و پشیلەئاگای لەدنیا بڕاوە... هاکەئەویش ژەهری پشیلەی خوارد و ئەم دنیایەی جێ هێشت...!! هەتا لەژیانیشدایە، لەباوکت زیاتر کەسی دیکەناهێنێتەوە... ئەرێ مادام ئێستا لای (تابان)ین، با هەڵوێستەیەک بکەین... تۆ لەڕێگای قوڕەوەلەپیاوێکی نەناسراودا دەگەڕایت و دەتویست بیدۆزیتەوە، چونکەوات دەزانی ئەو پیاوەپێوەندیی لەگەڵ دایکتدا هەیە... وایە...؟! دەڵێی ((بەڵێ))... زۆر چاکە... نەتتوانی بیدۆزیتەوەو کۆڵت دا... ئەمەشیان ڕاستە... ئایا بەدووری دەبینی (تابان)ی خوشکیشت، بەحوکمی ئەوەی ئەویش نەوەی یەکێک لەئەندازیار و شاگردەکەیە؛ بیرێکی لەم چەشنەی تۆی کردبێتەوە...؟! وتت: ((نا))... دەی زۆر باشە... ئەرێ ناشێت ئەویش بەشێوەیەک لەشێوەکان تارماییی ژنێکی لەباوکتدا بەدی کردبێت، بگرەبە دواشیدا گەڕابێت...؟! شتێکی دیکەم پێ بڵێ ڕیزێرڤ... ئەوەبۆچی (تابان) وا تەمەنی لەچل نزیک دەبێتەوەو دایکی منداڵێکی حەوتساڵانە، کەچی بەردەوام خۆڵ دەخوات...؟! ئەو پێوەندییەچییەهەر یەک لەئێوە، بەڵام بەشێوازی جیاواز لەگەڵ خۆڵدا هەتانە...؟! ئەمانەهەر پرسیارن و بەس، ئەگینا تۆ لەژیاندا نەماویت، هەتا زمانت مابێت و وەڵامی منی پێ بدەیتەوە... تەنیا ڕابردووت بیر دەخرێتەوەو لەتواناشتدا نییەنکووڵی لەکردارەکانت بکەیت... ئەمەحاڵی هەر کەسێکە، کەدەمرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت... دەبێت ئەوەش بزانیت، کەتۆ بەڕێگایەکی زۆر جیاواز مردیت، بۆیەگەڕانەوەشت مەحاڵە... تۆ لەناو هێلکەشەیتانۆکەیەکدا گیانت سپارد... دەزانم ئەمەشتێکی یەکجار زۆر بێمانایە، یاخود با بڵێین گەڕانەوەیەبۆ ئەقڵی منداڵی و لەیاریی منداڵانیش دەچێت، کەمرۆڤێک بەو هەموو زلییەی خۆیەوەلەناو قاوغی کرمدا بمرێت، بەڵام بیرت نەچێت هەر ئەو شتەبێمانایانەن کاتێ دزەدەکەن، کەس نازانێت چۆن ئاوا خێرا بەدنیادا بڵاو دەبنەوە... هەتا زیاتریش خەڵک باوەڕیان پێ بهێنن و ئامادەبن بەرگرییان لێ بکەن، پتر دەچنەباری جیدییەتەوەو کەمتر سیمای یاریی منداڵانیان پێوەدیار دەمێنێت... (سیروان فەرید)ی هاوڕێت (یان ڕەنگەناوێکی دیکەی نزیک لەوەی هەبووبێت، بەڵام تۆ لەم حاڵەی ئێستاتدا وات بیر بکەوێتەوە)؛ دەیگوت بیرۆکەی بەهەشت بۆ ئەو کاتەدەگەڕێتەوە، کەمنداڵ لەسکی دایکیدا بووە... بێخەم ژیاوەو تامی نیگەرانیی نەچەشتووە... زۆر بەئاسانی لەڕێگای وێڵداشەوەخۆراکی پێ گەیشتووە... بەڵام ئێمەباسی گۆڕانی سیمای منداڵانەی بیرۆکەکان دەکەین ڕیزێرڤ... ئەوەی ئەو سیمایەش دەگۆڕێت، یان بەمانایەکی دیکەئەوەی ئەو بیرۆکەیەلەیارییەکی سادەی منداڵانەوەبۆ مەسەلەیەکی هەستیار و گرنگی گەورانەوەدەگۆڕێت، خوێنە... بەڵێ، ڕژانی دڵۆپێک خوێن بەسە، هەتا ئەو حەماسەجۆش بستێنێت و سارد نەبێتەوە... کێ دەیوت ڕۆژێک لەڕۆژان (ڤیان) دێتەوە...؟! بەڵام ئەوەتا برای هێناویەتیەوەو وا دەشیگەڕێنێتەوە... خۆت چاک دەزانیت بۆچی ئێستا لەڕێگای خوێنەوەئەو کچەت بیر دەخەمەوە... خوێنیش هەر خوێنە، جا هیی پەڕەسێلکەبێت یان هیی کونەپەپوو وەکو لەچیرۆکی (خوێنی کونەپەپوو)ی یەکێک لەهاوڕێکانی منداڵیتدا خوێندووتتەوە... خوێن هیی پاکیزەبێت یان هیی سۆزانی، هیچ جیاوازییەکی نییە... خوێنەو وەک دۆی دادەڕژاوە... هەر ئەو هاوڕێ چیرۆکنووسەت جارێکیان پێی وتی: ((ئەو باسەی بەخوێن دەست پێ دەکات، بەچاوپۆشین لەوەی خوێنی کێیە و بە چ مەبەستێک رژێنراوە، زۆر درێژەدەخایەنێت... هەزاران لقی لێ دەبێتەوە...))... بەڵام تۆ چاک دەزانی خوێنی (ڤیان) کێ ڕشتی و بەچ مەبەستێکیش ڕژێنرا، بۆیەناهێڵم لقوپۆپی لێ ببێتەوە... ئێستا ئەگەر زمانت پێ ببەخشم، تا تینت تێدایەهاوار دەکەیت: ((من نەمکوشتووە... من نەمکوشتووە))، بەڵام تۆ مافی قسەکردنت نییەو دەبێت تەنیا گوێ بگریت... بەڵێنت دەدەمێ ئەگەر ددانت بەگوناهی خۆتدا نا، من زمانت پێ دەبەخشمەوە... دەزانم هەموو تاوانەکەناکەوێتەئەستۆی تۆوە، بەڵکو کەسانی دیکەش تێیدا بەشدارن، بەڵام با بزانین تۆ چەندت بەر دەکەوێت......

باشەئەوەبۆچی کاتێ باسی خوێنی سۆزانیم کرد، تۆ ئاوا زیاتر پەشۆکایت...؟! ئەرێ تۆ ئێستاش پێت وایە(ڤیان) بۆیەکوژرا، چونکەسۆزانی بوو...؟! ئایا کاتێ مردووەکان بۆیان هەبێت بگەڕێنەوە، سۆزانییەکان دەبنەمایەی شەرمەزاری بۆ مرۆڤ، با ئەوانەدایک، خوشک، هاوسەر و کچی خۆیشی بن...؟! خۆ ئاگات لێ بوو (سامان) چۆن باسی دایکی دەکرد...؟! ئێستاش کەلەشوێنی خۆی وەک منارەوەستاوەو نابزوێت، ئەوا دەشێت بیر لەهێنانەوەی دایکی بکاتەوە، یان ڕەنگەئەویش وەک تۆ مردبێت و زمانی لێ سەندرابێتەوە... بیرت نەچێت ئێرەلای منارەیەو سنووری نێوان زیندوو و مردوو تاڵەموویەکە... لێرەدا ناکرێت بەسەر ئەو پرسیارانەدا باز هەڵبدەم، کەئاخۆ باوکەباخەوانەکەی (ڤیان) دەیزانی مرۆڤ بۆی هەیەمردووی خۆی بێنێتەوە...؟! ئایا کوژرانی (ست ساماڵ) بەدەستی (سامان)ی کوڕی و کوژرانی (ڤیان) لەسەر قسەی باوکی هەمان مەبەستیان لەپشتەوەبووە...؟! بۆیەدەڵێم: ((لەسەر قسەی باوکی)) و ناڵێم ((بەدەستی باوکی))، چونکە(ڤیان) بەخەنجەری ئامۆزاکەی کوژرا... ئەو کوڕەکاتێ دەیەوێت ڕوو لەشاخ بکات و چەک هەڵبگرێت، مامی پێی دەڵێت مادام ئەو دەچێتەدەرەوە، با بەدەستی خۆی ئامۆزاکەی بکوژێت، کە بووەتەسۆزانییەک ولەسەرتاپێی شاردا دەنگی داوەتەوە... ئەویش وەک یەکەمین چالاکیی شۆڕشگێڕانەورگی هەڵدەدڕێت... تۆ لەوەدڵنیایت (دلاوەر) زانیویەتی، کەمرۆڤ بۆی هەیەمردووی خۆی بێنێتەوە، نەوەک لەبەر ئەوەی وا لێرەدەیبینیت قۆڵی لەقۆڵی خوشکەکەی هەڵکێشاوەو بۆ منارەی دەباتەوە، بەڵکو ئەوساش بەشێوەیەک لەبارەی خوشکەکەیەوەدەدوا، کەبەلای تۆوەزۆر سەیر بوو... باوکیشی بەردەوامپێی گوتووە، کەبا بەدەستی خۆی ورگی خوشکەکەی هەڵبدڕێت، بەڵام ئەم گوێی لێ نەگرتووە... ئەویش پێی گوتی، کە(ڤیان) سەرەتا لەگەڵ باوکتدا پێوەندیی دامەزراندووەو دواتر پیاوی دیکەی ناسیوە... هیچ لەوەتێنەدەگەیشتی ئەوانەچۆن و کەی و لەکوێ بەیەکتر گەیشتوون، لەکاتێکدا تۆ ئەوەندەهەوڵت دەدا تەنیا جارێک لەبەردەگای خۆیاندا بیبینیت و سەری نەدەگرت... سەرەتا پێوەندییەکەیان ئاسایی بووە، بەڵام وەک دوایی دەرکەوت باوکت

چێژی لەهیچ ژنێک نەبینیوە، ئەگەر سۆزانی نەبووبێت، بۆیەهەر خۆی پاڵی بە(ڤیان)یشەوەناوەئەو ڕێگایەبگرێت... (دلاوەر) دەیوت لەگەڵ ئەوەشدا خوشکەکەی لەگەڵ بێژمار پیاودا چووەتەسەر جێگا، بەڵام هەر دڵی بەتۆوەیەو هەرگیز ئەو ڕۆژانەی بیر ناچێتەوە، کەلەناو هێلکەشەیتانۆکەکاندا بۆت لەسەر پشت ڕادەکشا... هەمیشەهیوای خواستووەبۆ تۆ بگەڕێتەوە... پێی وابووەئەمەگەڕانەوەیەبۆ سەردەمی منداڵی، کە لەهەر شتێکی دیکەزیاتر بۆی بە پەرۆشە... دەتزانی کە تۆش هەمان هەستت لەئاستی ئەودا هەیە، بەڵام ئەوەی ناهێڵێت بڕیارێکی ئاوا بدەیت، تەنیا ئەوەیە، کەئەو لەگەڵ باوکتدا خەوتووە... تۆش بەو لووتەهەستیارەتەوە ئەگەر بتوانی هەموو ئەو پیاوانەی دیکەلەبیر خۆت ببەیتەوە، کەلەگەڵیدا ڕایانبواردووە، بەڵام سوور دەزانی ناتوانی دیمەنی باوکت لەبەرچاوت لاببەیت و بێگومان ئەو بۆنەی ئۆقرەت لێ دەبڕێت... ئەمەش مانای وایەباوکت لەهەر جووڵەو بیرکردنەوەو ئارەزوویەکتدا بوونی هەیە، بگرەلەگەڵتدا هاوبەشە... لەکاتی نانخواردن، خۆشتن، پیاسەی ئێواران و دەستبازیی سەر تەختی نووستندا لەگەڵتاندایەو لێتان جیا نابێتەوە... هەستێکی ئاواش بەسە، هەتا مرۆڤ بەرگەی نەگرێت و خۆی بکوژێت... لەمەشەوەبۆت دەرکەوت بۆچی ئەو هەموو کەسەبەدرێژاییی مێژووی بنەماڵەکەتان، کەڕوون نییەلەئەندازیارەکەوەدرێژ دەبێتەوە، یان لەشاگردەکەوە؛ خۆیان کوشتووە، تومەز ئەو شێتییەپشتاوپشت لەگەڵتاندا هاتووە... بەڵێ، چاک دەتزانی بۆنی باوکت بەسەر جەستەو هەناسەکانی (ڤیان)ەوەنابڕێتەوەو هێندەی دیکەژیانت لێ تاڵ دەکات... تۆ بەردەوام ئەو گوناهەت خستووەتەئەستۆی لووتتەوە، وەک بڵێی ئەو لووتەبەکەسێکی دیکەوەبێت، نەوەک بەخۆتەوە، یان ڕەنگەویستبێتت وا باوەڕ بەخۆت بهێنیت، کەلووتت خواوەندێکە، لەسەرەوەفەرمان دەردەکات و تۆ لەخوارەوەجێبەجێی دەکەیت... بەڵام لەو ڕێگایەوەهەوڵت داوەپاساو بۆ گوناهەکانت بێنیتەوە... تۆ ناتوانی بەم شتانەمن بخەڵەتێنیت... ئەگەر دەتەوێت زمانت پێ بدەمەوە، دەبێت لەگەڵ یەکەم قسەتدا داوای لێبوردن لە(ڤیان) بکەیت:

ـ تکام وایەلێم ببووریت... من هەڵەبووم.

ـ نا، پێویست ناکات داوای لێبوردن بکەیت ڕیزێرڤ گیان... من وەک پێم گوتی لەتۆ دڵگران نیم، بەڵام نازانم بۆچی هێندەبەوەتێکدەچم، کاتێ خەڵک وا دەزانن دایکم لەپێناوی پارەدا ڕایبواردووە... کەمێکی دیکەدەیهێنمەوەو خۆت هەموو شتێکی لێ بپرسە... با هەر خۆیشی پێت بڵێت، کەمن بۆچی ئەوم کوشتووە.

ناتەوێت پێی بڵێیت لەگەڵ ئەوت نییە... دوودڵی لەوەی ئاخۆ باسی (ڤیان)ی بۆ بکەیت، یان نا... ئەویش هەر دەڵێی لەخەوێکی قووڵدا بەئاگا هاتووەتەوە، وا بەسەر سوورمانەوە لە دەوروبەری خۆی ڕادەمێنێت... دیسان قۆڵ بەقۆڵتدا دەکاتەوەو بەرەو منارەت دەبات... ئەمەزیاتر دەتترسێنێت... ناهەقت نییە، ئەگەر وا بزانیت مردوویت... تاکەجیاوازییشت لەگەڵ مردووەکانی دیکەدا هەر ئەوەیە، کەتۆ مردووێکی بە ئاگایت... (سامان) لەناکاو لێت دەپرسێت:

ـ تۆ کێ لەگەڵ خۆتدا دەهێنیتەوەڕیزێرف...؟!

ئەستەمەوەڵامی پرسیارێکی ئاوا بدەیتەوە، چونکەهیچ شتێکت لا ڕوون نییە... ئایا تۆ زیندوویت، یان مردوو...؟! ئایا دەتوانیت ئەو کەسانەشت بێنیتەوە، کەلەناکاو سەریان هەڵگرتووە...؟! ئایا بۆت هەیەیەکێک لەئەندازیارەکەو شاگردەکەبێنیتەوە...؟! یان هیچ نەبێت بزانیت ژنن یان پیاو و کامیان داپیرەگەورەت یان باپیرەگەورەتە...؟!

(سامان) لەناو ئەو خەڵکەجێت دەهێڵێت و بەچەند هەنگاوێک دەگاتەدەرگای یەکەمی منارەکە... لەوێ ون دەبێت و دوای کەمێک لەگەڵ (ست ساماڵ)ی دایکیدا دەگەڕێتەوە... ئەوەتا وا بەڕووی خۆشەوەبەرەو لای قەرەباڵغییەکەدێن... خۆ ئەو ژنەهیچ شتێکی لێ نەگۆڕاوە...!! بە هەمان سیما و هەمان جلوبەرگی جارانەوەگەڕاوەتەوە...

(سامان) لەدوورەوەبەپەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەبەتۆ دەکات و بەدایکیت نیشان دەدات... ئەو دەتبینێت و پێدەکەنێت:

ـ ڕیزێرڤ، ئەوەتۆیت...؟!

دەگاتەئاستت و لەباوەشت دەگرێت... چەند جارێک ئەملا و ئەولات ماچ دەکات:

ـ کێ لەگەڵ خۆتدا دەهێنیتەوە...؟!

کاتێ تۆ هیچ وەڵامێکت بۆ نادرێتەوە، دەڵێت:

ـ ئێستاش وەکو ئەوسا هەر شەرمنیت...؟! لێرەش شەرم دەکەیت...؟!

(سامان) قۆڵی لەقۆڵی دایکی هەڵدەکێشێت و بەرەو شاری دەباتەوە... لەناکاو ئاوڕ دەداتەوەو پێت دەڵێت:

ـ ڕیزێرف گیان ئێمەوا دەڕۆین... هەر دەبێت کاتێ دایکت دەهێنیتەوە، سەردانمان بکەن... لەوێ باسی هەموو شتێک دەکەین... بەڕاست بیرم چوو پێت بڵێم، کەهەر لەشوێنەکەی خۆمانین.

بیر لەگوتەکەی دەکەیتەوە... بۆچی دەڵێت دایکت و یەکێکی دیکەنا...؟! واز لەوەش بێنە... ئەدی بۆچی دەڵێت: ((کاتێ دایکت دەهێنیتەوە)) و ناڵێت: ((ئەگەر دایکت دەهێنیتەوە))...؟! ئایا ئەو لەوەدڵنیایە، کەتۆ دایکت دەهێنیتەوە...؟! ئەدی بۆ ئەوسا لێتی پرسی کێ دەهێنیتەوە...؟! سەیر ئەوەیەماڵیان پێ نازانیت... خۆشت لەوەتێنەدەگەیشتی بۆچی دەترسایت ماڵەکەیان بدۆزیتەوە، ئەگەرچی زۆرجار بۆ بینینی سوێت دەبووەوە......

تۆ لە شوێنی خۆت جووڵەت بۆ ناکرێت و خەڵکیش بەردەوام خەریکی هێنانەوەو گەڕاندنەوەی مردووی خۆیانن... (دلاوەر) دوای ئەوەی (ڤیان)ی بردووەتەوە، وا بەتەنیا بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە... (سامان) و (ست ساماڵ)ی دایکی لەناو ئەو هەموو پرسیار و سەرسامییەدا جێیان هێشتیت... هەر دەتوت لەستادیۆمەکەن و سەرجەمی ئەو شتانەلەخەیاڵی خۆتدا ڕوویان داوە......

وا خەڵک وردەوردەئەو ناوەچۆڵ دەکەن... لەوەدەچێت ئێرەش کاتێکی دیاریکراوی هەبێت و تۆ نەیزانی... ڕەنگە(سامان) هەموو ئەو شتانەی پێ وتبێتی، بەڵام تۆ نەتتوانیبێت گوێی لێ بگریت......

ئەوەتا تۆ بەتەنیا لەبەرانبەر منارەی چۆڵیدا وەستاویت و دنیاش وردەوردەتاریک دادێت.